له بڵاوكراوه‌كانی كتێبخانه‌ی ره‌سه‌ن (٢)

# نوێ كردنه‌وه‌ی بیری ئیسلامی

نووسینی

د. محسن عبدالحمید

وه‌رگێڕانی

ابراهیم میكه عه‌لی

به‌رگی یه‌كه‌م

١٩٩٩

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: ( نوێکردنەوەی بیری ئیسلامیی ).
- نوسەر: د. محسن عبدالحمید.
- وەرگێر: ابراهیم میکە علی.
- چاپ : یەکەم.
- ساڵی چاپ: ١٩٩٩.
- ژمارەی سپاردنی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە ( ٢٢٩ )ی ساڵی ١٩٩٩ دراوەتێ.
- پیت چنین: کۆمپیوتەری ژیر
- تیراژ: ٧٥٠ دانە.


- مافی چاپ پارێزراوە بۆ کتێبخانەی رەسەن.



لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رەسەن/ دەربەندیخان.



## کورتەیەک لە ژیاننامەی بیریاری گەورە

## (د. موحسن عەبدولحەمید)

- لە ساڵی ١٩٣٧ لە قەڵای شاری کەرکوك لە ئامێز بنەماڵەیەکی ئایین پەروەری کورد زماندا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- خویندنی سەرەتاییو ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك و سلێمانی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٥٩ز کۆلێجی پەروەردەی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە.
- بە درێژایی ٧ ساڵ لە قوتابخانەکانی کەرکوکدا سەرگەرمی وانە وتنەوە بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٧دا بڕوانامەی ماجستێرو لە ساڵی ١٩٧٢دا بڕوانامەی دکتۆرای لە (زانستەکانی قورئان و تەفسیردا) لە زانکۆی قاهیرە بە دەست هێناوە.
- ئێستا استاذی پلە یەکە لە کۆلێجی پەروەردەو مامۆستای وانەکانی (تەنفسیرو عەقیدەو فیکری ئیسلامی نوێیە) لە زانکۆی بەغداد.
- خاوەنی چەندین نووسراوو پەڕاوی بە کەڵکە، باس و بابەتی لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەی دەوری و وەرزی و رۆژانەدا بڵاو کراوەتەوە. ئەمەش ناوی گرنترین بەرهەمە چاپ کراوەکانیەتی، خاوەنی چەندینی ترە کە هێشتا بە چاپ نە گەیشتووە.

*دراسات في أصول تفسير القران
*المذهبية الاسلامية والتغييلا الحضاري
*أزمة المثقفين تجاه الاسلام في العصر الحديث
*نظرات في الاقتصاد الاسلامي
*رسائل سلسلة البيضاء
*الالوسي مفسرا
*تجديد الفكر الاسلامي
*منهج التغيير الاجتماعي في الاسلام
*الاسلام والتنمية الاجتماعية
*جمال الدين الافغاني
*من أئمة التجديد الاسلامي
*الحقيقة البابية والبهائية
*الرازى مفسرا

# پێشەکی

هەموو جوڵەو هەڵوێستێك كە لە مرۆڤێكەوە دەوەشێتەوە، كـار دانـەوەو گوزارشت لەو بیرو هزرە دەكات كە لە مێشك و هۆشی مرۆڤەكـەدا جێگیرەو لـەو ناوەندە گرنگ و ئاڵۆزەوە ڕێنموییی و ئاراستەی ئەندامەكانی دەكات هەر لـە بـەر ئەو ڕاستی‌یەی سەرەوەیە كە پەیامە ئاسمانی‌یەكان و بە تەنیشت ئەوانیشـەوە زۆربەی قوتابخانـە فیكری‌یـەكان ئـەوەندە گرنگـی بـە داڕشـتنی فیكـرو بۆچونـی مرۆڤایەتی و پەیڕەوانیان دەدات، تا تاك لە كۆمەڵگەدا وای لێدێت هەڵس و كەوت و جوڵەی ڕۆژانەی لـە خزمـەتی ئـەو پەیامـەدا بێت كـە بـڕوای پێیـەتی، چونكـە سروشتی مرۆڤ وایە هەر بیرو بۆچونێك یاخود هەر تەرزێكی فیكری لە مێشـكیدا جێگیر بوو، زۆر بە ئەسـتەم لێی پـاش گـەز دەبێتـەوە، مەگـەر بـە كـردەوە لـەو باشتری دەست گیر ببێ و ئاسـتەنگی نەفسـیش لـە بـەردەمیدا نـەبێت. هـەموو قوتابخانەیـەكی فیكری، بۆ ئـەوەی لـە لایەكـەوە فیكـری و بـیرو راكـانی لـە سڕینەوەو تیا چون بپارێزێت، لە لایەكی تریشەوە بۆ ئەوی ئەو بـیرە بەرجەسـتە بكات لە واقیع دا هەوڵی ئاودێر كردنـی هۆشـی پـەیڕەوانی دەدات، تـا بـەو دیـدو جیهان ببینەوە بڕواننە ژیان و هەر بەو دیدەوە بیر بكەنـەوە دیـارە فیكـرو بـیری ئیسلامیی هـەر بـە ئیسـلامیی بوونەكـەی خـاوەی تایبەتمـەندی خۆیـەتی‌و لـە گۆشەنیگایەكی فراوانتر لەدیدی مرۆڤەوە دەڕوانیتە ژیان ئەمەش وای كردووە كە بەرەنجامـەكانی زۆر نزیكـترین لەڕاستی‌و حەقیقەتـەوە، چونكـە خـۆی بەرهـەمی مێشـك و هـزری بیریـاری موسـڵمانە، بـەڵام یـەكێك لەسـەرچاوەكانی هێڵـە

گشتی‌یەكانی ئەو ئايينە ئاسمانیەیە كە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت (ورضيت لكم الاسلام دينا). لەبەر ئەو گرنگیو بایەخەی كە فیكرو بیر هەیەتی لەسەر كاردانەوەكانی ژیانی مرۆڤ بەگشتیو لەبەر ئەوەی كە بوژانەوەی ئیسلام خوازیو تەوژمی ئیسلام گەرایی لەناو كوردان و كۆمەڵگەی كوردەواریدا ڕۆژ بەڕۆژ لەبرەوو پەرەسەند ندایە، بە پێویستم زانی هەستم بەوەرگێڕانی كتێبی (تجديد الفكر الاسلامی) كەلە نوسینی بیریاری گەورەی ئیسلامیی بەڕێز (د.محسن عبدالحميد)ەو پەیمانگای جیهانی بۆ فیكری ئیسلامیی لەواشنتۆن بۆ یەكەم جار بەچاپی گەیاندوە، وە جەنابی بەڕێز دكتۆر لە چاوپێكەوتنێكیدا لە گەڵ گۆڤاری (الفتوى) لە شوباتی (١٩٩٩)دا و لە وەڵامی ئەو پرسیاەدا كە گۆڤارەكە لێی دەپرسێ، گرنگترین كتێبەكانت بەلای خۆتەوە كامیانە؟ دولێت: گرنگترین كتێبەكانم (تجديد الفكر الاسلامی)ە كە زۆربەی بیرو راكانی خۆمم بە شێوازێكی زانستی و هاوسەنگ رژاندۆتە دووتوێیەوە، وا ئێستاش بەناوی (نوێ كردنەوەی فیكری ئیسلامیی) ەوە دەیخەینە بەر دەست خوێنەرانی هێژا بەئومێدی ئەوەی ئەم نوسراوە بەكەڵكەو ڕێنمایی‌یە بەرزەكانی ببنە ئیلهام بەخشی ئەو تەوژمە ئیسلامیەی كەلەناو سەرجەم توێژەكانی كۆمەڵگای كوردەواریدا بەردەوام لەگەشەكردندایە، بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیران. بۆ ئەوەی بزانن:

یەكەم: بیرو فیكریان لە چ سەرچاوەیەكەوە هەڵگۆزن و چۆنی ڕەنگ ڕێژ بكەن؟

دووەم: بەرچاو ڕۆشن بن کەنەخۆیان و نەکەسی تریش بیروبۆچوونی مرۆیی‌و پەیامی ئاسمانیان لێ تێکەڵ نەکات و بزانن کەسەرجەمی بەرهەمەکانی بیرو هۆشی مرۆڤەکان لە ئێستاو لەسەردەمەکانی ڕابردوشدا هەموویان فیکری ئیجتهادین و پەیامی ئاسمانیش (قورئان و سوننەت) وەحی خوایی‌یەو تەنها ئەوە کە (لايأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه تنزيل من حكيم حميد)فصلت/٤٢. هەروەها (وما ينطق عن الهوى ان هو الاوحي يوحى) النجم/٣-٤.

ئەو ڕاستیەش بزانن کەزۆربەی قوتابخانە فیکریە ئیسلامیەکان و تەوژم و جولانەوە ئیسلامیەکان هەریەکەو بەشێوەیەك لەشێوەکان کەسەردەمی خۆیاندا و بەمیگانیزمی تایبەتی خۆیان خزمەتیان بە ئیسلام و بیری ئیسلامیی کردووەو ئەم سەردەمە ئێستاو جولانەوە ئیسلامیەکانی ئەم دەمەش و پێویستیان بە فیکرو بیرێکی ڕەسەنی هاوچەرخ هەیەو پێویستە لەم قۆناغە گرنگەی مێژوویاندا بەئەرکی خۆیانی بزانن کەلە ئاستی سەردەمدابن و بەپێی پێویست و هاوچەرخانە بیربکەنەوەو لەبەرانبەریشەوە بەڕێزەوە سوود لەبەرهەمی بیریارە دێرینەکان وبیری ئیسلامیی دێرینەمان وەربگرن و وەك کەلەپورێکی ئیسلامی بیپارێزن.

لە وەرگێرانەکەشدا هەوڵم داوە لەمەبەستەکانی نەترازێم بەڵام لەهەر کوێدا پێویستی کردبێت بەداڕشتنی خۆم ئەو چەمکانەم داڕێژراوەتەوە کەمەبەستی

نوسەر بووێ شایەنی وەبیرهێنانەوەیە لە( فەسڵی یەکەم)دا کاتێك نوسەر باس لە تێڕوانینی (ئیزی مارکسی بۆ ئیسلام) کردووە من چەند بڕگەیەکیك بە پێویستم نەزانیوە چونکە کاتی بەسەرچووەو لەوەرگێڕانەکەدا وەلام خستوون.

**ابراهيم ميكه على**

**١٤/خاكەلێوەی/٢٦٩٩، كوردی**

**٤/نیسانی/١٩٩٩ز**

# پێشەکی نووسەر

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای پەروەردگارو خاوەنی جیهانیان، درودو سەلام لەسەر گیانی پێغەمبەری خاتەم‌و ماڵ‌و خێزانی‌و یارو هاوەڵانی‌و شوێن کەوتوانیان تا رۆژی دوایی. یەکێك لەو پێداویستی‌و داخوازیە بە بایەخانەی ئەم قۆناغە ناسك‌و گرنگە کە ئێستا موسلمانانی پێدا تێپڕ دەبێت؛ چاو پیاگێڕانەوەو پێداچوونەوەی بیری ئیسلامیی دێرینمانە.

لەبەر ئالۆزی‌و گرنگی قۆناغەکەو بۆ ئەوەی موسڵمانان لە پرۆسەی پێداچوونەوەکەیاندا سەرکەوتووبن، پێویستیان بەکارنامەیەکی زانستیانەی توندو تۆڵی ئامانجداری ئەوتۆ هەیە، کەبتوانێ گەلانی موسڵمان ڕاچلەکێنێ‌و لەقۆناغی متبون‌و دامرکانەوە بیانگوێزێتەوە بەرەو قۆناغ‌و ئاستێکی شارستانی پێشکەوتنخوازی گونجاوی وا کەبتوانن تەپ‌و تۆزو تەم‌و مژی ڕابوردویان بتەکێنن‌و کەلێنی رابوردویان قەرەبوو بکەنەوەو بەرنامەڕێژی‌و تاودانێکی تازە بۆ بیرو هزرو بارودۆخی ژینایان فۆرمەڵەبکەن، بەشێوەیەك ئەو بەرنامەڕێژی‌و تاودانە پاڵنەرو هۆکارێك بێت‌و پاڵ بەموسڵمانانەوە بنێت بەرەو دەستخستنی زانستی ستانداردو بەرهەمهێنانی نوێ.

ئەم چاوپیاگێڕانەوەو پێداچونەوەیە، داخوازیەکی چارەنووس سازی مێژوویی‌و زەرورەتێکی ئەم سەردەمەمانەو پێویستە زۆر بوێرانەو بەخۆدا پەرمینەوە هەنگاوی مکۆمی بۆ هەڵگرین‌و لەئاکامدا ئەم دوو ئامانجە گرنگە دەست بخەین:

یەکەم: جیاکردنەوەی ئەو بیرو بۆچونانەی کە پەیوەستن بەکاتو شوێنێکی دیاری کراوەوە، لەو نیگاووەحیە خواییەی کە لەقورئانو سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووەو پەیوەند نی‌یە بەزەمینو زەمانێکی تایبەتەوە، بەمەش پێداچوونەوەکە شەرعیەت وەردەگرێتو ئەو یاسایەی بەسەردا دەچەسپێ کە دەڵێت: هیچ بیروبۆچونێك وەك وەحیو نیگای خوایی بەدەر نییە لە کەموکورتیو قسوری مرۆیی.

دووەم: بۆ بەئاگابوونو دەست خستنی زانیاری پێویست لەمەڕ ڕەگو ریشەی ئەو بزاوتو شێوە بیرکردنەوانەی کە لە قۆناغە جۆراو جۆرەکانی مێژووی رابوردوومانە کاریگەربوون، بە هەموو ئەو تایبەت مەندیانەیانەوەو بەهەردوو رووەچاكو خراپەکانیانەوە کە تەعبیریان لەو قۆناغانە کردووە، تائاگا داربین لەسەر رووە چاكو رووە خراپەکانو تایبەتمەندیەکانی ئەو بیروبۆچونانەداو ئەم ئاگاداربونانەشمان ببێتە مایەی بەرچاو رۆشنیمانو رێگە خۆشکەربێت بۆ سود وەرگرتن لەچەمكو رووە چاکەکانو گەشەپێدانیانو خۆدوور گرتن لە چەمكو رووە نێگەتیفو چەوتەکانو وەلاخستنیان، بۆ ئەوەی کاری چەوتو نێگەتیفانە نەکەنە سەر ژیانی ئەمرۆکەمانو نەبنە رێگر لەبەردەم گەشەسەندنو راپەرینو پێشکەوتنماندا، نەبنەمایەی سەر لەنوێ پەرتەوازە بوونی نەتەوەی ئیسلامیو لەدەستدانی یەکپارچەییو یەك دەنگی لە نێوان رۆڵەکانیداو جارێکیتر کەرتو پەرت بوون پەل نەهاوێتەوە ناو بیروبۆچونو پەیوندیە کۆمەلایەتی‌یەکانی گەلو نەتەوەکەمان (نەتەوەی ئیسلامیی). لەم پەڕاوەی بەردەستماندا ئەم بابەتەو چەند بابەتێکی دیکەشم چارەسەر کردوون کە ناوم ناوە (تجدید الفکر

الاسلامی)و لەلایەن (المعهد العالمی للفکر الاسلامی)ەوە وەلەواشنتون بەچاپ گەینراوەو بەزۆریەی وولاتانی جیهانی ئیسلامیدا بلاوبوەتەوە، ئەوەی کە زۆرمایەی خۆشحالی و دلخۆشیمە ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەردەگێرڕێتە سەر زمانی شیرین و جوانی کوردی و لەو رێگەیەشەوە رۆلەکانی نەتەوەکەم (رۆلەکانی گەلی کورد) بەهرەمەند دەبن لەو تێزو بیرو بۆچونانەی کە لە پەڕاوەکەدا هاتوون و ئومێدم وایە ببنە مایەی رۆشنکردنەوەی رێگا لەبەردم خۆیان و نەوەکانی داهاتویاندا.

هەموو ئەوەی کە بۆ برای وەرگێری پەڕاوەکە کاك (ابراهیم میکە علی) داوای دەکەم ئەوەندەیە کە دەلێم: خوا بەباشترین شێوە پاداشتی خەیرو چاکەی بداتەوە.

وأخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمین

**د. محسن عبدالحمید**

**١٠/شوال/١٤١٩ك**

**٢٧ /١/١٩٩٩ز**

**بەغداد**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ربّ العالمين، والصلاة والسلام على خاتم الانبياء والمرسلين وعلى أله واصحابه والتابعين لهم باحسان الى يوم الدين.

وبعد:

فلقد غدت مراجعة فكرنا القدم ضرورة تحتمها المرحلة الحرجة التي يمّربها المسلمون اليوم، والتي يحتاجون فيها الى موازين علمية رصينة هادفة للانتقال من مرحلة الخمود والجمود الى مرحلة حضارية تقدمة، ينفضون فيها عن انفسهم غبار الزمن، ويعوضون عما فاتهم من التخطيط لبناء فكرهم وواقعهم، بناء يدفعهم الى العلم والعمل من جديد.

وتلك المراجعة ضرورة تأريخية، لابد أن نقدم عليها بأصالة وثبات للوصول الى هدفين مهمين.

أولها: تميز ذالك الفكر المرتبط بالزمان والمكان عن الوحي الالهي في كتاب الله تعالى وسنة رسوله الكريم صلى الله عليه وسلم، المستقل عن الزماني والمكاني، حتى تكون المراجحة مشروعة ومبينة على اساس ان الفكر يحمل قصور الانسان وليس معصوما كالوحي الالهي.

ثانيهما: حتى نتعرف على جزور وحركة ذلك الفكر في المراحل التأريخية السابقة، بكل ما تحمل من خصوصيات تتصل بها وتعبر عنها في ايجابياتها أو سلبياتها، تمهيدا لتبني ايجابياتها وتطويرها، وحذف سلبياتها المعيقة لنهضتنا من حياتنا، كي لا تسلب أمتنا وحدتها العقيدية، فتعيد اليها الفرقة والتمزق الفكري والاجتماعي من جديد.

ولقد عالجت هذا الموضوع وغيره في كتابي هذا الذي سميته "تجديد الفكر الاسلامي" الذي أصدره المعهد العالمي للفكر الاسلامي في واشنطن، وانتشر في معظم أنحاء العالم الاسلامي.

واليوم يترجم هذا الكتاب الى اللغة الكردية الجميلة، وهذا مبعث سرور عظيم لي، حتى لا يحرم أبناء قومي، مما ورد في هذا الكتاب، من أفكار أرجو أن تروق لهم وتنور السبيل أمام أجيالهم.

وكلما أرجوه أن يجزي تعالى مترجمه الأخ (ابراهيم ميكه على) خير الجزاء.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

د. محسن عبدالحميد

١٠ شوال/١٤١٩هـ

# دەروازەی یەکەم

# بیری ئیسلامیی دێرینەمان

# بەشی یەکەم

# دەسپێکێك لەبارەی ڕێڕەوو

# مەنهەجی

# لێکۆڵینەوەی فیکری

# ئیسلامییەوە

بابەتو باسی ئەو مەنهەجو ئاراستانەی لە لێکۆڵینەوەی بیری ئیسلامیی یاخود وەك دەڵێین: (کەلەپوری ئیسلامیی) داگیرکراونەتە بەر، بابەتو باسێکی فرە رەهەندی ئاڵۆزەو زۆر هەڵدەگرێت لەبارەیەوە بووترێ. چونکە ئەو تەوژمە فیکریانەی کە دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوەی ئاینی ئیسلامو کەلەپورە ژیاریەکەی لەو دیدو پێگە ئایدۆلۆجیانەوە دەستیان داوەتێ کەبناغەی فەرهەنگو ژیارو شارستانیەتەکانیان بوونو لە گۆشەنیگای ئەو ئایدۆلۆجیانەوە روانیویانەتە ئیسلامو کەلەپورە حەزاریەکەی.

تێروانینیشیان بۆ نەخشەی مێژوو هەر گۆشە نیگاو دیدی ئەو یایدۆلۆجیەتەوە بوەو بڕیاری پێشوەختیان وابووە کە بەهیچ شێوەیەك لەو ئایدیاو قەناعەتەیان لانەدەن.

واتە: هەولی ئەوەیان نەداوە بەشوێن راستیدا بگەرێن بۆ دۆزینەوەی راستیەکانیش هەرگیز ئەو هەلومەرجە زەمینیو زەمەنیەیان رەچاونەکردووە کە رووداوە مێژوویەکانی تێدا هاتووەتە بوون.

بۆیە پێویستە رۆشنبیری موسڵمان زۆر بە وریاییو ئاگاداری تەواوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ئاکامانەدا بکات کەلەو لێکۆڵینەوانەوە کەوتونەتەوەو بەمەبەستەوە بەدوادا چونیان لەبارەوە بکات.

چونکە هەڵسوراوانو رابەرانی ئەو ئایدیا چەواشەکارو ناحەزانە، بەقۆستنەوەی ئەو هەلەی کە لەئاکامی نەزانیو دواکەوتویی جیهانی ئیسلامییو بەچۆکا هاتینەوە هاتبوەکایەوە، دەستیان گرت بەسەر پانتاییەکی زۆر لەبوارو ناوەندە فیکریو مێژوویەکانداو لەو رێگەیەوە کەوتنە کار بۆ نوسینو بلاوکردنەوەی

بیروبۆچونەکانیان و لـە رێگـەی ئـەو دەزگـا زۆرو زەبەلاحانـەی راگەیاندنـەوە کـە دەیـان سـالْ بـوو لەلایـەن چـەندین سـەنتەری نائیسـلامیەوە ئاراسـتە دەکـران، کەوتنە پەخش کردنی بیرو بۆچونەکانیان بەسرانسـەری وولاتـانداو بـەتان و پـۆی جیهانی ئیسلامیدا رۆچوون.

لەم روانگەیەوە لێکۆڵینـەوەو تـاوتوێ کردنـی ئـەو مەنهـەج و رێچکـەو رێرەوانـە، پاڵمان پێوە دەنێت کە بەدیدێکی هاوچەرخانـەوە دەسـت بدینـە لێکۆڵینـەوەو تاوتوی کردنی راسـتیەکانی ئیسـلام و مێـژوو کەلـەپوری ئیسـلامیی، تـا لـەوێوە بچینـە نـاو پـەیڤین و گفتوگۆیـەکی بنیـات نـەرەوە لەگـەڵ نـەیارانی ئیسـلامداو لەورێگەیەوە مەنهەج و رێرەوەکانیان پوچەڵ بکەینەوەو سەرەتا دەستیان بەرەو راسـتی و سـەرفرازی بگریـن و هـەر لەهـەمان رێگەشـەوە، نـەوەو وەچـەکانی داهاتوومان بپارێزین لەبیرو بۆچونە هەڵەو چەوتەکانیان.

ئەگەر توانیمان ئەم هەنگاوە بەرێك و پێكـی و بەشێوەیەکی بابەتیانـە هـەڵگرین، ئـەوا پـەیرەوێکی تـەواو، ئامـادەو پێشـکەش دەکـەین بـۆ لێکۆڵینـەوەو تـاوتوێ کردنـی کەلـەپوری شارسـتانیمان و دواتریـش بـۆ ئـەو ئیسـلامەمان کـە چاوگـەی مەزهەبیەتی ئیسلامیمانە لە بارەی (گەردوون، ژیان، مرۆڤ)ەوە.

سەرەتا با زاراوەی کەلەپور ( تراث) دیاری بکەین و بزانین کامەیـە و واتـای چـی دەگەیەنێت: لەڕووی زمانەوانیەوە: واتای ئەو پاشمـاوەو شمەکە دەگـەینێ کـە مرۆڤـەکان دوای مردنیـان بـەجێی دەهێڵـن بـۆ نـەوەکانیان، خـوای گـەورە لـەم بارەیەوە دەفەرموێت: (وتأكلون التراث أكلاً لما) الفجر/١٩.

دواتر واتاو مەبەستی ئەم زاراوەیە فراوان بوو، تا ئەو بەرماوەو بۆماوانەش بگرێتەوە کە لەئاکامی ئەو ململانێیانەی (کە مەبەستی گەشەکردنو پێشکەوتنو بەرەو شارستانی بوون) لەنێوان گەلو نەتەوەکاندا بەرپا دەبوونو ئەو ئاکامو بەرهەمانەش بگرێتەوە کە لە پاش خۆیان بەجێیان دەهێشت.

کەواتە کەلەپور ئەو بەرهەمە ژیارییەکە لە ئاکاری نەتەوەو گەلێکەوە شۆڕ دەبێتەوە، کەکارلێکی کردبێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کەتیایدا سەری هەڵداوەو ژیانی تێدا بەسەر بردووە، هەروەها ئەو شوێنکارو ئاسەوارانەی کە لەئاکامی ئەو کارلێکەوە هاتوونەتە گۆڕیو کاریان لەڕوخسارو پێکهاتەی نەتەوەکە کردووەو نیشانەو شوێن کاری تایبەتی خۆیان لەسەر بەجێ هێشتوەو گەلو نەتەوەکە بەونیشانانەوە دەناسرێتەوە.

لەڕوانگەی ئەم تێگەیشتنە مرۆییەوە بۆ کەلەپور، ئەو ئایدیاو مەزهەبە فیکریانەی سەردەم، کە لەشارستانیەتی ڕۆژئاواوە سەرچاوە دەگرنو هەڵقوڵاوی ئەون، ئیسلام بەبیرو باوەڕو شەریعەتیەوە بەبەشێك لەکەلەپوری عەرەبی، یان ئیسلامیی، یان عەرەبی ئیسلامیی لەقەڵەم دەدەن.

بۆ نمونە: مەنهەجی فەلسەفەی مارکسی کە لەم بارەوە زۆری نوسیوە، پیی وایە ئیسلام کەلەپورە، بەو مانا باوەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پیکرا.

ئەم تێڕوانینە مارکسیە سەری کێشاوەتە ناو ژیانی ئیسلامیو تەنانەت هەندێ لەنوسەرو زانایانی موسڵمانیش ئەم گۆڵەیان لێ کراوەو کاتێك باس لە کەلەپور دەکەن خوێنەرو بیسەریان واتێ ناگات جیاوازی بکەن لەنێوان ئیسلامی ڕەسەنو کەلەپوری ئیسلامیدا، لەکاتێکدا کە خۆیان موسڵمانو ئەو شتانەش کە قسەی

لەبارەوە دەکەن هەڵقولاوی وەحیو نیگای خوایینو جەخت لەسەر ئەو جیاکردنەوەیە دەکەن.

ئیسلام لەعەقیدەو باوەڕی موسڵماندا ئەو ئاینە نەمرەیە کە دواین ئاینی ئاسمانیەو پەیوەست نیە بەهیچ زەمانو زەمینێکەوە. هەرچەندە ئەم ئاینە ئاسمانیە شوێن کارو ئاسەواری خۆی هەیە لەسەر زەمینو زەمانەکان، بەڵام بەو مانایەی کە خودی ئاینەکە وەحیو نیگای خوایەو مێژوو فیکرو فەرهەنگو کەلەپوری موسڵمانان شتێکەو ئاینەکەش خۆی بۆخۆی شتێکی دیکەیە.

چونکە ئیسلام بەتەنها مێژووی دانەڕێژاوە بەڵکو فاکتەری کاریگەر لەسەر مێژوو ڕۆژنو یەکێکیان ئیسلامە.

شوێن کەوتوانی فەلسەفەی مارکسی هەروەکو چۆن سەیری کەلەپورەکانی تری مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن، بەهەمان چاویشەوە سەیری ئیسلام دەکەن، کە گوایا ئیسلامیش تەعبیر لە قۆناغێکی دیاریکراو لەمێژووی مرۆڤایەتی دەکات.

ئەو شیتەڵکاریو دیدەی کە شوێن کەوتوانی ئەم فەلسەفەیە هەیانە لەبارەی فەلسەفەی مارکسی لینینیەوە، لەبارەی ئاینو مێژووی ئیسلامیشەوە هەمان دیدو هەمان بۆچونیان هەیە، بەتایبەت لەڕووە کەلتوریەکەیەوە، لەم دواییانەداو لەژێر گوشاری پەرەسەندنی بێداری ئیسلامیدا باوەڕیان پێهێناو دانیان بەوە دانا کە مارکسیەت دەستی داوەتە قۆناغی بەرەو کەلەپورچوونو بووەتە کەلەپور.

تەحلیلی (مارکسی لینینی) لەم هەوڵەیدا بۆ خستنە ڕووی ئەو کرۆکە شۆڕشگێریەی کە لەهەموو کەلەپورێکی ڕۆحی نەتەوەیدایە، دەکۆشێ پەیوەستی

بکات لەگەڵ ناو کرۆکی شۆڕشگێرانەی فەرهەنگی هاوچەرخداو بەڕاشکاوانەش ڕای دەگەیەنن کەکرۆکی شۆڕشگێری بەلای ئەوانەوە تەنها بریتییە لە مارکسیەت.

کەواتە مارکسیەکان لە دیدی خۆیانەوە دەڕواننە کەلەپورو بەو شێوەیە لێی تێدەگەن و فیکرو مەنهەجی خۆیانی بەسەردا جێبەجێ دەکەن و چی لەو کەلەپورە کە بە مارکسیەتی خوارد وەری دەگرن و کاری پێدەکەن، لەسەر ئەو بناغەیەی کە گوایا ئەو بەشە لەو کەلەپورە بەشێکە لە کرۆکی شۆڕش گێڕیی دیموکراتی لەهەموو سەردەمێکداو ئەوەشی کەبە مارکسیەتی نەخوارد کەناری دەخەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا قورئان یا سوننەت یان ڕاو سەرنجو ئیجتهادی زانایان یان ڕاو سەرنجو دیدی تەوژمە ئیسلامیەکانەو بەبێ گوێدانە ئەوەی جیاوازی بکەن لەنێوان وەحیو نیگای خواییو فیکرو کەلەپوری مرۆییدا.

هەر چەندە پێویستە ئێمە لەوەزیاتر چاوەڕوان نەکەین لەنووسەرە مارکسیەکان، چونکە یەکێك لەبیرو بۆچونە چەسپاوەکانیان باوەڕنەبوونە بە وەحیو نیگای خوایی.

هەروەها بەو چاوەوە دەڕواننە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر) کە وەك چاکە خوازێك لەسەردەمەکانی خۆیاندا هەستاون بەچەند چاکسازیەکی دیاریکراو لەژیانی ئەودەمەدا.

نوسەرو لێکۆڵەرەوە مارکسیەکان ئەو هێڵ و ڕەوتە لە ڕێ لادەرەی مێژووی ئیسلامیی لەبەرانبەر ئەو ئیسلامەوە دادەنێن کە هەڵگۆزراوی قورئانو سوننەتەو جەماوەری موسڵمان یەك دەنگن لەسەری‌و دەست دەکەنە بەراورد لەنێوانیاندا.

یەکەمیان( ڕەوتە لەڕێ لادەرو چەواشەکە) شۆڕشگێری‌و چەپی ڕزگاری‌خوازو دووەمیان(ئیسلامە ڕەسەنەکە) بە دوا کەوتنو خۆسەپاندنو ئیسلامی سوننی لەقەڵم دەدەن! بەڕای ئەوان ئەوەی کە پێویستە لەئیسلام بمێنێتەوەو سوودی لێ وەربگیرێ، توخمو پاشماوەکانی فەرهەنگە بیانیەکانی وەك (الفیضیة، المادیة الیونانیة، الاشراقیة، الغنوصیة، المزدکیة، المانویە)یە کە بونە مایەی چەندین کارەساتی دڵ تەزێنو لەڕێ لادانی گەورە گەورە لە مێژوومی ئیسلامیدا، ئەمانەیان دەوێ بیانهێڵنەوەو ناویان بنێن ئیسلام، نەك عەقیدەی ئیسلامیی‌و شەریعەتە دادپەروەرو سیستمە خاوەن بەهاکەی‌و ئاکارو تایبەتمەندیە مرۆییە شارستانیەکانی. ئیسلام لەدیدی ئەو مارکسیانەدا بریتیە لەقۆناغێکی گرنگو چارەنووس سازی یەکلاکەرەوە لەژیانی نەتەوەی عەرەبدا،چونکە بەڕای ئەوان لەو دەمەدا عەرەب ڕێگای ئازادی‌خوازی‌و یەکبونیان گرتبویە بەرو (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵلا)ش وەك ئەوان دەڵێن هەستی دەکرد بەمەینەتو ناسۆرەکانی نەتەوەکەی‌و لەئامێزی دەگرتنو دواتر توانی لەشۆڕشێکی ئیسلامیدا تەعبیر لەو پەرتەوازەییەی عەرەبەکان بکاتو ڕێکیان بخات لە نەتەوەیەکی یەك پارچەی یەکگتوودا.

بەهەمان شێوە مارکسیەکان پێیان وایە نەتەوەی عەرب لەهەموو سەردەمەکانی مێژوودا خۆی ڕێکخستووەتەوەو بەپێی فەرهەنگی سەردەم شارستانیەتەکەی

نـوێ كردۆتـەوە، پێش لـە ئیسـلام‌و پـاش هـاتنی ئیسـلامیش ئـەم پرۆسـەی نوێکردنەوەیە هەر بەردەوام بووە، بۆ نمونـە: لەسـەردەمی حـامورابی پاشـای بابلیدا بەدارشتنی شەریعەت‌و یاسایەکی تازە، خۆی نوێ کردەوەو لەسـەردەمی نـەفامی (الجـاهلی)دا بەشـعری جـاهلی‌و دواتـر کـەحالّی عەرەبـەکان ئـەوەی دەخواست پالّەوانێکی تازە سەر هەڵبدات‌و یەکیان بخاتەوە، (موحەمەدی کـوڕی عەبدوڵڵا) ﷺ سەری هەڵداو دواتر لـەڕووی کـەلتورە بیانیـەکاندا بـە ڕۆشـنبیری‌و فەرهەنگی مەئمون خۆی نوێ‌ی‌کردەوە[1].

مەنهەج‌و ڕێرەوی لیبراڵیەکانیش هەمان ڕێـڕەوی مارکسـی‌و ڕۆژهـەڵات ناسـەکانە کەباس لەئیسلام‌و دۆزی ئیسلامی لەژێر نـاوی کەلـەپوردا دەکـەن‌و ئیسـلام وەك ئاینێکی ئاسمانی جیاناکەنەوە لەفیکرو کەلەپوری ئیسلامی.

لیبراڵیەکان نکۆڵی لەوەحی‌و نیگـای خوایـی ناکـەن، بـەڵام تەنـها بـاوەڕ بـەخواو کۆمەڵێك بەهای ڕەوشتی لێ وەردەگرن، لەبەرانبەریشەوە بەهیچ شـێوەیەك بـاس لەشـەریعەتی ئیسـلامیی ناکـەن‌و بەڕاشـکاوانەش دەڵێـن: شـەریعەتی ئیسـلامیی بەسـەرچووەو دادی ئـەم سـەردەمەنادات. شێوازو ڕێرەویشیان بـۆ چارەسـەری قـەیرانی شارسـتانی ئـەمڕۆی جیـهانی ئیسـلامیی ئەوەیـە کـە باوەڕیـان بـە پایەدارکردنی شەریعەتی ئیسلامیی لەژیانی موسڵماناندا نی‌یە[2].

---

[1] أزمة المثقفين للمؤلف: .

[2] نموونەی ئەم چەشنە نووسەرانەش (د.زكي نجيب محمود)ە لە کتێبی (تجديد الفكر العربي).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕێڕەووشێوازی نوسەرە موسڵمانەکانیش دەبینین بەداخەوە ئەوانیش لەو هەوڵەیاندا بۆ پارێزگاری لەڕەوتی ئیسلامەکەیان، کەوتونەتە هەمان هەڵەوەو خەریکن بەگشتی ئیسلام ڕێك بخەنو بیخزێننە ناو یەکێك لە بزاوتەفیکریەکانیەوە، لەکاتێکدا کە هەریەك لەو بزاوتو ڕەوتو ئاراستە فیکریانە چارەسەرێکی کاتی بوون بۆ سەردەمی خۆیانو ناحەزانی خۆیانیان لەو سەردەمەدا دەمکوت کردووە.

هەڵەی ئەم دەستەیەش هەر لەو تێکەڵ کردنەی ئیسلامو کەلەپورو تەوژمە فیکریە ئیجتهادیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەبێ دڵنیابین کەمێژووی ئیسلامیی بەدەرە لەو پەندەی کەدەڵێ: (التأريخ يعيد نفسه) چونکە هەر یەك لەبڕگەکانی مێژووی ئیسلامیی بگرین خاوەن تایبەتمەندیو ئاکارو ڕوخساری خۆیەتیو وەلامێك بووە بۆ کێشەکانی ئەو سەردەمە، ئێستای مێژووی ئیسلامیش خاوەن تایبەتمەندیو ڕوخسارو کێشەی خۆیەتی.

ڕاڤەکردنی ئیسلام بەوەی کەبریتیە لەتەرزو ئاراستەیەك لە ئاراستە فیکریەکانی وەك (ئەشعەری، ماتوریدی، ئیعتزالی، سەلەفی، سۆفی) هەڵەیەکی گەورەیەو نابێت ڕۆشنبیرو موسڵمانە بەئاگاو مولتەزیمەکانی ئەم دەمە بەسەر ئەو هەڵەیەدا بچنو دووبارەی بکەنەوە.

پێویستە بیرپارو مێژوونووسانی ئەم دەمە بابەتیانەو بەڕێكو پێکی دەست بدەنە لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی ئیسلامو کەلەپوری ئیسلامیی، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە ئیسلامو ئایندەی موسڵمانان لە هەڕەشەی تەوژمە ماددیو عەلمانیەکان

جیابکەنەوە لەلایەکی تریشەوە ڕاستییەکان وەک خۆیان بخەنە ڕوو ئیسلامیش بیری
کەلەپوورە ئیسلامیی بەجوانیی بەپێوەی لێک جیابکەنەوەو ئیسلامییەکی ڕەسەن
بخەنەوەکانی ئێستاو داهاتووی خۆیان بناسێنن و ڕێگە بەو بۆچوونە چەوتانە بگرن
ناچارێکی نەر موسوڵمانان چەواشە نەکرێن و بەدەستەواژەو زاراوەو ناوی
مۆدێرنیزەکەوە دەستەوەستان و چەواشە نەکرێن.

ئومێدەوارین ئەم هەوڵو هەنگاوەی ئێمەش ببێتە خشتێک لەو بیناو بالەخانە
نازەمێدا کە مەنهەجو ڕێڕەوێکی گشت گیر ڕابەرایەتی دەکات، بۆ دەست نیشان
کردنو ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانو جیاکردنەوەی ئەوان لەنێوان وەحیو نیگای
خوایی و فیکرو بیری بەشەرییداو چارەسەرەکانییەکانی سەردەمە کۆنەکان
بووژێنێتەو بیری ئیسلامیی بەپێی خواستی ئەم سەردەمە، ئەویش بکاتەوەو
دەستەواژە ئیسلامییەکان لە نائیسلامییەکان جیابکاتەوەو لەبەرپاڵشتانی
تێگەیشتن لەو بنەما سەرەکییانەی کەلە هەموو سەردەمێکدا پارێزگاریان کردووە
لەبیری ئیسلامی، پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی ژیارو شارستانیەتی ئیسلامیی
بکات.

# بەشی دووەم

# زاراوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان

بابەتی (ئیدیۆم)و زاراوەکان بابەتێکی بەرینەو بۆ لێك دانەوەو تێگەیشتن لەهەر زاراوەیەك پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەو دامەزراوە شارستانیو ژیاریەی کەزاراوەکە تەعبیری لێ دەکاتو سەرچاوەی لێوەگرتووە، یان بگەڕێینەوە سەر ئەو زانستو زانیاریەی کە لێوەی هەڵقولاوە.

بوونی زاراوەو بەکارهێنانی بۆ تێگەیشتنو لێك حاڵی بوونی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیو دروستکردنی پردی پەیوەندیو تەنانەت بۆ لیك گەیشتنی دامەزراوەو دەزگاکانی ناو یەك کۆمەڵو کۆمەڵگەش، گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

بگرەکێشەو بابەت و باسی زاراوەکان لە پێکهاتەو دارشتەی شارستانیەتو ژیاری ئیسلامیماندا بەووردترینو ئاڵۆزترین کێشەو بابەتو باس دادەنرێت، چ لە ڕووی دۆخی زاراوەکانو چ لە ڕووی پێناسەو چەشنەکانیانەوە.

کتێبو بەرهەمەکانی زانایانی دێرینمان بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکران لە سەر ئەم ڕاستیە.

لەو ڕووەوە کە ئیسلامو عەقیدەو شەریعەتو خوڕەوشتی ئیسلامیی، بناغەی سەرەکیو گەورەترین هەڵسوڕێنەری شارستانیەتو ژیارەکەمانە، هەر لەو ڕووەوە ئەو زاراوانەی کە زانایانی موسڵمان دایان هێناونو هەر سەردەمەو بەپێی خواستو تێ گەیشتنی خۆی بۆ گەیاندنی زانیاریو مەعریفەی ئیسلامی بەکاریان هێناون زۆرتر ووردەکاریو سەرنجیان تێدا بەکارهێناوەو، بەیەکێك لە مەشخەڵە گرنگو دیارو بەرچاوەکانیان دەژمێردرێت کە پێشکەشیان کردووە بەنەوەکانی خۆیانو مرۆڤایەتی بەگشتی.

بۆ نمونە: زاراوەو چەمکی (عەقیدەی ئیسلامیی) یان (عەقائدی ئیسلامیی) لە سەردەمی پێغمبەری ﷺو سەردەمی هاوەڵانیو دواتریش لەسەردەمی تابعیندا ئەم زاراوەیە نەبوەو لەئاخاوتنی موسڵمانانندا بەکار نەهێنراوە، بەڵام لەئاکامی ململانێ فیکریەکانی نێوان ئیسلامو ئایین و فەرهەنگو فەلسەفەکانی نەیاریەوە سەری هەڵداو زانایانی ئیسلامیی ناچار بوون ئەم زاراوەیە دارێژنو دای بهێنن بۆ کۆکردنەوەی بنەماکانی ئیسلامو ئەو بابەتانەی کەباس لە (خواناسیو پێغەمبەرانو چەمکە رۆحیەکانو قەدەرو رۆژی قیامەت) دەکەن، هەر هەموویان کۆبوونەوەو ناویان لێ بنێن عەقیدەی ئیسلامیی.

بۆ ئەوەی موسڵمانان رێ وون نەکەنو لەرووبەڕووبوونەوەکەیاندا لەگەڵ فەلسەفەو بۆچونەکانی نەیاریاندا بەرچاو رۆشن بنو بەهەڵە دانەبرێن.

ئەم زاراوەیەش وەك سەرجەم دەستە خوشکەکانی، بناغەیەکی زانستیو زمانەوانی هەیە، وەك فەیروز ئابادی لە (القاموس المحيط) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٣١٥)دا دەڵێت: ((عقد)) الحبل والبيع والعهد يعقده، شدّه... والعقد الضمان والعهد والجمل الموثق الظهر. کەواتە عەقیدە لەئیسلامدا ئەو ناوەندەیە کەجێگەی گرێ دانو توندو تۆڵو کردنو رێکخستنی موسڵمانانە،هەروەها دروستە بە (عەقائدی ئیسلامیی)ش ناو ببرێت، چونکەلەچەندین رووەوە بەپێی بابەتەکان موسڵمانان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها (عەقیدەی ئیسلامیی) جاروبار بەناوی زانستی یەکتاپەرستی (علم التوحيد)یش بەکارهاتووە، لەو ڕووەوە کەیەکتاپەرستی گەورترین بەشی عەقیدەیە.

بەهەمان شێوە عەقیدە بەزانستی کەلام (علم الکلام)یش ناودەبرا،چونکە سەرەتای ململانێ کە لەسەردەمی عەباسیەکاندا سەری هەڵداو یەکەم جار قسەو تەوەرەی ناکۆکیەکە لەسەر کەلامو فەرمایشتەکانی خوای گەورەبوو، بۆیە ئەو ناوە باڵی کێشا بەسەر زانستەکەداو لەو سەردەمەدا بەکەلام ناسرا.

پاش گەشەسەندنی سەردەمو ئەو ئاڵو گۆڕانەی کە لەم دواییانەوە بەسەر بارو دۆخی ژیاندا، داهێنانی چەندین زاراوە خۆی کردە زەرورەتی سەردەم، تا لەڕێگەی ئەو زاراوانەوە موسڵمانان بتوانن تەعبیر لەو ململانێ نێوان بلۆکی ژیارو شارستانیەتی ئیسلامیو بلۆکی ژیارو شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بکەن.

بۆیە بیریارە موسڵمانەکان بۆ پارێزگاری کردن لە عەقیدەو نەریتو بۆچونو دیدی ئیسلامیی سەبارەت بەگەردوون، دەستیان دایە داهێنانی چەندین زاراوەی هاوچەرخ تاله ڕێگەیانەوە بتوانن ململانێکەی پێ بەڕێوەبەرنو موسڵمانانیش لە گێژاوی زاراوە ڕۆژئاواییەکان بپارێزن، نەوەك لەڕێگەی بەکارهێنانیانەوە ئەو زاراوەو ئەدەبیاتەی ڕۆژئاواییەوە هەست بەناوازەیی بکەنو لەبەر تازەبوونیان بەبێ لێك دانەوەی ماناکانیانو هەڵسەنگاندنیان بەکاریان بهێننو لەو ڕێگەیەوە بەچۆکدابێنو لەئاست شاڵاوی شارستانیەتی ڕۆژئاوایدا خۆبدەن بەدەستەوە.

لەم دیدو سۆنگەیەوە لەبەرانبەر ئایدۆلۆجیەتی ڕۆژئاواییەکانەوە چەندین زاراوەی تازە لە ناوەندە ڕۆشنبیریە ئیسلامیەکانی سەردەمدا سەریان هەڵدا، وەك (الفكر الاسلامی، النظام الاسلامی، التصور الاسلامی) کە سەرجەمیان تەعبیر لە دیدی ئیسلامیی دەکەن سەبارەت بەبوونەوەرو کۆمەڵگەو مرۆڤ.

لەبەرئەوەی کە قورئان و سوننەت سەرچاوەی سەرەکی ئیسلامن؛ ئیسلام لەمەڕ هەریەك لەو چەمکانەو چەمکی دیکەی وەك (بوونی خوا، یەکتاپەرستی، قەدەر، کردەوەکانی بەندەکان، پێغەمبەرایەتی، ڕۆژی دوایی و چەمکە ڕۆحیەکان) سەرنج و دیدی تایبەتی و بابەتیانەی خۆی هەیە.

جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك ئەمەکداریەك ئەوە ڕابگەیەنین کەئەو زاراوە ئیسلامیە نوێیانە لەچەند سەدەی ڕابوردوودا توانیان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و دەستی تاکی موسڵمان بەرەو هاوچەرخی بوون بگرن و ئاسۆی بیری موسڵمانانیان لەبیرکردنەوەو هەڵوێست گرتن و دیاریکردنی پێگەو ئاستی موسڵمانانیان لەبەرانبەر ململانێکانی ئەو دەمەدا ڕۆشن کردەوەو یارمەتی دەریان بوون.هەر چەندە دواتر ئەو نووسەرە بی باوەڕوو لائیکانەی کە پەیڕەوی قوتابخانە ماتریالیزمیە ڕۆژئاوایەکان بوون توانیان لەنوسین و باس و لێکۆلینەوەکانیاندا سوود لەو تێکەڵی وێك چوونەی نێوان زاراوەکان وەرگرن و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی چەواشەکردنی موسڵمانان و دروستکردنی درز لەریزەکانیانداو ئامێتەکردنی( بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام)و (بیرو بۆچوون و دەرهاویشتەی مێشکی زاناکانی) بدەن. ئەو تێکەڵ بوون و ئامێتەکردنە سەری کێشاوەتە ناو ئەو بابەت و بیرۆکانەی کە لەکتێب و نووسراوەکانی تەنانەت (عقائیدی ئیسلامیی) یان (زانستی کەلام یان زانستی ئوسوڵی دین یا زانستی یەکتاپەرستی)دایەو بابەتی ناو کتێبەکان تێکەڵەیەکە لە نێوان وەحی و نیگای خوایی و بەرەنجام و ئاکامە ئیجتهادیەکانی قوتابخانە فیکریەکان، کە هەریەکەیان چەشنە تەفسیرو ڕاڤەیەکە بۆ بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام و وەحی و نیگا خواییەکە.

ئەم ئالۆسکاویە بە ئاشکرایی بەکتێبەکانی فیکری ئیسلامیی‌یەوە بەدی دەکرێت، چونکە ووشەی (فیکر) کەپەیوەستە بە جوولەی عەقڵو دەرەنجامەکانی‌یەوە سەرنجی بیسەر بەلای بنەماچەسپاوەکانی ئیسلامدا راناکێشێ چونکە کۆکردنەوەی (بنەماچەسپاوەکانی ئیسلامو دەرهاویشتەی عەقڵو مێشکی مرۆڤ) هەڵەیەکی گەورەیە، ناگونجێ ئەو وەحیو نیگا خواییەی کە پەیوەستو قەتیس نی‌یە بە کاتو جێگەیەکی دیاریکراوەوە بە(فیکر)ێك ناوزەد بکرێت کە مل کەچو ژێرباری کاتو شوێنەو ئاسەوارو کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەری.

بەڵام دەستەواژەی (التصور الاسلامی) هەر چەندە لەو تێکەڵ بوونەدا حاڵی لە حاڵی فیکری ئیسلامیی باشترە، بەڵام دەگونجێ پلاری لێ بگیرێو بوترێ ووشەی (التصور) لەزمانی عەرەبی‌دا مانای ئەو هەواڵەی لێ دەگیرێ کە ئەگەری راست بوونو هەڵە بوونی لەیەك کاتدا لێ چاوەروان دەکرێ، کەواتە ئەویش لە ریزی بزاوتی فیکری بەشەری‌دایەو لێی بەدەرنی‌یە.

زاراوەی (النظام الاسلامی)[1]ش زاراوەیەکی گشتی‌یەو هەروەك چۆن بۆچەمکە سەرەکیەکان بەکاردەهێنرێت هەر ئاواش بۆ چەمكو واتا لاوەکیەکانیش بەکار دەهێنرێت.

واتە: هەر وەکو چۆن بۆی هەیە بۆ هێڵە سەرەکیەکانی ئیسلام لەبوونەوەرو گەردووندا بەکاربهێنرێ، هەروەهاش بۆی هەیە بۆ درێژەی چەمكو سیستمە

---

[1] خواڵێ خۆشبوو (محمد المبارك) لەکتێبە سێبەرگیەکەی (النظام الاسلام)دا ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە.

ووردەکانی ناو شەریعەتی ئیسلامی وەك:(سیستمی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، پەروەردەیی...هتد) بەکاربهێنریٚ.

ئەم هەموو ماناو واتایانە لەمێشکمدا جمەیان دەهاتو لەبەر چاوم بوونو بیرم لیٚدەکردنەوە، لەو کاتەدا خوالیٚ خۆش بوو دکتۆر (محمود ابی السعود) لەسالی (١٣٩٦ك بەرانبەر ١٩٧٧ز) لەشاری (**الریاض**) لەکۆنگرەیەکی فقهی ئیسلامیدا، لەژێر ناونیشانی (المذهبیة الاقتصادیة الاسلامیه)دا هەرچی لە ئیسلامو قورئانو سوننەتدا لەوبارەوە هاتبوو هەروەها تێڕاوانینی ئیسلامی بۆ ئابووری سەرکەوتووی خستەروو، تاوتویٚی کرد. پاش گەڕانەوەم بیرم لەوە کردەوە کە باش وایە ئەم زاراوەی مەزهەبیەتە لەو بوارە تایبەتو دیاریکراوەوە بگوێزمەوە بۆ بوارە گشتیەکەیو وورده وورده لە نوسینی بابەتو کتێبو محازراتەکانمدا دەستم کردە بەکارهێنانی زاراوەی (المذهبیة الاسلامیه) و مەبەستیشم پێی دیدو تێڕوانینی ئیسلام بوو لەبارەی(گەردوون و خوای گەورەو پێغەمبەرایەتیو کۆمەلگە، مرۆڤ، رۆژی دوایی)و بەکارهێنانی زاراوەی مەزهەبیەتی ئیسلامیی لەبەرانبەر ئەو ئایدۆلۆجیەتەی رۆژئاواوە کەتەعبیر لەدیدی مرۆیی رۆژئاواییەکان دەکات لەبارەی ئەو چەمکانەی سەرەوە.

ئەم بەکارهێنانو قەناعەتەم زیاتر بەهێز بوو، بەتایبەت ئەو کاتەی کە وەك مامۆستایەکی رەوانەکراو لە زانکۆی بەغدادەوە رەوانەی وولاتی (مەغریب) کرام تا لەویٚ لە شاری (**رباط**)و لە هۆبەی دراساتی ئیسلامیی لە کۆلیژی ئادابدا وانە بلێمەوە، لەویٚ بۆم دەرکەوت کە نوسەرە مارکسیو ئیشتراکیە نەتەوە پەرستەکان چاوبەستو چەواشەکاری زۆر لەو بوارەدا دەکەنو لەژێر پەردەی

لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی بیری ئیسلامیداو بەمەستی سووک کردنو شکاندنی هەیبەتو کەمکردنەوە لەشانوشکۆی، وەحیو نیگای خوایی دەخەنە بەر باسو نەقد گرتنو هەڵسەنگاندن.

منیش هەر لەوکاتەدا دەستم دایە راڤەکردنو روونکردنەوەی ئەو پیلانو فێڵو تەڵەکەیەو پێشتریش لەکتێبی (ازمة المثقفين تجاه الاسلام فی العصر الحديث)دا پەردەم لەسەر لادابوو. ئەو بارودۆخە زیاتر پاڵی پێوەنامو باوەڕی بەهێزتر کردم لەبەکارهێنانی زاراوەی مەزهەبیەتی ئیسلامیدا، تا ناو کرۆکی وەحیو نیگای خواییو بناغە سەرەکیەکانی ئیسلام لەبارەی بوونەوەرەوە لە یەك زاراوەی سەربەخۆی تازەدا کۆ بکرێنەوەو بەو زاراوەیە تەعبیریان لێ بکرێ، هەر ئەمەش پاڵی پێوەنام دەس بدەمە نوسینی کتێبی (المذهبية والتغير الحضاری)[1] لەو کاتەوە ئەم زاراوەیە لە جیهانی ئیسلامیدا سەری هەڵداو کەم کەم لەنوسینو کتێبو باسە فکریەکاندا لێرەو لەوێ بەکاردەهات.

لەوانەیە پلار لەم زاراوەیە بگیرێو بوترێ لەبەکارهێنانیدا تێکەڵ بوونو وێك چوونێك روودەدات لەگەڵ مەزهەبیەتی فیقهیدا لەوەلامدا دەڵێین: پشت بەخوا ئەوە روونادات، چونکە ئەو گشتگیریو بەرینیەی کە مەزهەبیەتی ئیسلامیدا هەیە، بەجوانی رێگە لەو تێکەڵ بوونە دەگرێت، چەمكو واتای مەزهبیەتی فیقهی لەدیدی زانایانی ئیسلامیو رۆشنبیرە موسڵمانەکاندا روونو ئاشکرایە، بۆیە ئەوانەی لە بواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا کار دەکەن، کەزانیان مەبەست

[1] ژمارە (٦)ی بلاوکراوەکانی گۆڤاری -الامة- ی قەتەریە لەساڵی ١٤٠٤ك

لەهەریەکە لەمەزهەبیەتی ئیسلامیو مەزهەبیەتی فیقهی چیە، بێگومان لێکیان جیادەکەنەوەو تێکەڵی روونادات.

لەروویەکیتریشەوە ئەگەر بەکارهێنانی زاراوەی مەزهەبیتی ئیسلامی پەرەبسێنێت، ئەو کاتە مەودای دەردەکەویٚو لای هەموان دەناسرێت.

پاش هەموو ئەوەی کەرابوورد دەتوانین بڵێین:

* ئیسلام ئەو ئاینە نەمرو چەسپاوە خواییەیە کە لەلایەن خواوە بە وەحیو لەقورئانو سوننەتی راستو دروستی پێغەمبەردا رەوانە کراوە.

* مەزهەبیەتی ئیسلامی بریتیە لەو یاسا گشتییانەی ئیسلام کەلەبارەی (بوونەوەر، خوا، پێغەمبەرایەتی، قەدەر، رۆژی دوایی، کۆمەڵگە، مرۆڤ) ەوە بە وەحی لەلایەن خواوە رەوانە کراوە.

* بیرو فیکری ئیسلامیی بریتیە لە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی کە بیرو هۆشی موسڵمانان لەبەر رۆشنایی ئیسلامدا پیٚ ی گەیشتووە ( لەبیرە ئیجتهادیە بەشەریەکانو فەلسەفە کەلامیو فیقهیو ئوسوڵیو تەسەوەفیو زانستە مرۆییەکانی دیکەش) هەر لەسەر دەمی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ.

* تەسەوری ئیسلامی (التصور الاسلامی)ش هەرهەمان مانای هەیە، دەگونجیٚ لەبری بیری ئیسلامیی بەکار بهێنرێت.

* سیستمی ئیسلامی (النظام الاسلامی) زاراوەو چەمکێکی گشتییەو دەکریٚ مەبەست پێی یاسا سەرەکیەکانی ئیسلام بێتو دەشکریٚ بۆ وورده کاریو چەمکە لاوەکیەکانیش بەکاربهێنرێت.هەروەها کاتێك بەکارهێنانی زاراوەی مەزهەبیەتی ئسلامیی لەبەرانبەر ئایدۆلۆجیا هاوچەرخەکانەوە بەچاك دەزانین

مانای ئەوەنیە کە هەر لەهەمان گۆشە نیگاو دیدی ئەو ئادۆلۆجیەتانەوە دەروانینە بارودۆخی دەورو بەر. بێ گومان ئیسلام هەڵوێستی خۆی لەبارەی (ژیان و کۆمەڵگەو مرۆڤ)ەوە بەدرێژیو روونی خستۆتە روو. بۆیە پێویستە ئەویش بخرێتە پاڵ بناغەکانی تری بیرو باوەڕو عەقیدە، بۆ ئەوەی زیاتر مەزهەبیەتی ئیسلامیمان لا روون ببێتەوەو بەو بەرین بوونەی بتوانێت بەرەنگاری ئەو بۆچوون و ئایدیایانە ببێتەوە کەروو بەڕووی دەبنەوە.

چونکە ئەو فەرهەنگو بۆچونانە سەریان کێشاوەتە ناومان و نابێت ئەو راستیەمان لەبیربچێ کە ناو ماڵی ئیسلامیمان داگیر کراوە. بۆیە نابێت هەر خۆمان بەباتی باسەکانی زانستی کەلامەوە خەریك بکەین، چونکە بێگومان زانستی کەلام بەدارشتنە کۆنەکەیەوە دووچاری ئەو هەڵەی ئامێتە کردنەی نێوان وەحی و ئیجتهادی عەقلی بووەو ئێمەش نامانەوێ ئەو هەڵەیە سەر لەنوێ دووبارە بکەیەنەوە. بۆیە پێویستە لەملمڵانێ فیکریەکەماندا و لەو پرۆسەی گۆڕانکاریەدا کە بۆ ژیارو ژیانمان دەستمان داوەتێ، وەحی خوایی و ئیجتهادی عەقلی لێك جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەی هیچ ئیجتهادێکی عەقلیمان لێ نەبێتە ئەسڵ و بناغەی نەگۆڕو چەسپاوو لەریزی وەحی و نیگای خواییدا دای نەنێین، یاخود خاوەنەکەی خۆی لەو ریزەدا دای بنێیت و ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم بزاوتی عەقڵماندا و پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئیجتهادات و بۆچوونەکانی پێشینانمان لێ قەدەغە بکات و رێگە بەرەو پێش چوون و هاوشان بوون لەگەڵ گۆڕانکاییەکانی سەردەممان لێ بگرێت [1].

---

([1]) سەرێك لەپەڕاوی (التفكير فريضة الاسلامية)ی مامۆستا (عباس محمود العقاد) بدە.

# بەشی سێیەم

## واتا و مەبەست و سەرچاوەکانی بیری ئیسلامیی و ڕەسەنایەتی و رادەی بەڵگە بوونی

ئـاییـنی پـیرۆزی ئیسـلام کەهـەڵقوڵاوی هـەردوو سـەرچاوە پـاکو پارێزراوەکـەی (قورئانو سوننەت)و وەحیو نیگای خواییەو دوورە لەهـەر دەسـت تێوەردانێك، لەم روانگەیەوە دەڵێین: تەنانـەت بـیری ئیسـلامیش بـەو شـێوەی کەلـە سـەروە باسمان کرد، بریتی نیە لەئیسلام خۆی.

هەر وەکو چۆن ئیسلامو سەرچاوەکانی پارێزراون لە هـەر دەسـت تێوەردانێکـی مرۆڤ، ناتوانرێ هەر بەو شێوەیەش سەیری بیری ئیسلامی بکرێ. چونکـە بـیری ئیسـلامیی دەرەنجامی لێکۆلینـەوەی هۆشـی کەسـێك یـا چـەند کەسـێکە لـە موسڵمانان.

بۆیە پێویستە (بیری ئیسلامیی)و (ئاینی ئیسلام) تێکەڵ بەیەك نـەکرێن، چونکـە ئەو تێکەڵ کردنــە سـەر دەکێشـی بـۆ ئـەوە، کـەبیری ئیسـلامیی بئاخنرێتـە نـاو وەحیو نیگای خواییەوە.

لەرابوردوودا ئەم تێکەڵکردنە بوو بەهۆی دروست بوونی چەندین تەمومژو گێژاوی فیکـریو لــەئاکامدا کارەسـاتی دڵتــەزێنو ناهــەمواری بـەدوا داهـاتو وەکـو دێوەزمەیەك بوونە ئاستەنگ لەرێگەی گەشەسەندنو لەهـەندێ جێگـەو کاتیشـدا پەك خستنی شارستانیەتی ئیسلامیی رەسەنمان.

نمونـەی لـەم بابەتـە لـەمێژووی رابوردوومـاندا زۆرن. ئـەم ئامێتەکردنــەی بـیری ئیسـلامی بـەئایینی ئیسـلامەوە ئاکـامێکی زۆر نالــەباری بــەدواداهات، ئــەویش وەرچەرخاندنو ترازاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیمان بوو لەبنەما سـەرکیەکانیو ترازاندنی لەچوونی بەرەو ئامانجە پاکو پیرۆزەکـانی، کـە یـەکێکیان پێکـهێنانی کۆمەڵگایەکی ئاسودەیە بۆ مرۆڤایەتی.

یەکێکی‌تر لەو ئاکامە تاڵانەی کە لەو ئامێتەکردنەوە هاتە گۆڕێ، وەستاندنی گەشەو پەرەسەندنی فیکر بوو کەبەچاوی قەداسەتەوە سەیری بیرو بۆچونە تایبەتیەکان دەکراو سەرزەنشتی کەسانی‌تر دەکرا، بەتۆمەتی ئەوەی کە لەبیری ئیسلامیی لایانداوە، کەگوایە ئەم بیروبۆچونانە هەرگیز پێشبینی بەهەڵەداچوونیان لیٚ ناکرێ تاوەکو پێویست بکات بەهەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە لەئەگەری راست بوون یاخود چەوت بوونیان.

لێرەدا ئەوەی مایەی نیگەرانیە، زۆرێك لەوانەی کەلەبیری ئیسلامیی کۆنو نوێمان دەکۆڵنەوە دەکەونە هەڵەکی یەکجار گەورەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك قسە لەبیری ئیسلامییو باسی لێوە دەکەن لەگەڵ بنەما سەرەکیەکان و هەردوو سەرچاوە نەگۆڕەکەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیدا تێکەڵی دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە جیاوازییەك بکەن لە نێوان بنەماسەرکیەکانو ئەو بۆچوونو لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرانەدا کەلەبارەیانەوە کراوەو دەکرێ.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بیروبۆچونو فەلسەفەی مرۆڤ نییەو هەموو ئەم چەمکانەش (بیروبۆچونو فەلسەفە) دەرئەنجامو بەرماوەی بیرو مێشكو هۆشی مرۆڤایەتین لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا؛ ئیتر ئایا لە کۆمەڵگای ئیسلامیداو موسڵمان یاخود لە کۆمەڵگای‌تری مێژووی مرۆڤایەتی بووبن. تەنها ئەوەندە هەیە ئەو دەرەنجامو بەرهەمە بیریانەی لەمێشكو هۆشێکی ئیسلامیەوەو لەرێنموییو رەچاوکردنی بنەماکانی ئیسلامەوە هەڵقولابن، ئەگەری بەهەڵدا چوونی کەمتریان لیٚچاوەڕوان دەکرێت، لەو بیروبۆچونەی کەلە مێشكو هۆشێکی نائیسلامییو دوور لەبنەماو بناغەکانیەوە هەڵقولابێت.

ئەركەی كە پـێ‌ی سپێردراوە (جێنشینی خوا لەسەر زەویدا) هەڵبسوڕێنێ‌و ئەنجامی بدات.

هەر كاتێك‌و بۆ لەمەو پاشیش هەردەم بیروهۆشی مرۆڤایەتی لافی ئـەوە لێ‌ بدات كـە گوایا خـۆی بەتەنها هـەموو كارەكـانی ژیـانی مرۆڤایـەتی‌و ئـەم دونیایـە هەڵسـوڕێنێ، دەرەنجامەكـەی چەواشـە بـوون‌و سـەرگەردانی دەبێـت‌و گۆشـەنیگاكانی رۆگـەی ماددیـەت دەگرنـە بـەرو سـەرئەنجام پاكانـەی بوونـی خوایشـی بـەدوادا دێـت، هـەموو بەرهەمەكانیشـی پێكداگژاوو دوور لـە سروشـتی مرۆڤایەتی مرۆڤ‌و بوونەوەر دەبن.

دووەم: لـەمێژووی مرۆڤایـەتی‌دا دەبینـین هـەواو ئـارەزوو حـەزەكان كۆسـپ‌و ئاستەنگن لەرێگەی جوڵەو گەشەسەندنی هۆش‌و بیری مرۆڤایەتیداو بونەتە هـۆی ترازاندنی مرۆڤ لەرێگەی راست‌و درووستی خۆی‌و بەرەو هـەڵدێرو زەبـون بـوون بردویانە ئەگـەر نـەڵێین بیروهۆشـی مرۆڤایـەتیان توشـی دەسەوسـانی‌و پەسـتان كردووە، ئەوا بێ گومان دەڵێین ئـەو حەزانـە بوونەتـە هـۆی لاوازی بـیرو هـۆش‌و هەستكردنی بەراستیەكان‌و دەرخستن‌و بەگەڕخستنیان.

ئەمەیـە هـۆش‌و عـەقڵی بـێ رێنمویی خوایی، هـەر كـاتێك مـرۆڤ پشـتی پـێ بەسـتبێت‌و خـۆی دابێتـە دەسـتی، خـۆی‌و خەڵكانی‌تریشـی پێـوە سـەرگەردان‌و زەرەرمەند بوون.

بزاوتی بیرو هۆشی مرۆڤ پێویسـتی بەتەوەرەیـەكی دامـەزراوو نـەگۆڕ هەیـە، تـا لەسەری بجولێتەوەو لەترزان‌و چەواشەبوون بپارێزێت‌و رێنمویی بكات بۆ شارەزا بوون‌و بەئاگا بوونی لەو دیاردەو چەمك‌و راستیانەی كە دەیـەوێت لەبارەیانـەوە

بکۆڵێتـەوە، چ لـەبارەی مـرۆڤ خۆیـــەوە بێـت یـا لـەبارەی ئاسمـانو زەویو گەردوونەوە بەگشتی.
ئەم تەوەرە دامەزراوو نەگۆڕەش لەوەحیو نیگای خوایی دانـەبێت لـەهیچیتردا دەست ناکەوێت کە ئەویش لەقورئانو سوننەتی پێغەمبەدا ﷺ کۆکراوەتەوە.

## رادەی بەڵگە بوونی؟

بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندن دیارترین دیـاردەن لەسـەر کاریگـەربوونی مـرۆڤ لـەم بوونەوەرەدا، هەر بەم هۆیەشەوەیە کەسـەرکردەیی ژیـانو هـەموو گیانلەبـەرانی پێ سپێردراوەو لەهەموو گیانلەبەران جیاکراوەتەوە.بەهۆی بیرکردنەوەوە مرۆڤ دەتوانی پەی بەو شتانە بەرێ کەلەدەوروو بـەریدانو کـەلکیان لێ وەرگرێـت، بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێ لەو ژینگەیەدا کە لـەناویدا دەژی تـا بتوانـێ پارێزگـاری لەبوونو گەشەسەندنی خۆیو دەسهاتو شارستانیەتەکەی بکات.
وەکو ئاشکرایە خوای گەورە مرۆڤی بەجێنشینی خۆی داناوە لەم سەر زەویەداو راسپاردەی گەورەشی پێ سپاردووە، تابتوانێ هەستی بەراپەڕاندنی ئەو ئەرکـە گەورەیەی کە لەئەستۆی دایەو لەو رێگەیەشـەوە بتوانـێ خـوای گـەورە لـەخۆی رازی بکـات، ئەمـەش بـەهۆو لەرێگـەی بیرکردنــەوەو هەڵســەنگاندنەوە ئــەنجام دەدرێت.وەکو خـوای گـەرە دەفـەرموێت : ((إنا عرضنا الامانة على السماوات والارض والجبال فأبين ان يحملنها واشفقن منها وحملها الانسان انه كان ظلوما جهولا)) الاحزاب/٧٢ .

لەروانگەی ئەم ئایەتەوە، دەردەکەوێ کەبیر کردەنەوە یەکێکە لەراستیە چەسپاوەکان لەسروشتی مرۆڤدا. ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئایین‌و بەرنامەیەکی زۆر گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا.

کەوابوو بە هەوانتە نەبووە کەبیرکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن بوونەتە راستیەکی بەرچاو لەسروشتی مرۆڤدا. لێرەوەیە کەئایینی پیرۆزی ئیسلام هەر دەم بانگەشەی مرۆڤ دەکات بۆ بەکارهێنان‌و بەگەڕخستنی بیرو هۆش‌و هێزە نادیارەکانی‌و راسپاردەی دەکات کەنابێت هیچ یەکێك لەو هێزانە کەنار بخرێن‌و بپوکێنرێنەوە، بۆ ئەوەی هەردەم مرۆڤ لەرێگەی ئەو هێزانەوە بوارو دەرفەت فراوانترو بەرینتر بکات لەخۆی‌و خۆی لە چنگ‌و چوارچێوەی بێ ئاگایی قوتاربکات. بۆیە جاڕی ئەوە دەچڕین کە تائێستا لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا هیچ پەڕاو نووسراوێك نەئاسمانی‌و نەنائاسمانی نی‌یە کە بەئەندازەی قورئان گرنگی‌و بایەخی دابێت بە بیرو هۆشی مرۆڤ‌و داوای بەگەڕ خستنی هێزە فیکری‌و شاراوەکانی لێ کردبێت. ئەم راستیەش بەچەند شێوەی جۆراو جۆرو لە سەدان ئایەتی قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێت بۆ ئەوەی کانیاوی بیرکردنەوە( لەچارەنووسی بونەوەرەو ژیان‌و مرۆڤ) لەمێشکی مرۆڤدا بتەقێنێت‌و مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات[1].

ئەم بایەخ پێدانەش کاتێ دەردەکەوێ کەسەرنجی قورئانی پیرۆز دەدەین، دەبینین لەزۆر شوێندا دەفەرموێ (ان في ذلك لآيات لقوم يعقلون)

---

(1) سەرێك لە پەڕاوی (التفكير فريضة اسلامية)ی مامۆستا (عباس محمود العقاد) بدە.

ژيانيـان بەگشـتى.وەحى‌ونيگــاى خوايــى لــەبيروبۆچۆنى مــرۆڤ جيــاكردەوە،
بەشێوەيەك هەموو هاوەڵان هەستيان بەم راستيە دەركردوو دەهاتنە لاى‌و لەمەڕ
ئــەو داواكاريانــەوە كــەلێيان دەكــرا پرســياريان دەكــرد لــە پێغەمبــەرى
خۆشەويست ﷺ، ئاخۆ داواكاريەكـە وەحـى‌و نيگـاى خواييـە يـاخود راوبۆچونـى
خۆيەتى‌و وابۆى دەچێ.؟

بۆيە ئەگـەر بيگوتايـە: راوبۆچونـى خۆمـەو مـن وابـەچاك دەزانم، لەبەرانبـەرەوە
ئەوانيش راوبۆچونى‌خۆيان دەخستە گەڕو لەگـەڵ راوبۆچونەكـەى ئـەودا بـەراورد
دەكران‌و دەگـەڕان بــەدواى راســترين بۆچونــى گونجـاو لەگـەڵ واقيعـى ئــەو
سەردەمەدا. نمونەى ئەم راستيەش:

* لەسيرەو ژياننامەى  پێغەمبـەرو جەنگـەكانى‌دا هـاتووە كـە چـەند سـاتێك بـەر
لەبەرپابوونى جەنگى (بەدرى گەورە) راوبۆچونێكى

ئەم شوێنەى كەتياى دابەزيويت‌و بـارت تێدا خسـتووە، خـوا بـۆى دەستنيشـان
كردوويت، ياخود خۆت هەڵتبژاردووەو بەچاكى دەزانى بـۆ ئـەوەى لەجەنگەكـەدا
سەر كەوتووبى؟

ئەگەر يەكەميانە ئەوا پەسەندەو قسەمان نيە ئەگەر دووميشە قسـەو سـەرنجمان
هەيەتيايدا.

پێغەمبــەر ﷺ فــەرموى: بــەو مەبەســتەوە ەڵم بــژاردووە كــە لــە جەنگــەدا
سەركەوتووبى.

حەببات وتى: ئەم جێگەيە چاك نيە، ئەگەر دەتەوێ سەركەوتووبى من ڕام، وايـە
فەرمان بدەيەتە سوپاكەمان‌و بچيەن سـەر يەكـەم كانيـاوى نزيـك دوژمنـەكانمان

هەروەها واژەی تەفیکرو هەموو بەشەکانی لەزۆر جێگەی قورئانی پیرۆزدا بەکارهێنراون لەوانە (ويتفكرون في خلق السماوات والارض ربنا ماخلقت هذا باطلا سبحانك فقنا عذاب النار) آل عمران/ ١٩١.

لەچەندین شوێندا، داوای لێکردووین سەرنج بدەین‌و بەقوڵی بڕوانینە دیاردە سروشتیەکانی بونەوەرو گەردوون، وەك دەفەرموێ (افلا ينظرون الى الابل كيف خلقت والى السماء كيف رفعت والى الجبال كيف نصبت والى الارض كيف سطحت فذكر انما انت مذكر) الغاشية/١٧

بەهەمان شێوە دەفەرموێ (قل سيروا في الارض فأنظروا كيف بدأ الخلق ثم الله ينشيء النشأة الآخرة ان الله على كل شيء قدير) العنكبوت/ ٢٠

هەر بەبیرکردنەوەشەوە نەوەستاوەو داوای سەرنجدانی قورئان‌و قوڵ تێڕوانینی تێرو تەسەلی دەکات‌و دەفەرموێ (أفلا يتدبرون القرآن أم على قلوب اقفالها) محمد /٢٤

لەمەش زیاتر پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ هەنگاوێکی کردەیی بەبیرو هۆشی مرۆڤ ناو لەو تێرامان‌و تێفکرانەوە کە قورئان بانگەشەی بۆ دەکات گواستیەوە سەرگۆڕەپانی واقیع‌و یارمەتی موسڵمانانی دەداو هەڵی دەنان بۆ زیاتر بەکارهێنانی بیروهۆشیان‌و سەرنج دانە دەوروبەرو ئیش‌و پێداویستیەکانی

ژيانيـان بەگشتـی.وەحیونیگـــای خوايــی لــەبیروبۆچۆنی مــرۆڤ جیــاكردەوە، بەشێوەيەك هەموو هاوەڵان هەستيان بەم راستیە دەركردوو دەهاتنە لایو لەمەڕ ئــەو داواكاريانــەوە كـــەلێيان دەكـــرا پرســـياريان دەكـــرد لـــە پێغەمبـــەری خۆشەویست ﷺ، ئاخۆ داواكاريەكـە وەحـیو نیگـای خواییـە یـاخود راوبۆچونـی خۆیەتیو وابۆی دەچێ.؟

بۆیە ئەگــەر بیگوتایــە: راوبۆچونــی خۆمــەو مـن وابــەچاك دەزانم، لەبەرانبــەرەوە ئەوانیش راوبۆچونیخۆیان دەخستە گەڕو لەگــەڵ راوبۆچونەكــەی ئــەودا بــەراورد دەكرانو دەگــەڕان بــەدوای راســترین بۆچونـــی گونجــاو لەگــەڵ واقیعــی ئــەو سەردەمەدا. نمونەی ئەم راستیەش:

* لەسیرەو ژیاننامەی پێغەمبــەرو جەنگــەكانیدا هــاتووە كــە چــەند ســاتێك بــەر لەبەرپابوونی جەنگی (بەدری گەورە) راوبۆچونێكی

ئەم شوێنەی كەتیای دابەزیویتو بــارت تێدا خستــووە، خــوا بـۆی دەستنیشــان كردوویت، یاخود خۆت هەڵتبژاردووەو بەچاكی دەزانی بـۆ ئــەوەی لەجەنگەكــەدا سەر كەوتووبی؟

ئەگەر یەكەمیانە ئەوا پەسەندەو قسەمان نیە ئەگەر دوومیشە قســەو ســەرنجمان هەیەتیایدا.

پێغەمبــەر ﷺ فــەرموی: بــەو مەبەســتەوەم بـــژاردووە كـــە لـــە جەنكـــەدا سەركەوتووبی.

حەببات وتی: ئەم جێگەیە چاك نیە، ئەگەر دەتەوێ سەركەوتووبی من ڕام، وایــە فەرمان بدەیەتە سوپاكەمانو بچیەن ســەر یەكــەم كانیــاوی نزیـك دوژمنــەكانمان

کەبەیەکەم چاوگەی کانیاوەکان دادەنرێت، لەوێ باربخەین و پاشان هەموو کانی و گۆماوو چاڵاوەکان پڕبکەینەوەو دایان پۆشین، بۆ ئەوەی دووژمن ئاوی دەست نەکەوێت و سەرچاوەکە بەدەستی ئێمەوە بێت، بەم کارەش دووژمن زوو بەچۆکدا دێت.

پێغەمبەریش ﷺ ئافەریم و دەست خۆشی لەحەبباب کردوو فەرمووی راوبۆچوونەکەت زۆر جوانەو جێبەجێی کرد.

* لەجەنگەکانی (احد، خندق)یشدا پێشوەخت راوێژو راوەرگرتنی کردووە لەگەڵ هاوەڵانیدا.

* بەهەمان شێوە کاتێك وویستی سێیەکی بەرو بوومی شاری مەدینە بدات بە هۆزی (غطفان) بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانیە بکێشنەوە کە ئابلۆقەی مەدینەی دابوو.

کاتێك پێغەمبەر راوێژی کرد بەیارانی و بەتایبەت مەدینەییەکان و لەناو ئەوانیشدا هەر دوویاری ناوداری (سعدی کوڕی موعاذو سعدی کوڕی عوبادە) رای ئەوان بە پێچەوانەوە بوو، رازی نەبوون بەروبومی خۆیان بدەنە کەس و جەنگو رووبەڕووبونەوەیان بەلاوە باشتر بوو.

پیغەمبەریش ﷺ دەستی لەڕاکەی خۆی هەلگرت و بەڕای یارەکانی ڕازی بوو کاری پێ کرد.

* بەهەمان شێوەلەجەنگی (بنی قریضة)دا فەرماندا بەیاریانی و فەرمووی ((من کان سامعاً مطیعاً فلایصلین العصر الافی بنی قریضة)) واتە: هەر

کەسێ گوێ ڕایەڵی لە فەرمانەکانی من دەکات بانوێژی عەسر نەکات تابگاتە بەنی قورەیزە.

کاتێ هاوەڵان دەستیان دایە راپەڕاندنی فەرمانەکە، دوو راوبۆچوون هاتنە گۆڕێ، یەکەمیان دەیگوت گرنگ ئەوەیە لەو کاتەدا بگەمە جێگەی دیاری کراو، بۆیە ئەم دەستەیە نوێژی عەسریان کردوو بەبێ دواکەوتن لەکاتی پێویستدا گەیشتە جێ، دەستەی دووەمیش سەرنجی رواڵەتی فەرموودەکەیانداو نوێژی عەسریان نەکرد تا گەیشتنە جێو لەوێ کردیان.

هەردوو دەستەکە پێیان وابوو خۆیان راستو بەرانبەرەکەیان هەڵەیە، بۆیە پرسیاریان کرد لەپێغەمبەر ﷺ، و ئەویش هەر دوو دەستەو هەر دوو راو بۆچونەکەی لاپەسەند بوو، سەرزنشتی هیچکام بۆچونەکانی نەکرد.

* کاتێ ( موعاذی کوڕی جەبەل)ی نارد بۆ حەبەشە، پرسیاری لێ کردوو فەرمووی: ئەگەر لەوێ کێشەو گرفتێکت بۆ پێش هات چۆنو بەچی دادوەریان دەکەیتو کێشەکە چۆن چارە دەکەیت؟

موعاذ ووتی: بەقورئانی پیرۆز.

فەرموی: ئەگەر لە قورئاندا چارەسەرت دەست نەکەوت؟

فەرمووی: بەسوننەتی پێغەمبەر.

فەرمووی: ئەگەر لەوێشدا چارەسەرت دەست نەکەوت؟

موعاذ ووتی: دەسەوەسان دانانیشم، هەوڵدەدەم خۆم کێشەکان هەڵدەسەنگێنمو لەروانگەی ئەوو دوو سەرچاوەیەوە چارەسەری بۆ دەدۆزمەوەو بیری خۆم دەخەمەگەڕ.

فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەیارمەتیو پشتگیری لەنێردراوو نوێنەری پێغەمبەرەکەی دەکاتو ڕێنموی دەکات بۆ ئەو کارانەی کەخۆی ڕەزامەندە لەسەریا(1).

هەر لەم سۆنگەیەوەو لەسەر ئەم ڕەوشە بووە کە زایانی چینی هاوەڵانو شوێن کەوتوانیان پەییان بەم ڕاستیە بردووەو (**اِجتیهاد**) و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەو بەراوردی ڕوداوەکانیان بەیەکێك لەبناغەکانی یاسا دارشتنو سەرچاوەیەکی شەریعەتیان داناوەو ئیشیانپێکردووە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بناغەو ئەسڵی لەچەشنی (اِستحسان، تحقیق المصالح، سدالزرائع، رفع الضرو..)

داڕێژراونو سوودیان لێ وەرگیراوە.

نزیکە بڵێین هەموو زانایانی ئایینی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە عەقڵو هۆشی مرۆڤ بەبەڵگەیەکی متمانە پێ کراو بزانن‌و بیکەنە سەنگی مەحەك لەیاساو ڕووداوەکاندا، بۆ نمونە:

پێشەوا شافعی دەفەرمووی: خوای گەورەو بەخشندە منەتیکردوە بەسەر بەندەکانیداو سۆزێکی زۆری لەگەڵدا نواندن کە عەقڵو هۆشو فامی پێ بەخشیون، تابە هۆیەوە زاڵ بین بەسەر دوودڵیو تەنگو چەڵەمەکانی ژیانیاداو ڕێگەی ڕاستی پێ بدۆزنەوە.[2]

---

[1] ابو داود ٣/٣٥٣

[2] الرسالة ص٥٠١

زاناو کەڵە پیاوی گەورەی ئەندەلوسی (ئیبن حەزم) دەستی دایە تاوتوێ کردنی بەڵگەی ئەوانەی کەرۆڵی عەقڵ و هۆشیان وەلادەناو، لەدژە هێرشێکی دەمکوتکەرانەدا بەڵگەو بۆچونەکانی پۆچەل کردنەوە؛ فەرموو لەگەڵ هەندێ لەووتەشیرینو بەپێزو بەهێزەکانیدا:

* یەکێك لەبەڵگەکانی ئەوانەی کەرۆڵی عەقڵ و هۆشیان وەلادەناو دەیانگوت: عەقڵو هۆش ناکرێتە بەڵگەو پشتی پێ نابەسرێت، ئەوە بوو کە دەیانگوت ( زۆرجار دەبینین کەسێك سەبارەت بەشتێك راوبۆچونێکی هەیەو دەڵێ: بەبۆچونەکەی زۆر خۆشەو داکۆکیو پارێزگاری لێ دەکات، بەڵام لەپڕ، لەژێرکاریگەری ڕووداوێکدا بیروڕای دەگۆڕێو ئەگەر نەڵێین دژ، ئەوا دەڵێین جیا لەراوبۆچونەکەی پێشوی لەدڵدا جێگیر دەبێت.

بۆیە دەڵێین: ئەگەر بهاتباو دەرەنجامەکانی عەقڵ، راستو شایستەی پشت بەستن بوونایە، نەدەبوو ئەم کەسە بەو شێوازە خێرا راو بۆچونەکەی بگۆڕدرایە).

(ئیبن حەزم)یش لە وەڵامیاندا دەڵێت: ئەمە بۆچونو تێڕوانینێکی چەوتەو بەهیچ شێوەیەك بەبەڵگە ناژمێردرێ بۆ بەهێزکردنو سەرخستنی ئەو بۆچونەی کەخاوەنی ئەم بەڵگانە هەیانە، چونکە ئێمە کوا گوتومانە هەر شتێك بوو بەبیرو باوەڕو دڵی لەسەر دامرکا، ئەوە نیشانەی ڕاستی ئەو شتە دەگەیەنێ؟

کەیێ گوتومانە هەر کەسی بەمەبەستی داکۆکیو پارێزگاری کردنی بۆچونەکەی هەر شتێکی گوت ئەوا قسەکانی راستو بۆچونەکانی جێگەی متمانەن؟ تەنها بەبەڵگەی ئەوەی، خۆی سورە لەسەری.

ئەگەر ئێمە شتی ئاوامان بووتایە ئەوا بێ گومان لەهەڵسەنگاندنی پلـەی عـەقڵو هۆشدا بەهەڵەدا دەچووین.

بەڵکو گوتومانە: لەئاکامی پشکنینو بەڵگەدۆزیدا مرۆڤ ڕێی لەبۆچونو ڕایـەکی جـوان دەکـەوێت بەمـەرجێك، پشـکنینو بەدواداگەڕانەکـەی ڕێكو پێكو لەسـەر بەرنامەی دارێژراو، بەمەبەستەوە بێت.

چونکە ئەو ڕێكو پێکیەی کەمەبەستمانە زۆر گرنگەو ئەگەر بەم شێوەیە نـەبێت، پشکنینو بەڵگەدۆزیەکە بەو ئاکامە ناگات کەجێگەی دڵخۆشی بێت.

* یەکێکیتر لەبەڵگەکانیان دەیانگوت :( ئایا ئێوە بـەچ شـتێکدا راسـتی عـەقڵو هۆشتان بۆ چەسپاوە؟ ئایا هەر خودی عەقڵتان کردووە بەبەڵگـە لەسـەر راسـتی عەقڵ،ئەوا وەڵامو قسەمان هەیەو ئەگەریش دەڵێن شتێکیتر، ئەوا پێتان دەڵێین کوا ئەو شتەو بیخەنە بەر دەستمان.

(ئیبن حەزم) لەوەڵامی ئەم بەڵگەیاندا دەڵێت: ئێمە لەدێر زەمانەوەو بـەبێ هیـچ چەشنە پاڵپشتێك راستی ئەو دەرەنجـامو ئاکامانـەی عـەقڵو هۆشمـان لاپەسـند بووە.

هیـچ چەشـنە بۆشـاییو کـەلێنێك نـەبووە لـەنێوان تێگەیشـتنی ئێمـەو روون بوونەوەی ئـەو دەرەنجـامو ئاکامانـەداو هـەر لەسـەرتای فـامو تێگەیشـتنمانەوە حاڵی بووینو زانیومانە کە:

* لاشەو قەبارەکان گەورەترن لەئەندامو بەشـەکانی خۆیـان (أن الكل أكثر من الجزء).

* هەموو کەسێك جیایە لەکەسێکیدی (أن الشخص فهو غير الاخر)

• ناگونجێ گیان لەبەرێك بەپێوە بووەستێ‌و لەهەمان کاتیشدا دانیشتو بێت (أن الشيء لايكون قائما قاعدا في حال واحد)

* درێژ فراوان تره لەکورت (ان الطويل أمر من القصير). لەکۆتایدا دەڵێین: بەم شێوەو بەم هێزو پێزەوە ڕاستی بەرهەمەکانی عەقڵ‌و هۆش چەسپاوو بەڵگە نەویستە لامان.[1]

## سەرچاوەکانی بیری ئیسلامی!؟

یەکەم: قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرﷺ هەموومان دەزانین ئەم دوو چاوگە پاك‌و بێگەردە، سەرچاوەی سەرەکی بیری ئیسلامین‌و تەنانەت وەسفکردنی بیری ئیسلامیی بەوەی کە بیرێکی ئیسلامیە، هەر لەبەر ئەوەیە کە لەم دوو چاوگە پاك‌و بێگەردەوە وەرگیراوە، نەك لەبەر هیچ ئیعتبارێکی‌تر.

ئەگەر سەرنجێکی قورئانی پیرۆز بدەین، دەبینین بوارێکی فراوانی ڕەخساندووە بۆ بزاوتن‌و بەگەڕ خستنی عەقڵ‌و هۆشی مرۆڤ.

ئەم ڕاستیەش کاتێك دەردەکەوێ، کە بە قوڵی‌و سەرنجەوە بڕوانینە قورئان، دەبینین لەزۆربەی دۆزو کێشەکاندا بڕیاری یەکجارەکی نەداوە، بەڵکو چەند دەق‌و یاسایەکی سەرەکی‌و هێڵی گشتی داوە، کە بواری بۆچوونی جیاجیاو ڕاو، ڕای بەرانبەر دەڕەخسێنن‌و، بەمەش چارەسەری بەرفراوان‌و دەرفەتی جۆراو جۆر دەڕەخسێ بۆ دۆزینەوەی ڕاستی‌و شوێن کەوتنی.

---

[1] الاحكام في أصول الاحكام– ١/١٦

بەم شێوازە قورئانو سوننەتی پێغەمبەریش، هاندەرو پاڵنەر بوون بۆ زانایانی ئیسلامی، تابیرو هۆشیان لەم دوو بوارەدا بخەنە گەڕ:-

١- لە بواری هەڵسەنگاندنو هەوڵدان بۆ شیتەڵکردنو توێژینەوە، سەبارەت ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ناو قورئانو سوننەت، کە بەشێوەی گشتی باسیان لێوە کراوەو بڕیاری ئەگەر هەڵنەگریان لەبارەوە نەدراوە.

٢- بۆ توێژینەوەو کۆڵینەوە لەو دۆزو کێشە جۆراو جۆرانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ژیان دەبنەوەو هیچ ئاماژەیەکیان (نە لەقورئانو نەلە سوننەتدا) بۆ نەکراوە.

ئەگەر هەر کەسێك بەسەرنجو ڕامانەوە دەست بداتە توێژینەوەو لێکۆلینەوە، سەبارەت بەڕاستی دیاردەکانی ژیانو کۆمەڵگای ئیسلامی ڕەسەن لە درێژایی مێژوودا، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە؛ دیاردەو چەمكو چەشنە جۆراو جۆرەکانی بیری ئیسلامیی، هەر هەموویان هەڵقولاوو هەڵگۆزراوی ئەم ئاینە پاکەی ئیسلامنو هەموویان لەچوار چێوەی ئەودا، داڕێژراونو ڕەنگدانەوەی ئەون.

بەهەمان شێوە ڕووداو دۆزەکانی مێژووی ئیسلامی (چ سەرەکیو چ لاوەکیەکانیان) کە وروژێنراونو کراون بەڕووداوی ڕۆژ، هەموویان لەم دوو چاوگە پاکەوە سەرچاوەیان گرتووە[1].

بە درێژای مێژووی، بیری ئیسلامی هەستاوە بە پایەدارکردنی ئەو چەمكە گەردوونیو کۆمەڵایەتیانەی کە ئەم دوو چاوگە بێگەردانە وروژاندویانو بەپشت

---

[1] نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام - دكتور رانشار

بەستن بە پێگە عەقلیەکان، چارە سەری بۆدۆزینەتەوەو بە قوڵایەکانیاندا ڕۆچوەو ڕووەجۆراو جۆرەکانی خستونەت ڕوو، تا لەئاکامدا توانیویەتی ڕاستی ئەو قسەیە بسەلمێنێ کە دەڵێ: ( دەقە چەسپاوەکانی قورئانو سوننەت هەماهەنگو سازگارن لەگەڵ عەقڵو هۆشی دروستدا)[٢].

لە بواری ئەو بیرو باوەڕانەدا کە قورئانو سوننەت خستونیەتە ڕوو، بیری ئیسلامیی ڕۆڵی سەرەکی گێڕاو لەشیتەڵ کردنو ڕاڤەکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەداو سەر لەنوی دارشتنەوەیان لەسەرەتا عەقڵیەکاندا، هەروەها یاساو بنەما مەنتیقیەکانیشی بەکارهێناوە بۆ دەمکوت کردنو لە گۆڕینانی ئەو بیرو بۆچونە نێگەتیڤانەی کە دژایەتی بیرو باوەڕە ئیسلامیەکانیان کردووە.

وانازانین هەموو ئەو پیلانو پلانە نەگریسانەی کە دووژمنانو ناحەزانی ئەم ئاینە داویانە (بۆ کپکردنەوەو لەناو بردنی بیرو باوەڕە ئیسلامیەکانو ئەو هەوڵانەی کە خراونەتە گەڕ بۆ گونجاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە گەڵ ئەو فەلسەفە بیانیانەدا کە هەڵدەگڕان بەڕووی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانداو هەوڵی لە ناوبرنو تواندنەوەیان دەدا) لە کەس شاراوەبن، بەتایبەت لەپاش چەرخی دووەمی کۆچیەوە.

هەروەها بیری ئیسلامی توانی لەبواری یاساگوزاریدا خۆی سازبداتو لە دوو چاوگە سەرەکیەکەیەوە سەرمەشق بگرێتو هەموو ئەو دیسپلینو یاسا سەرەکیە بەبڕ شتە شەرعیانە دابڕێژێو بەرەنگاری ئەو ڕووداو دیاردە دژێوانە ببێتەوە کە

---

[٢] بۆ زیاتر ئاگابوون سەیری (فصل المقال)ی (ابن الرشد) بکە ١/٣٣-٣٤

ڕۆژانە ڕووبەڕووی کۆمەڵگاو ژیانی ئیسلامی دەبونەوە لە ئاکامدا بیری ئیسلامی توانی لەسەر ئەم یاساو بنەما بەهێزە شەرعیانە،شارستانیەتی ئیسلامی پەیداو پایەدار بکاتو هەموو پێداویستیە ووردو درشتەکانی دابین بکات.

لە ڕێگەی سەرهەڵدانو پایەدار بوونی ئەم شارستانیەتەشەوە مرۆڤی موسڵمانو تاکە ئیسلامیەکان گەیشتنە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆ کە دۆستو دوژمن دانیان بەبەرزیو گرنگی ئەو کۆمەڵگایە دەنا.

ئەم ئاستە بەرزو پیرۆزەی شارستانیەتی ئیسلامی بەردەوام بوو، تا کۆمەڵگای ئیسلامی بەهۆی فراوان بوونو پەرەسەندنیەوە، بەبێ ئاگاو لەژێر گوشاری بزاڤە ناحەزەکانیدا، تێکەڵ بە فەرهەنگو شارستانیەتە بیانیەکان بوو، تا لە ئاکامداو بەهۆی ئەم تێکەڵ بوونە بی دیسپلینەی دوو شارستانیەتە لەیەك جیاوازە (ئەگەر نەڵێین دژ بەیەکە) وە ناحەزانی ئیسلام توانیان بیری ئیسلامی سەر گەرم بکەنو پاشان بیترازێنن لەڕۆڵی سەرەکی خۆی، کەبیرتیە لەوەی ( مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەی خۆیو چۆنیەتی پەرەپێدنو بەرەو پێشبردنی شارتانەیەتی خۆی بکۆڵێتەوە)

بەڵی توانیان بیری ئیسلامیی لەم ئەرکە سەرەکیەو بنەما قورئانیەی خۆی، بترازێننو ڕووبەڕوی ئەو کێشەو تەلیسمە نادیارانەی بکەنەوە کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان نیە بەئەرکی سەرشانی مرۆڤەوەو لەدەرەوەی بازنەی تەکلیفی ئەو دان.تا لەئاکامدا سەرەڕای ئەو هەموو هەراو گازەندەو بگرەو بەردانەی کە ڕووبەڕووی بیریارو هۆشمەندە ئیسلامیەکان بەتایبەتیو هەموو موسڵمانان بەگشتی بویەوە، بوو بەهۆی ئیفلیج کردنی ئەو هەوڵو تێکۆشانانەی

که موسڵمانان گرتبویانه بەر بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی ژیارو شارستانیەتی ئیسلامی.بۆیە زۆر گرنگ و پێویستەکە موسڵمانان بەگشتیو بیرپیارو هۆشمەندەکانیان بەتایبەتی سنووری ئەرك و توانای بیرکردنەوەی خۆیان بزانن و دڵنیابن لەوەی کە هەر کارێك لەتوانای مرۆڤ دانەبێت خوای گەورە نەی خستوەتە ئەستۆیەوەو داوای لیٚ نەکردووە.

لەبیرکردنی ئەم بنەما سەرەکیە بوو، بووە هۆی ئەوەی کەبیری ئیسلامی ڕەوشی سەرکەش بوون و بایی هەوابوونی گرتە بەرو هەرکەس و هەوڵی سەرخستنی بیرو بۆچونەکانی خۆی بەسەر بەرانبەرەکەیدا دەدا.

تا لەئاکامدا ئەم دیاردە دزێوە بەداخەوە، لەیەك دابڕان و پچڕپچڕ بوونی بەدوادا هات و بوو بەهۆی لاوازکردن و پەرتەوازەکردنی موسڵمانان و هەڵوەشاندنی کۆمەڵگای ئیسلامی و ڕوخاندنی شارستانیەتە بیٚ وێنەکەی و دارمان و تەپینی ڕامیاری و پلان و تاکتیکەکانی و، بەئاسانی هێزە خوێن مژو وێرانکارەکانی تەتارو خاچ پەرستەکان لەرۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە کوتایانە سەر کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و تێکیان شکاندن و ئەو هەموو مەرگەساتانەی مێژووی ڕەشیان تۆمارکرد.

## دووەم: ژیارە بیانیەکان

ئیسلام ڕێگەی پەرەپێدان و ڕۆشنبیری و فراوانکردنی بازنەی بیرکردنەوەی لە مرۆڤ نەگرتووە،تەنانەت داوای بیرکردنەوە لەپێکهاتەی خودی خۆیشی لێکردووە، بەڵکو بەشێوازی جۆراو جۆر لەچەندین جێگەدا، قورئان و سوننەت بانگەشەی مرۆڤ دەکەن بۆ ووردبوونەوەو رامان لە پێکهاتەی لەش و لاری خۆی و تەواوی دروستکراوەکانی خواو، پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لەبەسەر هات و سەرەنجامی

نەتـــەوە پێشــینەکانن ڕابــووردووی مێــژووی مرۆڤایــەتی،و وەرگرتنـــی قســـەو ئامۆژگاری چاکە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە خاوەنەکەی کێیە، گرنگ ئەوەیە قسەو ووتەو ئامۆژگاریەکە باش‌و چاك بێت.

لەم ڕوانگەیەوە موسڵمانان کەڵك لەبەرهەمی سەرجەم شارســتانیەت‌و ژیارەکانی مێــژووی مرۆڤایــەتی وەردەگــرن بــۆ پــەرەپێدانی ژیـــانی خۆیـــان‌و گەشـــەکردنی شارستانیەت‌و کۆمەڵگاکانیان.

بەڵام دەبێ دڵنیابین لەوەی کەموسڵمانان، چەندسوودیان لەو شارستانیەتانە لە بوارەکـــانی پیشـــەی تەندروســـتی‌و زانیاریـــەکانی‌تردا وەرگرتـــوە، بەئـــەندازەی ئـــەوەش،ئەگـەر نـەڵێین زیـاتر، زەرەو زیانیـان لێکـەوتوە لـەئاکامی ئـەو تێکـەڵ بوونـــەیان لەگـــەڵ ڕۆشـــنبیری‌و کـــەلتورە بیانیـــەکاندا، چونکـــە ئـــەو کـــەلتورو شارستانیەتە بیانیانـــە هـــەموویان لـــەناو کـــرۆك‌و ڕیشـــەوە بەهەڵـــەدا چـــوون‌و لەڕوانگەی بێ بڕاوییەوە دەڕواننە (بوونەوەرو ژیان‌و مرۆڤ). هـەر لەڕێگـەی ئـەو نزیك کەوتنەوەو تێکەڵ بوونەوە بـوو، ئـەو ژیارانـەو داب‌و نەریتـەکانیان توانیـان دزە بکەن‌و خۆیان بکێشنە ناو چەندین بواری ژیان‌و کۆمەڵگەی ئیســلامیمانەوەو خۆیانی تیا حەشاربدەن‌و، لانەی تێدا بکەن‌و، ژەهری کوشندە بڕێژنە ناو لاشەی ئیسلامیمانەوە، بەو شێوەیە خۆیان خزاندە نـاو بـیرو بۆچونـەکانمان‌و لـەئاکامدا بـوون بـەهۆی دروست بوونـی چـەندین بۆچـون‌و دەسـتـەی جـۆراو جـۆر، بـەو شێوەیەو لەپیلانێکی جەهەننەمیانەداو لەژێر دروشم‌و توێکڵێکی درۆینەی ئیسلام دۆستانەدا، توانیـان پارێزگـاری بوونـی خۆیـان‌و هـەمو ئـەو دەسکیسـەو ژەهـرە کوشندانەیان بکەن، تابمێننەوەو بواریان بۆ بڕەخسێ‌و بتوانـن بەئاسـانی زەفـەر

بەئیسلامو نەتەوەو کۆمەڵگاو شارستانیەتە بێ وێنەکەی بەرزو تێکی بشکێنن‌و لەناوی بەرن، ئەگەر بهاتباو توندو تۆڵیو چەسپاوی بیرو باوەڕە تۆکمەو رێکخراوەکەیو ئەو هەموو دژە هێرشە دەمکوت کەرانەی زانایانی موسڵمان کەدەیاندا بەرووی دوژمنانو ناحەزانی ئەم ئاینە خۆیەدا، ئەگەر ئەم هۆکارە بەهێزانە نەبوونایە هەرگیز ئیسلام لەبەردەم ئەو هێرشو پیلانە یەك لەدوای یەكو نەگریسانەی دوژمنانیدا خۆی نەدەگرت، کەچەندین بەرگو دروشمو ناوی رقو برقدا خۆیان دەنواندو خۆیان دەخزاندە ناو بیری زانایانیەوە، چونکە دزەکردنی فەرهەنگیی یۆنانو ئەفلاتونو بیرو باوەڕە چەواشەکانی هندوستانو ئاگر پەرستەکانو ڕەوتە (غەنوسیەکان)([1]) لەڕۆژ هەڵاتەوەو (خاچ پەرستو جولەکە داخ لەدڵەکانیش) لەڕۆژئاواوە کە ئەگەر دەستو ویستی خوایيو هەوڵی ماندوونەناسانەی زاناو خاوەن بیرو خاوەن خامەکان نەبوایە، بە دڵنیاییەوە دەڵێین: بەس بوون بۆ سڕینەوەی ناوی ئیسلام لەسەر شانۆی ژیانو مێژوودا.

ئەو خەبات کارانە خێرا قۆڵی مەردایەتیان هەڵکردو چاکی غیرەتیان لێکرد بەلاداو دەستیان دایە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کەلتورو شارستانیەتە بیانیەکانو بەقولی لێیان تێگەیشتنو، پاشان دەستیان دایە خامە ڕەنگینەکانیانو، لەچەندین پەڕاوو نامیلکەی بەپێزدا هێرشی دەمکوتکەرانەیان کردە سەر

---

[1] ڕەوتێکی فیکریە کە هەوڵدەدا بە(تێکەڵ کردنی (ئاینو فەلسەفە)، ئەم زاراویە زیاترلەچەرخی یەکەم و دووەمی زاینیدا بۆ دەستەیەك لەبیریار بەکاردەهێنرا (وەرگێڕ)

ناحەزانی بیری ئیسلامیو هەموو بەڵگە پوچەڵەکانیان ئاخنیەوە بەقورگی ووشک هەڵگەڕاویانداو ڕەوانەی ئەو جێگەیان کردنەوە کە لێوەی نێردرابوون.
بەم کارەیان توانیان ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بنەما سەرەکیەکانی لەو پیلانە گەورە بپارێزنو دەربازیان کرد.
لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هۆی سەرهەڵدانی ئەو بیرو بۆچونە جوانانە لەناو مێشكو هۆشی خاوەن بیرەکانمانداو هاتنە کایەی ئەم کەلتورە فەلسەفیە گەورەی ئێستای بەردەستمان، هەمووی لەئاکامی ئەو دژە هێرشەدا بەدی هاتووە،کەکەلتورو شارستانیەتە بیانیەکان هێرشیان هێنایە سەر کۆمەڵگاو ژیاری ئسلامیو خاوەن بیرەکانیان ناچارکرد دەست بدەنە خامەو بەرگری لەبیر بۆچونو شارستانیەتو نەتەوەکەیان بکەن.
لەم روانگەیەوە دەڵێین: یەکێك لەسەرچاوەکانی بیری ئیسلامیمان، شارستانیەت و ژیارە بیانیەکانە.
نەك مەبەستمان ئەوە بێت کەبیری ئیسلامیی لەو ژیارە بیانیانەوە وەرگیرابێت یان یاریدەدری گەشەسەندنی بوبن، بەڵکو ئەوان ئەو بیرانەیان بەهێز دەکرد کەنەیارو ناحەزبوون بەبیری ئیسلامیی. هەر چەندە ناکری چاو لەو شوێنەوارە چاكو باشانەی ئەو کەلتورو ژیارە بیانیانە بپۆشین، بەڵام ئێمە زیاتر قسەمان لەسەر رەوتە ڕوخێنەرو کاولکارەکانیانە کە ئاسەواری نەگەتیڤانەیان بەجێهێشت لەسەر ژیانو کۆمەڵگای ئیسلامیمان.

# ڕەسەنایەتی بیری ئیسلامی

سەدان ساڵە لەمەوبەر ڕێکخراوو گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسەکان، هەوڵی زۆریان داوە وای دەربخەن کەگوایا: بیری ئیسلامیی لەکەلتورو فەرهەنگ ژیارەبیانیەکانەوە وەرگیرابێتو لەوانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

لەم بوارەداو بۆ ئەم مەبەستە ناپاکە، درێغیان لەهیچ هۆکارو ڕێگەیەك نەکردووەو گرتوویانەتەبەر.

هەر لە لێکۆڵینەوەی نازانستیانەو لاف و گەزافی بێ سەروبەرەوە بیگرە، تا دەگاتە درۆی ناقۆڵاو نابەجێ.

خۆشبەختانە سەرەنجامی هەوڵەکانیان تێکشکانو خۆ بەدرۆ خستنەوەو تەناقوزات نەبێت هیچیتر نەبوو.

چونکە ئەو بەڵگانەی بۆ ئەم مەبەستە دەیانخستەڕوو هەر چەندە بەناوی لێکۆڵینەوەی زانستیو ئیدیعای قەبەوە بوو، بەڵام بناغەکەیان چەواشەکردنی خەڵكو کۆنە قینەکانی خۆیانو هەموو ئەو تەشقەڵانە بوون کەبیروباوەڕی خۆیانی لێ پێك هاتبوو، بۆیە بەئاکامە نەگریسەکەیان نەگەیشتنو زوو پەردەلە سەر ڕوویان هەڵدرایەوە[1].

---

[1] بۆ زیاتر بەئاگا بوون لەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسەکان هەوڵبدە پەڕاوەکانی (الاستشراق)ی دکتور(ادوارد سعید)و (التبشیر والاستعمار)ی دکتور (عمر فروخ) د.مصطفى خالدی– بخوێنەرەوە

هەرمەسیە[٣] جولەکەو مەسیحیە)کانی تێ بخزێننو دواتر واپیشان بدەن کەبیری ئیسلامیی بەرماوەی ئەم بۆچونانەیەو ئەمانیش بەشێکن یان سەرچاوەیەکن بۆ بیری ئیسلامیی، تا بەم کارەیان بتوانن وابکەن کەبیری ئیسلامیی ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بداتو بکەێتە دوای ئەوان.

پاساوی ئەم درۆو چەواشەکاریانەشیان بەوە دەدایەوە کە گوایا ئەم فەلسەفەو قونابخانانە، پاش هێرشی فەرهەنگو ژیارە بیانیەکان لەدایەك بوونو سەریان هەڵداوە. لەمەش زیاتر زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەتایبەت جولەکەکانیان وەك (جولد زیهر) هەوڵیان داوە خۆیان وەك هەڵگرو خاوەنی پەیامی ئیسلامی لەقەڵەم بدەنو هەوڵی خستنەڕووی بدەن، بەشێوەیەك کەخوێنەرو بیسەریان واتێ بگات کەئیسلام بەرماوەو بەرهەمی کەلتوری جولەکەیە.

بەبی هیچ جۆرە ڕەچاوکردنێکی بنەماو پرنسیپو دیسپلینەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستیەکانو ڕێزگرتن لەخاوەنەکانیان. ئەم کەشو هەواو دۆخە بارگاویە زۆر درێژەی نەکێشاو بیریارو خاوەن خامەو زاناو لێکۆڵەرەوە ئیسلامیەکان دەس بەکار بوونو توانیان لەماوەیەکی کەمو لەهەوڵێکی خۆنەویستانەدا ئەو تەمو مژە، ڕامالنو رووخساری درەوشاوەو ناوکرۆکی راستەقینەی بیری ئیسلامیی بخەنەروو، بەم کارەیان توانیان، پەردە لەسەر

---

[٣] بەو ڕاوبۆچونانە دەگوترێ کەخاوەنەکانیان بەشێوەیەك دەیانخەنە ڕوو بوارنەدەن بەخەڵکی تا لەنەگەری ڕاست یان درۆبونیان بکۆڵنەوە (وەرگێڕ).

ئەم دەزگاو ڕێکخراوە (اِستشراق)یانە بـۆ گـەیاندن و ئـەنجامدانی مەبەستەکەیان دوو ڕێگەیان گرتەبەر.

**یەکەم**: هەوڵدان بـۆ ناشـیرین کردنـی ڕەهـەندو دیـاردەو دروشمـەکانی کـەلتورو ڕۆشنبیری ئیسلامیی، لەڕێگەی چاندنی تۆوی ئەو بۆچونە نەخۆشەوە، کە گوایا فەرهەنگ و کەلتوری ئیسلامی لـەژێر کاریگـەری فەرهـەنگ و کـەلتوری قوتابخانـە فیکری و ژیاریـە بیانیەکاندایـەو سـودیان پێگـەیاندووە، بەتایبـەت دوای سـەدەی یەکەمی کۆچی.

تەنانەت وایان دەردەبڕی فیقهی ئیسلامی کە (بەگەورەترین و گرنگـترین بەڵگـەی ڕەسـەنایەتی بـیری ئیسـلامیی دادەنـرێ) ئـەویش هـەر لـەژێر کاریگـەری یاسـاو قانونی ڕۆمانیدایەو کاری کردوەتە سەر[١].

**دووەم**: هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ڕەهەندو سنوری ئاسـۆی بـیری ئیسـلامیی، بـەو مەبەستەوە تا بتوانن هەموو بۆچونە چەوتەکانی خۆیـان و (فەلسـەفە ئیشـراقی و باطنی و ڕەوتە چەواشـەکانی هنـدو ئاگر پەرسـتەکان و فەرهەنگـە غونوسـی[٢] و

---

[١] بۆ بەئاگا بوونی زیاتر سەرێك بدە لە (مفهوم الفقة الاسـلامی)ی (نظـام الدیـن عبدالحمیـد) لاپەڕە ٧٣و (المدخل الى الشریعة الاسلامیة)ی (دکتور عبدالکریم زیدان).

[٢] بۆچونێکـەو سـەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەکانی یەکـەم و دووەمـی زاینـی و هەڵقوڵاوی مێشکی چەند بیریارێکی جولەکەیەو هـەوڵی ئامێتـەکردنی ئـاین و فەلسـەفە دەدات (وەرگێڕ).

لەلێکۆڵینەوە بابەتیە ئیسلامیەکاندا، یەکێك لەچەمکە چەسپاوو بەڵگە نەویستەکان ئەوەیە کە (قورئانو سوننەت خۆیان بۆ خۆیان کۆمەڵە بنەماو بناغەیەکن، سەبارەت بە گەشەسندنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤو بوارێکی بەرفراوانی ئەوتۆیان داوە بەبیرو هۆشی مرۆڤ، کە بتوانێ لەسنووروو چوارچێوەی یاسا گەردوونیو کۆمەڵایەتیەکاندا بجوڵێو لێیان بکۆڵێتەوە)

ئیسلام هەر وەکو چۆن نایەوێ جوڵەی ژیانی مرۆڤایەتی بوەستێت، هەر بەو شێوەیەش دانی ناوە بەو ڕاستیەدا، کە بوونەوەرو گەردوون لەچوارچێوەی ئەو یاسا گشتیانەدا، هەردەم لەگۆڕانکاری بەردەوام دایە. لەلایەکیتریشەوە بەمەبەستی هەڵنانو پشتگیریو لەپێناو بزواندنو بەگەڕ خستنی بیرو هۆشی مرۆڤدا، ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەچوارچێوەی بنەماو یاسا گشتییو سەرەکیەکانیدا، لێکۆڵینەوەو (اجتهاد)ی (بە هەردوو باری پێکانو نەپێکانیدا)، بەکارێکی پەسەندی لەقەڵەم داوەو بەهەردوو دیوەکەدا لێکۆڵەرەوە (مجتهد)ی ئیسلامی پاداشتی بۆ دەنووسرێ.

هەر لەم ڕوانگەیەوەو لەسەر ئەم بناغەیە، بیری ئیسلامیی لەسەر دەمی زێڕینی پێغەمبەرەوە دەستی داوەتە جوڵەو بزاوتن، بە هەموو ئەو لایەنو شێوازانەیەوە کەئیسلام هەوڵی ئەدا خەڵك بخاتەسەریانو لەسەر ئەو شێوازانە پەروەردەی بکات. ئیسلام بەهۆی فراوانی ئاسۆو شێوازی یاساییو ڕەوشتیو عەقیدیەکانیەوە ئاینێکی بەرینو داگرندەو تەواوی ئەو تۆیە، توانای وەڵام دانەوەی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی شارستانیەتی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە هەست بەم بەرهەمو دەست کەوتە دەکەین کەبزاڤی لێکۆڵینەوەی بیری ئیسلامیی لەکۆششیدا بۆ گەشەسەندنو پەرەپێدانی ژیان، بەدەستی هێناوەو توانیویەتی کەلتورێکی مەزنو هەمەچەشن لە هەموو بوارەکاندا پێشکەش بەمرۆڤایەتی بکات.

لێرەدا هەوڵدەدەین پەنجە بخەین سەر چەند رواڵەتێکی ئەم بەرهەمە بەبایەخو گەورەیە:-

*** لەرووی بیرو باوەڕو فەلسەفەوە:-**

قورئان دوادۆخو پێکهاتەی بیروباوەڕی ئیسلامیی خستۆتەڕوو، بەشێوەیەك کەمرۆڤ پێویستی بەهیچ سەرچاوەیەکیتر نەبێت بۆ جێگیرکردنو تێگەیشتن لەدرێژەی بیروباوەڕو پێداویستیەکانی ئەنجامدانی ئەرکی جێنشینیەکەی لەسەر زەویدا.

بەئەندازەی پێویستی مرۆڤ، پێداویستیو ئەرکەکانی بۆ لەڕووی بیرو باوەڕو ئاستی تواناو هۆشو عەقلیەوە بۆ روون کردۆتەوەو ئازادیشی کردووە خۆی لەووردەکاریەکانی دەورو بەری بکۆڵیتەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەرو موسڵمانانی ئەو دەمە زۆر بەئاسانی تێگەیشتبوون لەڕەهەندو هێڵەسەرکیەکانی بیروباوەڕەکەیانو دڵیان لەسەری دامرکا بوو، و بیریان لەشتی لاوەکی نەدەکردەوەو توانکانی خۆیانیان لەو بوارەدا بەفیرۆ نەدەدا، کەچی دواتر ئەو چەمکە لاوەکیانە بەسەرەکی وگرنگ دەدرانە قەڵەمو هەراو گازندەی زۆریان لەسەر دروست دەبوو.

# بەشی چوارەم

# گەشەسەندنی بیری ئیسلامیی

ڕاستیە فیکریو مێژوویەکانی جوڵەو گەشەسەندنی بیری ئیسلامی ڕەسەنمان هەڵدەنەوەو ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەنەڕوو:-

* بزاڤی لێکۆڵینەوەو پەیڤینە عەقلیەکان لەئیسلامدا، لەکاردانەوەی ئەو گەشەسەندنە ئاساییەوە بوو، کە لەژێر ڕۆشنایی قورئانو لێکۆڵینەوەو خستنەڕووی ڕاستیەکانی سەبارەت بە (بونەوەر وژیانو مرۆڤ)وە گەشەی کرد، نەك لە ئاکامی هیچ فەرهەنگو ژیارێکی دیکەوە[1]

*فیقهو شەریعەتی ئیسلامی، لەسەر یاسا گشتیەکانو بناغە شەرعیەکان دامەزراوەو بزاڤی (اِستنباط)یش دەرهاویشتەی ئەو گەشەسەندنەیە کەکۆمەڵگای ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی بناغە سەرەکیەکانی شەریعەتدا کردی.

* جوڵەو سەرهەڵدان، یاخود فراوان بوونی دونیا نەویستیو سۆفیەتی، ئاکامو بەرهەمێکی سروشتیو ئاسایی ئەو بنەما ڕەوشتیانە بوو، کەپێشوەخت قورئان دایڕشتبوون بۆ ژیانی مرۆڤو، پێغەمبەری خۆشەویستو هاوەڵانیشی لەژیانیانداو لەچەرخی خۆیاندا پیادەو جێبەجێیان کردن.[2]

* پێویستە فەلسەفەی ئیسلامیی بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان، تەنها سوود لەسەرچاوە بێگەردەکانی خۆی وەرگرێت کەهەڵقوڵاوی بنەما ئیسلامیەکانو گەشەسەندنی بیری ئیسلامین، نەك لەو بەرهەمە بێ بایەخەی کەلتورو فەرهەنگە بیانیو نامۆکان.[3]

---

[1] – چەند پەڕاو سەبارت بەم ڕاستیە دواون وەك (تمهید لدراسة الفلسفة الاسلامية)ی مصطفى عبدالرزاق، (مناهج البحث عند مفكرى الاسلام)ودكتور نشار( نشاة الفكر الاسلامى)

[2] (دراسات فى التصوف الاسلامى) للدكتور محمد جلال شرف.

[3] ( الله والعالم والانسان فى الفكر الاسلامى) للدكتور محمد جلال شرف ص/٨-١٥

هۆی ئەم بیرکردنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە مێژووییە، کە ئەو کێشەو گرفتانەی کەدواتر سەریان هەڵدا لەو دەمەداو لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا نەبوون تا ئەوان بیر لەلێکۆڵینەوەی ئەو چەمکە لاوەکیانە بکەنەوە، لەبەر ئەوە خۆیان بە یاسا گشتیو چەمکە سەرەکیو عەمەلیەکانەوە خەریك دەرکردو لەئاکامدا توانیویانە بیرو باوەڕێکی تۆکمەی ئەوتۆیان پێشکەش بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کرد، کەتوانی لەئاستی پێداویستیەکانی ژیانی ئەو دەمەو دواتریشدا بێت، زیاد لەمەش توانیان لەچەندین بوارو گۆڕەپانەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی دەرەوەدا، چەندین سەرکەوتنی کەم وێنە تۆمار بکەنو لەو ڕێگەیەشەوە چەندین گەلو نەتەوە وولاتیان ئازاد کردوو ڕێنونیان کردن بۆ ئاینی خواو ئالای هەردەم شکاوەی یەکتا پەرستیو دادپەوەریو ڕاستی ئیسلامیان، لەسەر خاکە ئازادکراوەکانیان هەڵکرد.

سەرەڕای ئەو هەموو پێشڕەویو سەرکەوتنانە، بەبۆنەی سەرهەڵدانی لاخوازو نەیاری ڕامیاریو پێکدادانە ناوخۆیەکانو هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی کەلتورو ژیارە بیانیەکان، کەبەنیاز بوون زوو بەزوو کارکردوو جێ دەستیان لەسەر ژیانی ئیسلامیدا دەرکەوێ، ئەمانەو چەندین هۆکاریتر بیریارەکانو بیری ئیسلامیان ناچار کرد کەدەست بدەنە لێکۆڵینەوەی ئەو چەمکە لاوەکیو لابەلایانەی کە پێشتر کەنار خرابوون.

بۆ نمونە: بانگەوازو بانگەشەی (ئەمەویەکان) لەناوخۆی نەتەوەی ئیسلامیدا- کەپێیان وابوو ڕووداوەکان لەسەرویستی خوایی ڕوودەدەنو ئەگەر ویستی لەسەر ڕووداوێك نەبێت ڕوونادات. (نظرية الجبر) ئەم ڕەوتە بیرکردنەوەیە بووە

هۆی سەرهەڵدانی رەوت و بیری (قدر)و وەکو کاردانەوەیەك دژی بۆچونی (جـبر) ناچارکردن، جاڕی ئازادی ویستو ئیرادەی مرۆڤی بەرزکردەوە.

یەکەم بانگەوازکاری ئەم رەوتو بۆچونە (معبد بن خالد الجهنی)بووکە تابیعیەکی ناودارو شاگردی (ابو ذری غفاری) بوو -خوایـان لێ رازی بێـت- یەکـەم جیـاوازی ئەم دوو بۆچونە کاتێك سەری هەڵدا کە لـەنێوان( ابـو ذر و موعاویـە)دا جیـاوازی بۆچـوون سـەری هـەڵدا، سـەبارەت بەتەفسیرو راڤـەی ئایـەتی (کـنز) کـەباس لەگەنجینـەو سـامان دەکـات، بۆچونەکـەی (ابـو ذر) بـەلای (مـەعبدی کـوڕی جەهـەنی)ەوە پەسـەند بـوو، کـەپێی وابـوو هـەر مـاڵو سـامانێك لەپێداویسـتی خاوەنەکەی زیاتر بوو، بەزیادە دادەنرێتو ئیسلام فـەرمانی بەخشـینی دەکـات، لەبەرانبەریشەوە (موعاویە) وای بـۆ نـەدەچوو. بەدروسـت بوونـی ئـەم جیاوازیـە هەردوو بۆچونەکە سەریان هـەڵداو هاتنەسـەر شـانۆی بـیری ئیسـلامیی، کەواتـە بۆچونـی (قـدر) وەك کاردانەوەیـەك بـەڕووی بۆچونـی (جـبر)دا هاتــە گـۆڕێ. کەپاشـاکانی بـەنی ئومییـەی پـاش موعاویە ئـەم بۆچونـەیان لاپەسـندو کاریـان پێدەکرد.

لەسەرچاوە مێژوویـەکاندا هـاتوە کـاتێك (مـەعبدی جەهـەنی)و (عــەتای کـوڕی یەسار) چونەلای (حەسـەنی بەسـری)و لێیـان پرسـی: رات چۆنـە سـەبارەت بـەو پاشاو فەرمان رەوایانەی کە خوێنی موسڵمانان دەمژنو دەسـت دەگـرن بەسـەر مـاڵو سـامانیانداو پاسـاوی کردەوەکانیشـیان بـەوە دەدەنـەوە کـەگوایا: خـوا ویستی وایە، بۆیە رووداوەکان وادێنە پێشێو ئەگەر خوا ویسـتی لەسـەر نەبوایـە کەس نەی دەتوانـی هیـچ کـارێك ئـەنجام بـدات. (حەسـەنی بەسـری) لـەوەلام دا

گوتی: دوژمنانی خوا درۆدەکەن (كذب أعداء الله) لەم بارەیەوە (دکتۆر نشار) سەبارەت بەڕەسانایەتیو راستی بۆچونەکانی(مەعبەدی کوڕی خالیدی جەهەنی) دەڵێت: ئەوەی زۆر گرنگە لەبۆچونەکانی مەعبەدداو پێویستەلەبیرمان نەچێت، ئەوەیە کە:مەعبەد داکۆکی لەشەرعیەتی ئەو ئەرکانە دەکات کە لەلایەن خواوە خراونەتە ئەستۆی مرۆڤەوە، ئەم بۆچونەشی بەوە روون دەکاتەوە کە بەڕەوای نازانێ قەدەرو ویستی خوابکرێتە بەربەستو کۆسپ لەبەردەم ئازادی هەڵبژاردن لە کردەوەکانی مرۆڤدا.

هەروەها (غەیەلان دیمەشقی)یش هەمان بۆچونی مەعبەدی هەبوو، لەکاتو شوێنی خۆیدا بەرهەڵستی ئەمەویەکانی دەکردوو پەنجەی دەخستە سەر ستەمەکانیانو رازی نەدەبوو ئەو کردەوە هەڵانە بدرێتە پاڵ ویستی خوا بەناوی (جەبر)ەوە.

لەناو ئەو فەرهەنگو کەلتورە نامۆو بیانیانەدا کەئاخێنرا بوون ناو کۆمەڵگای ئیسلامیەو بۆچونو رەوتی (رەواقیە یۆنانییەکان) [1] ئاسەواری خۆی لەسەر بیرو هۆشی (موقاتلی کوڕی سەلمانو هیشامی کوڕی حەکەمو جەهمی کوڕی سەفوان) دانابووکە جەهم لەسەمەرقەند داچاوی بەژیان هەڵهێناوەو ئەمەنی لاویەتیشی هەر لەوێ بەسەر بردو پاشان هاتووەتە عێراقو لەکوفەدا چاوی کەوتووە بە (جەعدی کوڕی دیرهەم)و ئەویش وەکو موقاتیلو هیشامی کوڕی

---

[1] الرّواقیّون: بەقوتابیەکان (زینون)ی فەیلەسوفی یونانیان دەگوت، چونکە لەرەشماڵێکدا دەرسی پێ دەگوتنو بەو رەشماڵەشیان دەگوت الرّواق. -(وەرگێڕ)

حەکەم‌و جەهمی کوڕی سەفوان، ( بەڵکو لەوانەیش زیاتر) راو بۆچونەکانی جەعدی زۆر بەلاوە پەسەندبوو، کە دەیگوت (خوای گەورە پاکو بەرزترە لەوەی کە سیفات‌و ئاکاری هەبێت‌و بەمەش حاشای لەناوو سیفەتەکانی خوای گەورە دەکرد).

پاش وەرگرتنی ئەم بیر بۆچونەو گەڕانەوەی بۆ بەلخ، گەشتە خزمەتی موفەسیرو راڤەکەری ناودار (موقاتیلی کوڕی سولەیمان)و لەلای دەمایەوەو پێکەوە نوێژو پەرستشیان دەکرد، تارۆژێك لەسەر رووداوێکی تایبەت جیاوازی راوبۆچون کەوتە نێوانیانەوە.

لەسەر ئەم جیاوازیەو بەپاڵپشتی ئەو جەماوەرو ناوبانگەی کەلەناوچەکدا هەیبوو، موقاتیل توانی جەهم وەدەربنێت‌و دەری بکات بۆ شاری (ترمذ).

پاش ئەم دوور خستنەوەیە جەهم لەشاری (ترمذ) مایەوەتا شەڕی نێوان ئەمەویەکان‌و (حاریسی کوڕی سەریج) بەرپابوو، حاریس داوای کرد لەجەهم هاویەشی ئەو شەڕەو پاڵپشتی ئەو بکات.

جەهم داواکەی حاریسی پەسەند کردو بەشداری جەنگەکەی کردو لەیەکێك لەرووبەڕووبوونەوەکانداو لەریزەکانی سوپای حاریسدا گیانی لەدەستدا[٢] نوسەرو موفەسیری بەناوبانگ (جەمالەدینی قاسمی) لەبارەی (جەهمی کوڕی سەفوان) (حاریسی کوڕی سەریج)ەوە دەڵێت: ئەم دووانە هەموو کارو کردەوەکانیان لەسەر بناغەو لەبەر رۆشنایی قورئان‌و سوننەتدا ئەنجام دەداو بۆ

[٢] نشاة الفکر ١/٣٣١.

پایەدارکردنی حوکمی ئیسلامیی، باوەڕیان بەشورا هەبوو و ئیشیان پێ دەکردو، ڕازی نەدەبوون بەژێر دەستەیی ستەمکاران‌و، هیچ چەشنە یارمەتی‌و پشتیوانی‌یەکیان لەستەمکاران نەدەکرد.[1] حاریس باوەڕی وابوو ئەو ڕەوتە عەقڵیەی جەهم، کاردانەوەی خێرا بووە بەمەبەستی بەگژداچوونی هەموو ژیارو فەرهەنگەکانی جولەکەو مەسیحیەکان لەلایەکو بۆچونە (مانەوەی)و فارسیەکانیش لەلایەکی‌ترەوە.

چونکە جەهمیش وەکو پێشینەکانی خۆی لەبیریارانی ئیسلام، پێی وابوو خوێندنەوەو شیتەڵکردنی عەقڵی، بۆ ئیسلام لەچوارچێوەی بنەماکانی زمانەوانیدا، تاکە ڕێگەو باشترین چارەسەرە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ناحەزان‌و پارێزگاری کردنی ئاینی ئیسلام‌و دەربازکردنی لەو تەلیسم‌و گرێکوێرە فیکریانەی کە یۆنانیەکان دەیانخستە ڕێگەی بیری ئیسلامیی.

بۆیە ڕۆڵی کاریگەرانەی جەهم زۆر دیارو گەورەیە لەپاک کردنەوەو پارێزگاری کردنی بیری ئیسلامیی، لەهەموو ئەو تەشقەڵەو ئیسرائلیاتەو بەگژاچوونی بۆچونە هیندی‌و فارسیە ئاگر پەرستەکاندا، کە زۆر بەتوندی هێرشیان کردبووە سەر ئیسلام.

لەئاکامی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەداو لەسەر دەستی جەهمدا، زور لەهەلگرانی ئەو بیرە چەواشەکارانە موسڵمان بوون.

---

[1] تأريخ الجهمية والمعتزلة ص١٢

ئەو تاکە هەڵەیەی کەجەهمی تێ کەوت لەبارەی سیفاتو ئاکارەکانی خوای گەورەوە، دەشێ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە جەهم جیاوازی نەکردبێت لەنێوان هاوبەشی لەناوو هاوبەشی لەماناداد، چونکە دەگونجێ غەیری خوا، کەسێکی تریش هاوبەش بێت لەناوێکدا، بەلام ناگونجێ هاوبەش بێت لەماناداد، لەبەر ئەوە تەنها هاوبەشی لەمانادا قەدەغەکراوەو لەبیر و باوەڕی ئیسلامیدا جێگەی نابێتەوە.

بۆ نمونە وشەی (العلم) کەواتای زانیاریو زانست دەگەیەنێو لەیەك کاتدا خوای گەورەو بەندەکانیشی پێ وەسف دەکرێت.

بەلام لەمانادا زانیاری خوا لەکوێو زانیاری بەندەکانی لەکوێ؟[2]

هەر چەندە لەم بیرو بۆچونەدا جەهم تاکەکەس نییە، بەڵکو زۆرێکی تر هەبوون بەو شێوە بیرکردنەوە عەقڵیە، بیریان دەکردەوەو (جەهم) یش سوودی لەبۆچونەکانیان وەردەگرت. بۆیە جەهم بەپاڵپشتی ئەو تیۆرو بیردۆزە عەقڵیانە، هەستان بەتاوتوێ کردنو خستنەڕووی بیروباوەڕە ئیسلامیەکان بەگشتیو بەتایبتی ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو رەوتە توندوتیژانەدا کە لەسەردەمی پێشوا (أبو حنيفه)دا سەریان هەڵداو، ئەتوانین ئەبو حەنیفە بەیەکەم کەسێك دابنێین کە دەستی دایە داڕشتنی زانستی (کەلام)[3]

---

[2] نشأة الفکر/ ١-٣٣٤-٣٣٦

[3] لەو سەردەمەدا ئەم زاراوەیان بۆ ئەو زانستە بەکاردەهێنا کە ئێستا لەم سەردەمەدا پێی دەوترێ زانستی عەقیدە (وەرگێڕ)

بۆ دەمکوت کردنی ئەو مشتو مڕانەی کەلەبارەی باوەڕو قەزاو قەدەرەوە روویان دەدا.

بەهەمان شێوەو لەژێر هەمان گوشاردا پێشەوا (شافعی)یش بارودۆخی سەردەمەکەی ناچاری کرد لەبارەی زانستی (کەلام)ەوە بنوسیو بلێ بەتایبەت لەباسی زاتی خواو سفاتو ئاکارەکانیەوە، هەروەها لەبارەی قەزاو قەدەر...هتد.

پێشەوا شافعی مەردانە دەستی دایە روونکردنەوەی ئەو کێشانەو هەستا بەداڕشتنی زانستی (اصول الفقه)و بەتایبەتی بابەتی بەراوردکردن (القیاس) کە ئەتوانین بەگەورەترین دەست کەوتوو خەڵاتی موسڵمانانی دابنێین کە پێشکەش بەشارستانیەتو شەریعەتی ئیسلامیو مرۆڤایەتی کراوە.

هەروەها هەڵوێستە جوامێرانەکەی پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) کە توانی رووبەڕووی ئەو بیروبۆچونە چەوتە بوەستی کە قورئانی پیرۆزی لەڕیزی دروستکراوەکاندا لەقەڵەم دەدات.

ئەم هەڵوێستە بوو بەهۆی هاندانی موسڵمانان بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بۆچونو تەوژمە عەقڵیە کەلامیە لەناو زانایانی زانستی (حدیث)داو لەئاکامدا بەمەبەستی دەم کوت کردنی بۆچوونی جەهمیو موعتەزیلە، چەندین پەرتووکو پەڕاویان خستە بەردەم جەماوەری موسڵمانی ئەو دەمەی خۆیان، بەتایبەت لەبارەی سیفەتەکانی خواو کردەوەکانی مرۆڤەوە، کەئایا دەستکردی خودی مرۆڤن یاخود بەدیهێنەر یان خوایە؟[1]

---

[1] نشأة الفكر ٢٤٢/١

## ڕۆڵی موعتەزیلەکان لەخزمەتی بیری ئیسلامیی

پاش سەرکەوتن‌و پەرەسەندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام‌و فراوان بوونی پانتایی قەڵەم ڕەوەکەی‌و زیادکردنی ئەو گەلانەی کەلە نەتەوە جۆراو جۆرەکانەوە موسڵمان دەبوون، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕووبەڕووی قوتابخانەی فیکری‌و چەشنی بیرکردنەوەو بۆچونی جیاواز بویەوە.

ریشەی ئەم قوتابخانەو بۆچونانەش بۆ سەدان ساڵ لەمەو بەر دەگەڕایەوە، کەلەلایەن چەندین بیریارو فەیلەسوفەوە دامەزرێنرا بوون.

لەبەر ئەم فاکتەرو هۆکارە گرنگانە ڕووبەڕوو بوونەوەو گفتوگۆو دایەلۆگ کردن لەگەڵیاندا ئاسان نەبوون، بۆ ئەم کارو پرۆسە گرنگەش تەنها لەبەرکردنی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرو گەیاندنیان بەخەڵکی بەس نەبوو.

چونکە ئەو بۆچونانە بوبونە بیرو باوەڕو لەدەروونی ئەو خەڵکانەدا ریشەیان داکوتا بوو، نەك هەر ڕووبەڕوو بوونەوەو بۆڕدانیان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو بە هۆی تێکەڵاوی کردنیانەوە لەگەڵ گەلانی موسڵمانیشدا بوو بوونە هۆی وروژاندنی چەندین کێشەی فیکری‌و پرسیاری نابەجێ‌و دروستکردنی گومان‌و دوودڵی لەناو موسڵماناندا، بۆیە ئەو سەردەمە و گرێ کوێرە فیکریەکانی زۆر تینوی بیرو هۆشێکی کراوەو عەقڵیەتێکی نوێخوازی ئەوتۆ بوون، کەبتوانێ بەقوڵی ووردی‌و سەرنجەوە لەقورئان‌و سوننەت تێبگات‌و ڕۆبچێت لەماناو مەبەس‌و مەرامەکانیانداو گەلاڵەی چەند بۆچون‌و تیۆرێك بکات بۆ بەرەنگاری ئەو هێرشە فیکریانەی کە هەڕەشەیان لەچارەنووسی بیرو باوەڕە ئیسلامیەکان

دەکردو تۆوی دوودڵی و گومانیان لە دڵی موسڵمانانندا دەچاندو ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم بۆچوونانە لەناو موسڵمانانندا دۆست و لایەنگرو پەیڕەویان زیادی دەکرد.

ئەم هۆکارە گرنگە بوو پاڵی نا بە قوتابخانەی عەقڵ و بیریارو خاوەن بۆچوونە عەقڵیەکانی وەك (مەعبەدی جەهەنی و عومەری مەقسووس و جەعدی کوڕی دیرهەم و جەهمی کوڕی سەفوان و حەسەنی بەسری و واسیلی کوڕی عوبەیدو ئەبی هۆزەیلی عەللاف و ئەبی ئیسحاق و ئەبی موعتەمەد جاحیز....هتد)ەوە تا بەبۆچوونە عەقڵی و تیۆرە دەمکوت کەرەکانیان ڕووبەڕووی ئەو هێرشە بووەستن و بەر پەرچی بدەنەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین هەر چەندە ئەم بۆچوون و بیردۆزە عەقڵیانە و خاوەنەکانیان توانیان خزمەتێکی گەورە بەبیری ئیسلامی بکەن و توانیان ئەو گومان و دوودڵیانە بڕەوێننەوە و بیرو باوەڕی ئیسلامی لەو داوو چنگە نەگریسانەو لەلادان و تێکشکان دەرباز بکەن، بەڵام مەخابن نەیان توانی خۆیان لە کێشەی کاردانەوەی بیرو بۆچوونەکانیان بپارێزن و لەئاکامدا تووشی چەندین هەڵەی بابەتی بوون، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەداپەنجەیان بخەینە سەر:-

**یەکەم**: بۆ زانین و شیتەڵکردنی بیرو باوەڕە ئیسلامیەکان عەقڵ و هۆشیان بەچاوگی هەموو ڕاستیەکان و پاڵپشتی سەرەکی خۆیان دەزانی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە عەقڵ و هۆش ڕێگەیەك نیە مرۆڤ لەئەگەری بەهەڵەدا چوونی بێخەم بێت، هەندێ جار ئاکامەکان لەڕاستیەوە دوور دەبوون و نمونەشمان بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە: هەر چەندە سەرچاوەی بیرکردنەوەی بیریارو فەیلەسوفەکان

بەتەنها عەقڵو هۆشی مرۆڤ بووە، سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەر ئاکامەکان زۆر جار دژ بەیەك دەردەچنو بەگژ یەکتریدا دەچن.

چەند سەرەتاو چەمێکێکی عەقڵی دڵنیاکەرو بەڵگەنەویست هەن کە موعتەزیلەو بیریارەکانیان هەوڵیان دەدا ئەم سەرەتاو بنەما عەقڵیانە بکەنە پێوەدانگ و ئەو دەقە قورئانیانەیان پێ هەڵسەنگێنن کەواتای یەکلاکەرەوەو دڵنیاکەر نادەن بەدەستەو (ظنی الدلالة)ن .

بەرای ئەم بیریارانە خودی پێغەمبەرانیش لەپێغەمبەرایەتیا پەنایان بردۆتەبەر ئەم چەمكو سەرەتا عەقڵیو لۆژیکیانە بۆ چەسپاندنی پەیامو پێغەمبەرایەتیەکەیان، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەوەندە رۆ دەچوون تەنانەت راو سەرنجو قسەکانی خۆیشیانیان هەر بەهەمان پێودانگ دەپێواو حسابی سەرەتاو چەمکە چەسپاوەکانیان بۆ دەکردن.

هەر ئەمەش بو بووە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەو ئاکامە کانیاندا زۆرکات دژبەیەك دەوەستان.[1]

مەخابن لەئاکامدا ئەم ناکۆکیە ناوخۆییەی موعتەزیلەکانو ناسازگاریان لەگەڵ بۆچونو هزرە ئیبسلامیەکانی دیکەدا بویە هۆی پچرپچر کردنی ریزی موسڵمانان، لەکاتێکدا کەپەیامی ئیسلامیو بیرو باوەڕەکەی بۆ یەك خستنی موسڵمانانو یەکتاپەرستیو بەیەك گەیاندنی گۆشەنیگاکانی گەلانی ئیسلامیو مرۆڤایەتی هاتووە.هۆکاری ئەم هەڵە پشت شکێنە بەتایبەت لەم بوارە گرنگەدا

[1] تأريخ الفلسفة الاسلامية –ماجد فخری– ص٨٤.

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیریارو موسڵمانانی ئەم دەمانە هەر دوو بواری جیهانی دیارو نادیار (غیب وشهادة) یان تێکەڵ دەرکردو موڵەتی خۆیان دەداو قسەیان لەهەر دووکیاندا دەکرد، لەکاتێکدا تەنها جیهانی دیار بواری عەقڵی مرۆڤە.

بۆ نمونە عەقڵو هۆشی مرۆڤ بۆی هەیە لەچەسپاندنی بوونی خوا بکۆڵێتەوە، پاشی ئەم بۆی نی‌یە لەبارەی شوێنو شێوەو ژیانی خوا بکۆڵێتەوە، چونکە ئیشی ئەو نی‌یەو تفەنگ دەنێ بەتاریکیەوەو خۆی ماندوو دەکات.

هەر کەسێك بەسەرنجو رامانەوە بڕوانێتە راوبۆچونی پیتۆلو بیریارە کەلامیەکانی ئەو دەمانە، ئەم راستیەی بۆ دەردەکەوێ کە سنووری تواناو ئەرکی خۆیان بەزاندووەو روویان لەجیهانی نادیار ناوە.

بۆیە لەبواری جیهانی ماددەدا مرۆڤ ئازادە لەپشکنینو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دیاردەکانی گەردووونداو لەم بوارەشدا دەتوانێ عەقڵ و هۆشو لۆژیکی وەکو گەواهێك بەکاربهێنێو خوای گەورەش فەرمانی بەگەڕخستنو سوود وەرگرتن لەبیرو هۆشو عەقڵی لێکردووە.

**دووەم:** لەژێر کاریگەری هزرو بۆچونەکانیاندا باوەڕیان وابووە، کە سەرجەمی کردووەکانیان راستو گومان هەڵنەگرن. هەر ئەم بۆچونەش بوو وای لێکردن کە هەرکەس بەرەنگاری بیرو باوەڕەکانیان بوەستایەو وەکو ئەوان بیری نەکردایەتەوە باموسڵمانیش بوایە ئەوان بەگومڕایان لەقەڵەم دەدا، بەڵکو لەمەش زیاتر چەندین گێژاوی بیرییان ساز دەکردو خوێنی چەندین زانای موسڵمانیان بەناحەق دەڕژاند، بەس بەتاوانی ئەوەی کە وەکو ئەوان بیریان نەدەکردەوە،

بەتایبـەت پـاش ئـەوەی دەسـتیان كێشـایە نـاو حكومـەتو فـەرمانڕەوایی عەباسیەكانەوە.

پوختـەی قسـە دەبێتـە ئـەوە كـە موعتەزیلـەكان ڕۆڵێكـی بـەرچاویان گـێڕاوە لەپارێزگاری كردنی بنـەما ئیسـلامیەكانداو پارستویانن لـەو هێرشـە نەگریسـەی بۆچونە چەواشەو دیما گۆجیەكان.

بەچاوپۆشی لەو هەڵانە دەتوانین بڵێین: توانیان بیسـەلمێنن كـە ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامو قورئـانی پـیرۆز لەبەرانبـەر ئـەو بۆچونـە چەواشـانەو هێرشـەكانیاندا ناپسێنو نابەزن.

ئەگەر ئەم هەڵوێستە دلێرانەیـەی موعتەزیلـەكانو شـێوازە لۆژیكیـە مكۆمەكـەی ئەوان نەبوایەتە هۆی پاراستنی ئایینی ئیسلام، بەبیرو باوەڕی ئێمە چارەنووسی وەكو ئایینە ئاسمانیـەكانیتر بـەرەو دەسـت تـێ وەردانو خورافـات دەچـوو، و شوێنكەوتنی كوێرانە باڵی ڕەشی دەكێشا بەسەر پەیرەوانیدا.

لـە كۆتـاییدا دەڵێـین: هەركـەس دان بـەم ڕاسـتیەدا نـەنێتو ڕۆڵـی گـەورەی موعتەزیلـەكان نـەنرخێنێ، بەهەڵـە داچـووەو هـۆی بەهەڵـە داچونەكەشـی دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیریو بێ ئاگابوونی لەهەلو مەرج و سروشتی ئەو قۆناغـە مێژووییە پڕ كارەساتەی كە موسڵمانانی ئەو دەمە تیایدا ژیاون.

## ڕۆڵی (ئەشعەریە) کان لەخزمەتی بیری ئیسلامیی‌دا

دەستەی ئەشعەریەکانیش هەستان بەرۆڵێکی چاکسازی بەر فراوانی گرنگو، سەر مەشقی ئەم رەوتەش (ئەبولحەسەنی ئەشعەری) کە پێشتر موعتەزیلە بوو، پاش ئەوەی کەهەستی بەلادانو توندو تیژیو توند رەویان کرد وازی لێ هێنانو چەند شاگردێکیشی وەك (باقلانیو جووەینیو غەزالیو فەخری رازیو چەندانی تر) لەگەڵیدا.

بەدڵنیایو هێزەوە جاری ئەوەیان چڕی:

نابیو ناکرێ عەقڵێك کە ئەگەری بەهەڵەدا چوونی زۆر لێ دەکرێ، هەڵبژاردرێو سەربخرێ دەقە قورئانیە دڵنیاکەرو یەکلاکەرەوە( **قطعی الدلالە**) کاندا.

ئەشعەریەکان دروشمو نەخشەی کاریان لەم بارەیەوەئەوە بوو کە دەیانگوت: عەقڵ بەرەچاوکردنی ڕێساکانی زمانەوانی، رۆڵێکی گرنگی هەیە لەلێکدانەوەو شیتەڵکردنی دەقە قورئانیو سوننەتیەکانداو هەر شتێك عەقڵ پەسەندی بکات ئەوا بێگومان دەقە نەقلیەکانیش لەقورئانو سوننەت پەسندی دەکەنو عەقڵو نەقڵی راست دەست لەملان دەبنو هیچ چەشنە ناسازگاریەك نابێت لەنێوانیاندا.

لێرەدا نامەوێ وا دەربڕم کە بۆچونی ئەشعەریەکان نوێنەری راستەقینەی ئیسلامە، یاخود هەر خۆی بریتی بێ لەئیسلام، هەر چەندە بەداخەوە زۆربەی زانایانی ئەم سەردەمانەی دوایی ئەمەیان گوتوە.

چونکـە ئـەم قوتابخانەیـەش وەك قوتابخانـەکانی دی، پـێ دەچـی لەیـەکێك لەهەڵسەنگاندنەکانی‌دا بەهەڵەدا چووبێت. لەبەر ئەوە تەنها ئەوە دەتوانێت بڵێین کە ئەمیش یەکێکە لە بۆچون‌و تێ‌ڕوانینە ئیسلامیەکان.

زەقترین تێبینی کـە لەسـەر ئەشعەریەکان گیراوە ئەوەیـە، بۆچونیـان لـەبارەی هۆکارە سروشتیەکانەوە (السببية فی عـالم الطبيعـة) کـە ئـەوان بۆچونیـان وایـە کارکردنی ڕووداوەکان لەخواوەیە، نەك لەهۆکارەکانەوە، چونکە وایان دەزانی کە کارکردو ئاساوارەکە بدرێتە پاڵ هۆکارەکە دان نانە بەبوونی هاوبەشێکدا بۆ خوا. لەراستی‌دا وانی‌یـە، چونکـە ئەمـە یاسایەکی سروشتـەو هـــەموو کارەکـان کـە دروستکراوی خوای گـەورەن، دارای کـارکردی خۆیـان‌و ئـەم یاسـا سروشـتیەش هیچ ناسازگاری‌و ڕووبەڕوو بوونەوەیـەکی تێدانی‌یـە لەگـەڵ دەسـەڵات‌و وویسـتی خودا. مەگەر هەموو هۆکارەکانیش دەسکردوبەدی هێنراوی دەستی توانـای خـوا نین؟

چەندین بیریارو پیتۆل لەم بۆچونەیاندا دژی ئەشـعەریەکان دەوەسـتان، لەوانـە، بیریـاری ئوسـوڵی گـەورەی ئەندەلوسـی کــە دەڵێـت: ئەشـعەریەکان پاکانـەی سروشتی شتەکان دەکەن‌و پێیان وایە کە نەئاگر گەرماوتینی تێدایەو نەبـەفریش سەرمای تێدایەو نەعەرەقیش سروشت‌و توانای سەرخۆش کردنی تێدایە[1]

---

[1] تأريخ الفلسفة الاسلامية /ماجد فخری.

(ئیبن‌و حەزم) وەکو نەریتی تایبەتی خۆی دەڵێت ((مانعلم لهم حجة شغبوا بها فـي هـذا الهـوس أصـلا)) بەچاوپۆشـی لـەم چەشـنە هەڵانـە لـەبۆچوونی ئەشعەریەکاندا، دەتوانین بڵێین:-

لەسەر دەمی خۆیادا کەلێنێکی گەورەیان پڕکردووەتەوە، چونکـە بۆچونـەکانیان کاردانەوەی ئەو دەمە نەبوون، بەڵکو لەسەر بنەمای پێداچونـەوەو لێکۆڵینـەوەو سەرچاوەیان گرتووە، هـەر لەبـەر ئـەم هۆکـارە گرنگـەش بـووە توانیویانـە ئـەم کەلێنە گەورانە پڕبکەنەوە کەڕوویان کردبووە بۆچون‌و هزرە ئیسلامیەکانی ئەو دەمە بەهەر دوو باڵی فەلسەفەو کەلامیەوە.

سەبارەت بەبۆچونی فەلسەفی، ئەشعەریەکان دژیایەتی‌و هێرشیان دەکردە سـەر ئـەو تـەرزە بۆچونانـەی کـە قسـەو بەرهـەمی هـزری فەیلەسـوفە یۆنانیـەکانیان بەچەسپاوو بەڵگە نەویست دەزانی‌و هـەوڵی گونجاندن‌و بـەلادا کێشـانی چـەمك‌و دەقە ئیسلامیەکانیان دەدا لەگەڵ ئەو فەلسەفە یۆنانیانەدا.

سـەبارەت بـەبۆچون‌و تەوژمـە ئیسـلامیەکانیش، هـەوڵیاندا رێبـەری‌و رێنمونیـان بکەن‌و رزگاریان بکەن لەو گێژاوە لۆژیکیە بـێ سـەروبەرەو، تێیـان بگەیـەنن کـە ناگونجێ عەقڵ‌و هـۆش‌و لۆژیك بەسـەلمێنراوو دوور لـە هەڵـە، بدرێ لەقەڵـەم و بکرێتـە پێودانـگ‌و چـەمك‌و دەق‌و بنـەما ئیسـلامیەکانی پـێ هەڵسـەنگێنرێ‌و بگونجێنرێت لەگـەڵیدا.لـە کۆتـاییدا دەتوانـین بڵێـین: بەگشـتی رەوت‌و دەسـتەی ئەشـعەری هەسـتان بـەرۆڵێکی کاریگـەر لـە هاوسـەنگ کردنـی بۆچـون‌و تەوژمەئیسـلامی‌یەکان‌و توانیـان جـێ دەسـتی‌خۆیان بـەجێ بهێڵن لەسـەر بـیری بیریارەکانی دوای خۆیان.

## رۆڵی (مەششائیە)کان لەخزمەتی بیری ئیسلامیدا

سەرەتا پێویستە بزانین کە فەلسەفەو فەرهەنگی یۆنانیەکان نە لەبنەماو سەرەتاکانیداو نە لەئاکامو بەرهەمو سەرەنجامەکانیدا، یەك فەلسەفەو فەرهەنگی یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو لەچەند فەلسەفەو رەوتێکی جیاواز پێك هاتبوو وەك: بۆچونی ماددی کە لە ماددەو رەهەندەکانی جیهانی ماددە نەبێت، لەهیچیدی نەدەکۆڵیەوە،

بۆچونی بتپەرستانەی چەواشەکاری ئەوتۆی هەبوو کە بەئاشکرا هاوبەش‌و شەریکی بۆ خوای گەورە بڕیاردەدا، بۆچونیشی هەبوو کە، سەبارەت بەخواو بیرو باوەڕو ژیانی دونیاو پاشەڕۆژ کۆلاوەتەوە، بەڵام بەبۆنەی پابەندبوونیەوە بەداب‌و نەریتی کۆمەڵگاو دامەزراوە حکومەتیە دواکەوتووەکانی ئەودەمەوە، ئەم چەشنە رەوت‌و فەلسەفەیە، نەی توانیوە بەتەواوەتی گۆشەنیگاکانی راست‌و پاك بکاتەوە.

ئەم فەلسەفەو فەرهەنگ‌و ژیارە یۆنانیە، پاش چەندین سەدە توانیان بەتەواوەتی دزە بکەن‌و خۆیان بکێشنە ناو کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامیی، بەڵام بەبۆنەی وەرگێرانیان بۆ سەر زمانەکانی جیهانی ئیسلامیی‌و تاوتوێ کردنیانەوە، هەموو فەلسەفەو رەوتە جۆراو جۆرەکان تێکەڵ بەیەك کران‌و راست‌و ناراست‌و هەق‌و نا هەق بەیەکدادران. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەهیچکام لەو فەلسەفانە فەوتابن‌و نەگەیشتبنە ناو بوارەکانی فەلسەفەی ئیسلامیمان،

بەڵكو توانیان بەچاكو خراپیانەوە خۆیـان بكێشـنە نـاو كۆمـەڵگا ئیسـلامیەكانو جێگیر بن لەناویاندا.

ئەوەی كە پێویستە ئاگاداری بین ئەوەیە كە موسڵمانانو كۆمەڵگا ئیسلامیەكان، زیـاتر لـەو بـاڵو رەوتـە فەلسـەفەیە بەهرەمـەندو سـوودمەندبوون كـە سـەبارەت بەخواو بیروباوەڕی خوا ناسی دەكۆڵایەوە.

مامۆستایانو رێبەرانی ئەم رەوتو فەلسەفەیەش (ئەفلاتونو ئەرستۆ) بوونو بە قوتابخانەكەشیان دەگوت: (ئەفلاتونیـەتی نـوێ) كـە تێكەڵـە یـەك بـوو لـە فەلسەفەی یۆنانیو ئاینی جولەكەو غەنوسیەتی رۆژهەڵاتی كۆن.[1]

ئەم باڵە لەفەلسەفەی یۆنانیـەكان كـە دەتوانـین بە(فەلسـەفەی ئیلاهـی) نـاوی ببەین، كاركردو شوێنەواری هەبوو لەسـەر شـێوازی بیركردنـەوەی فەیلەسـوفو پیتۆڵەموسـڵمانەكان، هۆكـاری سـەرەكی ئـەم كـاركردەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتووە كـە پیتۆڵـە ئیسـلامیەكان، واتـێ گەیشـتبون كـە ئـەم فەلسـەفە ئیلاهیـە فەلسـەفەو بیردۆزەیـەكی ئەوتۆیـە كـە خـۆی لـە خۆیـدا راسـتیەكی چەسـپاوی ئەوتۆیە كە ئەگەری بەهەڵەدا چوونی لێ ناكرێ.

بەڵام كاتێ سەرنجیان دایە بنەماكامی عەقیدەو بیروباوەڕە ئیسلامیەكان، بۆیـان روون بویـەوە كـە فەلسـەفە یۆنانیـەكان ناسـازگارو دژن لەگـەڵ بـیرو بـاوەڕە ئیسـلامیەكاندا، هـەر ئەمـە پـاڵی پێوەنـان، هـەوڵی گونجـاندنی دەقو چەمكـە ئیسلامیەكان بدەن لەگەڵ دەرەنجامەكانی فەلسەفەی یۆناندا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٥

لەکاتێکدا پێویست بوو لەئاکامی سەرنجەکانیانەوە دەست بەجێ لێکۆڵینەوە فەلسەفەکانی خۆیان راگرن و دەست بدەنە لێکۆڵینەوەو تێڕوانینی ئەو بنەماو دەقانەی کەبناغەی بیروباوەڕی ئیسلامین و پاشان وەك پێودانگ، بەراوردی دەرەنجامەکانی فەلسەفەی یۆنانی پێ بکەن و بزانن کام لەم دەرەنجام و ئاکامانەی فەلسەفە سازگارو هەماهەنگە لەگەڵ قورئان و بناغەکانی بیرو باوەڕی ئیسلامیداو کامیشیان نە گونجاوە لەگەڵیداو پاشان پەسەندکردنی سازگارەکان و لاخستنی ناسازگارەکان، هەنگاوی دووەمیان بوایە، بەڵام وایان نەکرد.

بۆیە دووپاتی دەکەینەوەو دەڵێین پێویست بوو پاش دەرکەوتنی راستی ئەو بنەماو بڕیارو ئاکامە خواییانەی کە لەڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە خراونەتە روو، کۆی هەموو ئەو ئاکام و راستی و بڕیارانە وەك بەڵگەیەکی دەمکوت کەرن سوودی لێوەربگیرایە بۆ چەسپاندنی راستیەکانی وەك:

* خاوەنی راستەقینەو خواو پەروەردگاری ئەم بونەوەرە، خوایەکی بەدیهێنەرو بێوێنەو بەتواناو هەردەم زیندووی ئەوتۆیە، کەویستی لەسەر هەرکارو ئیشێك بێت بەبێ هیچ چەشنە ماندوو بون و ئاستەنگێك بەئەنجامی دەگەیەنێ.

* خوای گەورە زاتێکی ئەوتۆیە، بەر لە هەموو شتێکەوە بووەو هیچ پێش ئەو نەبووە.

* هەموو دروستکراوەکان خوا بەدیهێناون و بەر لەم بەدی هێنانەیان قۆناغی نەبوون(عدم) پێشیان کەوتووە، هەموو دروست کراوەکانیش نیازمەندی دەستی پەروەدگارن.

* خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی بەمەبەستێکی دیاری کراو بەدی هێناوەو گرنگیو بایەخێکی زۆی داوە بەم بوونەوەرو گەردوونەو مەبەستە بەرزەکەیو بەردەوام ویستی لە سەر ئەوەیە کە پەیوەندی هەبێ لەگەڵیانداو سەروکاری ژیانی رۆژانەیان بکاتو لەرێگەی ئەم ویستو ئیرادەی خوای گەورەشدا هیچ چەشنە ئاستەنگو وویستێکی دژوارنیيە.

* خوای خاوەن دەسەڵات تەنهایەو هەر خۆی خاوەنو زاڵە بەسەر هەموو گەردوونو بوونەوەرداو تاکە کەسێکە کە بڕیارەکان پڕ بە پڕو بەو شێوەی کە پێویستەو بەبێ زیادوکەم جێبەجێ دەکرێتو رادەپەڕێنرێت.

* هەر خوایە تاکە فەرمانڕەواو دەست رۆیشتوی هەر دوو جیهانی دیارونادیارو زاڵە بەسەریاندا. بۆیە پێویست بوو پاش چەسپاندنی، راستی ئەم چەمكو بڕیارە خواییانە، ئەو بیریارو فەیلەسوفانە بیانکردایەتە پێوەرو بناغەی لێکۆڵینەوەکانیانو گوێیان نەدایەتە هەراو گازەندەو مشتو مڕی یۆنانیەکان کە ئاکامی کارەکانی هەموویان بەرەو بڕیاردانی هاوبەش (شریك) بۆ خوا دەرۆیشت.

باش وابوو ئەو زاناو بیریارە موسڵمانانە وا سەیری ئەم فەرهەنگو فەلسەفە یۆنانیانەیان بکردایە کە بەرهەمی مێشکی مرۆڤی لاوازودەست نەرۆیشتوونو لەچەرخو سەردەمێکدا دارێژراون کە لەناو تەمو مژو تەپو تۆزی نەفامی بتپەرستیدا نوقوم بووبوون.

بۆیە ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بیان روانیایەتە ئەو بۆچونو کەلتورە یۆنانیەوە، وانازانین بەو هەڵەناقۆلایانەدا بچونایەو دەیانزانی مێشکی لاوازو کەم دەسەڵاتی مرۆڤ هەر ئەوەندەی لێ دێت، کە گۆشەیەك لە راستیو حەقائقەکان بخەملێنێت،

جا ئیتر جاری وادەبێت خەملاندنەکەی راستو جاری واش دەبێت هەڵە دەردەچێت. بۆیە ناگونجێ ئەم مێشکو بیرو هۆشە لاوازە بکرێتە روانگەی خواناسیو تەنها لەوەوە خوای گەورەو بونەوەری فراوانو ژیانو پێکهاتەی خودی مرۆڤو تەواوی گیان لەبەران بدۆزرێنەوەو بناسرێن، بەڵام ئەگەر مێشکی مرۆڤ بەپاڵپشتی هیدایەتو رێنماییو پەیامی ئاسمانیەوە دەست بداتە ئەم کارە، بێگومان بەئاکام دەگاتو سەرکەردانو چەواشە نابێت.

ئێمە لێرەدا ئەمان گوتووەو نامانەوێ بڵێین: ئەم بیریارو پیتۆڵە موسڵمانانە تەنها بە گواستنەوەو وەرگێڕانو گەیاندنی دەقاودەقی فەلسەفە یۆنانیەکان هەستاونو نەیانتوانیوە هیچ چەشنە دەستکاریو زیادوکەم کردنێک لەو بۆچونانەدا بکەن.

نەمانگوتووە کە خوانە خواستە بێ سەلیقە بوونو شایانی ئەم کارە نەبوونو لێیان نەزانیوە،

بەڵکو ئێمەش وەکو تەواوی لێکۆڵەرەوەو هەڵسەنگێنەران دەڵێین:

کەوتونەتە ژێر گوشاری ئەو بۆچونو فەلسەفە عەقڵیە یۆنانیە مەششائیانەوەو لەژێر ئەم گوشارەدا هەوڵی گونجاندنی بۆچونە یۆنانیەکانو بنەماو بناغەکانی بیرو باوەڕی ئیسلامیان بەیەکەوە داوە.تا لەئاکامی هەوڵەکانیاندا بیرو باوەڕە ئیسلامیەکان و دەقو چەمکە قورئانیو سوننەتیەکانیان گونجاند، لەگەڵ بۆچون و فەلسەفە یۆنانیەکانداو هیچ چەشنە دەستکاریەکی فەلسەفەکانیان نەکرد.

لەکاتێکدا کە لە چەند روو ڕەهەندێکەوە ئەم پیتۆڵە ئیسلامیانە مافی دەست تێ وەردانو تاوتوێ کردنی ئەم بۆچونە فەلسەفیانەیان هەبووە؛ ئەمانیش وەکو

یۆنانیەکان خاوەن بیرو هۆش‌و لێکدانەوە بوون‌و لەسەر ئەم بناغەیە بۆیان هەبوو دەستکاری ئەو بۆچوونانە بکەن.

هەروەها ئەمان موسڵمان‌و خاوەن دەقی راست‌وگومان هەڵنەگرو دەمکوت کەری قورئان‌و سوننەت بوون.[1]

لەبەر کەم زانی ئەم پیتۆڵانە لەئاست یۆنانیەکاندا کار بەرادەیەک گەشت بوو، گەر بهاتبا‌و زاناو پسپۆرانی زانستی کەلام نەبونایە نزیک بوو بۆچونە فەلسەفەیە مەشائیەکان باڵ بکێشن بەسەر بیرو بۆچون‌و باوەرە ئیسلامیەکاندا، ئەم زانایانە بەهۆی ژیری‌و سەلیقەی خۆیان‌و میانرەوی لەبیرو بۆچونەعەقلی‌و لۆژیکیەکانیاندا، توانیان هاوسەنگیەک دروست بکەن لەنێوان راستی‌و چەمک‌و بنەما قورئانیەکان‌و ئەو بیر بۆچونە فەلسەفیانەداو توانیان ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەو وەرچەرخانە بێ دیسپلین‌و بێ بەندوبارە دەربازبکەن‌و فەلسەفە پوختە ئیسلامیەکان بپارێزن لەرەوت‌و بۆچونە کۆنە پەرست‌و وێرانکاریەکان، کە لەدیاردەیاندا دژ بەیەک‌و لەناو کرۆکیاندا پوچ‌و بێ مانابوون‌و لەژێر رووپۆشی عەقڵدا خرابوونە بەردەم مرۆڤایەتی.

بۆیە دەڵێین: رۆڵی بیریارو زانا موعتەزیلە‌و ئەشعەری‌و ماتوریدیەکان‌و رۆڵی زانایانی قەرموودە (علماء الحديث) زۆر گەورەو کاریگەر بووە لە نەخشەکێشانە عەقڵیەکانیاندا، کە توانیویانە لەو رێگەیەوەو بەبەڵگەی بەهێزو هێرشی بەبرشت‌و بەرنامەی دارێژراوەوە هەموو ئەو فەلسەفەو کەلتورە بت

---

[1] الفكر الاسلامي وتطوره ص٢٣

پەرستو یۆنانیانە تێك بشكێنن‌و بیانڕەویننەوەو گۆڕەپانی بیری مرۆڤایەتی ڕزگار بكەن لەو گێژاوو گرێ كوێرانە.

بەتایبەت زاناو بیریارو پیتۆڵی ئیسلامی پایەبەرز (پێشەوا غەززالی) ڕەحمەت‌و بەزەیی خوا لەسەر گیانی پاكی، ڕۆڵێكی ئێگجار گەورەو كاریگەری هەبووە لەم بوارەدا، تا لەئاكامدا توانی كۆتایی بەم كێشە بیریانە بهێنێ‌و هەموویانی لەگۆڕنان.

غەززالی توانی لە ڕێگەی نووسراو ڕاگەیەنراوەكانیەوە بۆ خەڵكی بسەلمێنێ كە ئەم بۆچون‌و فەلسەفانە كە پێیان دەڵێن چەمكە چەسپێنراوەكان مەرج نی‌یە هەر هەموویان ڕاستی بێگومان بن، بەڵكو ئەگەر نەڵێین هەموویان بەدڵنیاییەوە زۆربەیان چەواشەو دوورن لەڕاستی‌یەوە.

چونكە ئەم بۆچونانە دەرەنجامی عەقڵ‌و ژیری‌و هۆشی تاكە كەسێكن، لە قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراوی ئەوتۆدا كە لەزۆنگاوی نەفامی‌و بتپەرستی‌دا ڕۆچووبوون، بەشێوەیەك كە هەموو بیرو هۆش‌و لێكدانەوەكانیان لەسەر بەندو باوی خۆیان ترازاون.

لەم بوارەدا غەززالی‌و هاوڕێنەكانی لەزانایانی ئەو دەمە، لەدژی ئەم بۆچوونانەداو بۆ ڕاست كردنەوەیان چەند بەڵگەی عەقڵی بەهێز تریان دەهێنایەوە

بۆ پوچكردنەوەی فەلسەفەی یۆنانیەكان‌و بۆ دڵنیاكردنی فەیلەسوف‌و بیریارە موسڵمانەكانیش چەندین ئایەت لەقورئان‌و فەرمووده لەسوننەتیان دەهێنایەوە.

## ڕۆڵی (ابن تیمیه) لەخزمەتی بیری ئیسلامیدا

دەتوانین بڵێین: لەناو بیریارو پێتۆڵە ئیسلامیەکاندا (ئیبن و تەیمیە) بەتەنها خۆی ئوممەت و گەلێکە و بەتەنها خۆی رابەرایەتی ئەو تەوژمە بەهێزەی کرد کەرۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەبوو لە چاوپیاخشاندنەوەو شەن وکەوکردنی گەنجینەی بیروباوەڕو یاساو بەرنامەو شارستانیەت و کەلتوری نەتەوەی ئیسلامیدا.

ئەو جوڵەو بێداریەی ئەم کەڵە پیاوە بەرپای کرد، وەنەبێ تەنهاگۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئیسلامی گرتبێتەوە، بەڵکو بێداری و ڕابوون و تەوژمێکی ئەتۆ بوو، توانی سەرجەم چمك و رووەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئیسلامی بگرێتە بەرو بەووردی و سەرنجی بابەتیانەوە کێشەکانی تاوتوێ بکات. (ئیبن تەیمیە) توانی هەموو بزاف و رەوتە فەلسەفی و باتینی و سۆفیە، فەلسەفە زەدەکان و سەرجەم دەستەو تاقمە چەواشەکانی ئایینەدەست تێوردراوەکان و هەموو بۆچونە جیاجیاکانی بیری ئیسلامیی کە، کەلتورو گەنجینەی کەلامیەکانیان پێك دەهێنا وەك (موعتەزیلەو ئشعەری و شیعە دوانزە ئیمامیەکان) توانی هەموویان شەن و کەوو تاوتوێ بکات. هەر وەها توانی بە وردی بچێتەوە بەبیری فیقهی ئیجتهادی و بوارەکانی ژیانی (رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی) کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

تاقە هۆکارو پشتیوانی لەم پرۆسە گەورەیەیدا، تەنها باوەڕی بەهێزو دامەزراو بەخواو دڵسۆزی و خەباتکردنی بێ وچان و بیری تیژو میشکی وریاو زانیاری بەرفراونی خۆی بوو.

بەر فراوانیو لەبن نەهاتوویی سـەلیقەی زانستیانەی بەرادەیـەك بـووە، خەریکـە بلێم ئاگایی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو دەمەی خۆیدا هەبووە.

تاکە ئامانجی ئەم بزووتنەوە بیریەیە هەمەلایەنەی (ئیبنو تیمیە) کە سەرانسەری تەمەنی داگرت بوو، بریتی بوو لەپێداچوونەوەو پاکژکردنەوەی بـیر بنـەماو بـەها ئیسلامیەکان، لە هـەموو ئـەو دەسـتەواژەو زاراوەو چەمککـە زیادانـەی کـە تێـی ئاخنرا بوون.

بۆیە دەڵێین سوپاس بۆ خوا (ئیبنو تەیمیە) لەسەر کەوتنێکی کەم وێنەو گرنگی مێژوویداو لەهـەوڵو پرۆسـەیکی شارسـتانی نوێخوازیـدا، توانـی بـیرو بـاوەڕو یاساو شەریعەتو شارستانیو فەرهەنگی ئیسلامیی، لە ژێر ئەو هەموو تەمو مژو گرێ کوێرە کەڵەکـە کراوانـەدا، راتـەکێنێو رزگـاری بکـاتو بـەپاکژی جـارێکیتر پێشکەشی بکاتەوە بەمرۆڤایەتی.

ویستی خوا وابووە لەسەردەسـتی کەڵـە پیـاوێکی وەکـو (ئیـبنو تەیمیـە)دا ئـەم ئایینە پاکەی جارێکیتر دەربازو رزگار بکات، لـەو هـەموو فەرهـەنگو کـەلتوورە چەواشە کارانە کە ڕیشەی هەموویان دەگەڕایەوە بۆ چەرخی بتپەرستیو بۆچونە غونوسیەکان کە بوونـە هـۆی لێـلو تـەڵخکردنی بنـەماو بـەهاکانی بـیرو بـاوەڕی ئیسلامیو درووستکردنی دووڵی لە بیرو باوەڕی موسڵمانانـدا.

بۆیە (ئیبنو تەیمیە) توتـانی سـەرلەنوێ ئـەم بیروبـاوەڕە بکێشـێتەوە بەبنـەماو دەقە قورئانیو سوننەتیەکانداو لـەچوارچێوەی ئـەو یاسـایانەدا کـە هـەموو زانـا باوەڕ پێکراوەکان یەکدەنگن لەسەریانو بیخاتەوە بەردەستی موسڵمانان.

بەم شێوەی کە باس کرا، (ئیبن تیمیە) تاکە کەسایەتیو کەڵەپیاوی هەڵکەوتووی مێژووی بیری ئیسلامییە، چونکە ئەگەر چاوێك بەمێژووی رابووردوماندا بگێرینەوە دەبینین کەسێکیتری بەهێزی چاونەترسی بوێری خاوەن زانستی بەرفراوانو بێ پایانی وەکو (ئیبنو تەیمیە) ما دەست ناکەوێت، وەکو ئەو توانیبێتی بەو شێوە بەرفراوانو داگرندانەیەو بەو شێوە روونو ئاشکرایەو، بەبێ ئەوەی جگە لەخوا لە کەسێك بترسێت، نابینین کەسێکیتر وەکو ئەو، هەموو کێشەو دۆزو چەمکەکانی روون کردبێتەوەو چارەسەری کردبن.

هەرچەندە کەسایەتی (ئیبنو تەیمیە)و لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوو مەنهەجی بووین، بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە توێژینەوەو دەربرینو وتوێژەکانی (بەتایبەت لەگەڵ زاناو بیریارە ئیسلامیەکان)دا خاڵی نین لەکارکردی ئەو کاردانەوانەی کە لەئاکامی توڕەییو توندوتیژیو کەڵلە گەرمیەکەیەوە سەرچاوەیان دەگرت.

وا دەزانم هۆکاری ئەو توندوتیژیەش دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆی گرنگ:-

یەکەم: هەموو ئەو غەمو دڵسۆزیو لێکدانەوانەی کەبیری (ئیبنو تەیمیە)یان داگرتبوو، سەبارەت بەرووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو دارمانو داتەپینە بەردەوامەی کەرووی کردبوویە شارستانیەتو کۆمەڵگای ئیسلامیی ئەودەمە.

دووەم: گوشاری هەموو ئەو بۆچونو رەوتە چەوتانەی کە خزێنرا بوونە ناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکانەوە.

زانایانی ئەو دەمە لەئاکامی راهاتنیانەوە، هەستیان بە گرنگی ئەم دوو هۆکارە نەکردو بگرە زیاد لەوەش چەندین کۆسپو ئاستەنگ یان دەخستە بەردەم

پرۆسە گەورەو میژووییەکەی (ئیبن‌و تەیمیە).مـن بێگومـان‌و دڵنیـانم لـەوەدا کـە ئەگەر موسڵمانانی‌ئەو دەمەو سەدەکانی دواتریش بیـان زانیایـە کـە ئـەم کـارەی (ئیبن‌و تەیمیە) چەند پێویست‌و بەکەڵکە؛ گومانم لەوەدا نی‌یە کە هەر هـەموویان تەپ‌و تۆزی رابووزدویان لە خۆیـان دەتـەکاندو بـەخۆیاندا دەچونـەوەو بێداری‌و رابوونێکی کۆمەلایـەتی شارسـتانی زانسـتیانەی گـەورەیان بـەرپادەکرد، چونکـە ئامـانجی سـەرەکی هەوڵـەکانی (ئیـبن‌و تەیمیـە) ئـەوەبوو کـەبیری موسـڵمانانی بخاتەوە کەئیسلام هەر دوو جیهانی دیارو نادیاری لەیەك جیاکردوەتەوەو ئەرکی کۆڵینەوە لەچەمکە نادیارەکانی لەکۆڵی‌مرۆڤ خستوەوەو هەموو ئەو راستیانەی کەلەو بـارەوە پێویسـت بـن، بـەئامادەکراوی لەبـەر دەسـتماندا داینـاون‌و بانگـە شەشی کردووە بۆ بەگەڕخستنی بیرو هۆشمان، بۆ رامهێنانی‌و کەڵك وەرگرتن لـە هەموو ووزەو تواناکانی جیهانی ماددی، چونکە مرۆڤ بۆ پێشـبڕێکێ‌و کێبـەرکێ کردن (لەبواری بەکارهێنان‌و دەرخستنی شـاراوەو ووزەکـانی جیـهانی مـاددە)دا دروستکراوە، نەك بۆ دەمکوتان‌و خۆ ماندوکردن لە جیهانێکدا، کە ئەگەر هـەموو تەمەنی مرۆڤایەتی بدەیتە دەم یەك هێشتا هـەر دەسەوەسـان دەبێـت لەئاسـتی شاراوەکانی ئەو جیهانەدا (عالم الغیب) لەبەر ئەوە خۆ خەریك کردن‌و خۆمـاندوو کردن لەم بوارەدا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی تواناو لێهاتنەکان‌و پاشانیش پچڕپچڕ بونی بیرو بۆچونەکانی مرۆڤایەتی.

ئەگـەر ئـەو هـەموو توانـاو ووزەو لێهاتنانـە لەنەخشـاندن‌و پـەرەپێدانی ژیـان‌و شارستانیەتەدا بەکار بهێنرێن گومانمان لەوەدا نی‌یە کە ئاکامی باش دەبێت.

ئەو بێداریو بزووتنەوەو تەوژمەی (ئیبنو تەیمیە) نیازی وابوو موسڵمانان بخاتە سەر سکەی پرۆگرامو بەرنامەیەکی واقیعی ئەوتۆ، تا بتوانن سەر لەنوێ کۆمەڵگای ئیسلامیی دابرێژنەو. بەڵام بەداخەوە زانایانی ئەو دەمە، لەبەر هەستنەکردنیان بە گرنگی پرۆسەکەو لەبەر دەمارگیریو سەرقاڵیان بەدژایەتی کردنیەوە ئەو هەلە مێژووییەیان لەدەستی موسڵمانان داو لەباریان برد. هەر بەمەیشەوە نەوەستانو دەستیان دایە چەواشەکردنی خەڵکو خراپە ووتنی نووسراو بۆچونەکانی پێشەوا (ئیبنو تەیمیە) لەمەش خۆی لەخۆیدا کۆسپێکی کاریگەرو ترسناکە لەرێگەی نەوە یەك لەدوای یەکەکانی نەتەوەی ئیسلامیمانداو نەتوانین سەر لەنوێ شارستانیەتو ژیارو فەرهەنگو کۆمەڵگایەکی ئیسلامی پاکژونوێ بۆ خۆمان بونیاد بنێینەوە.

## *له رووی فیقهـ و لێکۆڵینەوەی بابەتیو ئوسوڵیەوە:*

ئەم رەویە، ناو کرۆکو برپرەی پشتی ئەو داواکاریانەیە کە ئایینی ئیسلام خستوینەتە ئەستۆی مرۆڤەوە هەر لەم پێناوەداە خوای گەورە ئەم پەیامو ئایینە پاکەی رەوانە کردووەو، رەواو ناڕەوای لێك جیاکردۆتەوەو چەندین (دیسپلنێکی) دیاری کردووەبۆ بزاوتنو جولەی تاكو کۆمەڵی مرۆڤایەتیو گۆڕانکاریەکانی ژیانی رۆژانەی.کە بەردەوام مرۆڤ بەمەبەستی گەشەسەندنو پەرە پێدانی شارستانیەتو ژیانی تێدەکۆشێ.

ئەم بوارە پراکتیکەی کە مرۆڤو عەقڵو هۆشی مرۆڤایەتی بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی جێ نشینی خواو راپەراندنی ئەرکی سەرشانیان بۆیان هەیە کێبەرکێی خەیرو شەریفانەی تێدابکەن.

بۆیە دەبینین چەندین بیریارو پیتۆڵی زاناوناوداری موسڵمان لەم بوارەدا پێشبڕکێو کێبەرکێی کردەییان کردووەو لەئاکامدا کەلتورێکی فیقهی ئوسوڵی گەورەو بێ وێنەیان بۆ بەجێ هێشتوین کە لەمرۆڤایەتیو کۆمەڵە جیاجیاو توێژەکانی مرۆڤایەتیدا وێنەو هاوتایی نییە. بۆیە دەتوانین بەراشکاوانە رابگەیەنین کە رەوییەی فیقهیو لێکدانەوەو ئیجتهادە ئوسوڵیە جیاجیاکان توانیویانە ئەو زەرە روزیانەی کە بۆچونە جۆراو جۆرەکانی بواری بیرو باوەڕە ڕووزانستی کەلام گەیاندنیان بە ئیسلامو لەئاکامدا بوونە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی موسڵمانان ئەم رەوییە توانی ئەو زەرەرو زیانانە قەرەبوو بکاتەوەو ئەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکاتەوە. بەشێوەیەك کە زانایانی فیقە و کەڵە پیاوانی زانستی ئوسوڵ توانیان بەرزترینو گونجاوترین. فراوانترین یاساو بەرنامە پێکەش بەموسڵمانانو گەلانی جیهان بکەن.

بەر فراوانی ئەو یاساو بەرنامەیە لە ئاستو رادەیەکی بەرزی ئەو تۆدایە کە: کۆڕو کۆنگرە قانونیو جیهانیەکان گەواهی بەرزیو راستی ئەو فەرهەنگو کەلتورە فقهییە دەدەن و هەموا دان بەوە دادەنێن کە ئەم یاساو پەیام و فەرهەنگە توانیویەتی بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵی مرۆڤایەتی بپارێزن[1].

بۆیە کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی فیقهی ئیسلامیی بووە مایەی فەڕو بەرەکەت و ئاسودەیی و گەشەسەندنی هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و بەرین کردنی ئاسۆی بیری ئیسلامیی.

---

[1] المدخل الفقهي العام الى الحقوق المدنية / أحمد الزرقا ص١٢٩

هەروەها بووە مایەی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و ئاسودەیی و دڵ ئارامی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ. بۆیە لێکۆڵینەوەی فیقهی بوو بە دروشمی بزاوتن و دیاردەی زیندویەتی و چالاکی نەتەوەی ئیسلامی‌یە، نەك بەڵگەی جیاوازیو پەککەوتەییو مردنی.

بۆ ئەوەی رەسەنایەتی ئەم ڕەویە بەرزو پیرۆزەمان بۆ دەکەروێ، ئەگەر سەرنجێکێ قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین، قورئانی پیرۆز زۆر جار بانگەشەو داوا دەکات کە مرۆڤایەتیو موسڵمانان بەووردیو تێ رامانەوە سەرنج بدەنو بڕواننە دەقو ئایەتەکانی قورئانەوەو یەکێك لەو چەمكو راستیانەی کە خوای گەورە سەرنجی مرۆڤایەتی بۆ رادەکێشێت بریتی‌یە لەو بنەما زیندووەی کە دەفەرمووێت:—

خوای گەورە گۆڕانکاری ناهێنێ بەسەر بارو دۆخی هیچ نەتەوەیەکدا تا خۆیان بۆ خۆیان قۆڵی مەردایەتیو غیرەتی لێ هەڵنەکەنو دەست نەدەنە ئەو گۆڕانکاریە، ئەگەر وایان کرد ئەوجا خوای گەورەش پاڵپشتو پشتیوانیان دەکاتو هەوڵکانیان بە ئاکام دەگەیەنێت.

پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست ﷺ هانی هاوەڵانی دەدا بۆ ئەم رەویەو داوای دەکرد لەژیانی رۆژانەیاندا لێکۆڵینەوەو سەرنجیان ببێ.بۆ ئەمەبەچاکدەزا گەشتێکی خێرا بکەین بەناو چەرخو سەدەکانی مێژووی ئیسلامیماندا تابزانین لەم بوارەدا بیرو رەویەی فیقهی ئیسلامیمان چ فەرهەنگو کەلتورێکی بۆ بەجێ هێشتوین.

## بیری ئیجتهادی لەژیانی پێغەمبەر

هەر چەندە فیقە و یاساکانی ئیسلامیی لەم سەردەمەدا لەرێگەی نیگای خواییەوە بە قورئان‌و سوننەت رۆشن دەکرانەوە، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو روون کردنەوانە پێغەمبەر ﷺ لەروویەکەوە بۆ ئەوەی لەو سەر دەمەی خۆیداو بەکرداری خۆی رەوا بوونی ئیجتهادو هەڵسەنگاندن‌و لێکۆڵینەوە بسەلمێنێ‌و لە روویەکی‌تریشەوە وەك راهێنانێك بۆ بیرو هۆشی مرۆڤایەتی‌و خستنەگەڕی تواناو ووزە شاراوەکان بواری لێکۆڵینەوەو بەراوردی دەرەخساندو پێی هەڵدەستا، بۆ نموونە: لە پاش جەنگی بەدر دیلەکانی بەخشی‌وە پاش وەرگرتنی بڕێکی دیاری کراو ئازادی کردن‌و دواتر قورئان دەری خست کە ئیجتهادەکەی نەی پێکاوەو خوای گەورە بۆی راست کردەوە (ماكان لنبی أن يكون له أسری حتی يثخف فی الارض).

لەکاتی جەنگی تەبوکدا مۆلەتی دواکەوتووەکانی دابە مانەوەیان لەناو مەدینەداو دواتر خوای گەورە بۆی روونکردنەوەو لێی گرت‌و فەرمووی: (عفی الله عنك لم أذنت لهم حتی يتبين لك الذين صدقوا وتعلم الكاذبين) [1]

بەهەمان شێوە یارو هاوەلانی رادەهێناو مۆلەتی دەدان کەبیرو هۆشیان بخەنە گەڕ.

---

[1] سیرة ابن هشام ٤/١٧٠ – ١٧٣ (هێنانی ئایەتەکان و روون کردنەوەی نمونەکان لە وەرگێڕەوەیە).

بۆ نموونە: بەســەر هاتەکـەی (موعـازی کـوڕی جەبـەل) کاتـێ ڕەوانـەی کـرد بـۆ یەمەن تا لەوێ فەرمان ڕەوایان بکاتو ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان فێربکـات، لێـی پرسیو فەرمووی: ئەگەر ڕووداوایکت بۆ پێشهات چی دەکەیت؟

موعاذ ووتی: بەپەیامی خوایو قورئان کێشەکە چارەسەر دەکەم.

پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر چارەی کێشەکە لە قورئاندا باسی لێوە نەکرا بوو؟

موعاذ ووتی: بەسوننەتی پێغەمبەر چارەی دەکەم.

فەرمووی: ئەگەر لەوێشدا چارەت دەست نەکەوت؟

ووتی: دەستەوەسان ناوەستمو هەوڵ دەدەم بـەبیرو هـۆشو لێکۆلینـەوەی خـۆم چارەی بۆ دەدۆزمەوە.

پێغەمبەر ﷺ بەم قسەی موعـاذ زۆر دڵخۆش بـووو دای بەسـنگیداو فـەرمووی: سوپاس بۆ خـوا کـەنێردراوو نوێنـەری پێغەمبەرەکـەی سـەرکەوتوو کـردووە تـا بتوانێ ڕازامەندی خوا بەدەست بهێنێ.[1]

هەروەها کاتێك پێغەمبـەر ﷺ لـە جـەنگی خـەندەق گەرایـەوەو وویسـتی جـلو جبەی جەنگ داکەنێ، جـبریل هاتـە خزمـەتیو پێـی ڕاگـەیاند کـە خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردووە کـە ڕووبنێتـە (بنـی قریضـە) و ڕووبـەڕووی دوژمنـەکانی ببێتەوە، ئەویش لەوەلامی ئـەم فەرمانـەدا فـەرمووی بـە هـاوەلانی: (هـەر کـەس

---

[1] رواه أحمدء أبو داود وابن ماجه.

ئامادەو گوێ رایەڵی فەرمانی منە، بانوێژی عەسر نەکات تا دەگاتە (بنی قریضه)[٢]

یارو هاوەڵانی دەست بەجێ خۆیان کۆکردەوەو بەرەو جێگەی دیاری کراو رێ کەوتنو لەرێگەداو کاتی نوێژی عەسر هات، هەندێکیان بە پەلەو بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر رەوتی مەبەستەکەیان، لەرێگەی نوێژیان کردو هەندێکیشیان نوێژیان نەکرد تا گەیشتنە بەنی قوریزه.

دەستەی یەکەم دەیان گوت پێغەمبەر ﷺ مەبەستی ئەوە بوو کەزوو بەبێ دواکەوتن بگەینە جێ، ئێمە دەرفەتمان بۆ رەخساوەو نوێژەکەشمان دەکەینو زوو دەگەینە جێ.

دەستەی دووەم لەرواڵەتی فەرموودەکەدا قەتیس مانوون ووتیان هەر مەبەستی ئەوە بوو لەوێ نوێژی عەسر بکەین، بۆ یە نوێژیان نەکرد تا گەیشتنەجێ، کاتێك گەیشتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ هەر دوو بۆچونەکەی بەلاوە پەسند بوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەخودی ئیجتهاد بەڵگەیە لەسەر خۆی کە ئەگونجێ راست بێتو پێچەوانەکەشی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە ئیجتهادو لێکۆلینەوە سەر چاوەیەکی سەربەخۆی شەریعەتو دوور لەوەحیو نیگای خوا بێت.

بۆ نموونە: کاتێك قورئانی پیرۆز بۆچونو لێکۆلینەوەکانی پێغەمبەر راست دەکاتەوە یاخود دان بەراستی لێکۆینەوەی یارو هاوەلاکانیدا دەنێت ئەوەنا

---

٢ سيرة ابن هشام ٣/٢٥٢.

گەیەنێ کە بۆ چون‌و لێکۆلینەوەکان سەربەخۆ بن، چونکە ئەگەر وابوایە خۆی خوای گەورە بالاّ دەست بوو، دەی توانی نەهێلێ پێغەمبەرەکەی بەدەربڕینی ووشەیەکیش بێت بەهەڵە دابچێت.بەلاّم ئەگەر بهاتباو بەو شێوەیە بوایە راوبۆچونەکانی پێغەمبەرو رای گشتی کۆمەڵگای ئیسلامی لەیەك دۆخدا قەتیس دەما.

بەلاّم ویست‌و حیکمەتی خوا وابوو کە پێغەمبەرو یارانی راو بۆچون‌و لێکۆلینەوەکانیان دەربڕن‌و کانیاوی‌هزری مرۆڤایەتی بتەقێ.

ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی‌دی کەشەوە تا بۆ موسڵمانن بسەلمێ کە ئەگەر لەخزمەتی پێغەمبەرداو لەکاتی هاتنە خوارەوەی وەحی‌و نیگای خوایی‌دا ئیجتهادو لێکۆلینەوەو بەراورد دروست بوو بێ ئەوا دوای بچڕانی نیگای خوایی‌و وەفاتی پێغەمبەر، چاکترو باشتر رەوایەو بەڵکو پێویستە، بۆ درێژە پێدانی ژیانی ئیسلامی‌و لێکۆلینەوەو ئیجتهاد بە بەردەوامی ژیانی مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێت.

## بیری ئیجتهادی فیقهی دوای سەردەمی پێغەمبەر

پاش وەفاتی پێغەمبەرو پچڕانی وەحی و نیگای خوایی‌و، فراوان بوونی قەڵەم ڕەوی دەسەلاّتی ئیسلامیی، بەبۆنەی ئازادکردنی ئەو خاك و گەل و نەتەوانەوە کەلەژێر باڵی دادی سوپای موسڵماناندا، موسڵمان دەبوون و لەگەڵ خۆیاندا چەندین داب و نەریت و کێشەو گرفت و شێوازی تێ ڕوانینیان بۆ ژیان، لەگەڵ

خۆیاندا دەهێنایە ناو بازنەی ژیانی ئیسلامیەوە، کەلەوەپێش ئەو چەشنە داب و نەریت و شێوازانەی تێدا نەبوو.

لەبەر ئەم هۆیانەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە گشتی‌یەکان و بەنیازی پێک هێنان و دارشتنی سیغەو یاسایەکی ئەوتۆ، کەبتوانێ لەئاستی ئەم داب و نەریت و باروبۆخە تازەو ناوازانەداو لەچوارچێوەی یاساسەرەکیەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، بڕیاری شەرعی دەربکات و بخاتە ڕوو.لەبەر ئەم هۆیانەو بەمەبەستی وەڵام دانەوەی واقع، (لێکۆڵینەوەو ئیجتهاد) بوو بەسەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ چارەکردنی ئەو کێشەو ڕوداوە نوێیانەی کەدەقی تایبەتیان لەبارەوە (نەلە قورئان ونەلە سوننەتدا) نەهاتبوو. لەم بوارەداو لە پێشەنگی قافڵەی ئیجتهادو بەکارهێنانی بیری مرۆڤایەتیدا، جێنشینەکانی پێغەمبەر دەستیان دایە ئیجتهادوڕاو بۆچونەکانی خۆیان دەخستە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی هاوولانیان.

ئەگەر کەسێکیش ئەمەیان لێ دەگرێت و دەڵێ: ئەوان نەک هەر ئیجتهادیان نەکردووە، بەڵکو زۆر دابەزیونەتە سەر ڕاو بۆچونی تایبەت، و خراپەیان گوتووە ! !

ئێمەش دەڵێین: نەخێر، ئەوەی لێیان دەگێرنەوە کە گوایا دابەزیونەتە سەر ڕاو بۆچونی تایبەت و خراپەیان گوتووە بۆ ئەو ڕاوبۆچونانە بووەکە:

أ-یان هەڵە و چەواشەکاربوون.

ب-یان قسەو ڕاوبۆچونیان لەچەمك و ڕوداوێکدا دەربڕیوە، کەدەقی قورئان و سوننەتی لەبارەوە هاتووە.

ج–یان خاوەنەکەی شایستەی، قسە لێ وەرگرتن نەبووە[1].

بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستیەش ئاشکرایە هەر بۆچوون و ڕادەربڕینێک، کەبەمەبەستی یاسا دۆزی لە قورئان و سوننەت، یان بەپێی پێوەرو بەراوردە ڕاستەکان، یان بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە گشتیەکان و گرتنی کەلێن و کەلەبەرەکان و وەدەرنانی توخمە ناپاکەکان (القیاسات الصحیحة والمصالح المرسلة وسد الذرائع ودرء المفاسد) بوو بێت، ئەوا لای

جێنشین و یارو هاوەڵانی پێغەمبەر پیرۆز و ڕێز لێ نراوبووە.

چونکە ئەوان زانیویانە کەشەریعەت و یاسای خوایی، هەر لە بناغەوە بۆ دەستەبەرکردن و دابین کردنی ئاسودەیی‌و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی بەندەکانی خواو پێشخستنی ڕەوڕەوەی ژیان هاتووە. بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستیەش، دەبینین بنەماو یاسا سەرەکیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ڕازی نین جوڵەی ژیان دامرکێ‌و بوەستێ‌و داوای بزاوتی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتی‌و بەرەوپێش چوونی دەکەن[2].

ڕێگەی بزاوت و جوڵەی ئیجتهاد لەو سەردەمانەدا بەم شێوەیە بوو:–

یەکەم:– ئیجتهاد سەبارەت بە چۆنیەتی تێگەیشتن و حاڵی بوون لەو دەقانەی کەلە بەر دەستدا بوون (لە قورئان و سوننەت) بۆ نموونە:–

---

([1]) أعلام الموقعين – ابن القيم/ ١ /٥٥. بەمەندێ دەسکاری لە خاڵبەندی‌و دارشتەکەیدا بەمەبەستی ئاسانکردنی بۆ خوێنەر(وەرگێڕ) .

([2]) منهج التغيير الاجتماعي/ د. محسن عبدالحميد.

قورئـان لەئايـەتی زەکـات دا بەشـێکی زەکـاتی دابـین و دیـاری کـردووە بـۆ ئـەو کەسانەی کە پێویستیان بەدڵ دانەوەو دڵنـەوایی کـردن هەیـە (المؤلفـة قلوبـهم) لەو سەردەمانەدا کە موسڵمانان هەژارو کەم دەست و بێ نـەوابوون، ئـەم دەق و یاسـایە پـەیڕەو دەکـرا، بەمەبەسـتی پاراسـتنی ئـەو موسـڵمانە هەژارانـەو چارەکردنی گرفتەکانی ژیانیان. بەڵام لەسـەردەمی جێنشینی دووەم (عومـەری کـوڕی خـەتتاب) دا خـوای لێ ڕازی بێـت، گوزەرانـی موسـڵمانان بـەرەو بـاش دەڕۆیشـت و بووبوونـە خـاوەن هێزوشـان و شـکۆی خۆیـان و پێویسـتیان بەدڵدانەوەو دڵنەوایی کردن نـەمابوو، چـیدی پێویسـتیو داخـوازی پیـادەکردنی ئەم یاسایە نەمابوو.

ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێ بەیـەکجاری دەق و یاسـاکەپێچرایەوە، بـەڵکو لـەو سەردەمەدا داخوازیو پێداویستی جێ بـەجێ کردنـی نـەماو، عومـەر بەسـەلیقەو هۆشیاری خۆی هەستی بەوەکرد کە موسڵمانان لەبارو دۆخێکی وادا دەژیـن کـە پێویستیان بەدڵدانەوەو دڵ ڕاگرتنی کەس نەماوەو بڕیاری بەکارهێنانی ئـەو بـڕە زەکاتەی لەبوارێکی تردا ڕاگەیاند.

دووەم:- ئیجتهاد کردن بۆ دەست خستنی بەرژەوەندییەکی پەسەندکراو یان بـۆ تارنـان و دورخسـتنەوەی زەرەرو زیـانێك لـە موسـڵمانان، نموونـەی لـەم چەشنەش:-

هەڵسـەنگاندن و بڕیـاردانی عومـەرو هـەندێ لـەیاران (خوایـان لێ ڕازی بێـت) سەبارەت بەزەویو زارو مەزراکانی عێراق و شام، کەلە ئاکـامی سـەرکەوتنەکانی سوپای ئیسـلامیەوە کەوتبونـە ژێـر دەسـەڵاتی موسـڵمانانەوە، عومـەرو هـەندێ

لەياران وايان پێ باش بوو، ئەم زەویو مەزرايانە دابەش نەكرێن بەسەر خەڵكدا بۆ ئەوەی خێرو بێريان بۆ هەموان بێت و بەموڵكی دەوڵەتی ئيسلامی بمێننەوەو بدرێنە دەستی جوتيارانی ناوچە ئازادكراوەكان.

پاڵپشت و بەڵگەی ئەم بۆچونەشيان، ئەم ئايەتە بوو كە دەفەرمووێت((ما أفاء الله على رسوله من أهل القرى فلله وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل كي لايكون دولة بين الاغنياء منكم))[1].

ئەو بەرفراوان بوون و تێكەڵ بوونەی، كەلە پێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد، پاڵنەرێكی باش بوو بۆ چينی شوێن كەوتەی هاوەڵان، تا ئەوانيش وەك پێشينانيان مێشك و هۆشيان بخەنەكار، بۆ كۆڵينەوە لەڕووداو باسەتازەكانی كۆمەڵگای سەردەمی خۆيان. تا لە ئاكامدا ئەو بۆچون و مەزهەبە فيقهيە ناودارانە هاتنە گۆڕێو دەركەوتن و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای قەڵەم ڕەوی جيهانی ئيسلاميان گرتەوە.

ئەم بۆچوون و مەزهەبە نوێيانە، چەمك و ڕێسا گۆڕاوەكانی ئاينی ئيسلاميان دەخستە ڕوو، وتوانيان فەرهەنگ و كەلەتورێكی گەورەو فراوانی ئەوتۆ پێشكەش بە مرۆڤايەتی بكەن، كەهەموو توێژو ڕەگەزە تازەكانی كۆڵگای ئيسلامی بگرێتە خۆی.

هەر ئەم فەرهەنگ و كەلتوورەيە تا ئێستا و بەردەوام، بەڵگەيەكی دەمكوت كەرە لەسەر زيندويەتیو بزاوتنی بيری ئيسلامیو، دەی سەڵمێنێ كە بيری

---

[1] الحشر/٧.

ئیسلامیی توانیویەتیو دەتوانێ چارەسەری کێشەو گرفتە هەنوکەییو نوێکانی ژیانی بکات و شان بەشانی سەردەم توانای نوێ بوونەوەی هەیە. پێمان باشەبەر لەوەی کۆتایی بەباسی بیری فیقهی ئیسلامیی بهێنین، ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە واتای بیری ئیسلامیی، گشت گیریو بەرفراوانی بیری ئیسلامی دەگەیەنێ، بەهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە، بۆ نموونە، بیری سیاسی ئیسلامیو ئابووریو پەروەردەیی، هەموویان گۆشەو بەشی ئەو بیرە فیقهییە ئیسلامیەن، کەلەچوار چێوەی بنەما سەرەکیو یاسا گشتیو مەبەستە سەرکیەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا و لەوانەوە هەڵ قوڵاوە.

بەمەبەستی پاراستنی هاوسەنگی ئەم بیرە لەکەم و کوڕیەکانی بیری مرۆڤایەتی و ڕێك خستن لەنێوان نەقڵی ڕاست و عەقڵی دروستدا، هەر لەسەردەمی پێشەوا شافعیەوە، زانایان هەستان بەچەندین هەوڵی کەم وێنە لە پێناو پاراستنی بیری ئیسلامیی، لەو گەردەلول و گێژانەی کەلە ئاکامی تێکەڵ بوونەکەوە هاتبونەکایەوە.

سەرەڕای ئەوهەوڵە بەرفراوانەی زانایانی ئەو سەردەمە، هێشتا هەر بیری ئیسلامی ڕووبەڕووی قەیرانی پەستان و پوکانەوە بوو، لەئاکامی ئەو گۆڕانکاریو تێکەڵ بوونەدا کەلە نێوان گەل و نەتەوە تازەو دێرینەکانی قەڵەم ڕەوی ئیسلامیدا ڕووی دەدا تا ئەم تێکەڵ بوونە بێدیپلینە، ئاسەواری خۆی لەسەر ڕەوت و بزاوتی گەشەسەندنی بیری فیقهی ئیسلامی دانا.

ئەم بارە ئاڵوسکاوە، بیریارو زانایانی ئیسلامی ناچار کرد، بیر لەبەرەو پێش بردن و تەکان پێدانێکی بیری ئیسلامی بکەنەوە، تا بەسێ سەدە بەر

لەکارەساتەکەی داگیرکردنی بـەغداد (لەلایـەن تەتەرەکانـەوە) لەسـاڵی (٦٥٦)ی کۆچیدا، توانیـان بـیری فیقـهی ئیسـلامیی بەرنـە دۆخێکــی بــەرفراوانی ئــەوتۆ کەهیچی کەمتر نەبێت لەداهێنانە گەورەکەی سەدەو سەردەمی قوتابخانە فیقهیە گەورەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامی.

بەرنامەی کاری ئەم هەوڵە نویێە بریتی بوولە:-

أ-هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆی دارشتنی یاساو حوکمە ئیسـلامیەکان (تـا لـەم ڕێگەیەوە ڕوون ببێتەوە کە ئایا ئەو هۆکارانــەی کـە ئـەو یاسـاو حوکمانـەیان لـە پێناودا دارێژراوە، ئێستاش هەر بەردەوام و پایەدارن یان بەسەرچوون و هۆکاری نوێ، جێگەی گرتونەتەوەو، پێویستیان بەیاساو حوکمی نـوێو تایبـەتی خۆیـان هەیە)؟

ب-قوتارکردنی بنەماکانی یاسا هـەڵگۆزین (قواعد الاستنباط) لەدەست لـەق و پۆی مەزهەبـەکان و تـاوتویێ کـردن و هەڵسـەنگاندنی فـەرموودەی پێشـەواکان و پاشـانیش ڕێکخسـتنی فیقـهی مەزهەبـەکان لەکۆنوســی فیقــهی گــەورەداو هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنیان لەگەڵ مەزهەبەکانی تردا[1].

پاش داگیرکردنی بـەغدا لەلایـەن تەتارەکانـەوە، سست بـوون و پوکانەوەیـەکی گەورە ڕووی کردە فیقهی ئیسلامیی و لەئاکامدا بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکـاری و جوڵـەو چـالاکی نـەماو یـەك لەدوایـەك ناوەندەکـانی شارسـتانیو ژیـاری ئیسلامیی، لاواز دەبوون و دەپوکانەوە.

(1) المدخل الى الشريعة الاسلامية/ د. عبدالكريم زيدان.

دوای لەناوچوونی ناوەندە ژیارییە ئیسلامیەکان و داگیرکردنیان لەلایەن ناحەزان و دوژمنانەوە، بیری ئیسلامی، دامرکان و مت بوون دەرگای پێ گرت و، بەئاشکرا جاڕی داخستنی دەرگای ئیجتهاد ڕاگەیەنراو سەرچاوە گەورەکانی فیقهی ئیسلامی کەنار خران و هەموان سەرگەرمی چەند باس و خواسێکی نەزۆك و بێ کەڵك و زیان بەخش بەقەوارەو ماناو واتا ئیسلامیەکان بوون.

تا لەئاکامی ئەو تاڵاوو سوێراوانەدا، بزافێ‌نوێ خوازو میانە ڕەوی زیندو کردنەوەی بیری فیقهی، لەلایەن زانای هەڵکەوتوو ناودار (شیخ الاسلام ابن تیمیە) و شاگردەیەکەوە (ابن القیم) ڕاگەیەنرا. ئەم بزاوتە نوێ خوازە سیمای قوڵ تێ ڕوانین و لەسەر خۆیی لە خۆگرتبوو.

خۆشبەختانە (ئیبن و تەیمییە) توانی تاڕادەیەکی باش زاڵ بێت بەسەر ئەو ئەفسانەو تەم و مژانەدا کە ڕوخساری ئیسلامیان لێڵ و تەڵخ کردبوو، توانی هەموویان تاربنێ و ڕایان ماڵێ‌و ڕوخساری گەشاوەی ئیسلام سەرلەنوێ بەخەڵکی ئەو دەمەو گەلانی دوونیا بناسێنێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانیە، ئەوەیە کە ئەو بوژانەوەیە زۆری نەخایاندو پاش چەند سەدەیەك دوای ئیبن و تەیمیە سەر لەنوێ بیری ئیسلامی دوچاری پەك کەوتەیی بوو لە بزاوتن کەوتەوە.

## ئاڕاستەی تەسەووف

ئەگەر تەسەووف و سۆفیەتی، بریتی بێت لەدیاردەجوانەکانی ڕەوشت و پەرستشەکان و، پاك کردنەوەی دەروون و گەشت وگوزارو، بیرکردنەوەو ڕامان لەگەردوون و، دروست کراوەکانی خوا، ئەوا تەسەوف ئاڕاستەو ڕەویەیەکی

ڕەسەن و دروستە و ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات. چونکە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵگاو دارشتنی کەسایەتی مرۆڤ لەسایەی ئەو پەروەردە ڕۆحی‌یەدا، تابتوانێ خۆی بپارێزێ لەڕواڵەتە خەڵەتێنەرەکانی ژیانی دوونیا، کارێکی زۆر چاك و پەسەندەو یەکێکە لەو کارانەی کە ئیسلام زۆر بەڕوونی گرنگی پێ داوە، بۆ گەیاندن و پەروەردەکردنی کۆمەڵگاکەی. ئیسلام و قورئانی پیرۆز جەخت ئەکەن لەسەر: بانگەوازو بانگەشەکردن بۆ لای خواو پاك کردنەوەی نەفس و دەرون و ڕاگرتن و هاوسەنگ کردنی ڕەووشتی مرۆڤ.

چونکەباوەڕی عەقڵی ووشك و دوور لەڕەووشتە بەرزەکان، بەتەنیا ناتوانێ وابکات لە مرۆڤ، کە مرۆڤێکی بەکەڵك و هەستیارو خاوەن ڕەوشت بێت لەژیانیدا. لەم دیدو ڕوانگەوەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەخشەی یاسایەکی گشت گیرو بەرفراوانی ئەوتۆی دارشتووە بۆ مرۆڤایەتی، تاوەکو بتوانێ هەموو گۆشەکانی ژیانی بگرێتە خۆی و لەو ڕێگەیەوە داوای پەرستش و گوێ ڕایەڵی‌و مل کەچی‌و فەرمان بەرداری لێ دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرگەردانی نێوان مادیات و مەعنەویات نەبێت و سەری لێ نەشێوێت. ئەگەر سەرنجێکی قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین زۆرێك لەئایەتەکانی، بانگەشە بۆ لای پەروەردەکردنی ڕۆحی‌و دەروونی مرۆڤ دەکەن و هەر بەو شێوەیەش لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤیش پەروەردە دەکات و ڕازی نابێت هیچیان بپوکێنێتەوە، بۆ نموونە:- ئەم ئایەتانەو چەندانی تریش گەواهی ئەو ڕاستیەن:-

-((وأعبد ربك حتى يأتيك اليقين)) الحجر/٩٩.

-((تتجافى جنوبهم عن المضاجع يدعون ربهم خوفاً وطمعاً))السجدة/١٦.

-((قد أفلح من زكاها وقد خاب من دساها)) الشمس/٩-١٠.

لێرەوە دەردەکەوێ کە ئیسلام لەڕێگەی پەرستشەکانەوە تا چ ڕادەیەك گرنگیو بایەخیداوە بەلایەنی ڕۆحیو دەرونی و ڕاهێنانی بۆ فەرمان بەرداری خوای گەورە، لەسەرجەم بوراەکانی ژیاندا.

هەر بەو شێوەیەش لەسەر گۆڕەپانی ژیاندا قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر شۆڕشی بێداری ڕۆحیyان بەرپاکردووە، ئەوەتا هاوەڵانی پێغەمبەر ئەوەندە بە قوڵیو سەرنجەوە دەیان ڕوانیە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر تا لە ئاکامدا بەرچاویان ڕوون بویەوەو تیَ گەیشتن کە ئارەزووحەزەکان نرخیان چەندەو بڕیاریان دا کەمل کەچ و کەساسی دەستی ئەو ئارەزوحەزانە نەبن، لەناویاندا کۆمەڵێکی دڵسۆزو بەئەمەك هەڵکەوتن کە بەخوا پەرستانی شەوو سوارچاکانی ڕۆژ ناوبانگیان دەرکردبوو، وا ڕۆچووبون لەخواپەرستیو نوێژو خوێندنی قورئان و شوێن کەوتنی پێغەمبەردا تاتوانیان هاوسەنگیەك دروست بکەن لەکەسایەتی ئیسلامیدا.

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) هەوڵی زۆری دەدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان مادیات ومەعنویات لەژیانی مرۆڤایەتیداو هەردەم بیری هاوەڵانی دەخستەوە کە ئاگایان لیَ بێت ڕۆح پەروەردەکردن و پاك کردنەوەی، ئەوە ناگەیەنیَ کە موسڵمانان واز لە دوونیاو تێکۆشان و ئاوەدان کردنەوەو پێکەوەنانی ژیارو شارستانیەت بهێنن، هەردەم هەوڵی ڕاست کردنەوەی ئەو دیاردانەی دەدا، کەجاروبار زاڵ دەبوون بەسەر هەندێ لەیارانیداو دەستیان دەدایە پەرستشی زیادو بیَ ڕەویە لەسەر حسابی بوراەکانی تری ژیانی خۆیان و ماڵ و خێزان و

کۆمەڵگاکـەیان و دەسـتی دەگرتـن و دەیخسـتنەوە سـەر ڕاسـتە شـەقامی خواپەرستیو ئـەم دیـاردە درێوانـەی بـە (تنطـع)و خۆپڕوکـاندن نـاودەبردو، لـە فەرموودەیەکیدا ئاماژە بۆ ئەم مەبەستە دەکات و ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە (أبو الدرداء) کە یەکێك بوو لە هاوەڵانیو شەوو ڕۆژی دەدایە دەم یەك و خواپەرستی تێدا دەکردن و مافەکانی خۆیو ماڵ و خێزانی پێشێل دەکردن و پیّی فەرموو:- ((ألاهلك المتنطعون، إن لبدنك عليك حقاً وإن لأهلك عليك حقاً))[1]. لەم بوارەشدا ڕۆژهەڵات ناسانی وەك (کولدزیهر)و (نیکلسون) هـەوڵیان داوە هـەرچی دیـاردەی گەشاوەو ڕوخساری جوانی ئیسلام هەبوو، هەموویان دەدایە پـاڵ شارستانیەتی نەتەوەکانی دی[2].

(جۆلدزیهەر) بە بیانووی بوونی چەند خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئیسلام و ئاینی مەسیحی، ڕیشـەی زوهـدو ئاڕاسـاتەی سۆفیەتی دەگێڕایـەوە بـۆ ڕەهبانیـەتی مەسیحیو وای لەقەڵەم دەدا کەلە ژێر کاریگـەری ئەودایـە، (جوڵدزیهـەر) لـەبیری چووبـوو یـان لـەبیری خـۆی دەبـردەوە کـە ئـەم دروشـم و دیاردانـە، بەشـێکن لەسیستم و یاسـایەکی تـەواوی سـەربەخۆی ئـەوتۆ کـە بـاوەڕی بـە میانـەڕەویو هاوسـەنگی نێـوان مـاددەو ڕۆح هەیـەو ئـاینی ئیسـلامیش بـۆ هەڵوەشـاندنەوەو دژایـەتی ئـاینی مەسـیحی نـەهاتووەو بـەڵکو وەك پشـتیوانێك هـاتووە بـۆ ئـەو ڕاستیانەی کەلەو ئاینە ئاسمانیەدا هاتوون، کە خـوای گـەورە بـەنیگاو وەحـی،

---

([1]) رواه مسلم- ٢٠٥٥/٤ وابو داود ٢٠١/٤

([2]) نشأة الفكر - ٥٥/١-٥٦

ڕەوانەی کردە سەر (عیسا پێغەمبەر) سەلامی خوای لەسەر بێو سەرچاوەی هەردوو ئاینەکەیەکەو خوای گەورەیە. هەروەها (نیکلسون) بەهەمان هەڵەی (جوڵدزیهر) دا ڕۆیشتووە[٣]. ئەگەر چاوێکی خێرا بگێڕینەوە بەمێژوودا دەبینین کەخوا پەرستەکان لە پێشەنگی خەباتکاراندا بوون و هەردەم بەرەنگاری ستەمکاران بوونەتەوەو لەووتنی هەق و ڕاستیدا زۆر چاونەترس بوون و دەتوانین بەڕاگری پارسەنگ و هاوسەنگیی نێوان فەرمانڕەواو کۆمەڵگاکان لەقەڵەمیان بدەین و ژیاننامەیان درەخشانە بەهاندانی جەماوەرو زیندوکردنەوەی باوەڕو چاکەخوازی، و لەهەمان کاتدا نموونەی خواپەرستیو لەخواترسی بوون.

بەردەوام بوونی ئاڕاستەی دونیانەوویستی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، پەیوەست بووە بەو بارودۆخ و هەل و مەرجانەوە کە دەهاتن بەسەر کۆمەڵگاکاندا، لەسەرکەش بوون و زۆربوونی تاوان و ستەمکاری، لەبەرانبەرەوە بانگەوازی دونیانەویستیو پاك کردنەوەی دەروون و پەروەردەکردنی ڕۆحیان بەرزکردۆتەوەو وەك چارەسەرێك بۆ ئەو دیاردانە و بەسەرمەشق گرتن لەسەرەتا قورئانیەکان دەستیان داوەتە ئەو پرۆسە مەزنە.

ئاڕاستەی ڕۆحی، لەسەر دۆخ و ئاکاری خۆی مایەوە تالە سەرەتای سەدەی سێهەمی کۆچیدا بەرەو گەشەکردن هەنگاوی هەڵگرت و بەرەو زاراو

---

(٣) نشأة الفكر- ٢/١٤٢/١٤٤

(تەسەوف) ڕۆیشت و دواتر بەزانستێکی سەربەخۆو بوارەکانی (خواطـر، أحـوال، مکاشفات) ناسرا[1].

(ئیبن و خەلدون) دەڵێ: ئەم زانستە بەیەکێك لەزانستە نوێکان دەژمێردرێت و بناغەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە پێشینان و گەورە هاوەڵان بەسەر قافڵەی ئەم زانستە دەژمێردرێن و لەکۆن و نوێدا پەیڕەوانی ئەم ئاڕاستەیە خەریکی پەرستش بوون و بێ دابڕان سەرگەرمی ئەم بوارە بوون و خۆیان پاراستووە لەدیاردە زرق و برقەکانی ژیانی دوونیا و ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی خەڵەتاوەو ڕویان لێ ناوە، ئەمان کەنارە گیربوون لە ئاستیدا.

لەسەدەی دووەمی کۆچی بەدواوە خەڵکی زیاتر دڵیان بەدوونیا خۆش کردوو، ڕوویان لەدوونیا نا، ئەوانەی کە بەپێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیەوە ڕێگەی پەرستش و خواپەرستیان گرتەبەر بەسۆفیو، ئاڕاستەکەیان بەتەسەوف ناو دەبران[2] .

---

[1] دراسات في التصوف الاسلامي للدكتور محمد جلال شرف ص ٢٨ .

[2] المقدمة-٣/١٠٦٣ بتحقيق الدكتور علي عبدالواحد وافي.

*ئەم باسە لە کتێبەکەدا کەمێ درێژەی دراوەتێ و ئێمە لەوەرگێڕانەکەدا تەنها ئەمەندەیمان بە پێویست زانی(وەرگێڕ).

# بەشی پێنجەم

# هەڵسەنگاندنی
# بیری ئیسلامی

پاش ئەو توێژینەوەو خستنە ڕووە کورتەی کەڕابورد سەبارەت بارودۆخ و قۆناغەکانی گەشەسەندنی بیری ئیسلامی دێرینەمان، پێویستمان بەهەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنێکی گشت گیرهەیە، لەو ڕێگەیەوە تێ ڕوانین و گۆشەنیگاکانمان ڕوون و دیاربن و بتوانین هەڵوێستی پێویست لەئاست ئەو گۆڕانکاریە گەورانەوە، وەرگێڕین کەلەسەردەمی نوێدا هاتوونەتە گۆڕێ، یاخود هێشتا ڕوویان نەداوەو پێویستە بهێنرێنە جیهانی بوون. فەرموون لەگەڵ سەرنج و تێ بینیەکانی ئێمە لەم بارەوە:—

یەکەم:— گومان لەوەدانی‌یە هەموو سەردەمێك کێشەوگیروگرفتی تایبەت بەخۆی هەیەو تێ ڕوانینی ئەو سەردەمەش لەسەر بناغەی ئەو کێشەو گرفتانەو لەدیدی سروشتی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بۆیە چەشنی دۆزو کێشەو گرفتەکان و چۆنایەتی تێڕوانیەکەش پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆو گەورەو کاریگەریان هەیە بەو گۆڕانکاریو ململانێیانەوە کە پەیوەستن بەو سەردەمەوە.

بۆ نموونە: بیری ئیسلامیی لەیەکێك لەسەردەمەکانی مێژووی خۆیدا، جگە لەهەوڵ و تێ کۆشان بۆ چارەسەری ئەو کێشەو ململانێیانەی کەلەو سەردەمەدا هەبوون چی ترنەبووە. ئەو بیرە ئیسلامی‌یە لەو سەردەمەدا ئەگونجێ توانییێتی لەڕێگەی ژیریو ئاوەزو سەلیقەی بیریارەکانی ئەو دەمەوە خۆی بگەیەنێتە بنەماو ئامانجە سەرەکیەکانی ئیسلام و بەپێی پێویستی ئەو دەمە بەرنامەو یاسای لێ هەڵهێنجابێت بۆ درێژە پێدان و پەرەسەندنی بزاوت و ژیانی مرۆڤ لەو دەمەدا، بەتاك و کۆمەڵیەوە. بۆ چۆنایەتی ئەو یاساو بەرنامانەش، جاری وابووە

ڕاستوخۆ چارەی پێویستیان داوە بەدەستی مرۆڤەوە، هەندێ جاریش مێشکی خودی مرۆڤی ئەو دەمەیان کردووە بەسەر پشك و لەچوارچێوەی بیروباوەڕو یاسا گشتیەکاندا ڕەهایان کردووە تا خۆی بۆخۆی چارەی گونجاو لەیاسا گشتیەکاندا بدۆزێتەوە بۆ کێشەو گرفتەکانی تایبەت بەخۆی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو چارەسەرو بیرۆکانە، مەرج نی‌یە بۆ هەموو سەردەمێك لەبارو گونجاوبن بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان. هەر لەم بۆچونەوەیە کەدەڵێین: بیری ئیسلامیی هەر سەردەمێك، مەرج نی‌یە بۆ سەرانسەری ژیانی مرۆڤایەتی بەکەڵك بێت، و ناتوانرێ وەکو وەحی‌و نیگای خوایی مۆرکی ڕاستی‌و هەقانیەتی هەتا هەتایی بخرێتە سەر.

بەڵکو پێویستە بیری ئیسلامیی نوێ، کەڵك و سوود لە بیری ئیسلامی دێرینەی سەردەمەکانی پێشینی خۆی وەرگرێت و تێهەڵکێش بکرێن لەگەڵ یەکتردا، تا ئەو بیرە ئیسلامیە لەوسەردەمەی خۆیدا بتوانێت دەربڕین و پرۆژەکانی گونجاوبن لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکانی سەردەم و هەل و مەرجەکەی خۆیدا، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە بەڕوونی دەرکەوێ کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئاینی سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی‌یەو هەر قۆناغەو بەپێی پێویستی خۆی دەتوانێت یاساو چارەی گیروگرفتەکانی خۆی لە بنەما سەرەکیەکانی ئیسلامەوە هەڵگوزێت و قەتیس نەبێت لە قۆناغێکی ڕابوردووی مێژوودا. بۆیە ئەگەر بێت و لەم گۆشە نیگاو ئاسۆیەوە بڕوانینە بیری ئیسلامی دێرینەمان، کەس زاتی ئەوە ناکات یەکێك لە لێکدانەوەو بۆچونەکان لەسەردەمێکی ڕابوردوودا قنج بکاتەوەو بیسەپێنێ بەسەر خەڵکی‌دا، گوایا ئەم بۆچونە تاکە نوێنەری بیری ئیسلامیەو

پێویستە پەیڕەو بکرێت. بەڵکو پێویستە زۆر بەووردیو سەرنجەوە بڕوانینە ڕووداوو پێشهاتەکان و بیان پێوین بە پێوەرە ئیسلامیەکانداو ئەو کاتە ئەوەی دەتوانین بیڵێین، تەنها ئەوەندەیە کە بڵێین: ئەم بۆچون و لێکدانەوەیە لەوانی تر، نزیك ترو گونجاو ترە لەگەڵ بنەماو ئامانجە گشتیەکانی ئیسلامدا.

لەسەردەمی نوێ خوازیو گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلامیمانداو بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە، زانایانی پایەبەرزو سەردەستەی مەزهەبەکان دەیان فەرموو: (( بۆچونەکەی من ڕاستەو ئەگەری بەهەڵەداچوون هەڵ دەگرێت و بۆچونەکانی دیکەش خراپ نین وئەگەری ڕاستیان لێوە نێزیکە)) ئێمەش ئەگەر بمانەوێ ڕاستی ئەم بنەما بەنرخە دەرخەین، پێویستە بیکەینە تەوەرەی تێ ڕوانینەکانمان، بۆ هەموو ئەو ئیجتهادو لێکۆڵینەوەو ئەرکانەی کەلەلایەن بیریارو زاناکانمانەوە لەدرێژایی مێژوودا خراونەتە ڕوو، چ لەبارەی بەهاو بنەماکانی بیروباوەڕەوە، یاخود لەبارەی پێشهات و ڕوداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بووبن، بەمەرجێك لەچوارچێوەی یاساو بنەما سەرەکیەکان نەترازا بێت ئیتر ڕادەی دووریو نێزێکیان لەڕاستیەوە باسێکی ترە. گرتنە بەری ئەم ڕێچکەو ئاراستەیەش لەتێ ڕوانینماندا بۆ بەرهەمەکانی بیری ئیسلامی دێرینەمان دوو سوودی گرنگ وبە بایەخی دەبێت:-

أ-بیری ئیسلامی سەردەم و نوێ خواز دەرباز دەبێت لەو پچڕ پچڕیو دووبەرەکیو ناکۆکیەی کەلە ئاکامی بیرۆکەو دیدی توند ڕەوانەی هەندێکەوە هاتبوە کایەوە.

ب–خوێندوەو پێداچوونەوەی ئەو گوتارو دیدانەی کەلە سەردەمە ڕابردووەکانداو بەشێوازێکی نەرم ڕەوانە و ڕەسەنانە تەعبیریان لەسەردەمەکەی خۆیان دەکـرد، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەسانی هەڵکەوتووی ئەوتۆ کەبتوانن بەهەمان ڕەوش و ڕێو شوێن هەستن بەیاسا دۆزیو یاسا هەلگۆزین لەبنەما سـەرەکیەکان و بتوانن لەم سەردەمەی ئێستاماندا پەیڤین و گفتوگۆی هێمنانـە بگرنـە بـەر لـە گەڵ ئەو کەسانەدا کە بەدووی ڕاستیو بەڵگەی زانستیدا دەگەڕێن و دەمارگـیری کوێری نەکردوون.

دووەم:– ئەگەر هەڵوێستەیەك بکەین و چـاوێکی خـێرا بگێڕینـەوە بەفەرهـەنگ و کـەلتوری فیکـری چـەرخ و چاخـە ڕابردووەکانمـاندا، دەبینـین مۆرکـی ئـەو سەردەمانەو کێشەو ململانێکانی نێوان ژیارەکانی ئـەو دەمـەیان بـەڕوونی پێـوە دیارەو ڕوون دەبێتەوە کە ئەو فەرهـەنگ و کەلتورانـە، بـەرماوەی وەڵامدانـەوەو ڕووبەڕووبونەوەکانی ئەو زەمین و زەمانەن و لەم سەردەمەدا (نەوەك ناوونە وەك ناوەڕۆك) ناتوانرێت لەڕووی پێشهات و گۆڕانکاریو ململانێکانی ئەم سـەردەمەی ئێستاماندا بخرێنە ڕوو.

چونکە ژیاری نوێی ئەم سەردەمەو ئەو گۆڕانکاریانەی کەلـە ئاکـامی ئـەم ژیـارو شارسـتانیەوە هاتونەتـە گۆڕەپـان وچـەندین دیـدو تـێ ڕوانـین و بۆچوونـی جیاجیـان خسـتووەتەڕوو، خوازیـاری ئـەوەن سـەرلەنوێ چـاوێك بگێڕینـەوە بەکەلتورو خەزێنەو هەڵوێستەکانی بیریـارە دێرینـەکانماندا، تـا بتوانـین شـەن و کەوێکی ئەو بەرماوەو گەنجینەیەمان بکەین و ئەوەی کەلەم سەردەمەدا جێگـەی سوود نییە، توانای سازدانی گۆڕانکاری تیـا بـەدی نـاکرێو وەڵامێکـی چڕوپـڕی

کێشەکانی ئەم سەردەمەی پێ‌نی‌یە، وە لای بنێین و وەکو کەلتورو بەرماویەکی مۆزەیی بیپارێزین و هەریمێنی‌و لەبەر ئەوەی بۆ ئەم سەردەمانە ناشێ نەخرێنە ڕوو. بەڵکو لەمەش زیاتر تەکان و گوڕو تەوژمێکی کە بدەینە خۆمان، تا بتوانین وەك پێشینانمان ڕاستەوخۆ، کەڵك لە قورئان و سوننەت وەرگرین و بیرێکی ئیسلامی نوێ خوازی هاوچەرخیان لێ هەڵگوزین.

بۆ ڕوون کردنەوەی ووردتر، فەرموون با بچینە درێژەی باسەکەوە: ئەگەر تیشك بخەینە سەر لێکۆڵینەوە فەلسەفیە دێرینەکان و سەرنجیان بدەینێ، دەبینین هیچیان تەعبیر لە کێشەی‌و پێشهات و ململانێکانی سەردەمی ئێمە ناکەن و تەنانەت زاراوەکانیش بەیەکتر ناخۆن، ئەم فەلسەفە یۆنانیە کە گەورەترین و بەرجەستەترین چاوگەی فەلسەفە دێرینەکانە، دەبینین چ لەڕووی دەست مایەی مەعریفیەوە، یاخود لەڕووی بەرنامەو نەخشەی چارەسەری ڕووداو، کێشەکانەوەو چ لەڕووی شێوازی کەڵك وەرگرتنی پیتۆلە دێرینەکانمانەوە لەم فەلسەفانە، دەبینین زۆر دوورن لە گۆڕەپانی ململانێی ژیارەکانی ئەم دەمەو کێشە فەلسەفیەکانی ئەمڕۆ تەنها ئەتوانین ئەوەندە بڵێین ئەو دەرەنجام و وەڵامانەی کەزاناو بیریارەکانی ئێمە لەو سەردەمانەدا بەدەستیان هێناوە، ئێستا ئەتوانین وەك بەرماوەیەکی مۆزەیی‌و کەلتوری فیکری، ڕێزیان لێ بگرین و هیچی تر.

لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە بازنەو ئاسۆی کەڵك وەرگرتن لەم فەلسەفەو دەرەنجامە دێرینانەمان زۆر تەسك بکرێتەوەو لەئاستێکی دیاری کراوی وەك بەشی فەلسەفەی‌دا نیشگاو زانکۆ ئیسلامیەکاندا نەبێت، نەکرێنە بەرنامەی

خوێندن و نەوترێنەوە، لەم ئاستەشدا بەو چاوەوە سەیر بکرێن و بخرێنە ڕوو بۆ خوێندکارانی دانیشگاکان، کە ئەم دەرەنجام و بۆچونانە وەڵامی کێشە فیکریەکان و ئاکامی لێکۆڵینەوەی زاناو بیریارە موسڵمانەکانی سەردەمە دێرینەکانی مێژوومانەو بەم لێکۆڵینەوانە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاویان داوە بۆ دۆزو ڕووداوو کێشەکانی سەردەمی خۆیان، ئەو دۆزو ڕوداوانەی کەمێشك و هۆشی خەڵکیان لەو سەردەمانەدا خەریك کردووە. ڕوون ترین و دیارترینی ئەوگرێ کوێرانەی ئەو سەردەمە ڕابوردوانە ئەوە بوو، کەهەندێك وایان دەزانی ناسازگاریەك هەیە لەنێوان دەق و یاسا ئاسمانی‌یەکان و دەرەنجامە نەگۆڕو چەسپاوەکانی عەقڵ و هزری مرۆڤدا!!! بۆیە ئەو فەلسەفەو بیرە ئیسلامیەی کە پێویستە ئەمڕۆ لە کاردا بێت و بخرێتە ڕوو، پێویستە فەلسەفەو بیرێکی ئەوتۆ بێت، وەڵامی بابەتی‌و پڕماناو مەبەست و بەبڕ شتی ئەو ڕووداوو کێشەو پێشهاتانەی ئەم سەردەمەی پێ بێت و بتوانێت لەڕێگەی ژیری‌و لێکدانەوەو دایەلۆکی سەردەمەوە پەردە لەسەر ڕاستی تێ ڕوانینی ئیسلام بۆ (بونەوەرو ژیان و کۆمەڵگاو مرۆڤ) هەڵداتەوەو جەخت بخاتە سەر ئەو بارودۆخە ناهەموارو ناسازگارەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی‌و بتوانێ لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەست بداتە گۆڕانکاری‌و زاڵ بێت بەسەر ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەدا کەلەبەردەم پرۆسەی بەرپاکردن و پایەداربوونی ژیارو شارستانیەتی ئیسلامیدا قنج کراونەتەوە. ئەم ژیری‌و ئاوەزو لێکدانەوە هاوچەرخەش پێویستە هاوچەرخ بوون و سازگاربوونی لەگەڵ سەردەمدا لەئاستێکی بەرزی ئەوتۆدا بێت، کە بتوانێ خۆی قوتارکات لەهەموو خۆرە

فیکریو ئەفسانە خوڕافیەکان و بیری تێك شکێنەری (غونوسی) ڕوخێنەرو ئەو دەمارگیریو مێشك بەنج کردنەی کەوای دەزانی ئەو بۆچوون و لێکدانەوە مرۆییانە، وەحیو نیگای خوایین و هەرگیز ئەگەری بەهەڵەدا چونیان لێ ناکرێ.

پێویستە فەلسەفەی ڕاستەقینە لەم قۆناغە مێژووییەدا، پرۆژە مەزهەبیە ئیسلامیە گشت گیرەکەی لەسەر بناغەو بنەمای زانستیو بەپێی پێوەدانگی ژیریو لەسەر ئاستی سەردەمدا، دابمەزرێنێو پەردە لەسەر ڕوخسارو ڕیشەی دواکەوتوییو چەواشەیی ئەم ژیارەی ئەمڕۆ لابدات و پەنجە بخاتە سەر ئەو کون و کەلەبەرانەی کەلە ئاکامی دوورکەوتنەوە لە خوای بەدی هێنەری، توشی بوون و دەست نیشانیان بکات و بتوانێ بێ ناوەڕۆکیو پوچەڵیو ناسازگاری ئەم ژیارە دەربخات بۆ مرۆڤایەتی.

ئەو فەلسەفەی کە پێداویستی ئەم سەردەمەیە، دەبێت فەلسەفەیەکی بەهێزی ئەوتۆبێت، توانای بەچۆکا هێنانی هەموو فەلسەفە بەناو فیکریە مادیەکانی ئەم دەمەی هەبێت و بتوانێ دەستی ڕۆڵەو لاوە موسڵمانەکانی ئەم سەردەمە بگرێت و ڕزگارو دەربازیان بکات لەو گێژاوو قەیرانەو، ڕۆحی گەش بینی و هەست بەبونی خۆکردن و ڕەسەنایەتی بیری ئیسلامی لەدڵ و دەرونیاندا بچێنێو لە قوڵایی ڕابردووی بیری مرۆڤایەتیەوە دەستیان بگرێت و بەرزیان بکاتەوە بەرەو ئێستاو داهاتووی ژیانیان و لەسەر تێ ڕوانینی دروستی ئیسلامی بناغەیەکی تۆکمەو بەهێزیان بۆ دابڕێژێت، بۆ شێوازی بیرکردنەوەو داڕشتنەوەی ژیانێکی نوێو، هاوبەشی کردن بۆ دەربازکردنی ژیارو دەسکەوتەکانی ئێستای مرۆڤایەتی

لەو قەیرانە دەروونیو ڕۆحیو ڕەوشتیانەی کە هەڕەشە لە قەوارەو بوونی دەکەن.

ئەگەر هات و ئەم فەلسەفە ئیسلامیە لەڕێگەی پرۆژە نوێ خوازیەکەیەوە توانی زاڵ بێت بەسەر کێشەکانی ژیانداو بەو ئەرکە ئیسلامیە زانستیە واقع بینانەیەی خۆی هەستا، ئەو کات پێویستمان نامێنێ بەو شێوازو بابەتە کەلامیە فەلسەفیە کۆنانەی کەئەم سەردەمە لەزمانیان ناگات و لەزمانی ئەم سەردەمە ناگەن.
چونکە ئەو فەلسەفەو بۆچونانە نەك هەر بۆ ئەم سەردەمەو کێشەکانی ئەم دەمە، نەنوسراون بەڵکو تەنات زمانی نوسین وزاراوەکانیشیان ئاشنانین لەگەڵ ڕۆشنبیریو مرۆڤی ئەم سەردەمەدا.

پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە مەبەستمان ئەوەنیە خوا نەخواستە بڵێین، تا ئێستا موسڵمانان بێ ئاگابوون لەم ڕاستیەو هیچیان لەم بوارەدا نەکردووە، نەك هەر ئێمە بەڵکو هەر کەس ئەم بۆچونەی هەبێت ستەم لەبیری ئیسلامی دەکات، چونکە چەندین کەڵە زاناو پیاوی لێهاتوو لەڕێگەی خامە ڕەنگینەکانیانەوە هەوڵی زۆریان داوە. ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین: سەردەمەکە زیاتری پێویستە و داوای زیاتر و زۆرترمان لێ دەکات.

نموونەی ئەم کەڵە پیاوانەش وەك (جەمالە دینی ئەفغانی، موحەمەد عەبدە، موحەمەد ئیقبال، موحەمەد فەرید وەجدی، سەعید نەوڕەسی، ئەبو عەلای مەودودی، سەیید قوتب ، مالیك بن نەبی، بەهی خەولی، مەحەمەد موبارەك، وەحیدەدین خان) ئەمانەو چەندانی تریش. بۆیە دوپاتی دەکەمەوە کە ئەم

هەولآنە لەبواری بەدی هێنانی ئەم فەلسەفە ئیسلامیە نوێخوازەدا دراون، بەلآم ئایا تەنها بیروبۆچون و نوسراوی مردووی ناو پەڕاوەکان بەسن؟!

دیارە ... نەخێر... ئەم سەردەمە پێویستی بە فەلسەفەیەکی زیندوی بەهێزی ئەوتۆ هەیە کە توانای دەرپەڕاندنی فەلسەفە مادیەکان و خۆ ڕێك خستن و سەرکێشانە، ناو هەموو توێژو چینەکانی هەبێت و بتوانێ وەلآمی سەرجەم گرێکوێرەو کێشە لابەلاییەکانی ئەم سەردەمە بداتەوەو ڕێگە چارەی گونجاوی بۆ بێ بۆیان و بنەماو پایەسەرەکیەکانی ژیارو شارستانی هاوچەرخ بخاتە بەر دەستی خەڵکی ئەم سەردەمە، تاله ئاکامدا فەلسەفەیەکی مەزهەبیی ئیسلامیی خاوەن بەڵگەی بەهێز، بێتە کایەوەو بیرۆکەو بۆچونەکان لەجیهانی واقعیدا بەرجەستە بکات و موسڵمانان و ئادەمیزاد بەگشتی قوتارو دەرباز بکات لەو قەیرانە ئاڵۆسکاوە تا سێنەرەی کە هەڕەشەی دواخستن و تواندنەوەو پاکتاوکردنی لێ دەکەن.

سێهەم:- باس و تێ ڕوانین سەبارەت بەبیری ئوسوڵیی فیقهی ئیسلامیمان، جیاوازی بابەتیو زۆری هەیە لەگەڵ ئەو باس و تێ ڕوانین و بۆچونەماندا کە سەبارەت بە فەلسفەو کەلام خستومانەتەڕوو. چونکە زانا یاساناو لێکۆڵەرەوە ئیسلامیەکان تەنها لە چوارچێوەی قورئان و سوننەت داو سۆنگەی ئەوانەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوەو دواتریش تەعبیریان لە واقع بینی ڕاست و دروستی ئیسلامیمان کردووەو هەر لەو دوو چاووگە پاك و پیرۆزەوە بنەما ئسوڵیەکان و مەبەست و مەرامە گشتیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان هەڵگوزیوەو بەو یاساو پرەنسیپە سەرەکیانەوە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی لێکۆڵینەوەی فیقهیی بوراەکانی

ژیانیان کردووە، تاله ئاکامی هەوڵە گەورەو بەرچاوە کانیاندا، چەندین بۆچوون و تێڕوانینی فیقهی جۆراو جۆری ڕێك و پێك هاتنەکایەوەو لەسات و سەردەمی خۆیانداو لە پێگەیەکی جوگرافی فراواندا کە چەندین گەل و نەتەوەی لە خۆگرتبو، و پانتاییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە ئۆقیانوسی ئارام و لە ڕۆژئاواوە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیو کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفەریقای بە باکورو باشوریانەوە دەگرتەوە. ئەم دیدو بۆچوونو تێ ڕوانینانە لەو سات و سەردەمەی خۆیاندا توانیان کێشەو گرفتەکانی ئەو دەمەی ژیانی مرۆڤایەتی لە ئامێز بگرن و چارەی گونجاو ولەباریان بۆ بدۆزنەوە.

لەبەر ئەوە دەستمایەی زانستی فیقهیمان جیاوازە لە دەست مایە کەلامیو فەلسەفیەکەمان، چونکە وەك باسمان کرد ئەم دەستمایە فیقهیەمان دەست مایەو بۆماوەیەکی زیندووەو ناکرێ بەچاوی کەلتورە کەلامیە فەلسەفیە دێرینەکەوە سەیری بکەین و بەکەلتورێکی مۆزەیی لەقەڵەمی بدەین.

وەك لەپێشەوە گوتمان هەموو بیریارێکی موسڵمان لەم سەردەمەدا دەتوانێ ڕاستەوخۆو بەبێ گەڕانەوە بۆ نوسراوو پەڕاوە فیکریەکانی (ئیبن و سیناو فارابیو موتەکەلیم و موعتەزیلەو ئەشعەریەکان) دەتوانێ ڕاستەوخۆ لە قورئان و سوننەتەوە بیری نوێو هاوچەرخی سەردەم، دەربهێنێو دای ڕێژێن.

بەڵام هیچ فیقهـ ناس و بیربارێکی هاوچەرخی نوێ خواز، ناتوانێ ڕووبەڕووی کێشە ووردوو تازەکان ببێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بەدەست مایەو فەرهەنگی زانستیو بابەتی مەزهەب و بۆچونە فیقهیە جیاجیاکان بێت. چونکە ئەو بۆچونە فیقهیانە هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی مرۆڤیان لە چوارچێوەی قورئان و

سوننەتدا چارەسەر کردووەو مرۆڤیش ئەو کاتە و ئێستاش هەر هەمان مرۆڤە و شێوازی پێکهاتەی بایەلۆجی مرۆڤی ئێستا هەر هەمان پێکهاتە ئەو ساکەیەتی، چ لە ڕووی قەیرانەکانی ژیانیەوە یاخود ئێش و ئازارو حەزو ئارەزوو، یان لە ڕووی ململانێکانیەوە بێت لە گەڵ دەوروبەریدا هەر هەمان مرۆڤی ئەو ساکەیە.

فەقیە و ئوسوڵی ئێستا گەر دەست بداتە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەر شتێك چەندین ڕێگە چارەی دروستی لە فەرهەنگی دێرینەمان لە بەردەست دایە.

هەروەها ئەگەر چاوێکی خێرا بخشێنین بە پەڕا و نووسراوەکانی فەتوای ئەم سەردەمەدا کە بە مەبەستی وەڵامدانەوەو چارەکردنی کێشە هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە نووسراون، دەبینین بە شێوەیەکی سەرەکی کەڵك و سوودیان لە چاوگە فیقهی و ئوسوڵیە دێرینەکانمان وەرگرتووە. بە شێوەیەك کە ئەو فەرهەنگ و کەلتورە فیقهی‌یە، بووەتە مایەی چاوپۆشن کردنەوەو پاڵپشتی هەموو لێکۆڵەرەوە هاوچەرخەکانی ئەم دەمەی موسڵمانان یا ڕوونترو ڕاشکاوە تر بڵێین:

هەر کات لێکۆڵەرەوەیەکی هاوچەرخ دەست دەداتە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی هەر کێشەو گیرو گرفتێکی ئەم سەردەمە، چەندین بۆچوون و ڕێگەچارەی گونجاوو لەبار ئامادەیە لە بەر دەستیداو کامیانی بە گونجاو زانی ئیشی پێ دەکات.

من کاتێك بە سەرنج و مەبەستەوە سەیری ئەو پەڕاوو نووسراوە فیقهی‌یە گەورەو دایکانانەم کرد وە، بۆم دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی گشتی هیچ کارەسات و

ڕووداوێکی ئەم سەردەمە نییە، بە بێ ڕێگە چارە مابێتەوە لە ناو ئەو کتێبانەدا، مەگەر تاك و تەرایەك نەبێت.

ئەم ڕاستییەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لـە سـەر ئـەو ڕاسـتییەی کـە هیچ فیقهزان و لێکۆڵەرەوەیەکی فیقهی ناتوانێ دەست بەرداری نەك هەر ئەو بەرماوە فیقهیـە گەورەیـە بێـت، بـەڵکو نـاتوانێ تەنانــەت دەســت بــەرداری یــەك دانــە ڕاوبۆچوونی یەك لە زاناکانیشی بێت.[1]

خـۆ ئەگـەر کەسـێکیش ئــەو جورئــەت و زاتــەی دابــەخۆی و بڕیــاری دەســت بەرداربوون لەو گەنجینە گەورەیەیدا، ئەوا دڵنیاین کە دەبێت لە سفرەوە دەست پێبکاتەوە، لە بەردەم کێشەو کۆسپ و ئاستەنگەکانی ئەم سەرەمەدا بە چۆکـدا دێت و ناتوانێ بە تەنها خۆی چارەی گونجاو بۆ هەموو ئەو کێشانە دابین بکات.

لە وانەیە کەسێك لێمان بگرێت بڵێـت: کـاتێك زاناکـانی ئـەم سـەردەمە، وەڵام و ڕێگـە چـارەی کێشـەکانمان لـەو گەنجینـە دێرینـــەدا بــۆ دەردەکــات، زۆر جــار بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ لەو ڕێگەچارانەدا بەدی نـاکرێت. وە جـاری وا دەبێـت نەك هەر چارەو بەرژەوەندی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆز تر دەکات و گرێکانمان لێدەکاتە گرێ کوێرە. ئێمـەش لـە وەڵامـدا دەڵێـین : – دەگونجێ هۆی ئەو ناسازگاری و نەشازبوونە لە خودی گەنجینە فقهییەکەدا نەبێت، بـەڵکو هۆکاری ناسازگارییەکە لەم خاڵانەی خوارەوە دا بێت :

---

[1] سەدان بابەت و لێکۆڵینەوەی زانستی کە پێشکەش بە دانیشگاکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کراون بەڵگەی ئەم راستییەن.

*دەگونجێ یەکێك لـە زانایـان و فیقـه ناسـان، کـاتێك کـە لـە ڕووداوو پێشـهاتێك دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەکەی بابەتی‌یانە نەبێت و خۆی لـە ڕاو بۆچوونـی چـەند کەسێکدا قـەتیس بکـات، لـە بـەر ئـەوەی زۆر بـە ووردی و سـەرنجەوە کـەڵکی پێویستی وەرنەگرتووە لەو ڕاو بۆچوونانە کە لە لایەن زانایانـەوە سـەبارەت بـەو ڕووداوە خراونەتـە ڕوو، بـەهۆی ئەمـەوە وەڵام وڕێگەچارەکـەی کـولْ وکوێـر دەردەچێت.

*دەگونجێ زانایەك خۆی لەچوارچێوەی یەکێك لە مەزهەبەکاندا قەتیس بکات و بەمەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی بەرژەوەندی خەڵکی لەو ئیشـکال وگـازندەدا کە لەبەر ەمیدایە.

*جاری وادەبێت ئەو فەقیە و زانایە، دەماگیری دەیگرێت بۆ ڕاو بۆچوونی زۆینـە (جمـهور)ی زاناکـان و هـەر ڕاو بۆچوونێکـی جیـاواز لـە گـەڵ ڕاو بۆچوونـی ئـەو زۆرینەیەدا بە نەشاز دەزانیْو بـە هیـچ شـێوەیەك ئـاوڕی لێناداتـەوە و کـەڵکی لیْ وەرناگریْ، بەم کارەشی خـەڵك بـێ بـەش دەکـات لـە بەرهـەمی ئـەو بۆچوونـەو، چارەگونجاوەکەی لە کیسی خۆیشی و خەڵکیش دەدات.

* جاری وا دەبێت زاناو فیقه ناسەکانی ئەم سەردەمە بە عەقڵێکی (مُحَدِّث)انەوە دەڕواننـە کارەسـات و ڕووداوو پێشـهاتەکانەوەو تەنـها بـە بینـین و سـەرنجدانی ڕوخساری ڕووداوەکـە حوکم و فـەرمانی لـە سـەر دەردەکـەن، بـە بـێ گوێدانـە ناوەڕۆك و مەبەست و هەل و مەرج و دەورووبەری کارەساتەکان.

*دەگونجێ هەر بەو شێوەیەش سەرنج بداتە دەق و یاساو بنەمایەکی ئیسلامیی و روخساری دەقەکە چ ماناو مەبەستێکی بەخشی بە بێ هیچ سەر لێکردنەوەو هەڵسەنگاندنێك دایدەبەزێنێتە سەر رووداوە پێشهاتەکەی بەردەمی.

*جاری وا هەیە ئەو زاناو فەقیهە، بە مێشك و هۆشی سەردەمەکەی خۆیەوە ناژی و وا دەزانێ سەردەم هەر سەردەمە کۆنەکەیە، بۆیە بە رەوای نازانێ بە ئەندازەی یەك تاڵە موو لەو رێگە چارە دێرینەی سەردەمە ڕابردووکان لابدات، ئەمەش حاڵەتەش بە هۆی تێکەڵ نەبوونی زاناکەوە لە گەڵ دەورویەرو شێوازەکانی سەردەمەکەیدا ڕوودەدات.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە خوانەخواستە مەبەست ئەوە بێت دەرگای ئیجتیهاد کردن دابخەم. نە خێر دەگونجێ، بەڵکو پێویستە هەوڵ و تێکۆشان بدرێت بۆ گەورە کردن و فراوان کردنی ئەو گەنجینەیەی کە هەمانەو درێژە بە کاری زانا دڵسۆزەکانی خۆمان بدەین، بە تایبەت لەو پێشهاتانەدا کە رووداوی ئەم رۆژەن، گرنگییان پێبدرێت و مێشکی تاك و کۆمەڵمان بخەینە گەڕ بۆیان.

بەڵکو مەبەستم لەم بابەتەمدا ئەوەیە کە هەر کەسێك دەیەوێت خزمەت بە فیقهی ئیسلامیی و موسڵمانان بکات با لە بۆشاییو سفرەوە دەست پێنەکات، بەڵکو پێویستە کەڵك و سوودی پێویست لە هەموو ڕاو بۆچوونەکانی زاناکانمان سەبارەت بەو ڕووداو پێشهاتە وەرگرێت و دەرەنجامەکانی بیرو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکانی خۆیشی بکاتە دوا ئەڵقەی ئەو کەلتورە زێڕینەو بیخاتە بەردەستی خەڵکی ئەم سەردەمە.

## چوارەم:

گومان لەوە دانی‌یە کە سیستمی پەرستشی( النظام العبادي) لە ئیسلامدا بە شێوازێکی سازگار لە گەلْ سروشتی مرۆڤدا، هەڵدەسێت بە پاکژکردنەوەو ڕاگرتنی دەروونی مرۆڤ لە هەموو چەشنە گەندەڵی و پیسی‌یەك و دژایەتی و ململانێی هەموو چەشنە لادان و هەوا پەرستی‌یەکانی ناو دەروونی مرۆڤ دەکات.

بە شێوەیەك، کە لە مرۆڤ نابوورێت گۆشە گیرو گۆشە نشین بێت، بەڵکو داوای لێدەکات ڕۆڵی خۆی هەبێت لە سەر شانۆی ژیانداو پێی هەڵسێت و، بەردەوام پاك و خاوێن ڕای دەگرێت و پەروەردەی دەکات، تا دەیگەیەنێتە ئاستی ڕەبانی‌یەت و داوای لێدەکات کە تەنها گەردن بۆ خوای گەورەو دروست کەرو بەدی هێنەری کەچ کات، نەك بۆ کەسانی تری هاو وێنەو هاو ئاستی خۆی، هانی دەدات خوا بپەرستێ و لەو ڕێگەیەوە تێ‌یدەگەیەنێ کە بەهای ژیان چەندە و بەهای پاشە ڕۆژیش چەندە !!.

ئەمانە هەموو هۆکاری یاریدەدەرن تامرۆڤ بتوانێ زالْ بێت بە سەر حەزە ماددی و دونیاییە نا بەجێ‌کانیداو سروشت و دەروونی بپارێزێت لە لادان و گومڕابوون و ململانێی نا بەجێ، کە لە چاوگەی خۆ ویستی‌و حەز پەرستی‌و شتی لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرن و مایەی سەرگەردان کردن و چارە ڕەش بوونی مرۆڤن. بزاوت و ئاراستەی ڕۆحی‌و ڕەوشتی هاوشان لەگەلْ بیروباوەڕدا هۆکارێکی گەورەو کاریگەرن بۆ پاراستنی مرۆڤ لەلادان و تیاچوون و لەبەریەك هەڵوەشاندنی بەهاکانی.

بۆیە هەرگیز نەبووە ڕۆژێك لەڕۆژانی پێشینی ژیانی ئیسلامیدا یان لەیەکێك لەسەرچاوەکانیدا ئەم دوو چەمکە (سیستمی ڕۆحیو ڕەوشتیو سیستمی بیروباوەڕ) لەیەك جیا کرابێتنەوەو ڕەوشت، شتێکی جیاو بیروباوەڕیش شتێکی جیاواز بووبن لەیەکتر.

زۆر بەداخەوە لەم چەرخە دواییانەداو لەئاکامی تێکەڵ بوون و دەست تێ وەردانی کەلتورو بۆچون و ڕەوتە چەواشەکارەکانەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامیداو لەژێر گوشاری فیکریی فەلسەفە هیندیو بیانیو یۆنانیەکاندا بیرێکی نەشازو چەوت و نێگەتیڤانە بەچەند دروشم و زاراوەیەکی تایبەت و لەسەر چەند بنەمایەکی نائیسلامی، هاتە کایەوەو سەری هەڵداو لەلایەن ناحەزانەوە وەکو داردەستەیەك بەکار دەهێنرا بۆ شێواندنی ڕاستیو حەقیقەتی بەها ئیسلامیەکان و بڵاوکردنەوەی عەقڵیەتی خورافیو کۆنەپەرستیو ئەفسانەگەریو سەرکوت کردن و لاوازکردنی ڕۆحیەتی گەش و بێگەردی ئیسلامیو پووکاندنەوەی ئەو ڕۆحیەتەو پارچە پارچەکردنی موسڵمانان و شێواندنی پەروەردەی ئیسلامی.

دەتوانین بڵێین ئەو ڕەوتە چەواشەکارە هۆکاری سەرەکیو ڕاستەقینەی دۆگمابوون و لەکارخستنی تاکی موسڵمان و هەرەس هێنانی ژیاری پڕ سەروەریی ئیسلامیی بوو لەچەرخە دواییەکاندا.

ئەو ڕەوت و ئاراستە چەواشەیە باڵی ڕەشی کێشا بوو بەسەر سەرجەم گۆشەکانی ژیانی موسڵماناندا. بۆیە ئێمە کە دەمانەوێ سەرلەنوێ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنێکی نوێی هزرو بیری ئیسلامیمان بکەین، پێویستە ئاگامان لەوە بێت کەجارێکی تر ئەو ئەهریمەنە فیکریو ڕەوشتیانە نەکەینەوە بەگژی کۆمەڵگا

ئیسلامییەکانماندا. بەڵکو پێویستە بەرماوەو دەرەنجامی ئەو هەڵانە دووربخەینەوە لە گۆڕەپان و ژیانی فیکریمان و بەسامناک ترین مەترسیو هەڕەشەیان بزانین لەسەر دواخستن و جارێکی تر ڕوخاندنەوەی باڵەخانەی ژیارو ژیانی ئیسلامیمان. ئەمەش لەڕێگەی هاوسەنگ کردنەوەی دیدو ئاسۆی گۆشەنیگاو بۆچوونەکانمان سەبارەت بە (بونەوەرو گەردوون، ژیان، کۆمەڵگا، مرۆڤ) دەستمان دەکەوێت.

پێویستە بزانین کە ئەمڕۆ سەردەمی ململانێو کێ بەرکێی نێوان ژیارو شارستانیەتەکان و قوتارکردن و دەربازکردنی بیری ئیسلامیو بەچۆکاهێنانی ئەو بیرە نامۆیانەیە کەزادەی ئەو قوتابخانە مادیانەن کەلەپێشەوە ئامارەمان پیکردن، هەروەها سەردەمی دامەزراندن و پایەدارکردنی کەسایەتی ئیسلامیی سەربەخۆی سەردەم و هاوچەرخە، نەك چەرخ و سەردەمی خۆکەناردان و گۆشەگیریو خۆدزینەوەو ڕاکردن لە گۆڕەپان و خۆخزاندنە بازنەی داخراوی سەردەمە ڕابردووەکان. چونکە جەنگ و ململانێی ئەمڕۆی ئیسلام لەگەڵ ناحەزانیدا، پێویستی بەخۆ سازدان و گیان لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی هەیە.

ئەم خۆسازدان و ئامادەباشیو بەرخۆدانە، ئەرکی سەرجەم موسڵمانانەو دەبێت وریابین کەشەیتان و شوێن کەوتووەکانی فریوو خواردووی فەرزی کەفائیمان نەکەن و، وابزانین ئەگەر دەستەیەك لە موسڵمانان قۆڵ و چاکی مەردایەتیان لێ کرد بەلادا ئیتر لە کۆڵی ئەوانی کەمان کەوتووە، بەڵکو ئامادەبوون و بەڕەڤانی و خۆسازدان، ئەرکی هەموان و فەرزی عەینیە لەسەر سەرجەمی موسڵمانان، بەپیاو ژنیانەوەو پێویستە بەدەست و دەم و بیرو هزرو ماڵ و سامان و خامەو

پێنوسەکانیان و هەموو هێزو توانایەکیان بخەنە گـەڕ بۆ ڕاست کردنـەوەی ئـەم دۆخ و بارە لـەبارەی کۆمـەڵگاکانیان، بۆیـە دەڵێم فـەرزی عەینـەو بورای خـۆلیٚ لادانـی تێدانیـیە، چونکـە دوژمنـانی موسـڵمانان بـەو شـێوە بـەرین و فراوانـەو بەهەموو کەرەسەیەکی پێویستەوە هاتوونەتە گۆڕەپان بۆمان.

بۆیە پێویستە ئێمەش هەر هەموومان یەك کەوین و ووزەو تواناکانمان یەك خەین و پاشان بەپیٚی لۆژیك و ژێری سەردەم هەریەکەو بوارێك بگرینە بـەرو بەوپـەڕی لیٚ بڕان و شەو نخونی کێشانەوە ئەو بوراە بگرینە ئەستۆو لەهـەر هەڕەشـەیەکی چاوەڕوان کراو بیپارێزین.

# دەروازەی دووەم

# بیری ئیسلامی هاوچەرخ

# بەشی یەکەم

# سەرەتای نوێ کردنەوە

سەرەتای کۆتایی هەموو شارستانیەتو ژیارێك، هێدی هێدی سەر هەڵدەدات، بۆچونێکی هەڵەیە ئەگەر وابزانرێت خۆرەی ژیارەکانو پاشان ڕمانیان کوتو پڕ ڕوو دەدات .

کلۆر بوونو لەبەر یەك هەڵوەشانی ژیارو شارستانیەتەکان بەچەند دەسپێكو سەرەتایەك سەرهەڵدەداتو خۆرکە کە لەسەرخۆ ڕێگەی دەروونو ناخی ژیارو شارستانیەتەکە دەگرێتە بەرو لەگەڵ پیر بوونو بەساڵاچونیدا نەخۆشیو پەتاکەش لەگەڵیدا پیر دەبێت، تا هۆکارو زەمینەی لەباری بۆ دەرەخسێو پەتاکە وەك ئەهریمەنو هێزی شەڕ، خۆی دەخاتە ڕوو، ودەکەوێتە ململانێو زۆرانباری لەگەڵ خاڵە بە هێزو ناوەندە سەرەکیەکانی ژیارەکەدا.

دەگونجێ ئەم جەنگو ململانێیە درێژ خایەن بێتو سەدان ساڵ بخایەنێ، بەڵام لە کۆتایدا ژیارەکە دێت بە چۆکداو لەبەر یەك هەڵدەوەشێتو شکستەکەی ئاشکرا دەبێتو لە دوا دیمەنی ڕووبەڕووبونەوەکەدا مل دەدات بەو یاسا گەردونیەی کە دەڵێت:(ژیانو بوون، لەدایەك بوونەوە دەست پێدەکاتو پاشان بەرەو گەشە سەندنو دواتر چەمینەوەو دوای ئەو بە مردن کۆتایی دێت).

ئەوەی جێگەی سەرنجە چ ژیارو شارستانیەتەکان، یان تەنانەت مرۆڤەکانیش دەبینین هاوکات لەگەڵ لەدایك بوونو سەرهەڵدانیاندا هەردوو هۆکارو فاکتەری (بونیات نانو گەشە کردن لەگەڵ لاوازیو داڕمانو تیا چوون) ئەو دوو هۆکارە دێنە جیهانی بوونو واقع، وەك چۆن مرۆڤێك کە لە دایك دەبێتو یەکسەر لەگەڵیدا، هۆکارەکانی تێك شکانی شانەکانی لەشیو بەد خۆراکیو هۆکارە دەرەکیو ناوەکیەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵیداو تا لە ژیاندایە لێی جودا

نابنەوەو بەردەوام بەرەو تیاچوونی دەبەن، تا لە کۆتایدا بە مـەرگی دەسـپێرن‌و کۆتایی بە ژیانی دێت، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی‌و شارستانیەت‌و ژیارەکانیش هەمان یاسایان بەسەردا دەچەسپێ!.

ئەمە یاسای خوایە لە دروست کراوەکانی‌داو هیچ بـەدیل‌و هۆکـارکێکیش ناتوانـێ ئەم یاسا خواییە لە ئامانجەکانی وەرچەرخێنێ، ئەوەشمان لە یاد بێت کۆمەڵگەو سارستانیەتەکانیش هەروەکوو مرۆڤەکان لـە هـێزو توانـای بـەرگری خۆڕاگریـاندا لەگەڵ ئەو دەردو هۆکارانەدا کە هەڕەشـە لـە بوونیـان دەکـەن جیـاوازن، ئەگـەر کۆمەڵگەیەك ریزەکـانی نـاوخۆی مەحکـەم‌و بـەهێز بـن‌و بـە پـێی یاسـاو نەریتـە گەردونیـەکان کارەکـانی رێـك بخـات‌و بـە شـێوەیەکی پۆزەتیفانــە هۆکارەکــانی بونیات نان‌و خۆ سازدان بەکار بهێنێ ئەوا بێگومان بە ئاسانی‌و بە خێرایی خۆی نـادات بـە دەسـتەوە، هـەر لـەم سـۆنگەیەوە تەمــەن درێــژی‌و تەمــەن کورتــی شارستانیەتەکان‌و هات‌و نەهاتیان دەردەکەوێ.

بێ گومان شارستانیەت‌و ژیاری ئیسلامیش هەر لەم بازنەدایەو بـەدەر نی‌یـە لـەم یاسا گەردونییانەو هەمان چارەنووس چاوەڕێی دەکات.

لەگەڵ سەرهەڵدان‌و یەکەم رۆژی ژیانیدا هۆکارەکانی خۆرکەی ژیارەکـان گـەردن گیری بووەو شان بە شان لەگڵیدا هاتووە.

هاوکات لەگەڵ بوونی پێغەمبـەر- ﷺ- و یـارە کۆچـەرە بـەوەفاکان‌و پشـتیوانە تێکۆشەرەکاندا دەستەی دووڕووەکانیش سەریان هەڵداو هاتنـە گـۆڕێ‌و جولەکـە داخ لـە دڵـەکان‌و سـەروەتمەندە هەلپەرسـتەکان بـە هاوکـاری‌و پشـتیوانی یـەکتر دەستیان دایە داڕێژانی پیلانی جۆراوجۆر دژی کۆمەڵی باوەڕدارو موسلمان.

لەگەڵ درخشانیو گەشاوەیی روخساری بیرو باوەڕو شەریعەتی ئیسلامییو بەهاکانیداو رەوابونی داواکانیدا پاشماوەی نەفامیو رەگەزپەرستیو خواستە نەخۆشەکان هەر مایەوەو رەگو ریشەی شرك رۆڵی بۆگەنی خۆی بینی.

ململانێو رووبەڕووبونەوە لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداو رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندنو کڵپەسەندندا بوو.

قورئانی پیرۆز چەند دیمەنێکی رونو ئاشکرای ئەوتۆی ئەو ململانێیەی خستووەتە روو کە بە تەواوی ریشەی سروشتو دیاردەو چەشنو ئامانجەکانی ئەو ململانێ دەسنیشان دەکات[1].

لەگەڵ ئەم ململانێ بەهێزەشدا، ئوممەی ئیسلامی بەردەوام لە بەرەوپێش چوونو گەشە کردندا بوو وژیانو شارستانیەتی دادەمەزراندو خێرو خۆشیو چاکەی بڵاو دەکردەوەو گەلان بە کۆمەڵی گەورە گەورە موسڵمان دەبوونو رۆژ بە رۆژ پانتایی قەڵەم رەوی زیادی دەکردو کۆڵەکەو پایەکانی لە گەشەسەنداندا بوونو رۆژ بە رۆژ پایەدارتر دەبوون.

لە هەمان کاتداو هاوکات لەگەڵ ئەم گەشەسەندنەدا هۆکارە شەڕخوازەکانیش پەرەیان دەسەندو کۆسپو ئاستەنگیان لەبەردەم ژیارو شارستانیەتە ئیسلامیەکەدا دروست دەکرد.

ئیسلام دەیخواست ئاسۆی دیدو عەقیدەو بیرو باوەڕی مرۆڤ لەبەر رۆشنایی یەکتاپەرستیدا سەبارەت بە (گەردون، ژیان، مرۆڤ) رۆشن بکاتەوە، بە

---

[1] لەم بارەوە تەفسیری سورەی (التوبة، الأحزاب) لە تەفسیری في ظلال القرآن- سید قطب -دا بخوێنەرەوە.

شێوازێك كە ئەو بیرو باوەڕە، هاوئاهەنگو سازگار بێت لەگەڵ سروشتی مرۆڤو دروست کراوەکانی خوای گەورەدا.

کەچی لە بەرانبەرەوە پاشماوەی بێ باوەڕیو نەفامی (کە پێشتر لەگۆڕ نرابوو) لەگەڵ هێزە چەواشەکارو گێرەشێوەنەکاندا خۆیان تەیار کرد بۆ گێڕانەوەی مرۆڤایەتی جارێکی تر بۆ چاخەکانی نەزانیو نەفامیو رەگەزپەرستیو ئەپارتایدو بێ باوەڕی. ئاینی ئیسلام وەك پەیامێکی ئاسمانی کە خوای گەورە رازییە پەیامو یاسای ژیانی مرۆڤایەتی بێت[1] بەردەوام پەلو پۆی دەهاوێشتو ئەو بوارەی کە جیهانی دیار (عالم الشهادة) بوو بەردەوام روونی دەکردەوەو پێداویستییەکانی جێ نیشتەیی مرۆڤی فەراهەم دەهێنا تا مرۆڤەکان بتوانن بە ئەرکی سەر شانیان هەستن، بەلام خۆنەویستانە ئەو تەوژمە ناحەزەو پیلانی نەیارەکانی ناچاریان کرد لە سنووری جیهانی دیارەوە بپەڕێتەوەو دەم لە جیهانی نادیار (عالم الغیب) بکوتێو تیایدا رۆبچێ.

لە کاتێکدا کە جەنگو گازندە بیریەکان لە هەنگاوە سەرەتایەکانیاندا بوون ئەم سەرکێشانە بۆ جیهانی نادیار لە بیری ئیسلامیدا سەری هەڵداو بوو بە هۆی پچڕ پچڕ کردنی بیری ئیسلامیی لە بەرانبەر ئەو بیرانەدا کە لە جەنگدا بوون لەگەڵیداو بوو بە هۆی دەستە کردنی موسوڵمانانو رابۆچونەکان جێگەی ئەو ئاینو پەیامە پاکەیان گرتەوە.

---

[1] بۆ زیاتر ئاگاداری لەم بوارەدا کتێبی (الأسلام والفكر العلمي) محمد المبارك بخوێنەرەوە.

نەخشەی ئەم ئاینە پاکە وا بوو کە مرۆڤایەتی هەمووی بکات بە یەك نەتەوەی بەڕێزو تاکەکانی بە خۆشیو ڕێزو ئاسودەییەوە بژینو دیاردەکانی چەوساندنەوەو ستەم کردن، پاکتاو بکاتو هەموو مرۆڤایەتی بکاتە گەلو نەتەوەیەکی خواپەرستو کۆمەڵگایەکی کراوەی ئەوتۆ پێك بهێنێ کە بنەمای شوراو راوێژ تیایدا پایەدار بێتو هەموو لە ژێر سایەی کەرامەتی مرۆڤایەتیدا بحەوێنەوەو هیچ کەسو خێزانو هۆزو دەستەیەك خۆیان فەرز نەکەن بەسەر مرۆڤایەتیدا.

بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند ڕەگەزپەرستیو سەرکەش بوونی تاکە کەسو خێزانو هۆزو بنەماڵە سەری دەرهێناو ئەو نەخشە بەرزو پاکە ئیسلامیەی شێواندو گیانی شەڕخوازی خۆی سەپاندەوە بەسەر مرۆڤایەتیداو سەروەریو کەرامەتی رامالیو سوکایەتی پێ کرد.

ئیسلام بانگەشەی هەقخوازیو دادگەری کۆمەلایەتیو چاك بەکار هێنانی سامانەکانی دەرکردو، خەڵکی هۆشیار دەکردەوە لە مەترسی سەرکەش بوون بە هۆی زۆریی سامانەوەو رای‌دەچڵەکاندن کە خوا خاوەن موڵکی راستەقینەیە، بەڵام پاش چەند ساڵێك دیاردەی چەوساندنەوەو ماڵو سامان فڕکردن سەری هەڵداو سەروەتی موسڵمانان کەوتە دەستی دەستەیەك لە فەرمانڕەواو کاربەدەستو داردەستە ستەمکارەکانیانو بۆ چەندین چەرخو سەردەم زۆرینەی جەماوەر لە هەژاریو نەداریدا بەسەریان دەبردو بێ بەش بوون لەو سەروەتو سامانە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەیخواست هەموان بکاتە گەلێکی یەك پارچەو هەیبەتو شانو شکۆداری ئەوتۆ کە حسابی بۆ بکرێو بتوانێ پارێزگاری لە خاكو ولاتی خۆی بکاتو بەرپەرچی بێ بڕواو ناحەزو دووڕووەکان بداتەوەو قەوارەو سنووری لە ڕمانو دزەکردنی بیرە چەواشەکان بپارێزێ.

بەلام بە داخەوە هۆکارەکانی کەرتو پەرت بوون کە ئاماژەیان بۆ کرا بوونە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو خواستە پیرۆزو پاکەداو ناحەزان بە هەلیان قۆستەوەو لەو ڕێگەوە دزەیان کردە ناو سنورە ئیسلامیەکانو کەرامەتو ڕێزی ئاینو خاكو خەلکیان پێشێل کرد.

چونکە نەتەوەی ئیسلامیی ڕۆحی ئیسلامی بوونی هێشتا بە گەرمی تێدا مابوو، هەر ئیسلامیی بە ڕێگەی ڕزگاریو ئاسودەیی خۆی دەزانیو، چارەنووسی خۆی گرێ دابوو بە چارەنووسی ئیسلامەوەو گەڕانەوە بۆ لای قورئانو سوننەتی بە تاکە ڕێبازی سەرکەوتنو دەرباز بوون دەزانی.

هەر لەم سونگەیەوە لە هەموو سەدەیەکدا نوێخوازو سەرکردەیەکی هەلکەوتوو، یان چەند سەرکردەیەك سەریان هەلداو هەولی زیندوو ڕاگرتنی ئاینەکەیان دەخستە گەڕو فویەکیان دەکرد بە کورەی ئاینەکەداو جارێك لە ڕووی بیرو باوەڕو عەقیدەوەو جارێك لە ڕووی خۆ سازدانو خۆ تەیار کردنەوە، جاری وایش هەبوو بە شێوەیەکی گشتی پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری کەلتورو شارستانیەتەکەیان بەرپا دەکردو سەرجەم بوارەکانی ژیانی دەگرتەوە، جاری

واش دەبوو هەوڵی ڕێکخستنی ڕیزەکانی نەتەوەی ئیسلامیی دەدراو جیهادو خەبات بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی ئیسلامیی رادەگەیەندرا[1].

ئەگەر سەرنجێکی ئەم چەند سەدەیەی دوایی بدەین دەبینین چەند پێشەواو نوێخوازێك لە چەند جێگایەکی جیهانی ئیسلامیدا سەریان هەڵداوەو توانیویانە ئەو نوێ کردنەوەیە بکەنە بێداریەکی ئەوتۆ کە خۆی لە چەند بزووتنەوەیەکی ئیسلامیدا دۆزیوەتەوەو نەتەوەی ئیسلامیان بێدار کردۆتەوە کە ئاوڕێك لە حاڵی خۆی بداتەوەو رابووردوی هەڵسەنگێنێ‌و خۆی بداتەوە بەر رۆشنایی واقع، تا بتوانێ نەخشەیەکی سەرکەوتو دارێژێت‌و لەوێوە بەرەو ئایندەیەکی درەخشان هەنگاو هەڵگرێ‌و بتوانێ جارێکیتر شارستانیەت‌و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێتەوە.

## نوێ کردنەوەی بیرو باوەڕو عەقیدە:-

شێخ (موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب) کە لە نەجدی دورگەی عەرەبیدا لە ساڵەکانی(١١١٥ - ١٢٠٦) لەو ناوچەیەدا سەری هەڵداوە، بە پێشەنگی ئەو کەسانە دێتە ئەژمار کە لە بواری پاك کردنەوەی بیرو باوەڕی موسڵماناندا کاریان کردووە بۆ پاك کردنەوەی لە بۆچونە خورافی‌و دیاردەکانی شیرك‌و شتی دەست هەڵبەس، بۆچونی شێخ‌و کارنامەکەی سازگارو پڕ بە پڕی ئاینی ئیسلام بوو، شێخ دەیخواست سەرجەم موسڵمانان بگەڕێنەوە سەر دوو چاوگە پاکەکەی

---

[1] ئەمەش راستی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر - ﷺ - دەردەخا کە دەفەرموێ (أن الله يبعث لهذه الأمة على راس كل مائة سنة من يجدد لها دينها) (وفي رواية اخرى دينها).

قورئان‌و سوننه‌ت‌و ته‌نها فه‌رمانبه‌رداری فه‌رمانی خواو پێغه‌مبه‌ر بن. موحه‌مه‌دی کوڕی عه‌بدولوه‌هاب باوه‌ڕی وا بوو که‌ موسڵمانان له‌و سه‌رده‌مه‌دا به‌ تایبه‌ت موسڵمانانی دانیشتووی نیوچه‌ دورگه‌ی عه‌ربی له‌ ته‌وه‌ره‌ی قورئان‌و سوننه‌ت ترازاون‌و چه‌ندین دیارده‌ی نامۆو نابه‌جێ باڵی کێشاوه‌ به‌سه‌ر ژیانیاندا، بۆیه‌ بانگه‌وازی پاکژ کردنه‌وه‌ی بیرو باوه‌ڕو ره‌وشتی تاك‌و كۆمه‌ڵگه‌ی هه‌ڵبڕی‌و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش جگه‌ له‌ فه‌رمووده‌کانی خواو پێغه‌مبه‌ر هه‌رچی قسه‌و رای ناسازگار هه‌بوو به‌بێ جیاوازی له‌ خاوه‌ن‌و پێژه‌ره‌کانیاندا هه‌مووی وه‌لانان.

تاکه‌ پشتیوان‌و سه‌رچاوه‌یه‌ك بۆ ئه‌نجام دانی ئه‌م پرۆسه‌یه‌ پشتی پێ به‌ست به‌رهه‌م‌و نوسراوه‌کانی (أبن تيمية) بوو ره‌حمه‌تی خوای لێ بێت‌و رای‌گه‌یاند که‌ یه‌کتاپه‌رستی ته‌واوو بێ گه‌رد له‌و سێ یه‌کتاپه‌رستی‌یه‌ پێك دێت که‌ بریتیه‌ له‌ :[1]

١- یه‌کتاپه‌رستی له‌ رووی په‌روه‌ردگارێتی‌یه‌وه‌ (الرّبوية)

٢- یه‌کتاپه‌رستی له‌ رووی په‌رستندا (الألوهية)

٣- یه‌کتاپه‌رستی له‌ رووی سیفات‌وناوه‌ جوانه‌کانی خوای گه‌وره‌ (الأسماء والصفات)

له‌م روانگه‌و بۆچونه‌ی سه‌ره‌وه‌، شێخ ده‌ستی دایه‌ دژایه‌تی کردن‌و راماڵینی ئه‌و چه‌مکه‌ ده‌ست هه‌ڵبه‌ست‌و زیاده‌ جۆراوجۆرانه‌ی که‌ شوێنکاری چه‌وتی خۆیان

---

١ برگه‌کانی (کشف ا لشبهات)و (مسائل الجاهلية) له‌ کتێبی الجامع الفريد لاپه‌ره‌ ٢١٩-٢٣٨ هه‌روه‌ها کتێبی (الهدية السنية في التحفة الوهابية)ی سليمان النجدی ص٥٠

بەجێ هێشتبوو لە سەر بیرو هۆشی موسڵمانانی ئەو دەمەو چەواشـەی کردبـوون لە ئاینە پاكو بێگەردەکەیان[٢].

شێخ بەمەشەوە نەوەستاو بەسەر مەشق گرتن لە (ئیبنو تەیمیەو ئیبنو لقەییم) سـور بـوو لەسـەر بانگـەواز کـردن بـۆ ئـەوەی موســلمانان واز لــە دەمارگـیریو راپەسندی خۆیان بهێننو دەست لە مەزهەبو راکان هەڵگرنو بگەڕێنەوە بـۆ لای قورئانو سوننەتو لێکۆڵینەوەی زانستی سەربەخۆو بەڵگەدۆزی، بە رادەیەك کـە دەماگیری بۆ مەزهەبەکانی لـە روانگـەی ئـەم ئایەتـەوە (ولا تؤمنـوا الا لمـن تبـع دینکـم) بـە شـێوازێك بـە نـەفامی لـە قەڵـــەم داو لــە نامیلکــەی (**سـتة أصـول عظیمة**)دا بە درێژی لەبارەی ئەو کەسانەوە دوا کە بە دەمار گیریو راپەسەندی شوێن بۆچونەکانی خۆیان دەکەونو دەڵێن:-

تەنها موجتەهیدێك دەتوانێ سود لە قورئانو سوننەت وەرگرێ کە خاوەنی فـڵان سیفەتو فیسارە سیفەت بێتو جگە لەو کەسانە کەسـی تـر بـۆی نیـە دەم لـە قورئانو سوننەت بکوتێ.

## نوێ کردنەوەی سەرانسەری گشت گیر

پاش وەفاتی شێخ موحەمەد عەبدول وەهاب بە چەند ساڵێك، رۆژئاوای داگیرکەر دەستی دایە داگیر کردنی جیهانی ئیسـلامیو شکسـت بـەدوای شکسـتی دەهێنـا بەسەرداو مەرگەساتو کارەساتی مێژوویی و روخێنەری دەهێنا بەسەریدا، تۆوی پارچە پارچە کردنی لەناو کۆمەڵگەکانیدا دەچـاندو هـەوڵی روخـاندنی پایـەکانی

---

[٢] فتحُ المجید شرح کتاب التوحیدص١٧٧

جیهانی ئیسلامی‌و تێك دانی ئایین‌و کەلتوورو بەتاڵان بردنی خێرو بێری جیهانی ئیسلامی دەداو بیروبۆچونی چەواشەو چەوتی بڵاو دەکردەوە.

ئەم بارو دۆخ‌و دارمانە پاڵی نا بە خەباتکارە راستگۆو زانا بە ئەمەکەکانی جیهانی ئسلامیەوە کە دەست بدەنە رۆشن کردنەوەی ئاسۆی بیری موسڵمانان‌و ئاگادار کردنەوەیان لەو مەترسیەی کە هەڕەشە لە بوونیان دەکات‌و گیانی بەرگری‌و بەرخودان‌و دۆزینەوەی چارەسەریان لەناو دڵی موسڵمانەکاندا دەچاند.

ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەم چەشنە خەبات‌و هەوڵ‌و کۆششەو بزافی نوێ کردنەوەی پەیامی ئیسلام‌و بێدار کردنەوەی موسڵمانان جەمالەدینی ئەفغانی بوو، کە توانی دوژمنی داگیرکەر ریسوا بکات‌و پەردە لەسەر پیلانەکانی‌و ئەو نەخشە جەهەنەمیانەی کە بۆ داگیر کردنی جیهانی ئیسلامی داینا بوون لابدات‌و جەماوەری موسوڵمانی لێ بەئاگا بکاتەوەو ژیان‌و تەمەنی لەم پێناوەداو لە هەوڵی رێکخستنی ریزەکانی نەتەوەی ئیسلامی‌و یارمەتی دانی لە سازدانی گۆڕانکاری‌و سەرلەنوێ بونیات نانەوەی ژیارەکەیدا تەرخان کردو هەستا بە:-

* چارەسەر کردن‌و رامالینی جەهل‌و نەفامی‌و نەزانی‌و گەڕان بەدوای راستیەکان لە رێگەی قورئان‌و سوننەتەوەو لەبەر رۆشنایی بناغەو بنەماکانی یاسادۆزی‌و (أستنباط)ەوە.

* رووبەڕووبوونەوەو دژایەتی کردنی دەمارگیری مەزهەبی‌و خودپەسندی، لە رێگەی لێکۆڵینەوەو رامان لەبەر رۆشنایی سروشتی سەردەم‌و تێگەیشتن لە مەبەست‌و مەرامەکانی شەریعەتەوە.

* دۆزینەوەو هەست کردن بە نهێنیو حیکمەتی جێنشینی خواو ڕۆڵی مرۆڤی موسڵمان لە گۆڕانکاریەکانداو بونیات نانی ژیارو پاشەڕۆژ، لەسەر پێگە بنەڕەتیەکانی عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامی.

* سوود وەرگرتن لە فاکتەرە بەهێزە مۆدرێنو زانستیە بونیاتنەرەکانی ژیاری سەردەم، لەگەڵ ڕەچاو کردنی خۆلادان لە ئاسەوارو کاریگەری نێگەتیڤانەی ئەو کەلتورو بۆچوونە رۆژئاواییانەی کە لەسەر بناغەو پێگەی ماددی داڕێژراون.

* رەت کردنەوەی چەوساندنەوەی سیاسیو حوکمی تاکڕەوی، کە بە یەکێك لە دیارترین هۆکارو دیاردەکانی دواکەوتنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ناشارستانیبوونی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیی دەژمێردرێت، کە لە ئاکامی ئەم تاکڕەویەوە چەندین گرفت لە حوکمڕانیدا دروست دەبێتو لە ئاکامدا سەرجەم عەقڵو کەسایەتیە پسپۆڕو زانا خاوەن بڕواو بۆچونە دروستەکانو سەرجەم جەماوەر پشتگوێ دەخرێنو تەنها کەسێك زاڵ دەبێت بەسەر سەرجەمی نەتەوەیەکداو ئەمەش دژایەتیەکی ئاشکراو ناسازگاریەکی روونە لەگەڵ سیستمی شورای ئیسلامیدا، کە خوای گەورە بۆ بەڕێوەبردنی حوکم بۆی داڕشتووین.

* ئەفغانی دەستی دایە بانگهێشت بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی بەهێز کە لەسەر چەند پایەیەکی زانستی راستو دروست داڕێژرابێتو لەو ڕێگەیەوەو وەك سەرەتایەك بۆ ئەوەی موسڵمانان بە شێوازێکی هاوچەرخو راستو رەوان لە ئیسلامو چەمكو سەرەتا گەردوونیو کۆمەڵایتیەکان بگەن.

* هەروەها ئەفغانی بانگەشەی دەرکرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو شاڵاوە فیکریە بەرفراوانەی کە داگیرکەرانو ناوەندە فەرهەنگیەکانیان دژ بە ئیسلامو

شەریعەتو عەقیدەی ئیسلامو دژ بە پێغەمبەرو پیاوە هەڵکەوتوەکانو مێژوو ژیاری ئیسلامیی (بە مەبەستی شێواندنی سیمای مەشخەڵە ئیسلامیەکانو لەق کردنی متمانەی موسڵمانان بە سەروەری مێژوو ئاینەکەیان) خستبویانە گەڕ، تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵی سڕینەوەی کەسایەتی موسڵمانان بدەنو توانای بەرگریو خۆبەخت کردنیان تێدا نەهێڵنو بەمەش کار بۆ داگیرکردنو بە بەردەکردنی گەلانی موسڵمانانیان بۆ ئاسان ببێت[1]. لە راستیدا ئەم توێژینەوە قوڵو بەرفراوانەی ئەفغانی بۆ زانستە ئیسلامیەکان، بە هۆی عەقڵیەتو ئاوەزی رەسەنی بە مێژووی ئیسلامو گەشەسەندنی ژیانی سەردەمو ململانێ فیکریو سیاسیو سەربازیەکانی نێوان ژیارەکانی سەردەمو جیهانی ئیسلامیی. ئەم فاکتەرانەی سەرەوە وایان کرد کە تەوژمە فیکریەکەی ئەفغانی ببێتە تەوژمێکی گشتگیرو بەرفراوان و روونو ئاشکرای ئەوتۆ کە لە سەرجەم ئەو پێشهاتو رووداوە ئیسلامیو کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووریو پەروەردەییانەی کە رووبەڕووی ژیانی موسڵمانانی ئەو دەمە دەبویەوە، راو سەرنجو قسەی خۆی هەبێت تیایانداو بەبێ هیچ چەشنە دەمارگیریو خۆقەتیس کردنێك بانگەشەی بۆ نوێ کردنەوەی ژیانی فیکریو ژیاری ئیسلامیی دەکرد.

ئەفغانی رووی لە هەر بوارێك بنایە شوێنکاری خۆی تێدا بەجێ دەهێشت، بە تایبەتی لە شێوازی نوێخوازیو لێکدانەوەی کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بە پاڵپشت بەم فاکتەرە گرنگە، قوتابخانەیەکی فیکری گەورەی دامەزراندو چەندین

[1] كتاب (جمال الدين الأفغاني المصلح المفترى عليه) ص ٣٣-٦٢.

بیریارو زاناو سیاسەتمەداری گەورەو ناسراوی پێگەیاندو هەر یەك بە ئەندازەیەك لەو سەلیقەو ژیری‌و زانیاریەیانەیان بۆ خۆیان دەست خست.

دەتوانین ئەفغانی لە سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا بە دامەزرێنەرو رابەری تەوژمی نوێخواز لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا، دابنێین، چونکە ئەفغانی توانی موسڵمانان راچەڵەکێنێ کە بە رامان‌و سەرنجەوە بڕواننە قورئانەکەیان‌و لەبەر رۆشنایی رێنومابییەکانیدا رۆڵی رێنومایی‌و رابەری بۆ موسڵمانان بگێڕنەوەو دڵ‌و بیرو هۆشیان بە جارێکی تر رۆشن بکاتەوەو پاڵیان پێوە بنێت بەرەو سەر لە نوێ دارشتنەوەی کەسیەتی ئیسلامیی‌و رزگار کردنی خاك‌و وڵاتەکانیان.

ئەفغانی توانی ئەو کۆت‌و زنجیرە بشکێنێ‌و هێرشی کردە سەر ئەو میتۆدو رەویە تەفسیریەی کە بە ناوی تەفسیرکردنەوەی کتێبەکانی تەفسیری کردبووە مەیدان‌و گۆڕەپانی پێشبرکێی زمانەوانی‌و زمانزانی‌و راڤەکەرەکانی قورئان دەیانویست بە ریزکردنی وشەو دەستەواژەی پێچ‌و زانستی، وزەو توانایی‌و لێهاتوویی خۆیان دەرخەن، تا لە ئاکامدا کار بە رادەیەك گەیشت کە کەسی پسپۆڕو زانای پیتۆڵ نەبوایە کەس لە تەفسیر تێنەدەگەیشت‌و خۆی لەقەرەی نەدەداو لەم رێگەیەوەو لە ئاکامی ئەم کارەوە موسڵمانان دەست بەدەرو بێ بەش کران لە سود وەرگرتن لە قورئان‌و کتێبەکانی تەفسیر. ئەفغانی بە دوور لەو سەرنج‌و راوو بۆچونانەی کە لە مێژوو گەنجینەی ئیسلامیدا هەن دەستی دایە بانگەشە بۆ تێفکران‌و سود وەرگرتن لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی دروستی پێغەمبەرو رەویەی کرداری هاوەڵان‌و رایگەیاند کە جگە لە وەحی‌و نیگای خوایی

هیچی تر شایان‌و شایسته‌ی ئه‌وه نی‌یه که به چاوی بێ عه‌یبی‌و قه‌داسه‌ته‌وه سه‌یر بکرێت‌و بانگهێشتی بۆ بکرێت‌و بکرێته رێبه‌ری گه‌لانی موسڵمان‌و ده‌یگوت:
(( وازمان له خۆ خه‌ریك کردن به روکه‌ش‌و شیته‌ڵ کردنه‌وه‌ی زمانه‌وانی قورئان هێناوه، له پێناو گه‌یشتن له رۆحی قورئان‌و به کردار کردنی ماناو مه‌به‌سته‌کانیداو له ده‌رگای جیهانی قورئاندا نه‌وه‌ستاوین‌و هه‌نگاومان هه‌ڵگرتووه به‌ره‌و میحرابی قورئان)).
(( ئه‌مڕۆ موسڵمانان خۆیان خه‌ریك ده‌که‌ن به چه‌ند زاراوه‌و چه‌مکێکه‌وه که نه پێویستن‌و نه له به‌رژه‌وه‌ندی رێنمایی مرۆڤایه‌تیدا هیچ سودێك ده‌گه‌یێنن[1] )).
*ئه‌فغانی بانگه‌شه‌ی بۆ نه‌ریتێکی نوێ له ته‌فسیرو راڤه‌کردنی قورئاندا ده‌کرد، تا به‌پێی ئه‌و رێو شوێن‌و نه‌ریته نوێیه شوێنکاری هه‌موو ئه‌و تێگه‌یشتنه هه‌ڵانه‌ی که له بواری عه‌قیده‌و ده‌قه شه‌رعیه‌کاندا له بیرو هۆشی موسڵماناندا ریشه‌ی داکوتابوو له ره‌گ‌و ریشه‌وه ده‌ربهێنێ، وه‌ك ئه‌و تێگه‌یشتنه هه‌ڵه‌یه‌ی که له‌و ده‌قانه‌وه هه‌ڵهێنجێنراوه که له‌باره‌ی قه‌زاو قه‌ده‌ره‌وه هاتوون، که خه‌ڵکی وای لێ حاڵی بووبوون رێو شوێنێك سه‌پێنراوه به‌سه‌ر مرۆڤداو جگه له‌وه‌ی که بۆی داڕێژراوه (به هات‌و نه‌هاتیه‌وه) بۆی نیه هیچ چه‌شنه جموجۆڵ‌و هه‌وڵێك له پێناو ده‌ست خستنی سه‌روه‌ری‌و ئاسوده‌یی خۆیدا بگرێته به‌ر[2] هه‌رچه‌نده له‌به‌ر ناسازگاری هه‌ل‌و مه‌رجی ژیانی نه‌یتوانی ته‌فسیرێکی سه‌ربه‌خۆ بۆ قورئان بنوسێ به‌ڵام ئه‌ڤغانی له رێگه‌ی نوسینه‌کانیه‌وه له گۆڤاری (العُروة الوثقى)و راڤه

---

[1] عبدالقادر المغربي (جمال الدين الأفغاني)، ص٦١-٦٢.
[2] سه‌رچاوه‌ی پێشوو ص٩٩

کردنیەوە بۆ چەند ئایەتێکی دیاری کراو ئەفغانی توانــی ئـەو رەویـەی کـە خـۆی مەبەستی بـوو بـۆ تەفسـیری قورئـان بیخاتـە روو. لـە رێگـەی راڤــەکردنی ئــەو ئایەتانەوە موسڵمانانی ئاگادار کردەوە لـە سروشـتی ویسـتو خواسـتی خـوای گەورەو بارودۆخی ئەو کاتەی موسـڵمانانی پـێ بـەراورد کـردو لـەم رێگەیەشـەوە موسـڵمانان ئەهاتنـەوە بـە هۆشـی خۆیانداو بۆیـان دەردەکـەوت کـە ئـەو کـارو کـردەوەو شـێوازەی ژیـانی ئــەوان ســازگار نی‌یــە لەگــەڵ داواکاریــەکانی قورئانەکەیاندا. بۆ نموونە لەو ئایەتـەدا کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ (**أن الله لا يغيرُ ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم**) .

دەیگوت:- خوای گەورە لە قورئانەکەیدا رێنمایی‌مان دەکاتو تێمـان دەگەیـەنێ کـە هۆکـاری ســەرەکی لــە شکســتی گــەلو نەتــەوەکانو تێـك رمـانی ژیــارو دەسەڵاتەکانیاندا لەوێوە دەستی پێ کردووە کە ئەو گەلو نەتەوانە سـەرپێچیان لـەو رێو شـوێنو یاسـا سـەرەکیو سوننەتانە کردبێـت کـە خــوای گــەورە بــە حیکمەتو دانایی خۆی بۆ بەرێوەبردنی ژیان دای‌رێژاونو پشتگوێیان خستبن، کە واتاکەی ئەوە دەگەیەنێ، خوای گەورە سەروەریو دەسەڵاتو خۆش گوزەرانیو ئاسایشو حەوانەوە لە هیچ گەلو نەتەوەیـەك تێـك نـاداتو نای‌شـێوێنێ تـاوەکو خۆیان لە خۆیاندا پشت هەڵ نەکەن لە عەقڵو هۆشو دیدو تێ‌روانینی دروسـتو پەند وەرگرتن لە چارەنووسی گەلانی پێش خۆیانو ئەوانەی کە لە رێی راستیو خواناسـی پشـتیان هـەڵکردووەو چـارەرەش بـوون، هــەروەها پــەندو عیــبرەت وەرگرتن لەوانەی کە لە رێی راستو گوفتاری دروستو دەرون پـاکیو رەوشـت جوانـیو هەقپـەروەریو هـەوڵدان بـۆ پشـتگیری راســتی لایــان دەداو پشــتیان

هەڵدەکرد لە دادپەروەریو یەکدەنگی لـە سەرخستنی پـەیامی هـەقو راستیداو شوێن ئارەزوە پوچەڵو نەخۆشەکانیان دەکەوتنو هەڵدەسان بە چەندین کـاری ناڕەواو ناپەسەندو ژیـانی بودەڵـەیی و سـەر شۆڕیان هـەڵدەبژارد بەسـەر مردنـی سەربەرزیو سەرخستنی هەقو دادپەروەریداو لە ئاکامدا خوای گەورە دووچـارو گرفتی تاوانەکانی کردنو کردنی بە پەندو عیبرەت بۆ مرۆڤایەتی[1]. ئەم رەویـەو ئاراستەی ئەفغانی شوێنکاری خۆی لەسەر (شێخ محمد عبده) دانـا، کـە نـاوبراو بە یەکێك لـە قوتابیـەکانی ئـەفغانیو پـەیڕەوانی بزاوتەکـەی دادەنـرێو وای پێگەیاندبوو کە موفەسرێکی رەسـەنی هەڵکـەوتووی لێ کەوتـەوەو توانـی ئـەو میتۆدەی ئەفغانی لە رێگەی ئەو وانەو موحازەرانەیەوە کە لە زانکۆی (الأزهـر)ی قەڵای زانستی ئیسلامییدا لە ساڵەکانی (١٣١٧) تا (١٣٢٣)ک دەیگوتنەوە، پێنج جوزئی سەرەتای قورئان بە تەفسیرو راڤەیـەکی زانسـتیو کرداری داڕێژێـت، تـا ئەو کاتەی کە لە ٨/جمادي الأول/ی ساڵی (١٣٢٣)ک وەفاتی کرد.

پاش (محمد عبده) یەکێك لە شاگردە پێشـەنگەکانی کـە ئـەویش (شـێخ محمـد رشید رەزا)یە توانی لەسەر هەمان رەویە درێـژە بـەو پرۆسـە مەزنـەی تەفسـیری قورئان بداتو لە (١٥) بەرگی قەبارە گەورەدا تاوەکو سورەتی یوسفی تەفسـیرو راڤە کردو ئەویش لە ساڵی (١٣٥٤)ک کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە کە ئاراستەکەری سەرەکی تەفسیری (المنـار)ی رەشـید رەزا دیـدو تێروانینو مەنهەجەکەی (العروة الوثقى) بوو کە ئەفغانی هێڵە سەرەکیەکانی ئـەو

---

[1] (العُروة الوثقى)، ص١٧٢، طبعة بيروت، ١٩٧٠.

بیرو دیدەی داڕێژابوو. لە ڕاستیدا تەفسیری (المنار) بە بەرهەمی هەر سێ سوارچاکو کەڵەپیاوی ناودار (ئەفغانیو عەبدەو ڕەشید) دەژمێردرێتو هێڵە سەرەکیەکانی ئەو مەنهەجەش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆیان دەبینەوە:-

(١) خستنەرووی یاسا سەرەکیەکانی گەردونو سونەتی خوای گەورە لە دروست کردنی بوونەوەرو سیستەمەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو هۆکارەکانی بەرزبوونەوەو گەشەسەندنو نەوی بوونی گەلانو بەهێزبوونو لاوازبوونیان.

(٢) خستنەرووی ئەو ڕاستیەی کە ئیسلام ئاینی باڵادەستیو فەرمانڕەواییەو خۆش بەختی دونیاو پاشەڕۆژی بەیەکەوە کۆ کردۆتەوەو لە ئاکامدا ئاینێکی رۆحانی کۆمەڵایەتیو مەدەنیو شارستانی بەدی هاتووەو، هێزی سەربازی بۆ پارێزگاریو سەروەری شەریعەتە دادوەرو ڕێنومایی بەخشە گشتیەکەیو سەروەری گەلو نەتەوەو میللەتەکەیەتی، نەك بۆ زۆرەملێو بەزۆر موسڵمان کردنی خەڵکی.

٣- موسڵمانان ئاینەکەیان تاکە رەگەزنامەیانەو لەو ڕێگەیەوە هەموان برای یەکنو نابێ هۆکارەکانی زمانو حکومەتو...هتد پچڕ پچڕیان بکاتو لە یەکیان دابڕ بکات[٢]. هێڵە سەرەکیەکانی تەفسیری (منار)یش لەم چەند خاڵەدا نومایان کراون:

١- ڕاڤە کردنی ئایەتەکانی قورئان لە چواچێوەو بە پێی ماناو مەبەستی ئەو زاراوەو دەستەواژانەی کە لە کاتو سەردەمی دابەزینی قورئاندا باو بوونو

---

[٢] المنار ١١/١

بەکارهێنراون لەناو عەرەبەکانداو خۆ دوور گرتن لە بەکار هێنانی ئەو زاراوەو دەستەواژانەی کە لەم دواییانەداو لە سەردەمی عەباسیەکانداو، دواتر لە ئاکامی ئاوێتە بوونی ژیارو شارستانیەتو کەلتورەکانەوە هاتنە گۆڕێ، چونکە ئەو زاراوانە هەندێ ماناو مەبەستیان لێ وەردەگیرێ کە عەرەبەکان لە بەکار هێنانەکانی زمانی خۆیاندا بەلای ئەو ماناو مەبەستانەدا نەڕۆیشتوون، لەسەر ئەم بناغەیەش ناگونجێ قورئان بەو زاراوانە تەفسیر بکرێت، چونکە مانای گونجاندنو سازدانی قورئانو ترازاندنی ئایەتو ماناو مەبەستەکانی لە گرێ ژەنەی خۆیانی لێ وەردەگیرێ لەگەڵ رووداوەکانی ژیاندا[1]. ئەم نەهجەی مەنار هێرشێکی توندو تیژ دەکاتە سەر کەسایەتیە تەفسیرکەر (مُفسر)ەکانیئەو دەستەو ئاراستە کەلامیانەی کە قورئانیان دەکێشا بە بۆچونەکانیانداو هەوڵی دۆزینەوەی پاساویان بۆ بۆچونو بیردۆزە کەلامیەکانیان لە قورئاندا دەدا[2]. ئەم چەشنە تەفسیرەی مەنار لەسەر رەویەی پێشینانمان، زۆر رۆنەدەچوو لە کاروباری عەقیدەو باوەڕدا بۆ ئەوەی بیگونجێنن لەگەڵ ئەو زاراوە هاوچەرخە عەقڵیانەدا کە لەم دواییەدا سەریان هەڵدا.

ئایەتەکانی سیفاتی لەسەر شێوازی ئاشکرای خۆیان بەبێ هیچ چەشنە دەستکاریەکی وەك:- (تمثيل- تشبيه- تأويل -تعطيل)و بە مەبەستی خستنە رووی بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامیو چەسپاندنی راستیان، تەفسیر دەکردو بەڵگە قورئانیەکانی دەخستە روو بە شێوازێکی زانستیو لەسەر بناغەی

[1] المنار ١/٧

[2] المنار ٣٧٤/١١

خوێندنـەوەی دیاردەکـانی گـەردوونو ژیـانو کۆمـەڵگاو مـرۆڤ، هــەوڵی ڕۆشــن کردنەوەی دەدان[٣].

٢- بە مەبەستی خۆ دوور گرتن لەو شێوازەی کە تەفسیرە پێشووەکان گرفتاری بوبونو تەفسیرەکانیان کردبووە بواری زانستەکانی (ڕێزمانو ڕێساکانی زمانی عەرەبیو ڕەوانبێژی) ، مەنار خۆی دەپاراست لە توێژینـەوەو بابـەتی زانستی تـا موسلمانان سود لە حیکمەتو دانایی قورئانەکەیان وەرگرن[٤].

٣- لەسەر بناغەو دیدی ئەو بنەماو پەندە کە دەڵێ (تا زانیارو زانست سـەبارەت بـە بوونـەوەرو گـەردونو نـهێنیو یاساکانی زیاتر ببێت زانیـاریو زانسـتو تـێ گەیشتن لـە قورئـانیش زیاتر دەبێت) مـەنار لــە چـوار چێـوەی یاسـاو هێڵـە گشتیەکانی تەفسیردا سودی لەسەرجەم کەلتورو زانستە نوێکان وەردەگرت[٥].

٤- مەنار هەوڵی دەدا هەستێ بە لە بێژنگ دانو تاوتوێ کردنی بۆ ماوەی ژیاری فیکریی موسڵمانانو جیا کردنەوەی ڕەگەزە دزێوو نامۆکـانو کـەنار خستنیانو پاککردنەوەی ئەو گەنجینە فیکریەمان لەو خەیاڵو ئیسرائیلیاتو بیرە چەوتانەی کە ژیریو ئاوەزی زۆربەی موسڵمانانی تێك دابـوو، و گێرانـەوەی عـەقڵو هۆشـی موسڵمانان بۆ ئەو چاوگە ئیسلامیە ڕەسەنەی کە بیری ئیسلامیی ڕەسـەنی لێـوە

٣ ٤٧١/٧، ٥٨٤، ٢٧١/٨.
٤ المنار ٧/١
٥ المنار ٢١٠/١، ٢١٩، ٦٤/٢٠.

هەڵقوڵاوە بۆ ئەو مەبەستەش (مەنار) هەوڵی دەدا چەندە بگونجێ قورئان بە قورئان یان بە سوننەتی پێغەمبەر یان بە ژیان نامەی هاوەڵان تەفسیر بکات[1].

٥- پێویستە ئەو کەسەی تەفسیر دەکات لەو سۆنگەیەوە دەست بداتە کارەکەی کە دەیەوەێت ڕێنمونی قورئان بگەیەنێتە هۆش و دڵ دەروونی خەڵك، چونکە خوای گەورە قورئانی وەك یاسایەکی سەرەکی دابەزاندووە بۆ مرۆڤ، کاری موفەسیر بریتیە لە ڕون کردنەوەی بنەماکانی و گەیاندنی ئەو ڕاستیەی کە شەریعەتی ئیسلامی سازگارە لەگەڵ سروشتی مرۆڤداو تێ دەکۆشێ بۆ ئاسودە کردنی مرۆڤ و دەستە بەر کردنی سەرجەم بەرژەوەندیەکانی، و هێزە شەڕ خوازەکانی لێ بە دوور دەگرێ و دەیپارێزێت لە ستەم و دەمار گیری و پچڕ پچڕ بوون[2].

٦- هەوڵ دان بۆ لەناو بردنی دەمارگیری مەزهەبی و ڕاپەسەندی لە کۆمەڵگای ئیسلامیداو ڕوون کردنەوەی ئاکامی خراپی ئەو دیاردە دزێوە لەسەر یەك پارچەیی موسڵمانان، کە دەماگیری و ڕا پەسندی بو بە هۆی پارچە پارچە کردنی و دواخستنی موسڵمانان و سڕ کردنی مێشك و هۆشیان و مراندنی ڕۆحی داهێنان و نوێ خوازی لەناو دڵ و دەرونیانداو وەستاندنیان تا لە ئاکامدا موسڵمانان جێ پێی پێشینانی وەك : ( أبي حنيفة -سفيان الثوري -إمام أحمد

---

[1] المنار ٢/٧٥، ٤٥٥، ٤١٧

[2] المنار ٧/٦٦٨، ٦٦٩

-الليث بن سعد - الاوزاعي - الشافعي- ......... هتد) يان وون كردو ئيجتاهدبان راگرت[3].

٧- چارەسەر كردنى ئەو نەخۆشىو هۆكارانەى كە بوونە هۆى لاواز بوونو دواكەوتنى كۆمەڵگاى ئيسلاميى، هەروەها هەوڵى بەرپا كردنەوەى سەر لەنوێى شۆرشى قورئان بەسەر هەڵو مەرجو پێكهاتەكانى ژياندا و ئەو شۆرشە هێزى ئەوەى بداتێ كە بتوانێ بە شێوازێكى زانستىو عەقڵى درووست ڕووبەڕووى گۆرانكاييەكانى ژيان ببێتەوەو بۆ بە هێز كردنەوەى خۆىو سەر لە نوێ دارشتنەوەى ژيارو شارستانيەتەكەىو ڕووبەڕوو بوونەى ناحەزو داگير كەرانى خاكەكەىو سود لە بەرهەمەكانى زانستو پێشكەوتنە تەكنەلۆژيكانى سەردەم وەربگرێت[4]. بە پشت بەستن بە بەڵگەى زانستىو ڕاستى ڕووداوەكانى مێژووى بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو هێرشە فيكريەى كە بە مەبەستى لاواز كردنى باوەڕو شەريعەتو مێژوو ژيارو سەركردەو رابەركانى لە لايەن ناحەزانو داگيركەرانيەوە كرايە سەر جيهانى ئيسلامىو پوچەڵ كردنەوەى پيلانو نەخشەكانىو پەردە لادان لەسەر ئەو ڕاستيەى كە مەبەستى سەرەكى لەم هێرشە، دوور خستنەوەى موسڵمانانە لەو ئاينەى كە سەرچاوەى هێزو سەروەرىو سەركەوتنيانە[5].

---

[3] المنار ٢/٨٢، ٨٣، ٣٥٧

[4] المنار ٢/٣٢٣، ٣٢٤-٤/١٤٢، ٣٨١

[5] المنار ٦/٢٣١، ٤٧٥-٧/٣٠٥، ٣٦٩.

ئەم ڕەویەو ئاراستە جوانە توانی شوێنکاری خۆی بەجێ بهێڵێ لەسەر بیری ئیسلامیی ئەم سەردەمە دواییانەو گێڕانەوەی بۆ سەر قورئانی پیرۆز کە بەسەر چاوەی سەرەکی بیری ئیسلامیی دەژمێردرێتو توانی بە شێوازێك زانایان و بیر یارو ڕۆشنبیرانی ئیسلامیی ڕاژەنێتو قەناعەتیان بۆ دروست بکات کە شێوازی ژیانو بیر کردنەوەو تێڕوانینیان لەسەر هەڵەیەو پێویستە دەست بدەنە سەر لەنوێ دارشتنەوەی ژیانیان، بە شێوەیەك کە شایستەی سەردەم بێت.

بە شێوازێك کە لێکۆڵەرەوەی ڕاستگۆو بە ئینساف دەتوانێ بڵێت: هەر کەسێك دەستی دابێتە تەفسیر کردنی قورئان، لە مەنهەجو دیدی (ئەفغانیو عەبدەو رەشید)ەوە دەستی داوەتێ بە شێوازێك لە شێوازەکان شاگردو قوتابی ئەوان بووە.

بۆ نموونە: (عەبدول حەمیدی کوڕی بادیس) لە جەزائیرو (تاهیری کوڕی عاشور) لە تونسو (مەراغیو شەلتونو ئەبو زەهرەو سید قوطب) لە میسرو (مەودووی) لە پاکستان. پوختەی قسەکە بریتیە لەوەی کە: مەنهجو ئاراستەکەی ئەفغانیو شاگردو قوتابیەکانیو قوتابخانەکەی لە (تەفسیری قورئانو خزمەتی فیکری ئیسلامیدا) شورشێك بوو بۆ ڕاگەیاندنی پێداویستیەکی مێژوویيو چارەنوس ساز بۆ سەرلەنوێ داڕێژانەوەی ژیانی ئیسلامیی، لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیداو دەستی موسڵمانانی گرت تا بتوانن بە سەرکوتوانە هەنگاو هەڵگرن بەرەو ژیانی سەردەمو نوێ خوازیو پەنجەی خستە سەر ئەو مەرگەساتو قەیرانانەی کە موسڵمانان گیرۆدەیان بووبوونو چرای ڕزگار بوونی بۆ هەڵ کردنو ڕێنمایی کردن بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی قورئانو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و بێداری

کردنەوەی لە زەرورەتی خۆ ڕزگار کردن و بەرپاکردنی شۆرش دژی دیاردەکانی داگیر کردنی سەربازی و فیکری و ئابووری و هەوڵدان بۆ شارستانی بوون و پێشکەوتن، لەگەڵ پارێزگاری کردنی ناسنامەو کەسایەتی ئیسلامیی سەربەخۆی خۆیاندا.

## نوێ کردنەوەی کەسایەتی و سەر لەنوێ دارێژانەوەی

ئەگەر کەمێك لە قوتابخانەکەی ئەفغانی دوور بکەوینەوەو ڕوو بکەینە نیوچە کیشوەری هند، لەوێ چەندین زاناو بیریاری لێوەشاوەمان بەرچاو دەکەوێت کە بە هەوڵ و هیمەتیان ژیانی مت بووی ئەو ناوچەیان بزواندووەو تەوژمێکی ئەوتۆیان هێناوەتە کایەوە کە لە کەناری شەپۆلەکانیدا پیتۆڵی ئیسلامی و شاعیری گەورە (دکتۆر محمد إقبال) بەدی دەکەین، (محمد إقبال) بانگی نوێ کردنەوەی بیروباوەڕی یەکتا پەرستی لەو ناوچەیەدا چڕی و پێی وابوو کە تەنها یەکتا پەرستی ڕاستەقینە دەتوانێ گۆڕانکاری تەواو لە بوون و قەوارەی کۆمەڵگەدا فەراهەم بهێنێ و هەر لە پێناوی پایەدار کردنی ئەو بیرو باوەڕەش دا بووە کە خوای گەورە ئاین و شەریعەت و حیکمەت و تەنانەت هێزوو فەرمانڕەواکانیشی ڕەوانە کردووە، یەکتا پەرستی ئەو دەواو دەرمانەیە کە نەخۆشی دڵەڕاوکەو ترس دەکوژێ و لێبڕان و ئومێد دەبوژێنێتەوەو هەموو ئاستەنگەکان رادەماڵێ[1].

---

[1] فلسفة إقبال ص ١٠٣

ئەگەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەو کاروباری ژیانی مرۆڤەکان یاساو پێڕەوێك پێویست بێت، ئەوا شەریعەتی ئیسلامیی، کە یاساو قانونی خوایە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیان وەك یاسایەکی خوایی‌و ڕێنماییەکی ئاسمانی، داوا لە موسڵمانان دەکات کە بەهێزو بە توانا بن‌و بوون‌و قەوارەی خۆیان بپارێزن‌و پێیان دەڵێت کە پایەدار کردنی برایەتی‌و یەکسانی، تاکە ڕێگەو فاکتەری سەروەری‌و خۆش گوزەرانی موسڵمانانە[1].

لە پێناو ئەم پرۆسە مەزنەدا کە شەریعەتی ئیسلامیی جڵەوی ئەم ژیان‌و کۆمەڵگە نوێیەمان بگرێتە دەست، إقبال لەو ڕوانگەیەوە کە ئاینی ئیسلام زانست‌و تەوژمێکی ڕۆشنبیریەو ئەو بیرۆکەیەی پێ‌پەسەند نیە کە دەڵێ (گەردون‌و بونەوەر چەسپاوو نەگۆڕە) بەڵکو بونەوەر بەردەوام لە گۆڕانکاری دایەو باوەڕی وابوو کە پێویستە بزاڤی ئیجتهادو لێکۆڵینەوەی زانستی برەوی پێ بدرێ‌و لەو ڕێگەیەوە داهێنان‌و پێشنیاری تازە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیان بخرێتە گەڕ.

ئایدیاو بۆچونی ئیسلام لەو گۆڕانکایەدا ناسازگار نیە لەگەڵ بنەماو بناغە نەمرو نەگۆڕەکانیدا، بەڵکو لە هاو ئاهەنگیەکی گونجاوو تەواودا، هاوسەنگی دەکات لە نێوان درێژە پێدان‌و گۆڕانکاریەکانی گەردون‌و ژیاندا. پێگەو تەوەرەی سەرەکیمان لەو پرۆسەی گۆڕانکاری‌و ئیجتهادەدا، بنەماو سەرەتا نەگۆڕو نەمرەکانی ئیسلامن کە گرنگترینیان باوەر بوون بە گۆڕانکاری‌و چاك سازیە لە

---

[1] - إقبال- عبدالوهاب عذام ص ٩٩

ژیاندا، به شێوازێك ئەو ئیجتهادو لێكۆڵینەوانە لە چوار چێوەی ئەو بنەماو یاساو بناغە سەرەكیو نەگۆڕانەدا ئەنجام بدرێن كە لە قورئانو لە سوننەتدا روون كراوەتەوە[٢].

سەركەوتوترین رێگەش بۆ ئەو لێكۆڵینەوەو رووبەڕوو بوونەوەیە، لەگەڵ گۆرانكاییەكانی ژیانی دونیادا، ئازاد كردنی بیری ئیسلامیمانە لەو كۆسپو ئاستەنگو گیرو گرفتانەی كە رێگەیان پێ گرتووە.

لێرەدا (إقبال) بنەماو یاسایەكی گرنگ دەخاتە روو، كە ئەویش ئەوەیە: لە مێژووی ئیسلامیدا ئەو سەردەمەی كە بیرو بۆچونە ئازادەكانی تیا لە دایك بووە بە گرنگترینو چارەنوس سازترین كاتەكانی تەمەنی مێژووی ئیسلامیی دەژمێردرێت، چونكە دەگونجێ ئازاد كردنی بیرو جڵەو بەردان لە رێگەی بیر كردنەوەی ئازاددا ببێتە هۆكاری لەبەر یەك هەڵوەشانو لەناوچوون!!

هەروەها (إقبال) پرسیار دەكاتو دەڵێ ئایا شەریعەتی ئسلامیی توانای گەشە كردنو پەرەسەندنی تێدایە یان نا؟؟

لە وەڵامدا دەڵێت: مێژووی فقهی ئسلامییو گەشە سەندنەكانی، ئەم راستیە دەچەسپێنێو وەڵامی پرسیارەكەما دەداتەوە[٣].

(إقبال) بانگەشەی بۆ فەلسەفەی (ذات) خودو خوێندنەوە دەكردو مەبەستی پێی ئەوە بوو كە نەتەوەی ئیسلامیی هەست بە كەسایەتی سەربخۆی، خۆی

---

[٢] تجديد الفكر الديني في الأسلام ص ١٦٨-١٧٠

[٣] پێویستە تێبینی ئەوە بكرێت كە هەر وەك چۆن إیقبال شەریعەتی بە مانای فیقهی ئیسلامی بەكار هێناوە ئێمەش بە هەمان مەبەست بەكارمان هێناوە.

بکاتو ئەو هێزوو توانایانەی کە پێی بەخشراون بیانپارێزێتو بیانخاتە گەڕ، بەو پێیە هەر کەسەو بە پێی توانای خۆی دەبزوێو هەوڵو کۆشش دەکات.

ئەم بۆچوونەی (أقبال) بۆچوونێکی مرۆیی رووت بوو، پەیوەندی بە کەسێك یان کۆمەڵ یان گەلێکی دیاری کراوەوە نەبوو، بەڵکو کاتێك قسەی لە (خود) دەکرد مەبەستی (ذات)و خودی ئوممەی ئیسلامی بوو چونکە بە لای ئەوەوە تەنها ئوممەی ئیسلامیی بوو کە هەست کردن بە خودو بوونی خۆی لە دیارترین شێوازەکانی‌دا تیا بەرجەستە بوو.

ئەم بانگەشەی (إقبال) کە بۆ بەهێز کردنی خودو خوێندنەوەی (خودی)ی دەکرد بانگەشەی خۆپەسەندیو سەرکەش بونو شتی لەم چەشنە نەبوو، بەڵکو بانگەوازێك بوو بۆ بوژاندنەوەی کەسایەتی مرۆڤایەتی، ئەو مرۆڤەی کە خوای گەورە بە جێنشینی خۆی لەسەر زەویدا داینـاوە[1]، تا ئاوەدانی بکاتەوەو بکۆشێ بۆ بونیان نانی ژیانو پێشخستنی.

بەلای (إقبال)ەوە ژیان هەمووی تاکە کەسی‌یەو ژیانی گشتیو هاوبەش لە سیمای دەرەکیدابوونی نیەو ئامانجی سەرەکی مرۆڤی موسڵمان چەسپاندنی بوونی خۆیەتی، نەك سڕینەوەو وون کرنی، بناغەی ئەم بۆچونو فەلسەفەشی لەو فەرمودەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەردەگرت کە دەفەرمووێ (تخلقوا بأخلاق الله) لەو روانگەوە کە هەر مرۆڤێك بتوانێ کەسایەتیو بوونی سەربەخۆی خۆی بپرایزێتو بەر جەستەی بکات، دەبێتە تاکێکی سەربەخۆو بێ وێنە.

---

[1] إيقبال عبدالوهاب خدم ص ١٤

(اقبال) به مەبەستی روون کردنەوەی بۆچوونەکەی پرسیار دەکاو دەڵێ: ژیان چییە؟

لە وەڵامدا خۆی دەڵێ: ژیان تاکە کەسیە، لە نموونەی ئەم راستیەش (من)، هەر بەو مانایە تاك بەتەنهاو سەربەخۆیی دەبێتە ناوەندی ژیان، مرۆڤ لە هەردوو رووی جەستەیی‌و رۆحیەوە ناوەندێکی سەربەخۆی ژیانە، بەڵام دوورو نزیکی ئەو کەسە لە خواوەندی گەورەو بە تواناوە تەواویی‌و ناتەواوی‌و بە هێزی‌و لاوازی کەسایەتیەکەی دەردەکەوێت‌و دیاری دەکرێت، کە مرۆڤی کامڵ‌و تەواو ئەو کەسەیە کە زۆر نزیك بێت لە خوای گەورەوە[٢].

(أقبال) دژایەتیەکی سەختی تەسەوفی فەلسەفیانەی دەکردوو دەیگوت لە هەموو نەتەوەیکدا تەسەوف بۆ پوچەڵ کردنەوەی شەریعەت‌و یاسا سەری هەڵداوەو گازاندەی زۆری سۆفیەکانی سەردەمی خۆی دەکردو پەردەی لەسەر ئەو کارانەیان لادەدا کە ناسزگار بوون لەگەڵ شەریعەتدا، یەکێك لەو کارانە ئەو بازرگانی کردنەیان بوو کە بە گۆرو مەزاری پیاوخواو موسڵمانە ناودارەکانەوە دەیان کرد.

(إقبال) هاوکات لەگەڵ داواو بانگەواز کردنەکەیدا بۆ سود وەرگرتن لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانستی‌و پایەدار کردنی یاسادا، بنەماو پێگەو بەها مادیەکانی ژیاری رۆژ ئاوایشی رەت دەکردەوە.

---

[٢] سەرچاوەی پێشوو لا ٢٧

هەڵوێستیشی لەمەر داگیرکەرانی جیهانی ئیسلامیی بەتایبەتو داگیر کەران بە گشتی، هەڵوێستێکی شۆرش گێرانەی جوامێرانە بوو کە بوێرانە ستەمو پیلانەکانی ریسوا دەکردن. (إقبال) نوێ کردنەوەیەکی سەرتاسەری لە ژیانی موسڵمانانی (هیند)دا خوڵقاندو دەستی گرتن بەرەو ئیسلامو راستیەکانی ئاینەکەیانی بۆ روون کردنەوەو دڵو دەروونی پڕ کردن لە باوەڕو خرۆشاندی بۆ کێشەو دۆزەکەیان، بە شێوەیەك هەڵبەستەکانی بوونە سرودی سەر زاری موسڵمانانی ئەو ناوچەیەو لە ژیانی خۆیداو پاش مردنیشی دەیانگوتنەوە.

قوتابخانەکەشی بووبە قوتابخانەیەکی رۆشنبیریی رۆحیی نوێ خوازو توانی چەندین بیر یارو پیتۆڵو چاکە خوازی وەك: (أبوالأعلی المودودی، أبو الحسن الندوی، وحید الدین خان) هەڵبخات، کەئەم پیاوە مەزنانە بە نوسینە بە پێزوو روناکبیریو بیرتیژیان بوون بە رابەرو پێشەنگی بزاوتی نوێ خوازی لە ژیانی ئیسلامیداو توانیان دۆزی ئیسلام لە بەشە مەسڵمان نشینەکەی هندوستانو پاکستاندا بگەیەننە ئاستی ئەو دۆزە چارەنوس سازانەی، کە ژیانی تەوژمو رێژەیەکی زۆر لە موسڵمانانیان دادەرێژاو ئومێد وایە کە بە سود وەرگرتن لە گۆرانکاریو رووداوەکانی سەردەمو لەبەر رۆشنایی مەزهەبیەتی ئیسلامیدا بتوانێ هەستێ بە سازدانو بەرپاکردنی گۆرانکاریەکی سەرتاسەریو پایەدار کردنی ژیارێکی ئیسلامیی مۆدرێنو هاوچەرخ.

ئەگەر ماڵ ئاوایی لە (هیند)ی ئیسلامیی بکەین‌و روو بنێینە یەکێکی تر لەو سەرزەمینانەی کە توانیویەتی چەند سەدەیەك پێشەنگی‌و رابەرایەتی ئیسلامیی‌و سیاسی‌و سەربازی جیهانی ئیسلامیی بکات، ئەویش ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی (تورکیا)یە، دەبینین کە شکست‌و روخانی (خەلافەت)ی ئیسلامیی‌و سەرکەوتنی عەلمانیەت‌و نەخشەکانی‌و مل کەچ بوونی دەوڵەتی عوسمانی بۆ مەرجەکانی وەزیری دەرەوەی ئینگلیز (کورزن)[1] ژیان‌و کۆمەڵگەی ئیسلامیی هەژاندنەوەو، هەوڵێکی دوژمنکارانەی خوێناوی کەوتۆتە گەڕ بۆ دوور خستنەوەی تورکەکان‌و دابڕ کردنیان لە ئیسلام‌و رێ خۆش کردن بۆ پایەدار کردن‌و خستنە گەڕی یاساو داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکان رۆژئاواییەکان لە کۆمەڵگەی تورکیدا ووتنەوەو خستنە رووی فەلسەفەی مادییەت لە خوێندنگا رەسمیەکاندا (وەك رێگە خۆش کردنێك بۆ دابڕین‌و دوور خستنەوەی موسڵمانانی تورکیاو ئوممەی ئیسلامیی لە فەرهەنگ‌و ژیاروو رابردووی مێژووی ئیسلامیان، پیتە عەرەبیەکانیان لابردو گۆریانن بە پیتی لاتینی.

---

[1] مەرجەکان چوار مەرج بوون.

١- تورکیا پەیوەندیەکانی خۆی بپچرێنێ لەگەڵ ئایی ئیسلامدا.

٢- خلافەتی ئیسلامی هەڵوەشێنێتەوە.

٣- پەیمانی سەرکوت کردن‌و پوکاندنەوەی ئەو بزوتنەوانە بدات کە بە مەبەستی پشتگیری لە خلافەت سەر هەڵدەدەن.

٤- دەستورێکی عەلمانی‌و نادینی لە جێی دەستورە عوسمانیەکەدا دابرێژێت.

لەم تاریکە شەوەدا کەڵە زانایەك لە زانا بەتواناو باوەڕدارە کوردە موسڵمانەکان کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیەوە بە زانستێکی بەرفراوانو لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا بە سیاسیەکی سەرکەوتووی رابردوو پاکی خاوەن ئاراستەیەکی چاك سازیو بە خاوەن خەباتێکی پڕ کارەسات لە جەنگەکانی دووژمنانی ئیسلامدا ناسراو بەدی دەکەین، کە ئەویش مامۆستا (بەدیع الزمان سعیدی نەورەسیە) رەحمەتی خوای لێ بێت، بە چاوێکی رەخنەگرانەی بونیات نەرەوە چاوی گێرایەوە بە ژیانی رابوردوی خۆیداو لەسەر بناغەیەکی تۆکمە دەستی دایە دارێژانی پلانێکی توندو تۆڵ بۆ دەرباز کردنی ئیمانو باوەڕی موسڵمانانو پاراستنی ئیسلام لە دەست تێوەردانو لێڵ کردنیو بەرەنگار بونەوە لەگەڵ ئەو شالاوە فیکریو رۆشنبیریەی کە ناحەزانی ئیسلامو مەسڵمانان دەستیان دابویەو ماڵو سامانو زانستو تواناو لێهاتنو پڕوپاگەندەو دەسەلاتەکانیان لە پێناو ئەو هێرشەدا خستبووە گەڕ، مامۆستا (نەورەسی) بە چاکی لە پیلانەکەو نەخشەی ماددیو عەلمانیو نا دینیەکانیگەشتبوو، کە ناحەزان مەبستیانە لە ڕیشەوە بیرو باوەڕی ئیسلامیی لە دڵی موسڵماناندا هەڵکەنن، هەروەها پێی وابوو کە ئەو زانستە دێرینەی کەلام کە لەسەر بنەما عەقڵیەکان دارێژرابوو، زۆر دوورو درێژەو پێ ناچێ سود بگەیەنێ، (بە تایبەت لەم سەردەمەدا). لەم سونگەیەوە لە سەرچاوەی قورئانی پیرۆزەوە بە خۆ دوور گرتن لە زاراوە عەقڵیەکان، دەستی دایە نەخشە کێشان بۆ دارێژانی زانستێکی کەلامی نوێو هاوچەرخ، چونکە قورئانی پیرۆز بە مەبەستی چەسپاندنی راستیەکان بەڵگە عەقڵیە سروشتیەکانی لەسەر بناغەیەکی روونو ئاشکراو بە

کورتی خستووەتە روو، لەسەر بناغەی ئەو راستیە بەڵگە نەویستەی سەرەوەو بە مەبەستی فراوان کردنی ئاسۆی تێگەیاندنی خەڵکی بە زمانی سەردەمەکەی، هەستا بە کۆکردنەوەی گەنجینە مەعریفیو زانستیو عەقڵیەکانی سەردەمی خۆی، بە ئومێدی سودی زیاترو ئاکامی باشتر عەقڵو عاتیفەو سۆزی ئامێتە کرد.

بەڵێ لە ئاکامدا: (نەورەسی) توانی زانستی کەلامی نوێی قورئانی، بە تەواوی مانا دابرێژێ و لە پرۆسەی چاکسازیەکەیدا یاریدەدەرو پشتیوانێکی باشی بێت لە پارێزگاری کردنی بیرو باوەڕی ئیسلامی موسڵمانانو دارێژانی ئەو بیرو باوەڕە لە دڵی تازە لاوو نەوجەوانەکانداو بە شێوازێکی قورئانیو زانستیو هاوچەرخی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو شاڵاوو گومانانەی کە روویان دەکردە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەو سەردەمە.

(نەورەسی) بەم نەخشە تۆکمەیەی، لە پرۆسەیەکی سەرکەوتوانەدا توانی ئەو زانستی یەکتا پەرستیەی کە تەنها کەسانی تایبەتو لە بازنەیەکی دیاری کراوداو بە شێوازێکی ووشکو رەقو تەق لێی حاڵی دەبوون، وەریبگێرێتە سەر کردارو لە ژیانی رۆژانەو هەڵسو کەوتو رەوشتی ژیانی موسڵمانانی ئەو دەمەدا دابرێژێتو بە شێوازێك کە ئەو بیرو باوەڕە لە حەرام کاریو کاری ناپەسەند بیانپارێزێت.

زانستی کەلام توانیویەتی لە هەندێ قۆناغەکانی رووبەڕوو بونەوە عەقڵیەکانی نێوان زاناو پیتۆڵەکاندا، پارێزگاری لە چەمکە ئیمانیەکان بکات، بەڵام نەیتوانیوەو بۆی نەکراوە کە ژیانێکی موسڵمانانەی خوا ویستانەی ئەوتۆ بۆ

موسڵمانان دابڕێژێت كه‌ مانای به‌ندایه‌تی راسته‌قینه‌ی بۆ خوای گه‌وره‌ تێدا به‌ر جه‌سته‌ ببێ.

به‌ واتایه‌كی تر زانستی كه‌لام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ژێر كاریگه‌ری فه‌لسه‌فه‌ی ووشكدابووه‌، نه‌یتوانیوه‌ وه‌ك قوتابخانه‌یه‌كی په‌روه‌رده‌ كردن‌و پێ گه‌یاندن خزمه‌ت به‌ كۆمه‌ڵگه‌ بكات. بۆیه‌ ته‌نها باوه‌ڕ بوونی موسڵمانان به‌ خوای دروسكه‌رو به‌دی هێنه‌ریان به‌ته‌نها نه‌یتوانیوه‌ هه‌ڵسوكه‌وت‌و ره‌وشت‌و بیر كردنه‌وه‌یان پاك بكاته‌وه‌و له‌ تێوه‌گلان‌و چه‌واشه‌ بوون‌و دوور كه‌وتنه‌وه‌ له‌ به‌ها باڵاكان‌و ژیانیان له‌ دوور كه‌وتنه‌وه‌ له‌ یه‌كتا په‌رستی راسته‌قینه‌ بپارێزێت.

(نه‌وره‌سی) توانی په‌رده‌ له‌سه‌ر زام‌و ده‌رده‌كان لابدات‌و په‌نجه‌ بخاته‌ سه‌ر زام‌و دومه‌ڵه‌كه‌و پاشان به‌ شێوازو ده‌رمانی قورئانی هه‌ستا به‌ تیمار كردنی‌و توانی عه‌قیده‌و باوه‌ڕی یه‌كتا په‌رستی بكاته‌ ته‌وژمێكی ئه‌وتۆ كه‌ دڵسۆزی‌و لێبڕان‌و قوربانی دان‌و ره‌وشت به‌رزی لێ كه‌وته‌وه‌و له‌و رێگه‌یه‌وه‌ قوتابیه‌كانی وچه‌ی نوێی پاراست‌و پێی گه‌یاندن‌و دواتر توانی له‌ زۆر جێگه‌و گۆڕه‌پاندا شكست به‌و ره‌وت‌و بۆچون‌و ته‌وژمه‌ ماددی‌و به‌د ره‌وشتی‌و گێژا وه‌بیریانه‌ بهێنێت كه‌ به‌ نیاز بوون موسڵمانان له‌ خشته‌ به‌رن‌و له‌ شارێگه‌ی قورئان‌و سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بیانترازێنن.

## نوێ كردنه‌وه‌یه‌كی شمولی‌و گشت گیر له‌ شێوه‌ی بزوتنه‌وه‌یه‌كدا

هه‌ر له‌ زنجیره‌ی ئه‌و نوێ كردنه‌وه‌یه‌دا له‌ نێوان ساڵه‌كانی (١٩٠٦-١٩٤٩)ز دا پێشه‌وا (حسن البنا) له‌سه‌ر هه‌مان ئاراسته‌و رێڕه‌وی ئیسلامیی، به‌

تایبەت لەبەر رۆشنایی قوتابخانەکەی (جمال الدین، محمد عبده، محمد رشید رضا) دا هەنگاوی هەڵگرت، تا بتوانێ بە شێوەیەکی رێكو پێكو وردو بە روونی ئەو مەزهەبیەتە ئیسلامیە بخاتە روو کە سەرجەم گۆشەو لایەنەکانی ئیسلام لە ئامێز دەگرێت، تا لەوێشەوە بتوانێت هەنگاو بەرەو فیکرێکی ئیسلامی تازەو هاوچەرخی ئەوتۆ هەڵگرێت کە بێداریو راپەرینی ئەم دەمەی موسڵمانان لەخۆ بگرێتو ئیلهام بەخشو رابەری بزوتنەوەو راپەرینەکەیان بێت بەرەو سەر لەنوێ خۆ بنیات نانەوەو، چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە بۆ سەرجەم ئەو کێشەو گرفتو گرێ کوێرانەی کە لە ئاکامی دوا کەوتنو نەزانیو پاشکۆیەتی سەردەمە رابوردوەکانەوە دوچاری بووبوون.

لەبواری عەقائدی ئیسلامیدا، بۆ تێگەیشتن لە ئاکارو ئاوەڵناوەکانی خوای گەورە پێشەوا (حەسەن بەننا) بانگەشەی پابەند بوون بە هاوەڵانی پێغەمبەر( ﷺ ) دەرکردو لەو بوارەدا خۆی لە وروژاندنی دەمەقاڵە لادەداو پێی وابوو هەموو ئەو قسەو باسانەی کە لە رابوردودا لەو بارەوە کراون، ململانێکانی ئەو دەمە فەرزی کردوونو لە ئاکامدا پچڕ پچڕیو دابڕ بوونی موسڵمانانی لێ کەوتەوە،و نەیدەویست لەم دەمەشدا ئەم نەهامەتیە دووبارە ببێتەوەو دەیزانی ئەمڕۆ موسڵمانان لە هەر کاتێك زیاتر پێویستیان بەوە هەیە کە لە یاساو چەمکە سەرەکیەکانی ئیسلامەوە سەر مەشق بگرن، نەك شوێن کەوتنی ئەو بیرو بۆچونانەی کە هیچ چەشنە پەیوەندیەکیان بەم سەرەدەمەی ئێستای ئێمەوە

نی‌یه[1]. له نامیلکه‌ی (العقائد)دا پاش خستنه رووی دیدو بۆچونه‌کانی پێشینان‌و پاشینان (السلف والخلف) له باره‌ی لێکدانه‌وه‌ی ئایه‌ته‌کانی سیفاته‌وه، پێشه‌وا (حه‌سه‌ن به‌ننا) ده‌ڵێت:

(ئێمه باوه‌ڕمان وایه راوو بۆچونی پێشینه‌کانمان ئه‌وانه‌ی که رایان له‌سه‌ر؛ بێده‌نگ بوون‌و رووبار کردنه‌وه‌ی زانیاری ئه‌و ماناو واتایانه بۆ خوای گه‌وره‌یه، شایسته‌ترین راوو بۆچونه که بۆ یه‌کلا کردنه‌وه‌ی ئه‌و ناکۆکی (تأويل وتعطيل)ه شیاوی شوێن که‌وتن‌و به‌سه‌ر مه‌شق کردن بێت، جا ئه‌گه‌ر تۆش له‌وانه‌ی که خوای گه‌وره به نیعمه‌تی دڵ ئارامی‌و دڵنیایی خۆش به‌ختی کردویت‌و به فێنکایی یه‌قین سینگی فێنك‌و سارد کردویته‌ته‌وه، ئه‌وا تۆش بێجگه له‌مه به چیدی رازی نه‌بیت، وه باوه‌ڕمان وایه که لێکدانه‌وه‌ی بۆچونه‌کانی ئه‌و زانایانه‌ش که له‌م دوایانه‌وه سه‌ریان هه‌ڵداوه ( الخلف) ئه‌وه ناخوازێت نه‌حوکمی کوفرو نه به فاسق کردن بده‌ین به‌سه‌ریاندا (ئه‌و ناکۆکی ده‌مه‌قاڵه‌و کێشمه‌کێشه ناخوازێت، که له دێرین زه‌مانه‌وه له نێوان خۆیان‌و که‌سانی تریشه‌وه به‌رپا بووه، ئێمه پێمان وایه ده‌روونی ئیسلام له‌وه هه‌مووی فراوانتره)[2] هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: (پوخته‌ی ئه‌م باسه ئه‌وه‌یه که سه‌له‌ف‌و خه‌له‌ف هه‌موو پێکهاتوو هاو ئاهه‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که (أن المراد غير الظاهر المتعارف بين الخلق، وهو تأويل في الجملة) واته: مه‌به‌ست له‌و ماناو واتایانه‌ی که له ناوه پیرۆزه‌کان ده‌گیرێ غه‌یری ئه‌وه‌یه که خه‌ڵك لێی تێده‌گات.

---

[1] مجموعة الرسائل/ لاپه‌ره ٤٣٥، ٤٣٧، ٤٨٨ و دواتر.

[2] سه‌رچاوه‌ی پێشوو لا ٤١٧

هەروەها یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە هەر تەئویلو لێکدانەوەیەك ناسازگار بێت لەگەڵ یەك بنەماو بناغە، لە بنەماکانی شەریعەتدا، ناپەسەندەو ئیشی پێناکرێت، ناکۆکیەکەیان بەری تەسك بۆتەوە لە لێکدانەوەی لەفزەکان، بەو شێوازەی کە لە شەرعدا پەسەندە، ئەم شێوە لێکدانەوەو تەئویل کردنەش خودی پێشینەکان خۆیشیان کردویانەو پێی هەستاون)[٣] بۆیە گرنگترین کارێك کە ئێستا ئەرکی سەر شانی موسڵمانانە کە پشت بە خوا دەستی بدەنێو پێی هەستن ئەوەیە کە هەنگاو بەرەو یەکخستنی ریزەکانو دروست کردنی یەك دەنگی موسڵمانان هەڵگرن بە پێی تواناو خوای گەورەش باشترین یارو پشتیوانە.

هەر لەبەر گرنگی ئەم مەسەلەیە بوو، پێشەوا (بەننا) هەستا بە دارشتنی ئەم بابەتەو کردی بە یەکێك لەو ئەسڵو بناغانەی کە فەهمو دیدو تێگەیشتنی گشتگیری ئسلامیی لەسەر دارشت: وەك دەڵێت:* (ناسینی خوای پەروەردگارو یەکتا پەرستی لە هەموو بوارێکدا وە دوور خستنەوەی هەموو ناتەواویەك لە زاتی کردگار، بەرزترین جۆری بیرو باوەڕی ئیسلامیە، ئەو ئایەتو حەدیسانەی کە باس لە نازناوەکانی خوا ئەکەن، وە هەر شتێکی تر کە لە ریزی (متشابهات)دا

---

[٣] ئەم قسەیە زۆر راستە، من بە درێژی لەم باسەم کۆڵیوەتەوە لە کتێبی (تفسیر أیات الصفات بین المفوضة والمؤولة)و بۆم روون بۆتەوە کە زۆربەی هاوەڵانو شوێن کەوتوانیانو تەفسیرە باوەڕ پێکراوەکان یەك دەنگن کە دابەش کردنی مێژوو سەردەمە ئیسلامیەکان بۆ سەلەفو خەلەف کارێکی هەڵەیە. نوسەر.

* لێرە بە دواوە بۆ بە کوردی کردنی ئەو برگانەی– رسالة التعالیم – کە لەباسەکەدا هاتوون راستەوخۆ سودم لە (نامیلکەی التعالیم) وەرگرتووە کە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

بێت بەو جۆرەی کە هاتووە (بەبێ شی کردنەوەو مانا کردنو چەنو چون) باوەڕی پێ دێنین، خۆمان نادەین لە قەرەی ئەو مەسەلانەی کە زانایان جیاوازی رایان تیادا بووە، وە لەم بوارەدا رەویەی پێغەمبەری خواو یارانی ئەگرین)[1].

هەروەها لە ئەسڵی چوارەمدا کوژەکە ( التمائم)و دوعاو نوشتەو شەنس گرتنەوەو فاڵو پروپاگەندەی غەیب زانینو شتی تری لەم بابەتە، حەرام دەکاتو دەڵێت: هەرچی شتی تری لەم چەشنە هەیە مونکەرەو پێویستە لە دژی کار بکرێت[2].

لە ئەسڵی سێزدەهەمدا راماندەچلەکێنێت لەوەی کە پیاو چاکان بە موقدەس سەیر بکرێنو، لە چوارچێوەی شەریعەتی پیرۆزدا جێگەی شایستەیان دەست نیشان دەکاتو دەڵێت: خۆشویستنی پیاو چاکانو چاکە وتنیان، بەهۆی کارو کرداری باشیانەوە هۆی نزیك بوونەویە لە خوای پەروەدگار، (ئەولیاء) بریتین لەوانەی کە لەم ئایەتەدا باس کراون (الذين آمنوا وكانوا يتقون) واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو لە خوا دەترسن. یونس/٦٣.

کەرامەت بە مەرجە شەرعیەکانیەوە شتێکی سەلماوە، بەلام ئەبێ ئەوە بزانین کە (ئەولیاء) ناتوانن سود، یان زیان بە خۆشیان بگەیەنن (لە ژیانیاندا یا دوای مردنیان) چ جای بە غەیری خۆیان[3].

---

[1] مجموعة الرسائل ص٣٥٧، الطبعة الثالثة، ١٩٨٤م.

[2] سەرچاوەی پێشوو لا ٣٥٦.

[3] سەرچاوەی پێشوو لا ٣٥٨.

له ئەسڵی چواردەشدا زیارەتی سەر قەبران بە شێوازی رەوا دەست نیشان دەكاتو زیارەتی نادروستو داتاشراویش دەست نیشان دەكاتو دەڵێت:
چوونە سەر قەبران (هەر گۆرێك بێت) سوننەتێكی شەرعیە، بەو چۆنیەتیە سوننەتیەوە كە لە پێغەمبەرو یارانیەوە وەرگیراوە، بەڵام داوای كۆمەك لە مردوان (هەر كەس بن) وە هاوار لێ كردنیانو داوای كارو نیاز لێكردنیان (لە نزیك یان لە دورەوە)و نەزر بۆ كردنیانو، گۆڕ هەڵچنینو داپۆشینیو روناك كردنەوەیو دەست پیا هێنانیو سوێند خواردن بە غەیری خواو هەرچی لەم بابەتەیە لە گوناهە گەورەكانو ئەبێ هەوڵی لەناو بردنیان بدرێ، وە پەنا نابەینە بەر گۆڕینو تەئویلو پینە كردن تا دەرگای بەهانەی لادان والا نەبێت)[٤].
هەروەها لە ئەسڵی پانزەیەمدا روونی دەكاتەوە كە دوعا كردن ئەگەر لە رێگەو بە وەسیلەی یەكێك لە دروستكراوەكانی خواوە بكرێت جیاوازیەكی لاوەكی (خلاف فرعي) لەسەر چۆنیەتی دوعاكەیەو پەیوەندی نیە بە عەقیدەوە[٥].
ئەمەی كە پێشەوا (بەننا) وتویەتی هەندێ لە گەورە زاناكانی ئیسلامیش وەك (الآلوسي) لە تەفسیرەكەیدا هەر هەمان راوو بۆچونیان هەیەو ئەوانیش وا دەفەرمون[٦].
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە خودی پێشەوا (بەننا) باوەڕی بەم چەشنە دوعا كردنە بوبێت.

---

[٤] سەرچاوەی پێشوو لا ٣٥٨.
[٥] سەرچاوەی پێشوو لا ٣٥٨.
[٦] روح المعاني، ١٢٨/٦، المنيرية اوفسيت.

بەهەمان شێوە لە بواری پەرستشیشدا لەسەر بناغەی قورئانو سوننەت هێڵە سەرەکیەکانی رەویەو مەنهەجی بەندایەتیو پەرستشێکی دارێژا، کە بتوانێ هەستێ بە دارێژانەوەی کەسایەتی رۆحیی مرۆڤو تاکی موسڵمانو ئەو عیبادەتو پەرستنەی بێتە مایەی پارێزگاری کردنی لە لادانو تێکشکانو لەبەردەم شاڵاوی لە خشتە بردنو دەسخەرە بوون بە دیاردە خەڵەتێنەرەکانی دونیادا بیپارێزێتو بیکاتە تاکێکی بە کەڵکو سود بە کۆمەڵ بگەێنێتو لە هەڵوێستەکانیدا وەك موسڵمانێکی خوا پەرست مەبدەئی بێت نەك مەسڵەحی[1].

لەم بارەیەوە جیاوازی راو بۆچونەکانی نەدەوروژاندو رێگەی لە را گۆرینەوەو گفتو گۆی زانستیو بابەتیو لەسەر خۆو برایانە نەدەگرت، تا لەو رێگەیەوە موسڵمانان بەبێ دەمارگیریو راپەسەندی بەراستی بگەنو حەقیان بۆ رۆشن ببێتەوە.

لە ئەسڵی دووەم دا دەفەرموێت قورئانی پیرۆزو سونەتی، پاك سەرچاوەی هەموو موسڵمانێکن، بۆ ناسینی بەرنامەو یاساکانی ئیسلام، قورئان ئەبێ بە گوێرەی رێزمانی عەرەبی لێی تێبگەین، بەبێ زۆر لەخۆ کردنو لە سنور لادان، وە بۆ تێگەیشتن لە سوننەتی پاك ئەبێ لە زانایانی باوەڕ پێکراوی حەدیس کەڵك وەرگرین[2].

هەروەها لە ئەسڵی حەوتەم دا دەفەرموێ: بۆ هەر موسڵمانێك هەیە کە نەگەیشتبێتە پلەی لێکۆڵینەوەو تێبینی لە ئەحکامە فەرعیو فقهیەکاندا

---

[1] سەیری- المأثورات-ی پێشەوا بەننا بکە تا لەم مەبستە بگەیت.

[2] مجموعة الرسائل، ص ٣٥٦.

پەیرەوی بکات لە یەکێك لە پێشەواکانی ئیسلام، وە باشتر وایە لەگەڵ ئەم پەیرەوی کردنەیدا هەوڵبدات هەر چەندە لە توانای دا هەیە ئاگادار بێتەوە لە بەڵگەو دەلیلەکانی پێشەواکەی... هەروەها هەموو ڕێنموییو ئیرشادێك کە بەڵگەی لەگەڵدا بێت قەبوڵ بکات، مادام ڕاستیو توانایيو ئەمینداری خاوەنەکەی بۆ دەرکەوتبێ.

وەئەگەر زانست خوازو عالمە، هەوڵ بدات کە ناتەواوی خۆی لەو لایەنەوە پڕ بکاتەوە تا توانای لێکۆڵینەوەو ورد بوونەوە لە دەلیلەکانی هەبێت[٣].

لە ئەسڵی هەشتەمیشدا دەفەرموێت: جیاوازی لە لقەکانی شەرعدا نابێتە هۆی جیاوازی لە ئایندا، نابێ بکێشێ بەرەو دوژمنایەتیو کینەبازی، هەموو موجتەهیدێك پاداشتی خۆی وەرئەگرێ، وەلەو مەسەلانەدا کە جیاوازيو ئیختلاف هەیە ڕێی لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەی زانستی ناگیرێ، بە مەرجێك لەسایەو سێبەری خۆشەویستی خوا دابێتو بە هاوکاری کردنو ڕێنموییی یەکتر بێت، بێ ئەوەی بکێشێ بەرەو دەمارگیرییو (تعصب)و دەمەقاڵە[٤]. لە ڕوی حوکمو سیاسەتیشەوە، لەبەر ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامیی شەریعەتێکی ڕەبانیەو بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی بەندەکان هاتووە توانای گەشەسەندنو ڕووبەڕوو بوونەوەو چارەسەری کێشەکانی ژیانی تێدایەو، پێشەوا (حەسەن بەننا) بانگەشەی پیادە کردنو جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامیی

---

٣ سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥٧.

٤ سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥٧.

له سەرجەم بوارەكانی ژیاندا دەكرد[1] وەك له ئەسڵی یەكەمدا دەڵێت: ئیسلام بەرنامەو سیستەمێكی سەرتاسەری‌و تەواوە، هەموو رواڵەت‌و لایەنەكانی ژیان ئەگرێتەوە. ئیسلام دەوڵەت‌و نیشتمانە، یا دەسەڵاتداری‌و نەتەوەیە، رەوشت‌و هێزە، یا میهرەبانی‌و داد پەروەریە، رۆشەنبیری‌و یاسایە، یا زانست‌و دادگەری، ماددەو سامانە، یا كەسابەت‌و دەوڵەمەندیە، تێكۆشان‌و جیهادو بانگەوازە، یا لەشكرو بیرو باوەڕە، هەروەها عەقیدەیەكی راست‌و پەرستشێكی دروستە[2].

له بارەی ژیانی ئابووریشەوە، بانگەشەی دەكرد بۆ ئازاد كردنی ئابووری گەلانی موسڵمان‌و دەرباز كردنی له ژێر دەستەیی بێگانە، بۆ ئەوەی بەروبوومی ئەو ئابووریە بگەرێتەوە دەست خاوەنە زەحمەتكێشەكانی.

هەروەها داوای بەدوادا گەڕان‌و دۆزینەوەی سەرچاوە ئابووریەكان‌و بەگەڕ خستنیانی دەكرد، تا لەو رێگەیەوە بتوانرێ هەنگاو بەرەو سەردەمی پیشەسازی‌و بەرهەمهێنان هەڵبگیرێ.

زۆر به راشكاوانە باوەڕی بە ئاراستەی بە كۆمەڵ كار كردن‌و پرۆژی بە كۆمەڵی له كاری ئیسلامیدا هەبو، ئەو باوەڕەشی لەوەدا نومایان دەبوو دەدرەوشایەوە كە جیاوازی‌و بن دەستی‌و باڵا دەستی‌و چینایەتی ستەم كارانەی له كۆمەڵگای ئیسلامیدا رەت دەكردەوەو داوای دەكرد كە نابێ بەرژەوەندی‌و سامان داری تاكە كەسی دژوارو ناسازگارو ئاستەنگ بێت لەبەردەم بەرژەوەندی گشتی‌دا، بۆ ئەو مەبەستەش داوای دەكرد سامانداریە زەبەلاح‌و بەرفراوانەكان

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥٧.
[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥٦.

هەڵوەشێندرێنەوەو دابەش بکرێنەوە بەسەر جوتیارو کەم دەرامەتەکانداو داوای دەکرد کە دەوڵەت هەستێ بە رێکخستنی ژیانی ئابووری تا لەو رێگەیەشەوە بە ئەرکی خۆی هەڵسێت‌و دەستی هەل پەرستان بگرێت‌و بواریان نەدات چیتر ستەم بکەن[٣].

(حەسەن بەننا) قسەی خۆی لەبارەی سیستمی ئابووری ئیسلامیەوە کورت دەکاتەوەو پوختەکەی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دادەڕێژێت:

١- دەیگوت ماڵ‌و سامانی حەلاڵ، راگرو کۆڵەکەی ژیانە، هەوڵدان بۆ دەستخستنی‌و باش بەرهەم هێنان‌و بەکار هێنانی واجبە.

٢- پێویستە هەموو کەسێکی کاراو لێهاتوو کارو کاسبی هەبێت.

٣- دۆزینەوەی سەرچاوەی کانزا سروشتیەکان‌و سود وەرگرتن لە هەموو ئەو هێزو مادە خامانەی کە لە بونەوەردا هەن.

٤- رێگاو رێ‌و شوێنەکانی دەست خستنی حەرام، قەدەغەیەو حەرامە.

٥- پێویستە سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ ژیانێکی نزیك لە هاو ئاستیەوە بژین‌و لە رێگەو بە هۆی ئەو هاوئاست بوونەشەوە بە فیرۆ دانی ماڵ لە لایەن سامان دارەکانەوەو هەژاری‌و برسیەتیش لە لایەن نەدارەکانەوە لە ناو دەچن‌و نامێنن.

٦- دابین کردنی بیمەی ئابوری بۆ هەموو هاوولاتیەك‌و مسۆگەر کردنی ژیانی‌و هەوڵدان بۆ حەواندنەوەو ئاسودە کردنی.

---

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨٨- ٤٠٤.

٧- هاندانی خەڵك بۆ خێر کردن و بەخشندەیی، لە بوارە خێر خوازیەکانداو هەوڵدان بۆ گەشە سەندنی گیانی بۆ یەك ژیان و هاوکاری کردنی یەکتر لە بوارەکانی چاکەو خوا پەرستیدا، لە نێوان هاولاتیاندا.

٨- ڕێز دانان بۆ ماڵ و سامان و ڕێزگرتن لە سامان و سەرمایەی تاکە کەسی، بە مەرجێك دژوار نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا.

٩- ڕێکخستنی کڕین و فرۆشتنەکان بە یاسایەکی داد پەروەرانەو بە بەزەیی.

١٠- دەوڵەت بەرپسیارە لە پارێزگاری کردنی ئەم سیستەمە ئابوریەدا[1]

لە بواری خەبات کردنیشدا لە نوسین و وتارو کردارەکانیدا دژایەتی داگیرکەرانی دەرکرد، بە تایبەت ئینگلیزەکان، کە لەو سەردەمەدا وولاتی میسریان داگیر کردبوو.

زۆر مەبەستی بوو لە پێناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەران و ناحەزان و دوژمنانی ئیسلام و موسڵماناندا، نەتەوەی ئیسلامیی پەروەردەبکات و رایان بهێنێت لەسەر خەبات و جیهادی ئیسلامیی پیرۆز، لەم پێناوەشدا نامیلکەی جیهادی نوسی و لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: (فرض الله الجهاد على كل مسلم فريضة لازمة لا مناص منها ولا مفر معها، ورغب فيه أعظم الترغيب، وأجزل ثواب المجاهدين والشهداء، فلم يلحقهم في مثوبتهم إلا من عمل بمثل عملهم ومن أقتدى بهم في جهادهم......... الخ)[2] ئەم باوەڕە دامەزراوەشی بە جیهاد، وەرگێڕایە سەر واقع و چەند تیپێکی خەباتکاری پێك هێناو لە ساڵی ١٩٤٩ز دا ڕەوانەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٠

[2] سەرچاوەی پیچشوو ٤٢١

فەلەستینی کردن‌و لەو جەنگە پیرۆزەدا بە جوانترین شێوە جەنگان‌و سەروەریان تۆمار کرد[٣] چەند تیپێك لەو تیپە خەباتکەرانە دوو ساڵ پاش شەهید بوونی پێشەوا (حەسەن بەننا)، دژ بە ئینگلیزە داگیرکەرەکان بەشداری ی جەنگی (القناة)یان کرد[٤] هەڵوێستی لەمەڕ ژیارو شارستانیەتەوە هەمان هەڵوێستی ئەفغانی‌و سەرکردە نوێ خوازەکانی تر سەردەم بوو، کە خوازیاری سود وەرگرتن لە زانست‌و زانیاری‌و رێکخستن‌و داهێنانی رۆژئاوایە، بەبێ شوێن کەوتن‌و بە پاشکۆ بوون بۆ فەرهەنگ‌و فەلسەفە ماددی‌و عەلمانیەکان‌و چەواشەکاریە کۆمەڵایەتی‌و جنسیەکانی[٥] بۆ هەموو ئەمانە سەرچاوەی لەوەوە دەگرت کە: ئیسلام عەقڵ ئازاد دەکات‌و مرۆڤ هان دەدات کە سەرنج بداتە بونەوەرو هەروەها رێز لە زانست‌و زانایان دەگرێت‌و پلەیان بۆڵد رادەگرێت‌و پێشوازی لە چاکی بە کەڵك دەکات لە هەموو شتێکداو ئەو بنەمایە پیادە دەکات کە دەفەرموێت: (الحكمة ضالة المؤمن أينما وجدها فهو أحق الناس بها)[٦]

یەکێك لەو راستیە مێژوویانەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویە کە پێشەوا (حەسەن بەننا) لە چواچێوەی ئەفسانەو بیر کردنەوەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە ماوەی بیست ساڵی دوایی ئەو تەمەنی کورتەیدا واتە لە ساڵی دوایی ئەو تەمەنە کورتەیدا وات لە ساڵی (١٩٢٧-١٩٤٩ز) توانی ئەوەی کە بانگەوازی

---

[٣] الأخوان المسلمون في حرب فلسطين- كامل الشريف.
[٤] المقاومة السرّية في قناة السويس- كامل الشريف.
[٥] مجموعة الرسائل (١٠٢، ١٨٩، ٢٧٥).
[٦] سەرچاوەی پێشوو ٣٥٨.

بۆ دەکرد پیادەو بەرجەستەی بکاتو کۆمەڵێك لاوی تازە دەم هەڵبخاتو بە پەروەردەیەکی ئیسلامیی و لە چواچێوەی هەوڵێکی ڕێکخراوی بە کۆمەڵ و لە ڕێکخراوی (الاخوان المسلمین) دا پەروەردەیان بکاتو لێهاتوویی ئەو پرۆژە ئابوریەش لە ڕێگەی چەندین دەزگاو ڕێکخراوەی ئابووری ئیسلامیەوە دەربخات. کە ئەمە لە پلەیەکی پیلانەکەیدا بوو بۆ دروست کردنی گۆرانکاری لە کاروباری تێکشکاوی کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

ئەم هەنگاوەشی لەبەر ڕۆشنایی پیلانە پەروەردەیەکەیدا راپەراند، کە بریتی بوو لە پێگەیاندنی تاکی موسڵمان پاشان خێزانی موسڵمان پاشان کۆمەڵگای موسڵمانو دواتر دروست کردنی حکومەتێکی ئیسلامی کە بتوانێ شەریعەتی خوا پیادە بکاتو پەرتەوازەیی موسڵمانان یەکبخاتو سەروەریان بگێرێتەوەو خاكو وڵاتە داگیرکراوەکەیان ئازاد بکاتو ئاڵای جیهادو خەباتو بانگەواز بۆ لای خوا هەڵگرێت، تا لەو ڕێگەیەوە هەموو جیهان خۆشنوود ببێ بە ڕێنماییەکانی ئیسلام[1].

ئەم بیرو بۆچوونانەش لە مەزهەبیەتی ئیسلامی گشتگیرەوە سەرچاوەیان دەگرت. ئەوەندەی کە من ئاگاداریم هەبێت بەسەر نوسراو بیرەوەریەکانی پێشەوا (حەسەن بەننا) داو لە ڕێگەی ووتارەکانی سێ شەمانو نووسینەکانییەوە لە گۆڤاری(الشهاب) و بە پێی ئەوەی کە لێیەوە وەرگیراوەتەوە ئەوەی کە گەورە زانایانو پیاوانی ناودارو باوەڕ پێکراو لە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.

بارەیەوە وتوویانەو ئـەوەی کـە لـەبارەی شیتەڵ کردنـی بـیرو راو شـێوازی کـار کردنەکەیەوە ئەو گەورە پیاوانەوە کە پێشـەواو قوتابخانەکـەی لـە سەرانسـەری جیهانی ئیسلامیدا هەڵیخستون‌و لەبارەی ئەو ئاسەوارو جێدەستەی کـە لەسـەر بانگەوازو بیری ئیسلامی هاوچەرخەوە بەجێیان هێشتووەو نوسراوە.

لە روانگەی ئەمانە هەموویانەوە بە دڵنیایی‌و لەخۆ رابینینەوە دەتـوانم بڵێم: کـە بانگەوازەکـەی بـۆ تێگەیشـتنی دروسـت لـە ئیسـلامی راسـتەقینەو نـوێ کردنـەوەی بـیری ئیسـلامیی سـەر لـەنوێ دارشـتنەوەی کەسـایەتی ئوممـەی ئیسلامیی‌و ئەو تێروانین‌و تێگەیشتنە قوڵەی بۆ ئەو قۆناغە گرنگ‌و بەبایـەخ‌و پـڕ مەترسیەی کە نەتـەوەی ئیسـلامیی پیـادا تێپـەڕ دەبـوو، هـەروەها ئـەو هەسـت کردنە زیرەکانەیـەی بـۆ ململانـێی ژیارەکـانی دەوروبـەری‌و ئـەو بـە ئاگـا بوونـە گشـتگیریەی کـە لـە گۆشـە نیگـای زانیاریـەکی ووردو بنەرەتیانـەی بنـەما ئیسلامیەکاناوە هەیبوو بۆ سەرجەم کێشەو گرفتە ژێرخانی‌و سەرخانیەکانی ئـەو دەمە، دەتوانم بڵێم: بانگەوازێکی ئیسلامیی پاڵاوتە کراوی هاوسەنگ بوو، توانـی بە شێوازێکی رەسەن‌و لەسەرخۆو هاوسەنگانە، مەزهەبیەتی ئیسلامیی لەبارەی بوون‌و بوونەوەرەوە بخاتە روو سەرتا لـە کۆمـەڵگای ئیسـلامیەوە دەسـت بداتـە بینا کردن‌و بنیات نان.

پێشەوا (بەننا ) دڵنیا بوو لەوەدا کە خۆ خـەریك کـردن بـە هەڵوەشـاندنەوەو لەناو بردنی هەندێ باوو نـەریت، دەبێتـە مایـەی سـەر هـەڵدانی نـاکۆکی فیکـری دڵتـەزێن لـەناو خـۆی موسـڵمانانداو دەبێتـە رێگـر لەبـەردەم یـەك دەنگـی موسـڵمانان‌و ئاراسـتە کردنـی توانـاو لێهاتنـە ئیمانیـەکانیان‌و روبـەڕوو بوونـەوە

لەگەڵ دوژمنـــە دەرکیـەکانیاندا، چونکـە ململانـێی گـەورەو سـەرەکی لـەم سەردەمەدا ململانێی نێوان بلۆکی ژیاری ئیسلامیی‌و بلۆکـی ژیـانی رۆژئاواییـیە بە سەرجەم توانا سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سەربازییە دوژمنکارییەکانیەوە.

زۆر بە راشکاوانەو بەبێ دوودڵیەوە؛ بیرو رام وایە کە لە سەرانسەری مێـژووی ئیسلامیدا بێجگە لە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بانگـەوازێکی ئیسـلامیی نوێ خوازی تر نەبووە وەك بانگەوازەکەی پێشەوا (حەسـەن بـەننا) بتوانێـت بـە شێوەیەکی هاوسەنگ هەموو ئیسلام بە عەقیدەو شەریعەت‌و خورەوشتەوە، بـەو شێوازە جوان‌و تێرو تەسـەلە بخاتـە روو گیـانی رەببانیـەتی بـەو شـێوازە گشـت گیرە بکات بە بەردا.

هـەموو ئـەو واتـاو چـەمك‌و مەبەسـتە گرنـگ‌و بەبایـەخانی کـە لـە نامیلکـەی (التعالیم)دا داپڕێـژاون‌و بـەو ئەسـڵانە شمولیـەت‌و میـان رەوویی‌و هاوسـەنگیەتی ئیسلامیی‌و خستوەتە روو، لە نامیلکەکانی تریشـیدا سـەرەرای ئـەوەی کـە ئـەو مەبەسـت‌و واتایانـە بـاس دەکاتـەوە زیـاد لەمـەش ئاکارەکـانی بانگاوازەکـەیی‌و تایبەتمەندی بزوتنەوەکەی‌و باوەڕی پەیڕەوانی پێی دەخاتە روو، وەك:

١-بانگەوازێکی سەلەفیە؛ چونکـە بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە ئیسـلام بـە چاوگە سەرەکیەکانی خۆی واتە قورئان‌و سوننەتەوە وەرگیرێت‌و بناسرێت.

٢-رێچکەو ئاراستەو تەوژمێکی سـوننیە؛ چونکـە لـە هـەموو شـتێکدا خۆیـان لەسـەر پـەیرەوی سـوننەتی پـاك‌و پـیرۆز رادەهێنـن، بـە تایبـەت لـە عـەقیدەو پەرستەکانیاندا.

٣-سۆفیەتیەکی راستەقینەیە؛ چونکە دڵنیان لەوەی بناغەو بنەوانی خەیر پاکژی نەفسو دڵو دەرونو بەردەوام بوونە لەسەر کردەوەی چاکەو خۆشەویستی خوا.

٤-رێکخراوێکی سیاسیە؛ چونکە لەسەر ئاستی ناوخۆ، خوازیاری چاککردنی حوکمو فەرمانرەواینو لە ئاستی دەرەکیشدا خوازیاری چاو پیاگێرانەوەو رێکخستنی پەیوەندی ئوممەی ئیسلامین لەگەڵ گەلو نەتەوەکانی دیکەدا، هەروەها خوازیاری پەروەردە کردنی گەلن لەسەر سەروەریو پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتین.

٥-دەستەیەکی وەرزشیە؛ چونکە گرنگی دەدەن بە جەستەو لەشو لاریانو ئەزانن کە باوەڕداری بە هێز چاکترە لە باوەڕداری لاواز، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: بەدەنو جەستەت مافی تایبەتی هەیە بەسەرتەوە. هەروەها دڵنیان لەوەی کە ئەرکو فەرائیزەکانی ئیسلام بۆ ئەنجامدانیان بە شێوازی دروست پێویستیان بە لەشو جەستەیەکی دروست هەیە، بۆ نموونە:

(نوێژ، رۆژو، حەج، زەکات).

٦-زوانگەیەکی زانستیو رۆشەنبیریە؛ چونکە ئیسلام دەست خستنی زانستو زانیاری بە ئەرکی هەموو موسڵمانێك- بە نێرو مێوە- دا دەنێ، وە لە راستیشدا ناوەندو بارەگا ئیخوانیەکان خۆیان لە خۆیاندا قوتابخانەی فێر کردنو رۆشنبیر کردنو پەیمانگای پەروەردە کردن (جەستەو ژیریو رۆح)ن.

٧-کۆمپانیایەکی ئابووریە؛ چونکە ئیسلام زۆر بە بایەخەوە دەڕوانێتە چۆنیەتی پەیدا کردنیماڵو سامانو چۆنیەتی خەرج کردنو بەکار هێنانی، وەك

پێغەمبەر(ﷺ) دەفـەرموێت: (نعم المال الصالح للعبد الصالح) واتـە: باشـترین مـاڵو سامانی چاكو ساڵح بۆ بەندەو عەبدی ساڵحە.

وە دەفـەرموێت: (من أمسى كالاً من عمل يده أمسى مغفوراً له) واتە: هەر كەس بژێوی بە زەبری رەنجی شانی خۆی پـەیدا بكـاتو بـەو حاڵـەوە ئێوارە لێبێت خوای گەورە بەر لێشاوی لێبووردنی خۆی دەخات.

وە دەفـەرموێت: (أن الله يحب المؤمن المحترف) واتـە: خـوا بـاوەڕداری خاوەن پیشەی خۆش دەوێت.

٨-بیرۆكەیەكی كۆمەڵایەتیە؛ چونكە بە مەبەستەوە گرنگـی دەدەنـە كێشـەو گرفتەكانی كۆمەڵگەی ئیسلامیی هەوڵدەدەن چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

لەبەر ئەوەی كە ئیسلام خۆی ئـاینێكی گشـتگیرە، جیـهان بینـی ئیسـلامیش هەمان شمولیتو گشتگیری هەیە بـە هـەمان شـێوە لـە كـاتێكدا غـەیری ئیخـوان گرنگیو بایەخیان بەیەك بوار دەداو تواناكانیـان لـەو بـوارەداو قـەتیس دەكـرد، دەبینین كە (ئیخوان) بە هەمان شمولیەتو گشـتگیری ئیسـلامیەوە گرنگـی دەدا بە سـەرجەم بـوارە جۆرەكـانی ژیـانو دەیـانزانی كـە ئیسـلام داوای ئـەوەیان لێ دەكات[1].

نهێنی ئەو شمولی بوونەی بانگەوازو بزوتنەوە ئیسلامیەكەی پێشەوا (حەسەن بـەننا)ش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە هـەروەكو چـۆن لـە سـەرەتای سـەر هـەڵدانی

[1] مجموعة الرسائل ص ١٢٢-١٢٣.

ئیسلامەوە، پێغەمبەر(ﷺ) ڕووبەڕووی جاهیلیەت و نەفامی ئەو دەمە بە عەرب و نا عەرەبیەوە بویەوە و بە گشتگیری شمولیەتی وەحی و نیگای خوایی بەرەنگاری بوویەوە، هەمان هەڵوێست لەم سەردەمەشدا دووبارە بوویەوە، موسڵمانان بە گشتی لە ئاینەکەیان دابڕاوبوون و گیرۆدەی داوی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بووبوون و سەرجەم بوارەکانی (سیاسەت و حوکم و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروردە و فێرکردن و جەنگ و ئاشتی و ئەدەب و هونەرو خورەوشتی) داگیر کردبوون.

ئەم وەرچرخانە هەمە لایەنە و بەرفەراوانە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هاوسەنگ و هەمە لایەنە و بەرفراوانی تەواو هەبوو کە خۆی بە دوور بگرێت لە دیدو تێڕوانینی لاوەکی و چارەسەری کاتی و بە ئاسۆی فراوان و گۆشە نیگای گشتگیرەوە بڕوانێتە ژیان و کێشەو گرفتەکانی.

ئەم کارو پرۆستەو هەڵوێستە گرنگەش پێویستی بە پێشەوایەکی پێشەنگی ڕەبانی و خوا ناسی و ئەوتۆ هەبوو کە قورئانی پیرۆز لەبەر کردن و خوێندنەوەو تێگەیشتن و حاڵی بوون و کار پێکردنی، دڵ و دەرونی داگرتبێت و بە مەبەستی پەیڕەوی کردن و بە پێی توانا و لە گشت بوارەکاندا شوێن پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێت و وەك مرۆڤێك جێ پێی هەڵگرێت.

پێشەوا (حەسەن بەننا)ش بە گەواهی ئەو کەسانەی کە بینی‌ویانەو لەگەڵیدا ژیاون و گوێیان لێ گرتووە، ئەو مەرج و ئاکارانەی بە زیادەوە تێدابووە شایستەی ئەو پلە بەرزە بووە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرەدا کات بەو باسەوە نەگرین هەر کەس مەبەستی بێت دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو دەیان کتێب و نوسراوەوە کە لەبارەی

کەسایەتی خۆیی و بانگەوازەکەیی و بزوتنەوەکەیەوە نوسراون ئاگاداری و زانیاری لەو بارەوە دەست بخات.

هەر لەم روانگەیەوە بانگاوازەکەی بە هەموو جێگەیەکدا بڵاو بووەوەو هەموو ئاستەنگو کۆسپو پەردەکانی بەزاندو لە هەموو وڵاتە ئیسلامیەکاندا بەر پەروەردەیەکی ئیسلامیی هاوسەنگو گشتگیرو تێرو تەسەل، وەچەو نەوەیەکی نوێی پێگەیاند، بە شێوازێك پەروەردەی کردن کە نە بەلایەکدا بکەونو نە توندرەو دەرچنو نە متبوونو سڕبوون روویان تێبکاتو نە سەرکەشو سەرەڕۆش دەرچن، بەهەمان شێوە نە خۆیان بە زل بزاننو خۆیان بە گەورە بگرن لەسەر کەسانی ترداو نە تەها خۆشیان بە خاوەن داری ئیسلام بزانن.

هەر لەبەر ئەمە بوو کە سەرکردەکانی بلۆکی ژیاری رۆژئاوایی بە دیارو نادیارەکانیانەوە بەئاگا هاتنەوەو دەستیان دایە پیلان داڕشتن بۆ لە ناو بردنی شەهید (حەسەن بەننا) خۆیی و بانگەوازە ئیسلامیە پیرۆزەکەشی کە بە گەورەترین مەترسیان دەزانیی و لەسەر ئێستاو پاشە رۆژی قەوارەی ئەو ژیارە رۆژئاوایەی کە بە دەستی خودی موسڵمانان خزاندبویانە ناو زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکانەوە.

پێشەوا (بەننا)ش هەستی بەم مەترسیە گەورەیەی دوژمنانی داگیرکەر کردبوو، لەم روانگەیەوە قوتابیی و پەیڕەو براکانی پەروەردە دەکرد کە لە لایەکەوە شانازی بە خۆیانو بانگەوازەکەیانەوە بکەنو لە لایەکی تریشەوە زۆر بە هێمنیی و لەسەر خۆیی و حیکمەتەوە کار بکەن، چونکەپێشەوا دەیزانی ئاکامی کارەکەی سەر فرازی گەلانی موسڵمان دەبێتو لەسەر ئەمەش پەیڕەوانی

پێدەگەیاندو وەك لە نامیلکەی (بين الامس واليوم) دا لە ژێر ناونیشانی (العقبات فی طريقنا) دا دەفەرموێت: (دەمەوێ بە راشکاوانە پێتان بڵێم بانگاوەزەکەتان تا ئێستاش لای زۆربەی خەڵك شاراوەیەو بێگومان ئەو رۆژەی کە دەیناسن‌و لە مەرام‌و مەبەستەکانی تێدەگەن، دەست دەدەن ناکۆکی‌و دوژمنایەتیەکی سەخت لەگەڵیداو لەوەو پاش چەندین کۆسپ‌و ئاستەنگی دژوار رێگەتان پێ دەگرێ، ئا لەو کاتەدا پەیام داری‌و خاوەن بەرنامەیی ئێوە نومایانە دەبێت‌و رێگەی پەیامبەران دەگرنە بەر، بەڵام ئێستا هێشتا لەلای خەڵك نەناسراون‌و بەردەوام رێگە بۆ بانگەوازەکەتان خۆش دەکەن‌و خۆتان ساز دەدەن بۆ ئەو هەوڵ‌و خەباتەی کە چاوەرێتانە. بۆ لەمەو پاش نەزانی‌و چەواشەیی جەماوەر دەبێتە کۆسپ لە رێگەتاندا، دەبینن کە دینداره ساویلکەو زانا ئایینیە رەسمیەکان سەریان لەو تێگەیشتن‌و دیدەتان بۆ ئیسلام سوڕ دەمێنێت‌و هەوڵ‌و خەبات کردنەکەشتان لە پێناویدا بە چاك نازانن، بە هەمان سەرۆك‌و خاوەن دەسەڵات‌و پلەو پایەکان لێتان هەراسان دەبن‌و هەڵدەگژێن بە رووتانداو سەرجەم حکومەتەکان دەست دەدەنە دژایەتی کردنتان‌و چەندیان پێ بکرێت چالاکیەکانتان سنووردار دەکەن‌و کۆسپ لەبەر دەمتاندا دادەنێن، هەروەها داگیرکەران بە پاڵپشتی حکومەتە بچوکە بەکرێ گیراوەکان‌و دەستە نۆکەرەکانیان بە هەموو شێوازێك دەست دەدەنە دژایەتی کردنیان‌و کز کردنی دەنگ‌و کوژاندنەوەی ئەو چرای نوورو هیدایەتەی کە هەڵتان کردووەو هەموان ئاسۆی بانگەوازەکەتان بە چەندین گومان‌و تۆمەت لێڵ دەکەن‌و بە پشت بەستن بە دەسەڵات‌و داو دەزگاو پارەو سامانەی کە لە دەستیان دایە هەوڵی ئەوە

دەدەن کە هەر چۆنیان کردووە عەیبدارتان بکەن و لەبەر چاوی جەماوەر بتانشکێنن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ( يريدون ليطفئوا نور الله بأفواههم ويأبى الله إلا أن يتم نوره ولو كره الكافرون )- التوبه/٣٢.

ئەو کاتە دەچنە بۆتەی تاقی کردنەوەو ئەزموون و پالاوتنەوەو دەستگیرو زندانی دەکرێن و توشی راگوێزان و راودونان و دەبن و مالو سامانتان داگیر دەکرێت و مالەکانتان دەپشکنرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

(أحسب الناس أن يتركوا أن يقولوا آمنا وهم لا يفتنون )- العنكبوت/٢.

بەلام ئەوە بزانن کە خوای گەورەو پەروردگار بەلێنی سەرخستنی خەباتکاران و پاداشتی چاکەکەرانی پێداوین وەك دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا هل أدلكم على تجارة تنجيكم من عذاب أليم...... فأيدنا الذين آمنوا على عدوهم فأصبحوا ظاهرين )- الصف ١١-١٤[١].

قوتابخانە ئیسلامیەکەی پێشەوا (حەسەن بەننا) لەو دەمەدا توانی کۆمەلێکی زۆر لە زاناو بیر یارو بانگەواز کارو پەروەرشیارو لەسەرجەم بوارەکانی مەعریفەی ئیسلامیی و دۆزە چارەنوس سازە جۆراو جۆرەکاندا پێ بگەیەنێت و هەلیان بخات، کە تەنها لە میسردا دەتوانین ژمارەیەکی زۆر دەست نیشان بکەین، لە ناوبانگترینیان:-

---

[١] مجموعه الرسائل ص ١٠٨-١٠٩.

*سید قطب، خاوەنی ئەو هەموو پەڕاو پەرتوکە زۆرەی کە لە ڕێگەی ئەم نوسینانەیەوە مەزهەبیەتی ئیسلامیی لە بارەی گەردوون و کۆمەڵگەو مرۆڤ و کێشە ژیاریەکان و ململانێکانی ئیسلام لەگەل فەلسەفە مادی و عەلمانیەکاندا خستە روو هەروەها لەبەر رۆشنایی ئەو مەنهجەی خۆیەوە تەفسیرە گەورەکەی (في ظلال القرآن) نووسی، کە لە راستیدا هەنگاوێکی فیکری گەورە بوو لەم سەردەمە کە توانی فیکری ئیسلامیی و تەفسیری قورئانی لە سەنگەری بەرگری کردنەوە وەك لەلای (عەبدەو رەشید) بەدی دەکرێت بگوێزێتەوە بۆ مەیدان و گۆرەپانی رووبەڕوو بوونەوەی خۆراگری و هێرش کردن دژ بە ئایدیۆلۆجیەتە مادیە هاوچەرخەکان.

*عبدالقادر عودە؛ کە توانی باس و لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری گەورە لە نێوان یاسای جنائی (التشریع الجنائی الاسلامی) و یاسا دەستکردەکاندا پێشکەش بکات، کە ئەوەندە سەرکەوتوو بوو دواتر هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا باس و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دەدا وەك چاوگەو سەرچاوەیەکی سەرەکی سودیان لێ وەردەگرت.

هەروەها لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە چەندین پەراوی بە کەلکی لە بارەی کێشە قانونی و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە نووسی.

*البهی الخولی؛ کە توانی رۆڵێکی کاریگەر بگێرێ لە رۆشن کردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لە بارەی ئافرەتەوەو هەروەها خاوەنی نوسینی زۆر بەکەڵکە لە بارەی هونەری بانگەواز کردن بۆ لای خواو ئیسلام.

*سید سابق؛ كە پێشەوا (حەسەن بەننا) ئەركی نووسینی كتێبێكی فقهی خستە ئەستۆو بە شێوازێك كە ئەو كتێبە بتوانێ هەموو ئەو ئەحكامە ئیسلامیانە لەخۆ بگرێت كە زانایانی ئیسلامیی راستەوخۆ لە سوننەتی پێغەمبەرەوە هەڵیان گۆزیوە، خۆشبەختانە لە نوسینی كتێبەكەدا سەركەوتوو بوو بە ناوی ( فقه السنة) وە ئامادەی كردوو خستیە روو، هەروەها خاوەنی چەندین نوسینو پەراوێ بەكەڵك ترە.

*محمد الغزالی؛ ئەو كەسەی كە هەر لە سەرتای تەمەنیەوە لایەنگری هەژاران‌و زەحمەتكێشانی‌ی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو ئەم حاڵەتەش بە راشكاوی لە كتێبەكانی (الاسلام والمناهج الاشتراكیه)و ( الاسلام وأوضاعنا القانونیة)دا نومایان دەبێت، هەروەها دوای ئەم كتێبانەشی چەندین كتێبی لە بارەی رۆشەنبیری ئیسلامیی هاوچەرخ بە عەقیدەو شەریعەوە خورەوشتیەوە هەروەها لە بارەی ململانێی ئیسلام‌و ناحەزانیەوە نوسیوە.

*محمد قطب؛ ئەو كەسەی كە لە زۆربەی بوارە گرنگەكانی مەزهەبیەتی ئیسلامیدا نوسین‌و بەرهەم‌و كتێبی هەیە، بە تایبەت لەبارەی مرۆڤ‌و چارەسەری كێشە هاوچەرخەكانیەوەو لە بارەی هەل‌و مەرجی ئێستای موسڵمانان‌و رەواندنەوەی ئەو گومان‌و شوبهانەی كە پەیرەوانی فەلسەفە مادیەكان لە جیهانی ئیسلامیدا وروژاندویانن.

*أنور الجندی؛ لەسەرجەم نووسین‌و بەرهەمەكانیدا جەختی كردووەتە سەر ئەو شاڵاوە فیكریەی كە لە لایەن رۆژئاواییەكانەوە كراوەتە سەر جیهانی

ئیسلامیی‌و ململانێی ژیاریی نێوان بلۆکی ئیسلامیی‌و بلۆکی ڕۆژئاوایی‌و ژیارەکانی تر.

*یوسف القرضاوي؛ لە زۆربەی نوسینەکانیدا بایەخێکی تایبەتی داوە بە خستنە رووی عەقیدەو بیرو باوەڕی ئیسلامیی‌و ئیمانی‌و ئاسان کردنی فقهی ئیسلامیی‌و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە هاوچەرخ‌و تازەکان، بە تایبەت لە بوارە ئابوورییەکاندا.

## نوێ کردنەوە لە رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا

بزاوت قوتابخانە نوێ خوازیەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی بە هەمو ئاراستەو شێوازەکانیانەوە، کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر دۆزو کێشە سیاسی‌و فیکری‌و کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیی هەر لە لیبیاوە بیگرە تا تونس‌و جەزائیرو مەغریب.

دیاردەو ئاسەوارەکانی ئەم کاریگەرییە، هەر لە سەرتای سەر هەڵدانی بزاڤی بنەرەت خوازی لە دوورگەی عەرەبیدا بە رابەرایەتی (موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب) (١١١٥-١٢٠٥)ك بە رونی لە بواری نوێ کردنەوەی عەقیدەو باوەڕدا دەرکەوت، بەتایبەت هەر لە سەردەمی پێشەوا (ئیبن تەیمییە)وە قوتابخانەیەکی بنەرەتخوازی‌لەسەر رێو شوێنی پێشینان بە ئاراستەیەکی دیارو ئاشکرا لە رۆژئاوای جیهانی لە رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا کاری کردووەو ئامادەش بووە کە دەستی هاوکاری لەگەڵ تەوژمی وەهابیەتدا گرێ بدات، بە مەبەستی ئازاد کردنی بیری ئیسلامیی‌و دژایەتی کردنی بیدعەو خورافات و

دیاردەكانی بێ باوەڕی نەخشە كێشان بـۆ لـەناو بردنـی ڕێچكـە سـۆفیەكان، كـە هەندێ جار ڕۆڵی نا لەباریان لەم بـوارەداو ڕووبەڕووبونـەوە لەگـەڵ داگیركـەراندا بینیوە.

هەرووەها ئاسەواری قوتابخانە بیریەكەی ئەفغانی زۆر بەرچاو دیـارە لەسـەر ڕەوتـی بزاڤـە نـوێ خوازەیـەكانی ڕۆژئـاوای جیـهانی ئـسـلامیی و بـە بایەخـەوە دەیارنروانیە ئەو بنەمایانەی كە ئەفغانی كاری لەسەر دەكردن، وەك گەڕانەوە بۆ چاوگـەی قورئـانو ڕزگـار كردنـی لـە بگـرەو بـەردەی نـاو كتێبـەكانی تەفسـیرو پێشـكەش كردنـی بـە مرۆڤایـەتی وەك خـەلاتێكی خوایی و ڕەچـاو كردنـی یاسـا گەردونی و سونە خوایی یەكانو دەست هەلگرتن لە بـیر تەسكی و ڕاپەسـەندی... هتد.

كاریگـەری قوتابخانـە بیریەكـەی ئـەفغانی لەسـەر بـزاڤو ئاراسـتە نـوێ خوازیەكان بەرادەیەك بوو پالی پێوە نان كە دەسـت بدەنـە خـۆ هەڵسـەنگاندنو بەخۆدا چونەوەو پیلان دارشتن بۆ بەرنگار بونەوەی داگیركەرانو وەدەرنانیـانو گێرانەوەی ئیسلامیەكان بۆ ئامێزی ئوممەی ئیسلامیی و چارەسەر كردنـی دەردو داكانی ڕابوردیان.

ڕابەرە نوێ خوازەكان لە ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا زۆر جەختیان دەكـردە لە سەر لەناو بردنی دیاردە بۆ مـاوەو پێشـنە بـێ كەڵكەكـەكان، تـاوەكو ژیـانی ئیسلامیی لە ماكو ئاكامەكانیان ڕزگاری ببێ.

بۆ ئەم مەبەستەش پێداچونەوەیەكیان كرد بە مێژوی ڕابوردوی خۆیانو ولاتە ئیسـلامیەكاندا تـا گەشـتنەوە ئـەو دەمـەی كـە داگیركـەران زاڵ بـوون بەسـەر

وڵاتەكانی جیهانی ئیسلامیدا، پاشان دەستیان دایە پشكنین و گەڕان بە دوای ئەو هۆكارانەدا كە بوونە هۆی شكستی موسڵمانان و ژیارەكەیان، لەبەر دەم دوژمنانیاندا، بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری دەردەكان بكەن، هەنگاویان بەرەو ناخی زامەكان هەڵگرت.

پاش لێكۆڵینەوەیەكی وورد، بۆیان دەركەوت كە هۆكارەكان لەم چەند خاڵەدا خۆیان دەبینەوە:

١-دوركەوتنەوە لە ڕێنمایەكانی قورئانو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ).

٢- ئەو پچڕ پچڕ بوونو لێك دابڕانەی كە لە ئاكامی ململانێی فیكریو كۆمەڵ بوونەوە گیرۆدەی بوون.

٣- دووركەوتنەوە لەژێری ئیسلامییو نوێ خوازیو داهێنانو گیرۆدەبون بەداوی دوژمنانو ناحەزانی بێ باوەڕەوە.

٤- بڵاو بونەوەوەی نەزانو نەخوێندەواریو برسیەتیو دواكەوتن كە لەئاكامی تاكڕەویو ستەمی فەرمانڕەواكانەوە هاتبوە كایەوە.

٥- گوێ نەدان بە سونەنە خواییەكان لە ئاوەدان كردنەوەی سەر زەویدا.

هەلو مەرجی ڕۆژئاوای ئیسلامیی هەر هەمان هەلو مەرجو بارودۆخ بوو كە باڵی كێشابو بەسەر پارچەكانی ڕۆژهەڵاتیدا، بۆیە ڕۆژئاواش هەرهەمان ئەو چارەسەرو دەرمانەی ڕۆژهەڵاتی پێویست بوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەمان پیلانو ڕێو شوێن كە بۆ ئازاد كردنو دەرباز كردنی ڕۆژهەڵات داڕێژرابوو، لە ڕۆژئاواشدا خرایە گەڕو كارلێكو وەڵامو ئاكامەكان خێراو روونو ئاشكرا

دەرچوون، بۆ ئازاد کردنی جیهانی ئیسلامیی بە گشتی لەو قەیرانەی کە لە ناخی خۆیو دوژمنانیەوە بۆی دارێژرابوو.

یەکێك لەو نویٚ خوازانە زانـای خـەباتکار (موحەمـەدی کـوڕی عـەلی سنوسـی خەتتابی) بوو کە لە شاروچکەی (مُستغانم)ی جەزائیر لە ساڵی (١٢٠٢ك بەرانبـەر ١٧٨٧ز) لە دایك بووەو پاشان لەو سەفەرەیدا کـە بـە مەبەسـتی زیارەتی مـاڵی خواو ئەنجام دانی حەج سەردانی میر نشینی سعودیەی کردو لەویٚ لەو ماوەیـەدا کە مایەوە سـەردانی چەندین زانـای بزوتنـەوەی سـەلەفیەتی وەهـابی کـردو لـە زانیاریە ئیسلامیەکانی لێوەرگرتنو دواتر لە ژێر کاریگەری دەنگـۆی بانگشـەکەی (موحـەمدی کـوڕی عــەبدولوەهاب)دا وووریـا بویـەوەو هەسـتی بـەو قەیرانـەی عەقیدیو گێژاوە فیکریو دواکەوتنە ژیاریە کرد کـە موسـڵمانانی سـەردەمەکەی دووچاری بووبوون[1].

لەبەر ئەوەی لە دەمەدا جەزائیر لە ژێر چەپۆکی داگیرکەرە فەرنسیەکاندا بوو ( موحەمـەد عـەلی سنوسـی) هـەڵو مـەرجی (جـەزائیر)ی لـەبار نـەزانی بـۆ بـڵاو کردنەوەو پەرەدان بەو زانستو بێداریەی کـە دەسـتی خسـتبوو، دۆڵو دەڤـەری (جغبوب)ی لە بیابانی لیبیا هەڵبژاردو لەویٚ قوتابخانەیەکی خنجیلانەی زانستیو پـەروردەیی کۆمەڵایـەتی دامـەزراندو توانـی لـەو قوتابخانەیـەدا پایـەو مەشـخەڵە ئیسلامیەکان بەرجەسـتە بکـاتو لـەوێوە دەسـتی دایـە بڵاو کردنـەوەی بـیروراو

[1] مقالة عويس ص ٢٣٧.

بانگەوازەکەی لە وڵاتی لیبیادا بە تایبەتیو کیشوەری ئەفریقیادا بە گشتی[٢] (ئەمیر شەکیب) لە بارەی جەغبوبەوە دەڵێت : (جەغبوب جێگەیەکی ئەوتۆ بوو کە زۆربەی چەتەو پیاو خراپەکان لەوێ یەکیان دەگرتو کۆ دەبونەوە، قافڵەو کاروانە بازرگانیەکان نەیان دەوێرا لەوێوە گوزەر بکەن، نەوەك دووچاری تاڵانیو رووت کردن ببن، بەڵام پاش ئەوەی کە (موحەمەدی کوڕی عەلی سنوسی) کردی بە قەرارگاو مەنزڵی خۆیو خوێندنگا زانستیەکەی تێدا پایەدار کرد، لەو دۆخە نا هەموارەوە گۆڕا بۆ زەمینەیەکی لە بارو لانکۆڵەی ئاسایشو حەوانەوەو ناوەندی پەرستشو زانست خوازیو پەخش کردنەوەی نورو رۆشنایی و رێنماییو جوڵەی بیناسازیو ئاوەدان کردنەوەو بنیات نانی سەیرانگاو کانیاوو جێگای دڵرفێن دەستی پێ کرد، رۆژ بە رۆژ قوتابخانەو ناوەندە زانستیەکەی لە گەورە بوون دابوو، تا گەیشتە رادەیەك، قوتابخانەیەکی سەربەخۆی بۆ پێگەیاندنو دەرچواندنی پەیڕەوانی تەریقەتی دروست کرد، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە زانایان وانەی زانستیان تێدا دەگوتەوە[٣] سەنوسی بانگەشەی بۆ خۆپاراستن لە دەمارگیریو خۆرافاتو پابەند بون بە قورئانو سوننەتی راستو دروستو تێگەیشتن لە ئیسلامیی لەسەر بناغەی ئەو دوو سەرچاوەیەوە دەکرد.

هەروەها بانگەشەی بۆ خستنە گەڕی عەقڵو ژیریو لێکۆڵینەوە دەکرد، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بتوانێ سەر لە نوێ ئەو بیرە فقهیەی کە (قەتیس نیە لە

---

[٢] حاضر العالم الأسلامي- تعليقات شكيب ارسلان ١٤/٢.

[٣] سەرچاوەی پێشوو

سەردەمێکدا بۆ سەراپای ژیانی مرۆڤ‌و چارەسەری کێشەو گرفتەکانی موسڵمانان لە هەموو کات‌و جێگەیەکدا لەبارەو بۆ ئە مەبەستە داڕێژراوە) نوێ بکاتەوەو بیخاتەوە گەڕو[1]. سنوسی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو راکانی و خستنە رووی راستی‌یەکان شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەو پەروەردەکردنی خەڵکی لە سەر ئەو راستیانەی لە رێگەی پەرستش و پاڵاوتەکردنی رۆحی‌یەوە دەگرتە بەرو ئاراستەو تەریقەتەکەشی پاڵاوتە کردن‌و پاکردنەوەی رۆح‌و دەروونی تیادا بەرجەستە بوو بوو زانست‌و کرداری پێکەوە گرێ دابوو، هەر بە ناوی خۆیشیەوە بە (سنوسیەت) ناسرابوو سەدان ناوەندو بنکەی سنوسیەتی لێ کەوتەوەو رۆڵێکی کاریگەری‌یان دەگێڕا لە روو بە روو بونەوەو بەرنگاری کردنی داگیرکەراندا، بە تایبەت لە شەڕەکانی ساڵی (١٩١١)ز لەگەڵ داگیرکەرە ئیتاڵیەکان‌و دواتر لە تلە گەڵ ئنگلیزەکان لە میسرو هەروەها لە گەڵ فەرنسیەکاندا لە چەندین گۆرەپانی دیکەداو لە دواتریشدا لە بەرخودان‌و بەرەنگارە مێژوویەکاندا بە رابەرایەتی شەهیدی سەروەری ئیسلامیی (عومەر موختار).

ئەگەر لیبیا بەجێ بهێڵین‌و روویکەینە تونس؛ لەوێ جوڵانەوەو بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی زانستیمان بەرچاو دەکەوێت کە سیمای عەقڵانی بوون‌و هاوچەرخ بوون بە روخساریەوە بەدی دەکرێت‌و لەبەر رۆشنایی مەنهەجەکەی شێخ موحەمەد عەبدەو رەشید رەزادا هەنگاو هەڵدەگرێت‌و یەکێك لە سەرکردەو زانا

[1] الأسلام في القرن العشرين للعقاد ص ٨١.

مەزن‌و کارمەکانی زانای پایە بەرزو چاکە خوازی شێخ (تاهیری کـوڕی عاشـور)ە کە بە بانگەوازو لێکۆڵەرەوەیەکی بەڕێزو جێ دەست دیارو بیر یـارێکی ورد دێتـە ئـەژمارو یەکێکـە لـە شـاگردەکانی (شـێخ موحەمــەد عــەبدە)و پەیڕەوێکـە لــە پەیڕەوانی ئەو مەنهەجە کۆمەڵایـەتی‌و عـەقڵی‌و پەروەردەیی‌یـەی کـە شـێخ دای ڕێژابوو بۆ تەفسیرو راڤە کردنی قورئانی پیرۆزو لەبەرە رۆشنایی ئەو مەنهەجـەدا تەفسیرێکی گەورەی نوسی‌و هەر بە ناوی خۆیشیەوە ناوبـانگی دەرکـرد[٢]. لـەو تەفسیرەدا (کوڕی عاشور) توانی لە دواکـەوتنی جیـهانی ئیسـلامیی بکۆڵێتـەوەو ڕێگـەچارەی گونجاویشـی بـۆ دابڕێژێـت‌و بانگەشـەی دەکــرد بـۆ ڕێنماییــەکانی قورئان‌و سوننەت و دژایەتی کردنی بیدعەو ئەو شتە داتاشراوانەی کە بێ بناغـە بوون‌و لـە ئیسـلام نـەبوون، هـەروەها بـۆ لـەناو دانـی عەقڵیـەتی کەمتەرخـەمی‌و لاموبالاتی‌و خورافـی لـەناو موسـڵمانانداو دەسـت گرتنیـان بـۆ پشـت بەسـتن بـە هۆکارو فاکتەرەکانی گەشە سەندن‌و پێشکەوتن تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێ جیهانی ئیسلامیی راچڵەکێنرێ‌و لە مت بوون‌و داڕوخانەوە دەرباز بکرێـت بـەرەو بونیـات نانەوەو پێشکەوتن.

(ئیـبن‌و عاشـور) بانگـەی واڵاکردنـی دەرگـای ئیجتــهادی بــەرز دەکــردەوەو ژمارەیـەکی زۆر کتێـب‌و نوسـراوی سـەبارەت بـە تایبەتمەندیـەکانی ئیسـلام کــە

---

[٢] لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی (وسميتة تحرير المعنى السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد) دواتر کورت کرایەوەو ناو نرا (التحرير والتنوير من التفسير).

سەردەمێکدا بۆ سەراپای ژیانی مرۆڤ و چارەسەری کێشەو گرفتەکانی موسڵمانان لە هەموو کاتو جێگەیەکدا لەبارەو بۆ ئە مەبەستە دارێژراوە) نوێ بکاتەوەو بیخاتەوە گەڕو[1]. سنوسی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو راکانی و خستنە رووی راستی‌یەکان شێوازی نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەو پەروەردەکردنی خەڵکی لە سەر ئەو راستیانەی لە رێگەی پەرستش و پاڵاوتەکردنی رۆحی‌یەوە دەگرتە بەرو ئاراستەو تەریقەتەکەشی پاڵاوتە کردنو پاکردنەوەی رۆحو دەروونی تیادا بەرجەستە بوو بوو زانستو کرداری پێکەوە گرێ دابوو، هەر بە ناوی خۆیشیەوە بە (سنوسیەت) ناسرابوو سەدان ناوەندو بنکەی سنوسیەتی لێ کەوتەوەو رۆڵێکی کاریگەری‌یان دەگێڕا لە روو بە روو بونەوەو بەرنگاری کردنی داگیرکەراندا، بە تایبەت لە شەڕەکانی ساڵی (١٩١١)ز لەگەڵ داگیرکەرە ئیتاڵیەکانو دواتر لە تلە گەڵ ئنگلیزەکان لە میسرو هەروەها لە گەڵ فەرنسیەکاندا لە چەندین گۆرەپانی دیکەداو لە دواتریشدا لە بەرخودانو بەرەنگارە مێژوویەکاندا بە رابەرایەتی شەهیدی سەروەری ئیسلامیی (عومەر موختار).

ئەگەر لیبیا بەجێ بهێڵین و روویکەینە تونس؛ لەوێ جوڵانەوەو بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی زانستیمان بەرچاو دەکەوێت کە سیمای عەقڵانی بوونو هاوچەرخ بوون بە روخساریەوە بەدی دەکرێتو لەبەر رۆشنایی مەنهەجەکەی شێخ موحەمەد عەبدەو رەشید رەزادا هەنگاو هەڵدەگرێتو یەکێك لە سەرکردەو زانا

---

[1] الأسلام في القرن العشرين للعقاد ص ٨١.

مەزن‌و کارمەکانی زانای پایە بەرزو چاکە خوازی شێخ (تاهیری کـوڕی عاشـور)ە کە بە بانگەوازو لێکۆڵەرەوەیەکی بەڕێزو جێ دەست دیارو بیر یـارێکی ورد دێتـە ئـەژمارو یەکێکە لـە شـاگردەکانی (شـێخ موحەمــەد عــەبدە)و پەیڕەوێکـە لـە پەیڕەوانی ئەو مەنهەجە کۆمەڵایـەتی‌و عـەقڵی‌و پەروەردەیی‌یەی کـە شـێخ دای ڕێژابوو بۆ تەفسیرو ڕاڤە کردنی قورئانی پیرۆزو لەبەرە ڕۆشنایی ئەو مەنهەجـەدا تەفسیرێکی گەورەی نوسی‌و هەر بە ناوی خۆیشیەوە ناوبـانگی دەرکـرد[٢]. لـەو تەفسیرەدا (کوڕی عاشور) توانی لە دواکـەوتنی جیهانی ئیسـلامیی بکۆڵێتـەوەو ڕێگـەچارەی گونجاویشـی بـۆ دابڕێژێـت‌و بانگەشـەی دەکـرد بـۆ ڕێنماییـەکانی قورئان‌و سوننەت و دژایەتی کردنی بیدعەو ئەو شتە داتاشراوانەی کە بێ بناغـە بوون‌و لـە ئیسـلام نـەبوون، هـەروەها بـۆ لـەناو دانـی عەقڵیـەتی کەمتەرخـەمی‌و لاموبالاتی‌و خورافـی لـەناو موسـڵمانانداو دەسـت گرتنیـان بـۆ پشـت بەسـتن بـە هۆکارو فاکتەرەکانی گەشە سەندن‌و پێشکەوتن تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێ جیهانی ئیسلامیی ڕاچڵەکێنرێ‌و لە مت بوون‌و داڕوخانەوە دەرباز بکرێـت بـەرەو بونیـات نانەوەو پێشکەوتن.

(ئیـبن‌و عاشـور) بانگـەی واڵاکردنـی دەرگـای ئیجتــهادی بــەرز دەکـردەوەو ژمارەیـەکی زۆر کتێـب‌و نوسـراوی سـەبارەت بـە تایبەتمەندیـەکانی ئیسـلام کــە

---

[٢] لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی (وسميتة تحرير المعنى السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد) دواتر کورت کرایەوەو ناو نرا (التحرير والتنوير من التفسير).

داخوازی سەردەمو بزوێنەری عەعقڵی مرۆڤـن نووسـی، لـە گرنگـترینو بـەناو بانگـترین نووسـراوەکانی ئـەتوانین نـاوی ئـەو دوو کتێبـەی بـەرین: (النظـام الأجتماعي في الأسلام)، (مقاصد الشريعة الأسلامية).

(ئیـبنو عاشـور) شـێخو رێبــەرو ئاراسـتەکەری قوتابخانەیـەکی ئیسـلامیی سەلەفی عەقڵی هاوچەرخو نوێخوازبوو، لەو قوتابخانەیەوە ژمارەیەکی زۆر زانـای بە ناوبانگ پێگەیشتنو لە وڵاتانی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا دەستیان دایە بڵاو کردنەوەی رۆشەنبیری رەسەنی ئیسلامیی.

لە جەزائیریشدا پەروەرشیارو چاکە خوازی گەورەو بە توانا پێشەوا (عەبدول حمیدی کوڕی بادیس) سەری هەڵدا.

(ئیبنو بادیس) دەس نەمامو پەروەردەی قوتابخانەکـەی (ئـەفغانی، عـەبدە، رەشید)و قوتابخانەی رەسەن خوازە هاوچەرخەکـەی بـاکوری ئـەفریقای (ئیـبنو عاشور) بـوو، هـەر لـە قوتابخانـە فیکریەکانـەوە پێگەیشـتو هـەنگاوی هـەڵگرت بەرەو بونیات نانی قەوارەیەکی ئیسلامیی بەهێز لە جـەزائیردا، وەك هـەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دەست خستنەوەی رەسـەنایەتی عـەربی ئسلامیی بـۆ جـەزائیرو بـەرپا کردنـی ئـەو شۆرشـە مێژوویی‌یـە خـەباتکارەی کـە توانـی داگیرکـەرە فەرنسیەکان وەدەر بنێتو سەرجەم مافەکان دەست بخاتەوە.

لە راستیدا (ئیبنو بادیس) بە سەرکردەو رێبـەری راسـتەقینەو بـاوکی رۆحـی ئەو شۆرشە مەزنە دەژمێردرێت کە دژ بە پیلانی داگیرکەرە خاچ پەرستەکان کـە بە نیاز بوون جەزائیریش بکەنە ئەندلوسێکی تر بەرپا کرا.

شێخی خەباتکار (ئیبن‌و بادیس) بە ژیری‌و سەلیقەی شایستەو خوێندنـەوەی بۆ هەڵومەرجی سەردەمەکەی‌و تواناو لێهاتنەکانی داگیرکەرانی لـە لایەك‌و گـەلی جەزائیریش لەلایەکی ترەوە، ئـەو راستیەی لا روون بـوو کـە روبـەڕو بوونـەوەی لەگەڵ سەربازەکانی دوژمن‌و تانك‌و زری پۆشـەکانیدا، بێ هودەیـەو ئـەو پیلانـە نەگریسەی لە دەزگاو دەوائیرەکانی داگیرکەران لە رێگەی دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنـەوە گرتویانەتـە بـەر بـۆ گۆڕیـن‌و سـرینەوەی ناینامـەی ئیسـلامیی‌و تایبەتمەندیەکانی گەلی موسـڵمانی جـەزائیر زۆر قوڵـترەو دژایـەتی کـردن‌و پـەرچ دانەوەی لە روو بەڕووبونەوەی سەربازی پێویست ترە.

بۆیە بـە هاوکـاری زانـای خـەباتکارو دۆسـتی راسـتەقینەی، واتـە (موحەمـەد بەشیری ئیبراهیمی) لە پیلانێکی مەحکەم‌و نەخشە بۆ کێشـراودا دەسـتیان دایـە بڵاو کردنەوەو پــەرە پێدانـی فـێر بـوون‌و فـێرکردنی زمـانی عـەرەبی‌و لـە نێـوان رۆڵەکانی گەلی جەزائیرداو بێدار کردنەوەیان بە رۆشنبیری رەسەنی ئیسلامیی‌و لە بـارەی ناسـنامەی خۆیـان‌و تایبەتمـەندی گەلەکەیانــەوە رایـان دەچڵــەکاندن‌و دەستیان بەرو روبـەرو بونـەوەو بـەرنگای دەگرتـن دژی داگیـر کـەرە سـتەمکارە فەرنسیەکان.

قوتابخانەکان بە تانی پۆی جەزائیردا بڵاو بوونەوەو ژمارەیان خۆی لە (١٧٠) قوتابخانە دەداو سەرەڕای ئەو تەنگو چەڵەمەو رێ لێ گرتنەی کە داگیرکـەران دژ بە قوتابخانەی دەیانخستە گەڕ ژمارەی قوتابیەکانیان لـە دەیـان هـەزار کـەس تێ دەپەڕی.

له ڕوویەکی دیکەشەوە (ئیبن‌و بادیس) بە هاوکاری‌و پشتیوانی خێر خوازان لە قوتابی‌و پەیڕەوەکانی‌و خەڵکانی‌تریش لە گەلی موسلمانی جەزائیری توانی بە چەند کارێکی گرنگ هەستێت کە گرنگترینیان بریتی بوو لە:-

١- دەرکردنی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری جۆراو جۆر کە لە ڕێگەیانەوە بانگەشەی پاکژ کردنەوەی ئایین لە بیدعەو خورافاتی بەرز دەکردەوەو هێرشی دەکردە سەر ئاراستەو تەریقە سۆفیەکان، کە کاریان برەودان بوو بە بیدعەو خورافات‌و پەروەردە کردنی خەڵکانی نەزان لە سەریان‌و بە تەنیشت ئەم کارەشیانەوە مل کەچی‌یان دەنواند بەرامبەر بە داگیرکەران‌و دژایەتی ڕۆڵە خزمەت گوزارو ڕاست گۆو دڵسۆزە موسڵمانەکانیان دەکرد، ئەوانەی کە دژایەتی داگیرکەرە کافرەکانیان دەکرد[1].

٢- بڵاو کردنەوەی کتێبە باوەڕ پێکراوە ئیسلامیەکان چ لە بارەی شەریعەت‌و چ لە بارەی عەقیدەوە، هەروەها لە بارەی زمانی عەرەبیەوە لە پێناو ڕەت کردنەوەی ئەو پیلانەی ناحەزاندا کە بە مەبەستی سڕینەوەی زمانی عەرەبی‌و بڵاو کردنەوەی زمانی فەرەنسی‌یەوە وەك زمانی هەمشەیی خستبویانە گەڕ.

---

[1] جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێین کە هەندێك لە شێخە سۆفیە خوا ناسەکان لە کاری لەم چەشنەوە دوور بوون، بەتایبەت لە سەرتای خەباتی گەلانی موسڵمانی مەغریبدا دژ بە داگیرکەران، دەبینین ڕۆڵی کاریگەریان گێراوە لە ڕێکخستنی موسڵمانانندا دژ بە داگیرکەران.

٣- دامەزراندنی پەیمانگایەکی زانستی پایە بەرز کە دواتر وەك ڕێزنان لە لێهاتنو خزمەتە زانستیەکانی بۆ ئاینی ئیسلامو زمانی عەرەبی، پەیوەست کرا بە زانکۆی زەیتونەوەو بە ڕەسمی وەك بەشێك لە زانکۆی زەیتونە ناسێنرا.

٤- ڕەوانە کردنی ژمارەیەك زۆر لە قوتابیان بەرەو زانکۆکانی (ئەزهەر، زەیتونە، قەرەوییین) بۆ ئەوەی لە پاشە ڕۆژێکی نزیکدا کە گەرانەوە وەك زانایەکی ڕۆشنبیری ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە بەرەو پێش بردنی ئیسلامو زمانی عەرەبی لە جەزائیردا.

٥- پێك هێنانی چەند یانەیەك بۆ بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیو پەروەردەی ئیسلامییو گەشە دان بە لێهاتنە هونەرییەکان لە ئاستێکی باڵادا.

٦- دامەزراندنی کۆمەڵەی بازرگانە موسڵمانەکانو سەندیکای ئابووری ناسانو بوژاندنەوەی ئابوری گەلی موسڵمانی جەزائیر، کە داگیرکەران دەستیان گرتبو بەسەر بەرهەم و سەرچاوە ئابوریەکانیدا.

٧- دامەزراندنی چاپخانەیەکی عەرەبی لە شاری (قوستەنتینیە) بۆ لە چاپ دانو بڵاو کردنەوەی نوسراوو کتێبە عەربیو ئیسلامیەکان.

٨- پێك هێنانی کۆمەڵەی گەشتیارە ئیسلامیەکانو چەندین ڕێکخراوی تری عەرەبیو جەزائیری.

٩- پێك هێنانی ڕێکخراوی (زانایانی موسڵمانی جەزائیری) کە توانی پشتیوانو راگرێکی باش بێت بۆ ئەو راپەڕینە ئیسلامیە عەربیەی کە لە ئارادا بوو، توانی ڕۆڵێکی نەبەردانە بگێڕێت لە ڕووبەڕوو بونەوەکانیدا لەگەڵ دوژمنان

داگیرکەرانی ناوخۆو دەرەوەدا کە دوژمنانی ناوخۆ لە داگیرکەرانی بیانی‌و فەرەنسیەکانداو ناحەزانی ناو خۆش

لە دواکەوتوویی‌و نەزانی‌و نەفامی‌دا بەرجەستە دەبوو، هەندێك لە هاوڵاتیان لە ڕووی نەزانی‌و چەواشە کردنیانەوە دەکرانە دار دەستی بێگانەو داگیرکەرانی گەل‌و وڵات.

(شێخ ئیبن‌و بادیس) بواری سیاسەتیشی لە یاد نەچوو بوو، بە هەمان شێوە دەبینین لە هەوڵێکی سەربەخۆیی خوازانەدا گەلی جەزائیری لە کۆنگرەیەکی ئیسلامیدا ڕێکخست‌و دواتر لە ساڵی ١٩٣٦ز بە مەبەستی دەست خستنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی سەردانی فەرنسای کرد.

لە بوارە گشتیەکاندا (ئیبن‌و بادیس) بەو شێوەیە کارو چالاکی دەکرد، لە بواری چالاکی کەسییەتی خۆیشیدا هەردەم سەر قالی بلاوکردنەوەی‌و گیاندنی زانستە ئیسلامیە دروستەکان‌و ڕۆشنبیری ئیسلامیی بوو، بۆ ئەم مەبەستەش زانیاریە بەرین‌و بەر فراوانەکانی‌و ڕەوانبێژی‌و بیر کردنەوە هاوچەرخییە کەم وێنەکەی یاریدەدەری بوو، کە سەر مەشقی لە مامۆستایانی پێش خۆی واتە (ئەفغانی‌و عەبدە ڕەشید)وە دەگرت‌و بانگەشەی (بۆ بیرو باوەڕی ئیسلامیی ڕەسەن‌و ڕەوشت جوانی‌و خەباتکاری‌و بزواندنی عەقڵی ئیجتهادی‌و سود ورگرتن لەو یاسا گشتیانەی کە خوا بۆ گەردوون بڕیاری داون‌و واز هێنان لە دەمارگیری

مەزهەبی‌و خورافات‌و پاكژ كردنەوەی ئیسلام لە خەڵتە بیرە چەوتەكان) دەكرد[1].

لە ئاكامی هەوڵەكانی (شێخ ئیبن‌و بادیسە)وە پۆلێك زاناو نوسەرو بیریارو رۆشنبیری گەورە هەڵكەوتن كە دیارترینیان بیریاری گەورەی جەزائیری (مالك بن نبی)ە كە توانی بە جوانی بیری ئیسلامیی هاوچەرخ بخاتە روو لەو رێگەیەوە بە ووردی لەو قەیرانە ژیاری‌یە هاوچەرخانە بكۆڵێتەوە كە لەسەردەمەكەیدا مەسڵمانان گیرۆدەیان بوون لە دیدە عەقڵانی‌یە ئیسلامی‌یە هاوچەرخەكەی خۆیەوەو بە تێرامان لە كێشەو قەیرانەكان‌و هاوسەنگی كردن لە نێوان رەسەنایەتی‌و دیدەی هاوچەرخ‌و بە سود وەرگرتن لە یاسا گەردوونی‌و كۆمەڵایەتیەكان دەستی دایە دارشتنی هێڵە سەرەكیەكانی خشتەی گۆرانكاریەكی گەورە لە ژیارو كۆمەڵگاكانی جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی‌و پڕ كردنەوەی ئەو كەلێن‌و بۆشاییانەی كە بوونەتە جەستەی ژیانی سەردەم‌و پڕ كردنەوەیان بە بەهاو رێنماییە سازگارەكانی سیستمی ئیسلامی[2].

---

[1] بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بزاوت‌و كارەكانی ئیبن‌و بادیس یەرێك بدە اە :-

١- عبدالحميد بن باديس- فلسفته وجهوده في التربية والتعليم- د. رابح تركي.

٢- ابن باديس- حياته وتراثه- دكتور عماد الطالبي.

٣- الأمام عبدالحميد بن باديس- محمود قاسم.

[2] لە كتێبەكانی (مالك بن نبی) دەتوانین دەست نیشانی (شروط النهظة)و (حديث في البماء الجديد)و (جهة العالم الأسلامي) بكەین.

له رۆژئاوای دووریشدا ئەو بزوتنەوە سەلەفیەی کە لە لایەن (شیخ أبو شعیب الدكالي‌و شیخ محمد بن حسن الحجوی الثعالبی الفاسي)و راپەرینی ئەو زانا دڵسۆزانەی کە لە ژێر کاریگەری ئاراستەو تێروانینی (موحەممەد عەبدە)دا بوون بەرپا بوو، کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لە پەرەپێدان‌و بڵاو کردنەوەی ئیسلام‌و پابەند بوون بە قورئان‌و سوننەتەوەو پەرە پێدانی گیانی بەرنگاربوونەوە وە لەگەڵ ئەو خورافیات‌و دوا کەوتووییەی کە لە ناو کۆمەڵگای جەزائیردا ریشی داکوتا بوو.

تا لە ئاکامدا، ئەو جموجۆڵە ئیسلامییە توانی گەنج‌و لاوە مەغریبی‌یەکان راچڵەکێنێ‌و شان بدەنە بەر خوێندن لە زانکۆی (القرويين) داو بەرهەمهێنانی بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازو چەندین سەرکردەو زاناو موسڵمانی وەك (المختار السوسي وعلال الفاسي) کە توانییان گەلی مەغریب بەئاگا بهێننەوە لە رەسەنایەتی‌و ئیسلامیی‌بوون‌و زمانی عەرەبی‌و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیان‌و دواتر رێکخستنی رۆڵەکانی گەل لە ریزەکانی خۆڕاگری‌و بەرخودان‌و خەبات کردندا دژ بە داگیرکەرە فەرەنسی‌یەکان بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی ئەو پیلانە نەگریسەی کە لە هەوڵدا بوو بۆ جیاکردنەوەی بەربەرەکان لە عەرەبەکان‌و دواتر دابڕکردنیان لە ئیسلام‌و موسڵمانان‌و پارچە پارچە کردنی گەلی مەغریبی[1]. ئەم ئاراستە سەلەفی‌یە تازەیە ئاراستەیەکی رۆشنبیری‌و نوێخواز بوو، بانگەشەی دەکرد کە ئیسلام لە قورئان‌و سوننەتەوە هەڵگوزرێ‌و خوازیاری ئەوە بوو کە

---

[1] (قصة النهضة) ابوبكر القادري، ص١٩.

جیهانی ئیسلامیی بکرێتەوە بە رووی جیهانی هاوچەرخداو تا لەو رێگەیەوە بتوانرێ بیرو فکرێکی ئیسلامیی ئەوتۆ دابڕێژرێ کە بتوانرێ چاکسازییەك لە حاڵی موسڵماناندا بهێنرێتە گۆڕێو کۆمەڵگا رزگار بکات لەو ئەفسانەو خورافاتو دابو نەریتە دزێوانەی کە بوونەتە هۆی دواکەوتنو ژێردەستە بوونی موسڵمانانو بوونەتە رێگر لەبەردەم عەقڵو هۆشی موسڵمانانداو ناهێڵن لە نهێنییەکانی گەردوونو مەشخەڵە ئیمانییەکان بکۆڵێتەوەو لە کۆتو زنجیری تاریك خۆی دەرباز بکاتو بەرەو رۆخی هاوچەرخ بوونو پێشکەوتنخوازیو مۆدێرن بوون هەنگاو هەلگرن[٢].

## تایبەتمەندیو ئاکارەکانی بیری ئیسلامی هاوچەرخ

ئەگەر بە سەرنجەوە بڕوانینە بیرو تێڕوانینی بیریارو موفەکرە ئیسلامییەکان، سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکەین کە هیدایەتو رێنمایی بیریارو رۆشنبیرە موسڵمانەکانی کردووەو لە زۆربەی چەمكو کێشەکاندا یەك دەنگ و یەك ئاوازنو بە یەك شێواز لە بنەماو بەها سەرەکییەکانی ئیسلام گەیشتوونو هەستیان بەو مەترسییە کردووە کە رووی کردووەتە کۆمەڵگاو ژیانو ژیاری موسڵمانانو هەوڵی لەبەریەك هەڵوەشاندنو پەرتەوازە کردنی دەدات.

---

[٢] النقد الذاتي- علال الفاسي، ص٨٧.

ئەم یەك دەنگیو هەماهەنگی‌یەی زاناو بیریارە موسڵمانەکان، یاریدەدەرو ڕێ ڕۆشنکەرەوەیەکی باش بوو تا موسڵمانان لەم سەردەمەدا بە یەك دەنگیو یەك ریزی ڕووبەڕووی کێشەکانی سەردەم ببنەوەو سەرلەنوێ هەوڵی داڕشتنەوەی ژیانی ئیسلامیی لەسەر بنەما زانستی‌یەکانی دیدی دروست سەبارەت بە مەبەستەکانی ئایینی ئیسلام لە ژیاندا بخەنەگەڕ.

ئەو یەك دەنگیو هاوئاهەنگی‌یە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

یەکەم:- هەمووان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە تێگەیشتنی دروست لە عەقیدەی ئیسلامیی، تەنها لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزو سووننەتی پێغەمبەرەوە دەست دەکەوێو پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لە شیکردنەوەو ڕووچوون لە ڕێچکە کەلامیو زمانەوانی‌یەکانو سەرکردنەوە لەو مەسەلانەی کە جێگەی خیلافو کێشمەکێشی بێئاکامن، بەڵکو پێویستە لەو چەمكو کێشە هەنووکەیی‌یانە بکۆڵینەوە کە گرفتی ئەم سەردەمەنو پەیوەندی‌یان بە ژیانی ئەم دەمەمانەوە هەیە.

دووەم:- هەر لە ئەفغانی‌یەوە تا دەگاتە ئەوانەی کە لەدوای ئەوەوە هاتوون، هەمووان یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە هەموو بزاوتو تەوژمە فیکری‌یەکان ئیجتیهادینو کەسیان حوججە نین لەسەر کەسیانو بۆ سەردەمی خۆیان خزمەتیان بە ئیسلامو موسڵمانان کردووەو مەرج نی‌یە بۆ ئەم سەردەمەش بەکاربێنو دادی ئێمە بدەن، چونکە ئەو فەلسەفانەی کە ئەمڕۆ

دژایەتی ئێمە دەکەن جیاوازن لەوانەی کە ئەو دەمە ڕژایەتی بیری ئیسلامیی‌و ئیسلامیان کردووە.

سێیەم:- هەمووان یەك دەنگن کە فیقهی ئیسلامیی پێشەنگ‌و نوێخوازی‌یەو لە هەر سەردەمێکدا لە هەر ڕووداوێکدا قسەی خۆی هەیەو، قەتیس نی‌یە لە سەردەمێکی تایبەت داو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لە قورئان‌و سووننەت کەس حوججە نی‌یەو لە بیری ئیسلامیی‌دا دەمارگیری مەزهەبی‌و راپەسەندی مەزنخوازی وەرناگیرێ.

چوارەم:- هەمووان لە دەربڕینی مەزهەبیەتی ئیسلامیی‌دا لەمەڕ (گەردوون‌و ژیان‌و مرۆڤ)ەوە یەك گۆشەنیگایان هەیەو یەك دەنگن کە ئەو مەزهەبیەتە لەسەر بناغەی تێگەیشتن لە قورئان‌و سووننەتی پێغەمبەرو لە سۆنگەی تێگەیشتن‌و مەنهەجێکی عەقڵی دروست‌و بیرکردنەوەیەکی زانستی هاوچەرخی پێشکەوتنخوازی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت کە باوەڕی (السبب والغاية) هەیە لە جیهاندا.

پێنجەم:- هەموان یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە پێویستە لەسەر موسڵمانان، رەچاوی سونەنە خواییەکان بکەن‌و بە هاوسەنگی کردن لە نێوان رەسنایەتی خۆیان‌و سود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی زانستی سەردەم، بۆ بوژاندنەوەو دارشتنەوەی ژیارو شارستانیەتیان سود لەو سونەن‌و یاسا گشتیانە وەرگرن.

شەشەم:- دژایەتی کردنی بیدعەو خورافات‌و خۆ خۆری، کە بونەتە هۆی دەسە وسانی‌و لاوازی موسڵمانان‌و هۆی گیردان‌و قەتیس کردنی موسڵمانان‌و

کۆمەڵگاو فیکری ئیسلامیی لە گەشە کردنو پەرەسەندنو هەنگاو هەڵگرتن لە چاخە کۆنەکانەوە بەرەو ئەم سەردەمەو ژیانی سەردەم.

حەوتەم:- خۆ دەرباز کردنو واز هێنان لە لێکۆڵینەوەی کەمو کورتو پارچە پارچەی شەریعەتی ئسلامییو هەنگاو هەڵگرتن بەرەو لێکۆڵینەوەی گشتگیر بۆ شەریعەتی ئیسلامیی، تا سەرجەم سیستەمەکانی وەك (حوکم، کۆمەلایەتی، ئابووری، بەرگری، قەزا، پەروەردەیی، رامیاری...... هتد) بگرێتەوەو لەم رێگەیەشەوە ئەم سیستەمە ئیسلامیانە لە جێگەی یاساو دەستورەکانی داگیرکەراندا لە بەرێوەبردنی ژیاندا سودیان لیٚ وەربگیرێت.

بە تایبەتی لەم سەردەمانەی دوایدا سەدان باسو لێکۆڵینەوەی زانستی لە لایەن خوێندکارە زانکۆییەکانەوە ئامادەو پێشکەش کراون، کە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا بەڵگەو گەواهێکی زیندوە لەسەر ئەو ئاراستە یاسا سازیە پێشکەوتن خوازە.

هەشتەم:- هەموان یەك دەنگن لەوەدا کە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتە سیاسیو کۆمەلایەتیەکان پێویستە هەنگاو هەڵگرین بەرەو چارەسەر کردنی ستمە کۆمەلایەتیەکانو فراهەم هێنانی کەشێك کە داد پەروەری کۆمەلایەتی تێدا پایەدار بێتو دەسەلاتی تاك رەوی رەتبکرێتەوە.

نۆیەم:- لەو روانگەیەوە کە موسڵمانان وەك پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ وەك یەك جەستە وانو ئەگەر ئەندامێکی ئازاری هەبوو ئەوا هەموو ئەندامەکانی خەویان لیٚ دەزرێتو تا دایان دەگرێت، هەموو بیریارە موسڵمانەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە بۆ رزگار کردنی ئوممەی ئیسلامییو

گەلانی موسڵمان لەو قەیرانە جۆراو جۆرانەی کە تێی کەوتووە، پێویستە لە بەرەیەك یان ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بە هێزدا هەموو موسڵمانان یەك بخرێنو پاشان جیهادو خەباتی هەمەچەشنە دژ بە داگیرکەرانو دوژمنانو ناحەزانی بێگانە رابگەیەنین.

دەیەم:- هەنگاو هەڵگرتن لە خەیاڵو نەزەرییاتو ئەفسانەوە بەرەو جیهانی واقعو کردار، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی کەسایەتی تاكو کۆمەڵگا، لەسەر بناغەی ئیمانیو ئیسلامییو رزگار کردنی لەو سەرگەردانیو چەواشە بوونەو پارێزگاری کردن لە رەسنایەتی ئیسلامیی کۆمەڵگاکان.

ئەم چەند خاڵەی کە رابورد بریتین لە هێڵە سەرکیو هزرە جەوهەرییەکانی بزاوتی فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ، لێرەوە روون دەبێتەوە کە پێشینانمان، ئەوەی کە لە ئەستۆیاندا بووە زۆر بە دڵسۆزییەوە پێی هەستاون، بۆیە ئەگەر خەڵکی نەزانو نەخوێندەوار، نەفامیەکەیان پاساوو عوزریان بێت لەوەدا کە دەمارگیری مەزهەبیو نەزانکاری بکەن ئەوا بێگومان زاناو رۆشەنبیرەکان بیانویان نیەو پێویستە لەسەریان کە ئەوانیش وەك پێشانیان بە دڵسۆزیو لێبرانەوە، دەست بدەنە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستیو هەڵگوزینی راستیەکان لە چاوگە پاکەکانەوە.

ئەوەی کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم، یەك مەسئەلەی گرنگە زۆرجار ناحەزانی ئیسلام لە رێگەی نوسەرە شیوعیو نەتەوە پەرستو مارکسیو لیبراڵیە عەلمانیەکانەوە هەوڵی ناشرین کردنی سیمای ئیسلامو سەپاندنی دواکەوتووی بیری ئیسلامیی دەدەن، ئەویش بریتیە لە بەکار هێنانی

وشەو زاراوەی (سەلەفیەت) کە خوێنەر، یان بیسەریان، لەبەر کەمی زانستو ئاگادار بونیەوە وا تێدەگات کە ئیسلام کۆنە پەرستیەو داوای گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو پاش دەکاتو لێکۆڵینەوە لە ئێستاو پاشە ڕۆژ بە پێویست نازانین.

لە پێناو تەواو کردنی ئەو وێنە شێواوو چەواشەیەدا پەنا دەبەنە بەر ئاوەژوو کردنی ڕاستیەکانو چەواشەکاری سەیرو سەمەرەی وەك: تیشك خستنە سەر وتەی هەندێ لە بیریارو نوسەرە ئیسلامیەکان کە لە بارەی کەسایەتیو دڵسۆزی پێشینانمانو زەرورەتی شوێن پێ هەڵگرتنیان لەو بوارە چاکانەیاندا نوسیویانە لە بەرامبەریشەوە ئەو وتەو نوسینانەیان لە بیر دەکەنو دەیان شارنەوە کە لە بارەی ئیجتهادو کرانەوە بە ڕووی ژیانو ژیارەکانی سەردەمو نەخشەکێشانی زانستیو بنیات نانی شارستانیەتی ئیسلامییو گۆڕینی باری نالەبارو بنیات نانی ئایندەیەکی ڕۆشنو پرشنگدارەوە نوسیویانە.

ئەم قوتابخانەو ئاراستە ئایدیۆلۆجیانە لە ڕووی دژایەتی کردنیانەوە بۆ ئیسلام هەوڵ دەدەن مەسڵمانانو ئاراستەی ئسلامیی پەیڕەوانی وا بە خەڵکی بناسێنن کە گوایا مێژوو ڕادەگرنو باوەڕیان بە گەشە کردنو پێشکەوتنو هەنگاونان بەرەو سەردەمخوازیو بنیات نانی ژیاری نوێ نیە ! !.

لەو چەند لاپەرەیەدا کە ڕابوورد هەوڵمان داوە ئەو بوهتانو هاتو هاوارە بێ سەرو بەرانەمان لە گۆڕ ناوەو ڕونمان
کردۆتەوە کە ئەو نەزانو ناحەزانە لە سۆنگەی ناشارەزا بوونیانەوە لە ئیسلام وەك ئاینێك، ئەو هەڵوێستەیان گرتووەو ڕونمان کردۆتەوە کە فیکری ئیسلامیی

هـەر سـەردەمێك ئیجتـهادی ئـەو سـەردەمەیەو پێویستـە لـە ئاسـتی كێشـەكانی سەردەمەكەیدا بێتو چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

هاوریَ لەگەڵ ئەو روون كردنەوانەی سەروەشدا پێمان باشە بە درێژی لەو كێشـە سامناكە بكۆڵینەوەو پەردە لەسەر روخساری ئەو كەسانە لابدەیـن كـە لـە ئـاوی لێڵدا مەلـە دەكـەنو دژ بـە ئیسـلام دەسـتیان داوەتــە شـەڕێكی ئـایدیۆلۆژیو دەیانەویَ بەو ئامانجانەیان بگەن كە بە نوسینەكانیانەوە دەردەكەویَ.

چەمكی سەلەفیەتو بیری ئیسلامیی هاوچەرخ:—

زاراوەی (سەلەفیەت) سەرەتا كە سەری هەڵدا، بەو مەبەستە بەكار دەهێـنرا كـە لـە پـاش سـەردەمی هــاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ)و شـوێن كـەوتوەكانیدا بـەكار دەهێنرا، كە مەبستیان لە بەكارهێنانەكەیدا مانا زمانەوانیەكـەی بـوو، كـە واتـای پێشـینانی دەگـەیاندو دەیـان گـوت: پێشـینانی ئوممـەی ئیسـلامیی، یــان پێشینانمان، یان پێشینە سالحو بۆ خوا سوڵحاوەكانمان.

كاتێك كە خـەڵكیش بانگەشـە دەكران بـۆ شـوێن پـیَ هـەڵگرتنی سـەلفی سالح، مەبەست لەو بانگەشە كردنەدا شوێن كەوتنیان بوو لە باوەڕداریو خـەباتكاریو كردەوەی چاكەیانداو وەرگرتنی ئـەو زانستو زانیاریـەی كـە لـەبارەی قورئـانو سـوننەتەوەبە شـێوەیەكی دروسـتو دوور لــە راو ئیجتــهادی خۆیــان لــە دەستیاندابوو.

بەڵام ئیجتهادو بۆچونەكانی خودی سەلەف، زۆرینەی زانایانی زانستی ئسولَ یەك دەنگن كە ئەو ئیجتهادەو بۆچونانەی هاوەڵان، حوججەو بەڵگە نین لەسەر كەس.

هەرچەندە هەندێك پێیان وایە کە لەوانەیە هاوەڵان هەرچیان گوتووە لە پێغەمبەرەوە وەریان گرتبێت، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە بەڵگەکانی ئەو دەستەیە لەسەر گومان بنیات نراونو بەڵگەو حوججەیش پێویستە لە چاوگەی دڵنیاکەرو بێ گومانەوە سەرچاوە بگرێت[1] لەبەر رۆشنایی ئەمەدا کەر رابوورد روون بویەوە ك بەکارهێنانی سەلەفیەت وەك زاراوەیەك لەم چەند سەدەیەی دوایدا سەری هەڵداوەو لە بواری عەقیدەو باوەڕی ئیسلامیداو لەو دەمەدا کە ململانێی لە نێوان بیریارو زانا عەقلیە موسڵمانەکانو خاوەن رۆشەنبیریو کەلتورەکانی تری وەك (هەیلینی، هەرمیە، ئیشراقی، مانەوی، بیرە هیندیەکانو لاهوتەکانی پەیرەوانی کتێبە ئاسمانییەکان) لە گەرمەیدابوو، لەبەر دەم تینو تاوی ئە ململانێیەداو بە مەبەستی پەرچ دانەوەی ئەو کەلتورو فەرهەنگە بیانیانەی کە خزێنرابوونە ناو بیرو باوەڕی ئیسلامیەوە، عەقڵانیە موسڵمانەکان ناچار بوون کە چەند چەمکێکی لاوەکی لە بوارە نادیار (غیب) یەکانی عەقیدەی ئیسلامیدا بە چەشنێك تەئویلو ماناو شیتەڵ بکەن کە توانای ئەوەیان هەبێت بەر بەو شاڵاوەی فەرهەنگە بیانییەکان بگرن کە هەوڵی وەرچەرخاندنو لە خشتە بردنی بیرو باوەڕی ئیسلامیدا کەوتونەتە گەڕ.

بەڵام کە زانایانی زانستی فەرموده (علماء أهل الحديث) سەرنجیان دا کە زاناو پەیرەوانی زانستی کەلم زۆر رۆچوونە لەو تەئویل کردنەداو لە راستی دوریان دەخاتەوە ناکۆکی لە نێوانیاندا سەر هەڵدەداتو، بە پەلە بانگەشەی پابەند

---

[1] أصول الفقه- محمد الخضري، ص ٣٩٣.

بوون به رەویەی هاوەڵانی پێغەمبەریان ڕاگەیاندو داوایان کرد کە هەر وەك چۆن هاوەڵان لە روخسارو زاهری دەقەکانی تێنەدەپەڕینو ڕۆنەدەچوون لە شاراوەکانی ناو دەقەکانداو خۆیان لەو دەقانە نەدەدا کە مانای جۆراو جۆریان هەڵدەگرت، بۆیە پێویستە ئێستاش موسڵمانان بە هەمان شێوە هەڵوێست بگرنو ئەو سنورە نەبەزێننو بۆ ئەوەی لە لایەکەوە موسڵمانان سەر گەرمی سەر لە نوێ بنیات نانەوەی کەسایەتیو شارستانیو ژیارەکەیان بنو لە لایەکی دیکەشەوە بتوانن بە ڕێکوپێکیو بەو شێوەیەی کە خوا پێی خۆشە حوکمرانیو دادوەری کۆمەڵگا بکەنو لەم پێناوەدا پێویستە کات بەو دەقانەوە نەکوژێن کە ماناکەیان ڕۆشن نییەو لێکدانەوەو مانا کردنیان بۆ خوای گەورە بهێڵینەوەو دەمیان لێ نەکوتینو بێ هودە کاتو تەمەنیان بە فیڕۆ نەدەین.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین هەرگیزو لە هیچ سەردەمێکی مێژووی ئیسلامیدا سەلەفیەت لەو سنورە دیاری کراوەی خۆی تێنەپەڕیوەو هیچ کات سەلەفیەت سەری نەکێشاوەتە ناو هیچ بوارێك لە بوارەکانی تری ژیان، نە لە بواری جوڵەو بزاوتی عەقڵو نە لە بواری یاسا دۆزیو فیقھ و نە بواری ئسوڵ.

تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە سەلەفی ناسراون وە (ئیبنو تەیمیە) سەرجەم کاتەکانی تەمەنی لە دژایەتی کردنی دەمارگیریو مەزهەبیو تەقلیدی کوێرانەدا بەسەر بردووە لەو هەڵمەتەیدا پلەو پایەو ناو شۆرەتی نە کەسو نە سەر مەزهەبەکان نەیان توانی ببنە ئاستەنگ لە بەردەمیداو بانگەشەی بەڵگە دۆزیو گرتنەبەری ڕێو شوێنی ئاگایانەی عەقڵیو نەقڵی ڕاگەیاندو لە دوای ئەمیشەوە زانایانی سەلەفو زانستیفەرمودەی وەك (سەنعانی، شەوکانی، موخەمەدی

کوڕی عەبدول وەهاب) درێژەیان بەو هەڵمەتە داو بە تایبەت (موحەمـەدی کوڕی عەبدولوەهاب)، بە سەر مەشق گرتن لە (ئیبنو تەیمیەو ئیبنو لقەیمی) شاگردی، بزاوتێکی بەرپا کرد بۆ خزمەت کردن بە ئیسلامو پاك کردنەوەی لەو خەڵتـەو چەواشەکاریانەی کە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە کەوتبونە ژێر کاریگەری کەلتورو فەرهەنگە بیانییەکانەوە تێکەڵ بە بیرو باوەڕی ئیسلامیی کرابوون.

دوای ئەمانیش زانایانی سەلەف درێژەیان دا بەو رەویـە زانستیەو هیچ کام لـەو زانـا ناودارانـە خوازیـاری تـەقلیدو شـوێن کـەوتنی کوێرانـە نـەبووەو هـەرگیز بانگەشەشیان بۆ نەکردوەو دەرگای ئیجتهادو عەقڵ بزواندنیشیان دانەدەخست.

هەر لە سەردەمی ئەفغانییەوە بیریـارە موسـڵمانەکان وازیـان لـە بـەکار هێنـانی زاراوەی تەسـك سنوردا هێنـاو لـە بـواری بـەرینی شمولیـەتو گشـت گـیری ئیسلامیەوە دەستیان دایە نەخشە داڕێژان بۆ ئە رووبەڕوو بوونەوە شارستانیەی کە لەم سەردەمەدا بەرنگاری بیرو کۆمـەڵگای ئیسـلامیی بووەتـەوەو دەخوازێت زانـاو بیریـارە موسـڵمانەکان بـە سـود وەرگرتـن لـە پێشـکەوتنو بەرهەمـە زانسـتیەکانو ئیلـهام گرتـن لـە یاسـا ئیسـلامیەکان گرنگـی بـدەن بـە سـەرجەم بوارەکانی ژیانو دەست بدەنە لێکۆڵینەوەی ئیسلامیی نوێ لـە سـەرجەم بـوارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەرون ناسیو پەروەردەییو...... هتد کاندا.

کەواتە بیری ئیسلامیی لەم سەردەمەدا لە چوارچێوەی ئەو سەلەفیەتە دەرچووە کە چەند ئامانجێکی دیاری کراوی هەیەو بە پـێی مەنهـەجو رەویەیـەکی دیـاری کراو کار دەکاتو رووی لە قۆناغێکی تازە ناوە بـۆ نەخشەکێشـانو بناغـە ڕێـژی داڕشتنی ئەو مەزهەبیەت ئیسـلامیە گشـت گـیرەی کـە لـە قورئـانو سـوننەتەوە

سەرچاوە دەگرێتو بە شێوەیەکی قوڵو بەرینو گشت گیرو بە پشت بەستن بە وەحیو نیگای خواییو قورئان و سوننەتو بەبێ خۆ قەتیس کردن لە هیچ قۆناغێکی مێژودا وەڵامێکی خواستە شارستانیو هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمەی ژیان دەداتەوە.
بەلای زانایانو خاوەن ژیریە سەربەستو لێکۆڵەرەوەکانەوە ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە وەحیو نیگای خوایی پەیوەست نییە بە کاتو جێگەیەکی دیاریکراوەوەو قەتیس نییە لە هیچ سەردەمێکدا، کەوابوو تابێت کەس مافی ئەوە بدات بە خۆیو ئەو بزاوتو را بوونو مەزهەبیەتە ئیسلامیە هاوچەرخە گشت گیرەی کە نەخشە دەکێشێت بۆ ئێستاو پاشە ڕۆژ، بە زاراوەو دەستەواژەی سەلەفیەت ناوزەد بکات.
بێگومان ئەوناوزەد کردنە لە دوو رووەوە هەڵەیە:
لە رووی زمانەوانیەوە؛ لە روانگەی ئەو بناغەو یاسا سەرکیانەوە کە لە لای زانایانی ئیسلام شاراوەنین فیکرو بیری ئیسلامیی خۆی بەرپرس نازانێ لەوەی کە لە هەموو شتو بوارەکاندا پابەندو شوێن کەوتووی سەلەفو پێشینان بێت، بە تایبەتی لەو بوارانەدا کە پەیوەستن بە گەشە سەندنی ژیانو چەشنی ژیارو شارستانیەتەکانەوە.
سەلەف لە سەردەمی تایبەتی خۆیاندا ژیاونو ئێمەیش لە سەردەمی تایبەتی خۆماندا دەژین.
سەردەمێك کە لێکۆڵینەوەی زانستیو تەکنەلۆژیو مرۆیی تیایدا لە پێشرەتدایەو کۆمەڵێك کیشەو گرفتی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە بە عەقڵیەتێکی

بابەتیانەی ئیسلامیی نوێ خوازی هاوچەرخ هەیە تا رووبەڕوویان ببێتەوەو چارەسەریان بکات.

ئەگەر وانەکەینو وانەبین بە راستی وەك دەڵێن.لەوانە دەبین کە گەشەی سەردەمو کات رادەگرنو بەرەو پاش دەگەڕێنەوەو ئێستاو داهاتو لە بیری خۆیان دەبەنەوە.

فیکر بیری ئیسلامی ( وەك لە چەند لاپەرەی رابوردوودا رونمان کردەوە) لای روونە کە بێجگە لە وەحیو نیگای خوایی کەس بەدەر نییە لە عەیبو کەمو کورتیو جگە لەو کەسو رای هیچ کەس بێ عەیبو مەعسوم نییە.

بەڵکو پێی وایە بیرە تیژو تێڕوانینەکانی سەردەمەکانی رابردوی مێژوو، هەمویان بۆتەی تاقی کردنەوەو ئەزموونو توێژینەوەی کێشەو گرفتەکانی ئەو سەردەمە تایبەتەی خۆیان بوون و ئێمەش لەبەر رۆشنایی یاساو بناغەو بنەما سەرکیەکانی ئیسلامدا چاویان پێدا دەگێرینەوەو سودیان لێ وەردەگرینو هەڵیان دەسەنگێنینو ئەوەی کە گونجاوو لەباریوو بۆ ئەم سەردەمەو کێشەکانی سودی لێ وەردەگرینو کاری پێدەکەینو ئەوەش کە دادی ئێمە نەدا بەڕێزەوە کەناری دەخەین، تا بە دیاردە سەلبیو چارەسەرە کاتیو بیرۆکە هەڵەکانیانەوە نەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا کە بۆ بونیات نانی ژیانی ئیسلامییو پێشخستنی جوڵەی پێشکەوتنخوازیو شان دانەبەر غەم و ڕیشەکانی سەردەم دەستمان داوەتێ.

لە رووی (مصطلح) و بەکار هێنانی دەستەواژەو زاراوەکەشەوە؛ چونکە زاراوەی سەلەفیەت لەو سەردەمو کاتە دیاری کراوانەدلو بۆ پەرچ دانەوەو وەلامی ئەو لە

ڕێ لادان و چەواشەکاری و بیدعانە بەکار هێنراوە کە لەو سەردەمەدا دووچاری ژیان و عەقیدەی ئیسلامیی بوو بوو، ئێستا بەکار هێنانی ئەو زاراوەیە باوی نەماوەو بێ مانایە، چونکە ئەو هۆکارە بریتی بوو لە (ناکۆکی خەڵك لەسەر چەمکە لاوەکیە نادیارەکان) لەم سەردەمەدا شوێنەواری نەماوە .کەوابوو.

کەوابوو بەکار هێنانی وشەی سەلەفیەتیش لەم سەردەمەدا پاساوی نییەو ململانێی ئەمرۆمان لەگەڵ ژیارو شارستانیەتی رۆژئاوا دایەو بازنەی جوزئیاتی غەیبی عەقیدەی بڕیوەو قسە لەسەر هێڵ و پاسا سەرکیەکانی عەقیدەی ئیسلامیی دایەو فەلسەفەی ماددی یە جەدەلیەکان و غەیری ئەوانیش بوونی خواو حەقیقەتی وەحی و نیگای خوایی ڕەت دەکەنەوەو دەڵێن: دین و ئاین بە گشتی کەلتورو فەرهەنگێکی دواکەوتوویی مێژووەو بە قسەی ئەوان پێویستە کەنار بخرێت و لەم سەردەمەدا کاری پێ نەکرێت.

قسەو گفتوگۆو پەیڤینی بڕیارە ئیسلامیەکانی ئەمرۆ ( بۆ چەسپاندنی حەقیانەتی عەقیدەی ئیسلامیی) پێویستە لە قورئان و بەڵگە قورئانیەکانەوە سەرچاوە بگرێت، بە سود وەرگرتن لە عەقڵ و لۆژیکی سەردەم و داهێنانی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، زیاتر بەڵگەو گوتارە قورئانیەکان بەهێزو روون بکرێنەوە.

کەوابوو بوارەکانی فیکرو بیری ئیسلامیی لەم سەردەمەدا بریتیە لە (مەزهەبیەتی ئیسلامیی گشت گیر) نەك قەتیس بوون لە چەند بازنەیەکی دیاری کراوی وەك (ئاکارو سیفەتەکانی خواو تەئویلاتی رەوت و ئاراستە کەلامیەکان ) ئەگەر کەسێکیش لێمان دەگرێت و دەڵێت: ئەگەر بڕیار بێت دژایەتی بیدعەو دیاردەکانی

له رێ لادان و چەواشەکاری بکەین، بە چ مەنهەج و ئاراستەیەك ئەو لە رێ لادانە چارەسەر بکەین و بە چ شێوازێك دژایەتی بکەین؟ لە وەلامدا دەڵێین: ئێمە ئەو کارە لە رێگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەکەین و خۆمان بە هیچ زاراوەیەکی دیاری کراوی کۆنەوە نابەستینەوە کە لە دایك بووی زەمین و زەمانێکی دیاری کراو بێت و لە هیچ سەردەمێکدا خۆمان قەتیس ناکەین، چونکە بەکار هێنانی زاراوەی وەك (سەلەفیەت، سۆفیەت...... هتد) و هاوچەشنی ئەم زاراوانە مەترسیەکی گەورەی هەیە لەسەر ئیسلام و پاشە رۆژی ئاینەکە.

چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم زاراوانە لەم دواییانەی مێژووی ئیسلامیدا هاتوونەتە ناو فەرهەنگی ئیسلامیی، دەبینین لە چەند بازنەیەکی تەسکی داخراوی کەم دەرەتاندا دەخولێنەوەو هەر دەستەو ئاراستەیەك بەشێك لە پانتایی فیکری ئیسلامیی هاوچەرخی بۆخۆی دابڕیوەو لە بری ئەوەی هەموان پێکەوە ئاراستە فیکریەکانیان یەك بخەن و داژیەتی دوژمنان و ناحەزانی پێ بکەن، کەچی لە ئاکامی ئەو پچڕ پچڕ بوون و دابڕانەیانەوە کە بەرهەمی ئەو زاراوە جۆراو جۆرە داهێنراوانەیە، دەبینین هەر دەستەو بە جیا دژایەتی دەستەکانی تر دەکات و لە نێوان خۆیاندا سەر قاڵی لێك خوێندن و دژایەتی کردنی یەکدین و ریشەی ئەو پارچە پارچە بوون و زاراوەکانیش لەو کاتەوە سەریان هەڵدا کە شالاوێکی نەزانی و نەفامی سەراپای جیهانی ئیسلامیی داگیر کردبوو.

لەم سەردەمەشدائەو کەسانەی کە خۆیان بە رۆشەنبیر دەزانن و خۆیان ناو ناوە (النخبة المثقفة) چەمکی (سەلەفیەت) بە شێوەیەکی نا زانستی و نا بابەتیانە دەقۆسنەوەو لە وێوە دادەبەزنە سەر ئیسلام و دژایەتی بیری ئیسلامیی و

موسڵمانان دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی شێواندنی سیمای ئیسلامو ئاستەنگ دروست کردن لەبەردەم بیری ئیسلامیدا، تا سەر نەکێشێتە ناوەندە رۆشەنبیریەکانی سەردەمو هەر کات بیانەوێ باس لە ئیسلامو بیری ئیسلامیی بکەن بە زاراوەی (سەلەفیەت) تەعبیری لیٚ دەکەنو ئەو چەشنە ناو بردنەش واتای (پابەند بوون بە رابردو بەرەو پاشەوە گەڕانەوەو راگرتنی کاتو لەبیر کردنی ئێستاو پاشە رۆژ لیٚ دەگیرێتو ئەو ماناو مەبەستانە بە گوێی بیسەرانیدا.

نوسەرە شیوعیو مارکسیە نەتەوە پەرستەکانو عەلمانیەکانو خاوەن فەلسەفە داهێراوەکانی دیکەش لە کتێبو نوسین لێکۆڵینەوەکانیاندا کاتێك باس لە تەوژمی ئیسلامیی دەکەن هەرگیز بە ناوی خۆیو بە ناوی تەوژمە ئیسلامییەوە ناوی نابەن، چونکە باش دەزانن گەر بەو ناوەوە ناوی ببەنو دژایەتی بکەن راستەخۆ دەکەونە ریزو خەندەقی کوفرو کافرانەوەو پەردەیان لەسەر لادەدرێتو جەماوەر بۆی دەردەکەوێت کە مەبەستی سەرەکیان دژایەتی ئاینی ئیسلامە، لە کاتێکدا کە نایانەوێت بەو شێوازە بناسرێن. چونکە دەزانن ئەوان لە ناو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا دەژینو ئەگەر جەماوەری موسڵمان بە حەقیقەتیان شارەزابێت لێیان قبوڵ ناکاتو ئەو ناوەندە کاریگەرانە لە دەست دەدەن کە ئێستا لێیانەوە ئاراستەی کۆمەڵگا دەکەن بەرەو ئامانجەکانی خۆیان.

ئەوان بۆیە ئارستەی ئیسلامیو تەوژمی ئیسلامیی بە ناوی (ئاراستەی سەلەفیەتەوە) دەناسێننو بەو ناوەوە ناوی دەبەن تا رێگەو بواریان بۆ خۆش ببێت کە بڵێن: هەموومان موسڵمانین، بەڵام موسڵمانی سەلەفیمان هەیەو

موسڵمانی شیوعی‌مان هەیەو موسڵمانی مارکسیو عەلمانیمانو...... هتد مان هەیە.بەڵگەشمان لەوەدا کە دەڵێین لەو بەکار هێنانەیاندا بۆ زاراوەی سەلەفیەت مەبەستیان پێی تەوژمو ئاراستەی ئیسلامیە بە گشتی ئەوەیە، لە نوسینو کتێبەکانیاندا باس لە دوو ئاراستە ناکەن، یەکێکیان ئاراستەی سەلەفیەتو ئەوەی تریشیان ئاراستەی ئیسلامیی رەسەن. بەڵکو دەبینین هەردەم لە بەرامبەر ئاراستەکانی تردا تەنها ناوی ئاراستەی سەلەفیەت دەبەنو قسەیان قەتیسە لە بواری ئەو ئاراستەیەداو بە سود وەرگرتن لەو تێکەڵ بونو ئامێتە کردنەی نێوان مانای زمانەوانیو مەبەستی بە کارهێنان (لفظ والمصطلح)ی زاراوەی سەلەفیەت لە مێشکو تێروانینو بیر کردنەوەی موسڵماناندا و لە رێگەی بەکارهێنانی وشەی سەلەفیەتەوە هێرش دەکەنە سەر ئیسلامو عەقیدەو شەریعەو ژیارو شارستانیەتی ئیسلامیو دژایەتی دەکەنو بە گشتی رەتی دەکەنەوە.

ئەو کارەی کە پێویستە لە ئەمڕۆدا دەستی پێ بکرێتو رابپەڕێنرێت ئەوەیە: لە پای هاوسنگی کردن لە نێوان ئاسەوارە چاکو شوێنکارە خراپەکانیاندا سەر لە نوێ دەست بژێرێکی ماناو واتای ئەو زاراوانە بکرێت کە لە بیرو فەرهەنگی ئیسلامیدا تازەنو هێنراونەتە ناو ژیانی ئوممەی ئیسلامیەوەو لە ئاکامی ئەو هاوسەنگیو دەست بژێرەدا ئەو زاراوانە دەرکەین کە کاری خۆیانیان ئەنجام داوەو رۆڵیان نەماوە.

پاشان دەست بدەینە پرۆژەی گشت گیری ئیسلامیو سەرجەم پارچەو ئاراستەو دەست پەرا گەندەکان لە چوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی بیری

ئیسلامیی هاوچەرخ دا کۆبکەینەوەو دواتر مانای ئوممەی تۆکمەی خاوەن باوەڕی ئیسلامیی نومایان بکەین‌و لە وێوە دەست بدەینە جێبەجێ کردنی ئامانجە مەزنەکانمان وەك:

(سەر لە نوێ داڕشتنەوەی کەسایەتی ئیسلامیی بۆ کۆمەڵگەو نەخشەکێسان بۆ گەشە پێدانی ئیسلامیی گشت گیری ئەوتۆ کە توانای چارەسەری سەرجەم کێشەکانی سەردەمی هەبێت‌و خۆی بە دوور بگرێت ل بەکار هێنانی زاراوەی تەسك‌و کێشمە کێشی لابەلای لەو چەمك‌و بوارانەدا کە لە سەردەمی رابوردوودا وەرژێنراون‌و ئێستا وروژاندنیان خزمەت کۆمەڵگەکان ناکات‌و بەڵکو بە پێچەوانەشەوە دەبنە مایەی دروست کردنی پچڕ پچڕ بوون‌و بە فیڕۆ دانی تواناکان، لە کاتێکدا زۆر پێویستمان هەیە یەك دەنگی‌و گرێ دانی ئێستا بە رابردوو داهاتومانەوەو خۆ رێکخستن بۆ رووبەڕوو بونەوەی یەکریزانەو رێکخستنی هەموان لە ناو چێوەی بەرینی ئیسلامیی پیرۆزدا).

ئایا !لەوانەیە کەسێك بە جوان لەم قسانەم حاڵی نەبێت و بڵێت ئەمە مانای دابڕانی تەواو لەو سەلف‌و پێشینە بۆ خوا سەڵحاوانەمان نا گەیەنێت کە ئەم ئاینە مەزنە لەسەر بناغەی باوەڕی بەهێزو خەباتی نەپساوەی ئەوان گوێزرایەوەو گەیشتە ئەم سەردەمەی ژیانی مرۆڤایەتی؟

ئەوان خەبات‌و لێبرانێکی ئەوتۆیان هەبوو کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوچەشنی نی‌یە !!.

لە وەڵامی ئەو قسەو پرسیارەدا دەڵێم:– پەنا بە خوا من مەبەستم ئەوە نی‌یەو نامەوێ لە مەبەستەکەشم ئەو مانایە بگیرێ؛ بەڵکو شوێن کەوتن‌و جێ پێ

هەڵگرتنیسەلەفو پێشینە بۆ خوا سوڵحاوەکانمان لـە بـاوەڕداریو قوربـانی دانو نەبەردیو ئازایەتیو لێبڕانو چاك تێ گەیشتنو فەهم کردنیاندا بۆ بناغـەو یاسـا سەرکیەکانی ئیسلام، واجبەو ئەوەی کـە سـەرجەم رابـەرانی رابوونـی ئیسـلامیی لەسەری یەك دەنگنو گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئێمەش لە تێگەیشتنو فـەهم کردنی جوزئیاتی عەقیدەی ئیسلامیدا، لەو سنورەدا بوەسـتین کـە ئـەوان تیـایدا وەستاون.بەڵکو لەوەش زیاتر پێویستە شوێن کەوتنی سەلەفی ساڵح لەو بوارانـدا کە رابورد بخرێتە چوار چێوەی پرۆژەی گشت گیری بیری ئیسـلامیی هاوچـەرخو بکرێتە بابەتێك لە بابەتەکانی ئەو پرۆژەیە، بەڵام نەك لە ژێر دروشمێكو بە ناوی زاراوەیەکی دیاری کراوەوە، بۆ ئەوەی لـە ئاکامدا سـەری لـە رەوتو تـەوژمێکی تەسکی کـورت بینـەوە دەرنـەچێت دواتـر پـەیڕەوانی لـە چوارچێوەی چەمکـە لاوەکیەکان تێنەپەڕنو لە دەوری ئەو چەمکانـەدا بخولێنـەوەو پـرۆژە ئیسـلامیە گەورەکەی سەردەمیان لە بیر بچێتو تواناو ململانێ ی فیکریەکان لـە بـەرەکانی رووبـەڕوو بونـەوەی دوژمنانـەوە بگوێزنـە نـاو ریزەکـانی نـاخۆی موسـڵمانانو دیاردەی خۆ خـۆری جـارێکی تـر سـەر هەڵبداتـەوەو ئـەو رەوتو تەوژمـە کـورت بینانـە لـەو گشـت گیریـەی پـرۆژە هاوچەرخەکـەی رابوونـی ئیسـلامییدا بـبڕینو لەوانەیە لە هەندێك کاتو جێگەشدا هەر بە دابڕانەوە نەوەستێتو دەسـت بداتـە دژایـەتی کـردنو ئاسـتەنگ دروسـت کـردن لەبـەردەم رێـرەوی جـەماوەری مەسلمانادا.

لەو سونگەیەوە موسڵمانان یەك نەوەو یەك نەتەوەنو بە پشـتیوانی خـواوە ئـەو یەك بونەش تا رۆژی دوایی هەر بەردەوام دەبێت؛ پەیوەندی چـارەنوس سـاز لـە

نێوان پێشینان (سەلەف)و شوێن کەوتوانیان (خەلەف) شتێکەو راستکردنەوەی دیدو تێڕوانین‌و مەنهەجی ئەو رەوت‌و ئاراستانەی کە لە ئاکامی ململانێی فیکریەکانی رابوردودا هاتونەتە گۆڕێ شتێکی دیکەیە.لەبەر ئەوە پێویست دەکات هەستین بە یەك خستنەوەی سەرجەم دەنگ‌و ئاراستە جۆراو جۆرەکان‌و رێکخستنیان لە خزمەت‌و بەرژەوەندی ئەو پرۆژە مەزنەدا کە بە مەبەستی خزمەت بە ئیسلام دەستی داوەتە سڕینەوەی سەرجەم ئاسەوارەکانی تەوژم‌و شالاوە ماددی‌و عەلمانیەکان لەو رێگەیەشەوە رێگە خۆش کردن بۆ بنیات نانی کەسایەتی ئیسلامیی رەسەنی هاوچەرخی هاوسەنگ لە چواچێوەی ئەو (الأمة الواحدة) یەدا کە سوپاس بۆ خوا دەمارگیری‌و را پەسەندی نەیتوانیوە پچڕ پچڕی بکات‌و لێکی داببڕێت‌و لەبەر یەکی هەڵوەشێنێت.

ئەو دەستەو رەوتە ئیسلامیانەش کە لە چواچێوەیەکی سنورداراو لە کاتێکی دیاری کراودا هەبوون نەبونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو یەك بوونەی ئوممەی ئیسلامیداو ئێستاش نە لە رووی حاڵەتی شارستانی‌و ژیاریشەوە ئەو رەوتانە سازگار نین‌و توانای رووبەڕوو بونەوەو بنیات نانی ژیارو شارستانیەتی ئیسلامی هاوچەرخ‌و پارستنی لەو مەترسی‌و هەرەشە دەرەکی‌و ناوخۆیانەیان نی‌یە کە لە ئارادان بۆ پرۆژەی ئیسلامیی.

## لە دوو تویژی ئەم پەڕاوەدا

مەبەست چیە لە بیری ئیسلامیی کە وەك زاراوەیەکی تازە لە لایەن بیریارو زانایانەوە بەکار دەهێنرێ؟

ئایا مەبەست لە بیری ئیسلامیی هەر خودی ئیسلامە؟

یان خۆی بۆ خۆی ئاکامی بزواندنی بیرو هزری مرۆییە لە چوار چێوەی ئاینی ئیسلامداو وەکو وەحیو نیگای خوایی قەداسەتو پارێزراوی بۆ نییە؟

واتاو مەبەستی بیری ئیسلامیی چییەو رەسنایەتیو رادەی بەڵگە بوونی چییەو تا چ رادەیەك؟

ئایا بیری ئیسلامیی بیرێکی خۆماڵیو رەسەنە یاخود (وەك رۆژهەڵات ناسو شاگردەکانیان دەڵێن) بەرماوەو بەشێکی فەرهەنگو کەلتورە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە؟

ئایا بیری ئیسلامیی بە هەموو بەشەکانیەوە بیرێکی نەگۆڕو چەسپاوی هەمیشەیە یان دەگونجێت لەگەڵ کاتو سەردەمدا نوێ بکرێتەوە؟

لە رۆشنایی وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا ئایا! لە ئاست بیری ئیسلامیی دێرینەماندا هەڵوێستمان چی دەبێت؟

ئەو نوێ کردنەوەو چاکسازیەی کە کراوە لە بیری ئیسلامی نوێدا کامەیە؟

تایبەتمەندیو ئاکارە گشتیەکانی بیری ئیلامی نوێ کامانەن؟

لە دوو توێی باسەکانیداو (لە روانگەو دیدی رۆشەنبیریو فەرهەنگی ئیسلامیی رەسەنو لێکۆڵینەوەی زانستیو بابەتیانەو بیری لۆژیکی سەردەمەوە)، نوسەر پەیمانی وەڵامی دروستو بە برشتی ئەم پرسیارە گرنگانە دەدات بە خوێنەرانی هۆگری ئەم پەڕاوە..

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| * كورتەیە لەژیاننامەی بیریاری گەورە | ٣ |
| * پێشەكی | ٤ |
| * پێشەكی نوسەر | ٨ |
| * **دەروازەی یەكەم: بیری ئیسلامی دێرینمان** | ١٣ |
| * بەشی یەكەم: دەسپێك لەبارەی مەنهەجی لێكۆڵینەوەی | ١٥ |
| * بەشی دووەم: زاراوە ئیسلامیە هاوچەرخەكان | ٢٥ |
| * مەبەست چیە لەبیری ئیسلامی | ٣٥ |
| * بەشی سێیەم: واتاو مەبەستو سەرچاوەكانی بیری ئیسلامی رادەی بەڵگە بوونی | ٣٦ |
| * رادەی بەڵگە بوونی؟ | ٤٠ |
| * سەرچاوەكانی بیری ئیسلامیی؟ | ٥٠ |
| * رەسنایەتی بیری ئیسلامی؟ | ٥٧ |
| * بەشی چوارەم: گەشەسەندنی بیری ئیسلامیی | ٦٢ |
| * رۆڵی موعتەزیلەكان لە خزمەتی بیری ئیسلامیدا | ٧٠ |
| * رۆڵی ئەشعەریەكان لە خزمەتی بیری ئیسلامیدا | ٧٥ |
| * رۆڵی (مەششائیەكان) لەخزمەتی بیری ئیسلامیدا | ٧٨ |
| * رۆڵی (أبن تیمیة) لەخزمەتی بیری ئیسلامیدا | ٨٥ |
| * لە رووی فیقھ و لێكۆڵینەوەی بابەتی ئسوڵیەوە | ٨٩ |

* بیری ئیجتهادی له ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) ٩٢
* بیری ئیجتهادی فقهی دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ٩٥
* ئاراستەی تەسەوف ١٠٢
* بەشی پێنجەم: هەڵسەنگادنی بیری ئیسلامیی ١٠٨
* **دەروازەی دووەم: بیری ئیسلامیی هاوچەرخ** ١٢٧
* بەشی یەکەم: سەرەتای نوێکردنەوە ١٢٩
* نوێ کردنەوەی بیرو باوەڕو عەقیدە ١٣٦
* نوێ کردنەوەی سەرانسەری گشتگیر ١٣٨
* نوێ کردنەوەی کەسایەتی‌و سەر لەنوێ دارێژانەوەی ١٥٢
* نوێ کردنەوەی زانستی کەلام ١٥٨
* نوێ کردنەوەیەکی شمولی‌و گشت گیر ١٦١
له شێوەی بزوتنەوەیەکدا
* نوێ کردنەوە له رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا ١٨٤
* تایبەت مەندی‌و ئاکارەکانی بیری ئیسلامیی هاوچەرخ ١٩٨

نرخی (١٧) دیناره

## ئەم کتێبە:

ڕاڤە کردنێکی لێکۆڵینەوە ئامێزی قوڵە بۆ بزاڤی فیکری ئیسلامی و مەیدان و ڕێڕەوی مێژووی کۆن و نوێدا شۆڕ دەبێتەوە، و سیمای گشتگیری لە خۆ گرتووە، بە لێکۆڵینەوە بە چەمکە لاوەکییەکان فریو ناخوات و بە درێژەدانیشدا ڕۆنا چێت، بەڵکو بە تازەنوێ کردن و لێکۆڵینەوەو ڕەخنە گرتن و وروژاندنی چەندین پرسیاری تازە خۆی دەگەیەنێتە دووریانە بنەڕەتی و کێشە گەورەکان، و لە گەڵاڵە کردنی ڕەوتییەکانی بەرخوورد لە گەڵ کەلەپووری ئیسلامی و کەلەپوورە مرۆییدا بە یەکسانی هاریکاری دەکات.

نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا باس لە گرنگترین دۆزەکانی فیکری ئیسلامی دێرین دەکات و ڕووی لە ڕێڕەوەکانی فیکری ئیسلامی ناوەو گەڵاڵەی کردوون وە بە وردی و سەرنجەوە لە دووی زاراوەکان و واتاکانیاندا گەڕاوەو سەرچاوەکانی بیری ئیسلامی لە بەرچاو گرتووەو تیشکی خستووەتە سەرو مەوەی گرتووە.

پاشان ئاراستەکانی فیکری ئیسلامی بۆ (ئاراستەی عەقیدەو فەلسەفە، ئاراستەی فیقه و ئسوولی فیقه، ئاراستەی تەسەوف) پۆلێنی کردووە، دواتر نووسەر بە هەڵسەنگاندنە تیرو تەسەل و ئەزموونە دەوڵەمەندو بەرفراوانەکەی لە بواری فیکری ئیسلامیدا کۆتایی بەم بەشەی کتێبەکە هێناوە.

بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ چارەسەری کێشەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخ، سەرەتا بە توێژینەوەو شی کردنەوەی ئەو هەوڵانە دەستی پێکردووە کە بۆ نوێ کردنەوەی عەقیدەو بیرو باوەڕ خراونەتە گەڕو باسی لە هەوڵ و خەباتی بزاڤە ئیسلامییە هاوچەرخەکان (بۆ نوێ کردنەوەی هەمەلایەنەو گشتگیری) و باس لە تێکۆشانی ئەو قوتابخانانە دەکات کە بۆ نوێ کردنەوەی شارستانی و ژیاری تێکۆشاون، لەم پێناوەدا نووسەر بە ڕەخنە گرتن و هەڵسەنگاندن و والاکردنی دەروازەی گفت و گۆ (لە بارەی ئەو چەمك و کێشانەی کە چاوەڕێی نوێ کردنەوەن و ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستا چاوەڕوانی باس و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە) . بە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا گەشت و گوزەر دەکات.